# گوڵزاری هەورامان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

مێژووی هەورامان

# گوڵزاری هەورامان

## زمانناسی و ئەدەبیات

لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری

**محەمەد ئەمین هەورامانی**

بەیارمەتی

**محەمەد ڕەشیدی ئەمین**

بەرگی یەکەم



ناوی کتێب: گوڵزاری هەورامان – زمانناسی و ئەدەبیات
بەرگی: یەکەم
لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٦٩
دەرهێنانی هونەریی ناواخن و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٠٣)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

میژووی هەورامان

# گوڵزاری هەورامان

## زماننناسی

بەراوردی نێوان زمانی کوردیی و ئاڤێستا
پشکنین و لێکۆڵینەوەی

محەمەد ئەمین هەورامانی

## پێشەکی

چارەنووس وەک باوە و وەها دەوترێ منی هێنایە (بازل) سویسراوە، وام هەست دەکرد، کە سەرلەنوێ ژیانێکی نوێ هاتووەتەوە، بەبەرما، ئەمەش بێ گومان، لەوەیە کە لەلای زانایان دەوترێ و دەوترێتەوە، تا ناخۆشیت بەرنەکەوێ، واتای خۆشیی، یان لەززەتی خۆشی نازانی چییە و چۆنە!

پاش ئەوەی کە چاوم کرایەوە، کە ئەمەش دوو ساڵێکی خایاند، سەرلەنوێ و دیسانەوە ژیانی گیان و رۆحم، کەوتنەوە لەرزین و وەڕس بوون.

بەڵێ ئالێرەدا لەگەڵ ئەم نەخۆشیە دەروونیەی ئەوروپامدا، کەوەک لای زۆربەی خەڵکی، کە هەموو ژیانی خۆی دەفرۆشێ بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانێ بۆ ئەوروپا بێ (کورد واتەنیی یەک هەیە و یەژێ داران، لە دوورەوە سەریان سەوز ئەکاتەوە، کاتێ کە دەچێتە بن دارە سەوزەکە، بۆت دەردەکەوێ، کە نەک هەر بێ بەرە، بەڵکو گەڵا سەوزەکانیشی کرمی لێ دەبارێ، ئەوەی کە لەژێر سێبەریدا بیەوێ بحەسێتەوە، ناحەسێتەوە و نەخۆشیش دەکەوێ) و ئەوروپاکەشی، بەڵێ جوان و ڕازاوەیە، بەڵێ بەهەشتە، بەڵێ هەرچی شتێ کە تۆ بتەوێ، هەیە، بەم جەوهەر و گەوهەر و هێز و توانای، سەدی نەوەد و نۆی ئەو خەڵکە، خۆیان و ماڵ و منداڵیان، لەلایەن خاوەن دەسەڵاتدارەوە هەڵمژێنراوە و هەڵلووشراوە و هەڵدەلووشرێ! وەڕسیش بەڕوومەتیشیانەوە دیارە!

ئەمەی ئێرە، بەسەرهاتی ڕۆشنبیریی دێرینی دەورانی لاویی، بیارە و هەڵەبجە و سلێمانی و بەغدا و کۆڕی زانیاریی کورد و ئێزگەی کوردیی بەغدای، یەک بەیەک وەک لیستەی سەر شاشەی سەر کۆمپیوتەر پارێزکراوی ناو ئینتێرنەتی مێشک سەرپاکی هاتەوە بەرچاوی بیری مێشکم. بەپێی ئەم پەردەیە کە حاڵی حازر لەبەرچاومدایە دەمەوێ سەرەقەڵەمی ئەو وێنە گفتوگۆکەرانەی ناو ئەو بیرانەی ئەودەمە و یان ئەو بەسەرهاتنەی ئەو دەمە، بخەمەوە بەرچاو: ئێمە کە لە پەنجاکاندا بووم بەمامۆستای سەرەتایی، یەکسەرە، بیارە (جێگەی دایکزادی خۆم)م هەڵبژارد، گوایا دەمەوێ ئەگەر



بتوانم منداڵەکانی ئەوێ، باش فێر بکەم، ئەوە بەلای کەمییەوە توانیومە زۆر نەبێ کەمێ خزمەتی خزمان و دۆستان و هاودێهاتیانی خۆمم کردبێ (گوایا، کورد واتەنی یەژێ، تا ماڵ وێستابێ مزگەوت حەرامە) بەڵێ بۆ ماوەی چوار ساڵێ، بەیانیان وەک ئەرک کارم دەکرد و ئێوارانیش هەروەها، خەڵکی تەمەن گەورەمان فێر دەکرد. ئەو چوار ساڵە هەستم وەها دەکرد. کە لەلایەکەوە، خۆم بەبەختەوەر دەزانیی، چونکە بەشێکی زۆری ئەرکی سەرشانم وەک مامۆستا، جابەجا کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە خۆم سەرزەنشتی خۆمم کردووە، بەوەی کە شێخ و بەگ و، مەلا، بەتەواوەتی لە هەموو ڕوویەکەوە، خەڵکیان خەڵەتاندووە. بەگ بەزۆر، شێخ بەدرۆ، مەلا بەنەزانیی خۆی و بێ توانایی خۆیی و لاوازیی کەسایەتی خۆی!

کاتێ، ئێمە کەوتینە جێبەجێکردنی ئەم جۆرە گۆشە ئەرکەیە، هەروەک بەرەبەرە بۆم دەردەکەت و دڵسۆزان بەئاگایان دەهێنامەوە، ئەو سێ بەرەیە نەک هەر ناڕازین، بەڵکو خەریکی لەناوبردنمن، (دەبێ لێرەشدا، بەدەمی خۆم ئەوە بڵێم، کە لە بیارەدا، من تەنها بەبیری خۆم لەبیری شیوعیدا هەبووم، بەڵام کەسانی دیکە لەوێدا، سیان چوارێ هەبون زۆر زۆرتر لەپێشی پێشەوەتربوون. تەنها ئەوە بوو ئەوان وەک (ئەندام) بوون و منیش لە دەرەوەی ئەوان وەک خاوەنی هەست) بووم.

بەڵێ ئەنجامی ئەو پیلانەی ئەوێ (پیلانی سێ بەرەکە) ئەوە بوو من بەهۆی داواکردنی یەکێ لەو شێخە گەورانە، لە مەلا عەزیزی عیسایی جاف کە لەلایەن بەرەی شاییەوە، وەک کەسێکی تایبەتی، بۆ ناوچەی بیارە نێردرابوو منی بۆ (هاوار)، (نەقل) کرد و لەو کاتەدا مدیری مەکتەبی بیارەش ئەوەی نووسیبوو کە مانەوەی من لە بیارەدا زیانی هەیە (ئەمەش لەسەر داخوازیی ئەوان)! بەڵێ من بۆ هاوار، دێیەکی پەناوا و لەسەر مەرزی ئێران (بەڵام خەڵکێکی باش خاوەن نان وخاوەن خوڵک خاوەن دەمپاراویی و دەست بەڵاو یاریدەدەر) نێردراوم و چووم و بەڵێ، بۆ ماوەیەکی کەم ناوچەکە کە لەبەرچاوم دوورەپەرێز و لادێ رەنگێکی تەواو تەواو بوو، ئەو خەڵکەی ئەوێ وەهایان لە من کرد، کە من تائێستەش ئەوان بەخزمانی خۆمان دەیانزانم!

هەندێ بەسەرهات هەن ئەگەرچی لەپێشەوە، بەباش نایەنە بەرچاو، بەڵام زۆری پێ ناچێ، بەباش و بەسوودمەند دەردەچن. ئا لەوێدا بەهۆی تێکەڵی بەتینەوە، لەگەڵ ئەواندا ئەنجامەکەی نووسینی کتێبی (کاکەیی) بوو!

دەبێ ئەوەش بخەمە بەرچاوی خوێنەر، کاتێ کەمن چوومە هاوار تەنها تا پۆلی چواری سەرەتایی تێدا بوو. بەڵام من لەو ڕۆژەوە چوومە ئەوێ دەوامم کرد بەدوان و شاگردانیشم کرد بەدوو بەشەوە بەشی بەیانی و بەشی ئێوارە پۆلی پێنجم کردەوە ساڵی دووەمیش پۆلی شەشم کردەوە، مامۆستایەکیان بۆ ناردین واتە وابووین بەدوو مامۆستا و شەش پۆل. بەڵێ ئەو ساڵە سەدی هەشتای شاگردەکانی پۆلی شەش لە (بەکەلۆریی)دا دەرچوون و منیش وام دەزانی کە کەس بەقەدەر من کامەران نییە!

پاش بەسەربردنی چوار ساڵێ لە هاوار بۆ قوتابخانەی (عەنەب) گوێزرامەوە و عەنەبیش ماڵی کرێی تیادا نەبوو، بۆیە هاتمە هەڵەبجە و لەوێ خانووم بەکرێ گرت و بەیانیان بەپایسکل (دووچرخە = ئەسپە ئاسنینە) بۆ قوتابخانە دەچووم و دەهاتمەوە بۆ هەڵەبجە!

لەکاتی هاتوچۆکردنی عەنەب و هەڵەبجەمدا، ڕۆژێکی باران و لێزمە لە عەنەبەوە بەرەو هەڵەبجە بە (ئەسپە ئاسنینە) ڕێگای ئۆتۆمۆبیلم گرتووەتە بەر.

لەرێدا جیێبێ پڕ لە خەڵک، ئەویش بەرەو هەڵەبجە وا بەدوامەوە و (تووت - تووت) لەسەر پردی تەقتەقان راوی ناوم لەوێ زۆری بۆ هێنام و لێی دام و لەسەر پردەکەوە، بەخۆم ئەسپەکەمەوە کەوتینە خوارەوە و باشی ئەوەبوو کەوتمە ناو قوڕەچڵپاوێ، بۆیە هیچ لایەکم نەشکاوە و بەم بۆنەیەوە بەزەییم بەخاوەن ئۆتۆمۆبیلدا بۆ دووربینی عەقڵی هاتەوە! هەرچی لەوە ئەگەر شتێ لە من بکات، من واز لە بیری خۆم دەهێنم یان گورج دەسەوامانی دەبم! یان کارێکی مەردانەی کردووە!

شایانی باسە ئەم خاوەن ئۆتۆمۆبیلە کاتی خۆی بۆ چەند جارێ کە بۆ بیارە هاتووە، نانی لە ماڵ ئێمەدا خواردووە! تەنیا ساڵێ لە عەنەب، مامەوە ساڵی دووەم بۆ هەڵەبجە گوێزرامەوە و ئا لەوێدا، بەشێوەیەکی نەشارراوەی ئاشکرا دەسم بەکاری رامیاریی کردن کرد.

شاری بەگزادە جاف، شاری قومارخانە و شەڕاب خواردنەوە و رابواردن! بۆ دوو جارێ تەقەیان لێ کردم و منیش هەروەک دەمزانی پیلانی تەقەکە لەکوێوەیە، بۆیە بەهۆی ناسیاوێکەوە وەک کاری کەسیی چوومە لای بەرێوەبەرانی ئەو وەختەی پارتی ئەوێ و پێم وتن، ئەگەر بەنەمانی من شتێکتان دەست بکەوێ من ئامادەم! بەڵام بەربەرەکانیی رۆشنبیریی رامیاریی بەچەک سەرناگرێ!



بەڵێ لەمە بەملاوە کورێکی لاو، مەلا رەئووفی دەروێش برایم دووجارێ ڕووبەروو دژوێنی دامێ و چەند جارێکیش بەشەوا رێگایان پێ گرتم و کاک عومەری بۆیاخچی، جارێکیان نەجاتی دام و سوپاسی دەکەم! پیاوەتی و تێگەیشتنی خۆی یاریدەی ئەو پیاوەتییەی داوە! ئومێدەواربووم کە وێنەی ئەو زۆربن ئەوماوەیە لە هەڵەبجە، من بەدەست پۆلیس و بەدەس ئەمنەوە گیرم خواردبووو باشیش ئەوەبوو، کە هەر لایێ لەو لایانە بیروڕایەکیان لەبارەی منەوە کە هەبوو لەگەڵ یەکتردا (هاوبیر نەبوون) یەکیان نەگرتبووەوە!

جەنگی دەربەندیخان هاتەبەرەوە و لە سلێمانی (زەعیم سدیق مستەفا) پارێزگاری سلێمانی بوو وەک دامرکێنەر، بەڵام هەرچی بۆ ئەو دەورە سوودبەخش بوایە، ئەو بەو جۆرە پەیڕەویی نەدەکرد!

بەهەر حاڵ زەعیم سدیق هات بۆ هەڵەبجە و خوێندەواران و مووچەخۆران بەپێی لیستەی (فەرماندار = قائمقام) بۆ سەرا و لای قائمقام و بەردەم زعیم سدیق، هێنران (لە پارتیی و لە شیوعیی)- ئەوکاتە هەر ئەو دوو حیزبە هەبوون. ئا لەوێدا، لەبەردەم قائمقام و زەعیم سدیق مستەفادا، بەپێی لیستە و ناو و ئیمزا، هەردوولا بەبێ قەید و شەرت بەجنێوەوە (بەمەلا مستەفا) ئیمزایان کرد، کە ئەوە مەرج بوو!

ئەوانەی کە لە هەڵەبجە و ناوچەکانی سەر بەهەڵەبجە بوون، لە خوێندەواران و مووچەخۆران سەرپاکیان ئیمزایان کرد و جنێویان دا، جگە لە (من و عەلی قادر و فایق و حەمەهەسەن)!

بەڵێ ئێمە هەر ئەو ڕۆژە، بۆ حامیەی سلێمانی نێردراین و ئا لەوێدا پەنا بەخوا، ئەوەندە کونیان کردە سەرمان و ئەوەندە زەخمداریان کردین، کاتێ کە هاتمەوە ماڵەوە (پاش هەفتەیەک) خەریک بوون دەرگام بۆ نەکەنەوە چونکە نەیاندەناسیمەوە!

من هەر ئەو مانگە بەپێی فەرمانی زەعیم سدیق نێردرام بۆ سلێمانی بۆ بەرێوەبەریەتی پەروەردە و لەوێ بەرێز (موسا سەمەد) بەرێوەبەر بوو بەپێی وتەی ئەو ئەوە بوو کە زەعیم سدیق نایەوێ ئێمە لەوێ لە (ناوچەی سلێمانی و کوردەواریی) بمێنینەوە بەڵام (مامۆسا سەمد) من و کاک عەلی وەک مامۆستا و وەک بێ دەم (موەقەت) دەماننێرێ بۆ دووکان و لەوانەشە زەعیم سدیق ئەوەی لەبیر نەمێنێ یان لێرە نەمێنێ و بەو جۆرە ئەو دڵی ئێمەی خۆش کردووە و بەدڵی زەعیمیشی کردووە.

من ساڵێ لە دووکان مامەوە و ئەوجا بۆ سلێمانی گەڕامەوە و ساڵی ١٩٦٥ خۆم بۆ بەغدا نەقڵ کرد و ئالەوێدا خۆم بۆ نووسین خوێندن و خوێندنەوە و گورجوگۆڵی ڕۆشنبیریی تەرخان کرد!

بەکالۆریۆسم لە دانشگای (المستنصرية - بەغدا) لە زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسییدا بەپلەیەکی باش وەرگرت. بەشێوەیەکی ڕۆژانە و بەکردەوە، ئەو خوێندنەم بەکارهێنا و، پتەو و زۆردارم، کرد.

لەوکاتەدا، کە ناوچەکانی هەورامان رزگار کراوە، بۆ دیدەنی خزم و کەسوکار سەرێکی بیارەم دایەوە و سەیر ئەوەبوو، ئەوانەی (کە کاتی خۆی) لە هەڵەبجەدا دژوێنیان بەمەلا مستەفا دا، ئالەوێدا (لەبیارەدا نیشتمانی دایکزادی خۆم) بەزۆر سەرانەیان لێ سەندم و دژوێنیشیان دامێ، گوایا من مافی ئەوەم نییە بڕۆمەوە جێگای ئازادکراو منیش لە دڵی خۆمدا گوتم هەڵبەتە کاتی خۆی جنێوەکەم بەمەلا مستەفا نەدابۆیە!

لە بەغدادا لە شوعیەکان دەهاتنە لام گوایا پێیان خۆشە کە هاوکاریان بکەم و منیش وەرامم هەر تەنیا ئەمە بوو پێم نالێن کە ئەگەر (یوری گاگارین) بۆ ئاسمان چووە یان نە، بەمن چی! بەکورد چی! دوای ئەوە ئەو دەبێ جلی کوردیی بۆچی بێ؟ ئەوانیش سەریان لەم قسەیە سوڕما! وتی ئەمە واتای چی ئەدات؟

وتم: کاتێ لە هەڵەبجە بووم داوا لە من کرا، کە پارە بۆ کڕینی جلی کوردیی بۆ یۆری گاگارین کۆبکەمەوە، بەڵام من ئەمەم نەکرد و هەر لەو کاتەوە من لوتەلا کراوم و بەشێوەیەکی رامیاریی لە ڕێکخراویی وازم هێناوە و لەو سندووقە هاتوومەتە دەرەوە چونکە شتی زۆرتر دەبینم و بەرچاوم دەکەوێ و بۆیە نامەوێ خۆم جارێکی دیکە بخەمەوە ناو سندووقەوە! لەگەڵ ئەوەشدا لە بیردا، ناگۆردرێم خۆیشم بۆ نووسین و خوێندنەوەی ڕەوا، تەرخان کردووە و هەر بەردەوامیش دەبم! کە ساڵی حەفتا لە دانشگا دەرچووم وەک یان بەناوی وەرگێڕەری یەکەم بۆ دەزگا گشتیی ڕۆشنبیریی گوێزرامەوە. ئا لەوێ لەسەر و کولاوی بەڕێز دوکتۆر ئیحساندا، کاری ڕۆشنبیریی چاکم وەبەرهەم هێنا و لەوانەیش (فۆنەتیکی زمانی کوردیی، سەرەتای فیلۆلۆژی زمانی کوردیی وبە دەیان وتار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا).

کارێ کە شایانی گوتن بێ وەرگێراندنی کتێبی زمانی ئاڤێستای سۆکۆلۆڤ



(فۆتۆکۆپی گرتنەوەی ئەمەم لە کاتێکدا تەواو کرد، کە دۆکتۆر کوردستان موکریانی لە سلێمانی سەرۆکی بەشی کوردیی بوو، نوسخەیەکیش لەوە لای ئەوە) بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو، لام وایە (غازی وەیسی) لە لەندن دەیخوێند.

بەهۆی چاپکردنی بەرهەمی (سەرەتای فیلۆلۆژی زمانی کوردیی) لەسەر ئەرکی دامودەزگاکەی خۆمان، ڕەوا نەبوو (ئاوێستا)کەشم چاپ بکرێ، (موختار فایق)یش ئاگاداری ئەوەیەو چونکە ئەودەمە، بەپرسی چاپەمەنی بوو لەوێ.

بەڵێ وای لێ هات کە من بۆ ئیزگەی کوردیی نێردرام و ئا لەوێ بەپێ توانای خۆم بەشی ڕۆشنبیرییەکەم دەوڵەمەند کرد.!

بەرنامەی ڕۆشنبیریی جۆراوجۆرم کردەوە و هەمیشە یاریدەی ئەو خوێندەوارانەم دەدا، کە پێویستیان بەیارمەتی هەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی کە کوردییەکەیان لاواز بوو!

یەکێ لەوانە (چەند کەسێ بوون) کاک سەعدی بەرزنجی بوو کە پاشی ماوەیەک بوو بەئەمینداری دەوڵەت لە هەولێردا و حاڵی حازر سەرۆکی دانشگایە لە هەولێر (دانشگای سەلاحەددین).

کاک سەعدی ئەو کاتە لە بەغدا بۆ ماجیستەر دەیخوێند و پێویستی بەخەرجی خوێندن بوو، هەروەک خۆی وتی و کوردیەکەشی هەر تەنیا بۆ کاری ڕۆژانەی دەرەوە و ناو خەڵک باش بوو! هەروەک خۆی وتی:

وەرامی من ئەوە بوو، کە بۆ ئەو بەرنامەیەک دەکەمەوە بەناوی (القانون والمجتمع) و بەرنامەکانیشی خۆم بۆی چاک دەکەم وەک زمان بەڵێ تا لە بەغدا بوو و دەیخوێند. ئەو لەسەر بەرنامەکەی بەسەرەمرەیی بەردەوام بوو!

ئەمساڵ چوومەوە بۆ کوردستان و بەچەند پلەیەک بۆ خزمەتی چووم وەک دۆست و سەرۆکی دانشگا لەوەو پێشتر کە ئەمین عام بووە و بۆ هەولێر چووم نەمویستووە سەری لێ بدەم، لەبەر سەر جەنجاڵی یان لەبەر چی بوو نازانم! چاومان بەدیداری گەش نەبوویەوە! ئەوە وابوو بۆیە تا ئێستەش هەر لۆمەی خۆم دەکەم کە بۆ ئەوە هات بەخەیاڵما و وای لێ کردم کە بۆ لای بڕۆم. لەلایەکی دیکەوە من هەر لە بەغدام کاتێ کە من وەک ئەندامی یاریدەدەر (ئەگەر چی مامۆستا مەلا شوکری بەڕێز لە گۆڤاری کۆڕ لە هەولێر ژمارەیەک، ناوی منی لە بیر خۆی بردوەتەوە) سەری کۆڕم ئەدا، باسی بەرهەمی (غازی ویسی) گوایا کتێبی ئاڤێستایە سۆکۆلۆڤی بۆ زمانی کوردیی

وەرگێڕاوە، هاتە بەرەوە بۆ ئەوە لەوێ کۆڕ چاپی بکات. بەڵێ لەو رووەوە من ئەوەم دا بەگوێی کاکە لەتیفدا. کە من ساڵی حەفتاکان ئەو کتێبەم بۆ کوردیی وەرگێڕاوە، بەمەش بەم کاری وەرگێڕانەی ئاوێستایە کە من کردوومە ئەم بەرێزانە ئاگادارن (د. کوردستان موکریانی، د.ئیحسان فوئاد، کاک موختار فایق، د.پاکیزە رەفیق حلمی) بۆیە من نامەوێ تەماشای ئەم بەرهەمە بکەم!

کاتێ کە من بەکاک دوکتۆر وریام وت کە تکام وەهایە با تەماشای هەردووکیان (هینەکەی غازی و هینەکەی منیش) بکات و لەو رووەوە بیروڕای خۆی بدات و ئەویش داخوازییەکەی وەرگرت و بێ لایەنانە بیروڕای خۆی دەربڕی بەڵێ، کاک وریاش و کاک موختار فایقیش وەڵامی ئەو هێرشەیان دایەوە کە بەوبۆنەیەوە برابووە سەرم! بەڵام من هێشتا هەست بەزوڵم دەکەم!

بەهەرحاڵ ئەو کاتەی کە لە بەغدا بووم، ئەوندە بەرهەمی رۆشنبیریم هەبوو کە خۆم لە خۆم رازیم و هەروەها گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکان و هەندێ لە عارەبیەکان بەوەی کە بەبەرهەمی خۆم بەسەرم کردنەوە رەزامەندیان زۆر نەبێ کەمێ دەربڕیوە!

خوا راستە و راستی پێ دەوێ، (مسلح جلالی) بۆ من درێخی نەکرد و زەماڵەی بۆ وەرگرتم و هەمیشە رێی بۆ وتارەکانم لە رۆژنامەکان و گۆڤارەکانی رۆشنبیریی کوردییدا، فراوان کردبوو!

ئەگەرچی خانەنشین بووبووم، بەڵام بەردەوام بەشداریم لە بەرنامەی ئێزگەی کوردیی و بەرنامەی مانگانەی تەلەفزیۆنی و کۆڕ و دانشگا بەشی کوردییدا دەکرد.

بەغدا ئێزگەی کوردیی کە فەسەربوو بەدژاوەریی نێوان بادینانی و سۆرانی و لە کۆڕدا، کۆڕگیری لەنێوان ئەوانەی کە سەر بە کاکە مەسعودن و ئەوانەی سەر بە دوکتۆرە پاکیزەن (خواردبوو) لە دانشگادا- بەپێی بیروڕای من و بۆچوونی من و تێکەڵیم لەگەڵیاندا، کاک وریا سەرکەوتووترین بەرێوەبەر بووە و خۆزیا کۆڕ پڕ دەبوو بەبەڕێزی وەک کاک ئەوڕەحمان و دانشگاش وەک کاک وریا و کاکە ئەمین:

ئەوەی کە دەبێ لەیاد نەکرێ ئەوەیە کە لە دەمی خۆیدا کاک مسلح جەلالی رێی پێ دام، کە فەرهەنگی هاوکاریی لە (رۆژنامەی هاوکاریدا) بەناوی فەرهەنگی هاوکارییەوە، کە وەختی خۆی لە کەرەسەی زمانی کوردیی و شێوەکانی و کۆم کردبووەوە، حاڵی حازریش وا لە کتێبخانەکەما لە بەغدا ئەگەر مابێ، کە وەک



(موسوعە-ع) وەهایە بەو بکەمەوە و بەو نیازە قاموسێکی زۆر گەورەی زمانی کوردیی دەردەچێ بەڵام پاش بەڵاوکردنەوەی چەند بازنەیەک لە بەڵاوکردنەوە، وەستا و منیش هۆیەکەم پرسی گوتی کە فلانە کەس رازیی نییە و منیش نامەوێ خۆم بخەمە گێڕەوکێشەی وەهاوە، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زانیمان ئەو نووسەرێکی کوردیی بەناوبانگە و دەستیشی دەڕوا! نەبێ بەمنەت بەسەر هیچ لایەکەوە، هەرچی چۆنی بێ وام لێ کرا کە بۆ ئێران بڕۆم و رۆیشتنم ئا لەوێ لەلای خزمان و سەرەک هۆزان و سەردارانی هەورامان مامەوە و نەخشەی کارم بۆ خۆم دانا و ئەو نەخشەیەش لەلایەکی دیکەوە بەرچاو دەکەوێ.

ئەوەی کە دەبێ لێرەدا بۆترێ ئەوەیە کە خەڵکەکەی ئێران لە هەموو روویەکەوە، بەتایبەتی لایەنی پاک و تەمیزیی زۆر زۆر پێشکەوتوون و لە رێی هەڵسوکەوتی دیکەوە هەر گۆشەیەک هەر لایەکی ژیان ئەوان زۆر وان لەپێشترەوی کوردی کوردستانی خواروو بەم لەلایەن رۆشنبیریی رامیاریەوە کوردی کوردستانی خواروو زۆرتر وان لە پێشی پێشەوە.

هەڵسوکەوتی رامیاریی کوردیی کوردستانی خواروو ساکارە وا لەڕوو، بەڵام هەڵسوکەوتی کوردیی کوردستانی رۆژهەڵات، رێڕەوێکی زۆر نهێنێ و دیبلۆماسیانەی گرتوەتەبەر، بەجۆرێ مرۆڤی وەک من، ناتوانێ دۆست و دۆژمن (ئالەوێ) لە یەک جوێ بکاتەوە.

دەربارەی دەوڵەت من یارمەتیم لێ وەرنەگرتووە و سەرپاکی خەرجی ژیانم، لەسەر ماڵی عیزەت بەگی لهۆنی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەرچی جێگایەکدا چووبم دەوڵەت رێی لێی نەگرتووم! دەوڵەت راستەوخۆ هیچ داوایەکی لە من نەکردووە، بەڵام بەهۆی هۆوە چەند جارێ داوام لێ کرا و کە زانیان داواکەیان سەوز نابێ و ناڕوێ دەوڵەت لەگەڵ (من)دا گۆڕدرا. زۆرتری ئەم گۆڕانکاریەش بەهۆی کوردیی کوردستانی خوارووەوە بوو، کە لە ئێراندا یەکتریمان ناسیبوو!

بەهۆی کەنیشکێکەوە لە دانشگای سنە (کوردستان)دا، قوتابی بوو لای من، هەواڵی ئەو دوو برادەرە و راپۆرتەکانیانم (تۆکۆپی) بۆهات پتر لەوەش، بەناڕاستەوخۆ تێی گەیاندم کە لەوێ نەمێنم باشترە!

بەهەرحاڵ، ناوی ئەو راپۆرتدەرانە، لەناو هماری مێشکمدا پارێزگاریی دەکرێن و

کەس نایانبیبێ، تاکو ئەگەر پێویستی بەوە کرد ئەو دەمە!

ئەم جۆرە کردەوانە، ناو بەناو روو ئەدەن بەتایبەتیی لە کۆمەڵگایەکی خۆماڵی و ناسیاودا و لە بەغدا و لە دانشگا و لە کوڕ و لە هەولێر و لە سلێمانی و لام وایە لە هەر جێگایەکی کوردەوارییدا ئەوە روو دەدات و من بەش بەحاڵی خۆم دەیبەمەوە سەر ئەو تەربیەت و پەروەردەکردنەی کە ماوەی حەفتا ساڵێک کە کوردەواریی کەوتوونەتە ژێر فشاری پارتانی دەسەڵاتداری ناکوردەوە! ئەگەریش ئەمڕۆ شتی وەها لەناو میرایەتی کوردیی سلێمانیی و دهۆک و هەولێردا دەربکەوێ، لام وایە ئاساییە چونکە شوێنەواری کاریگەریی دەسەڵاتی بێگانە، زۆر نەبێ کەمێکمان لەوەوە، (ئەوەی کە زۆر خراپە)یان لەوانەوە، وەرگرتووە.

بەڵێ ماوەم زۆر تەسک و تروسک بوویەوە و بەیانییەکیان منیان بۆ فەرمانداریی سنە و ئەوجا بەرەو ژووری وێستکردن (توقیف-ع) برد. (ئەو رۆژە پێنج شەممە بوو) تا رۆژی شەممە، ئەوجا شەممە چییان لێم دەوێ، ئەوە نازانم! (شایانی باسە ئەو رۆژە بوو کە عەلی تارانی بەدەست ئێرانەوە درایەوە).

بەڵێ من لەوێ لە سنەدا هەر کوردێکم ناسیی، بۆ من زۆر سوودیان بەخشیی و خزمەتیان کردم بەپێی توانای مادییان دەستی یارمەتییان بۆ درێژ دەکردم و لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە دەبێ بڵێم، کە پارە لە کەسم نە بەقەرز، نە بەدیاریی، وەرنەگرتووە، جگە لە ماڵی خزمەکانم لە پاوە.

ئافاق (ی) رەحمانی بەمەی زانی و پیاوانە (دەفتەری نفووس = شناسنامەکەی خۆی) لەوێ وەک (بارمتە) دانا و منیان تا رۆژی شەممە دایە دەست ئەو. کە پێکەوە هاتینە دەرەوە، من بەرەو (تاران) بەنیازی هەوڵدان بۆ دەرەوە چوون، رۆیشتم و بەم بۆنەیەوە دەبێ ئەوپەڕی رێزم بۆ دۆست و ناسیاوەکانی سنەم بنێرم، کە وەک سەیدی حسێنی و ئاغای رەمایی و ئاغا وەزیری ئاغای نەقشبەندیی بەرێز.

بەڵێ نزیکەی ساڵێ یان نەختێ کەمتر لەوێ مامەوە برادەرانی ئەوێ کە لەوەو پێشتر بوون بەناسیاوم و دۆستم، کە وەک بەرێز کاک عەزیزی محەممەد پوور، ئاغای ئیبراهیمی، ئاغای تەوەکولی و ئاغای ئەلیاسیی و ئاغای ئەردەڵان و ئاغای جنیدیی و هی دیکە رێزیان لێ گرتم.

ئەم بەرێزانە دەرگای ماڵیان بۆ من کردبووەوە و ئەگەریش بۆ ماوەیەکی کەمیش لە



ماڵیی یەکێکیان بمامایەوە، ئەوە دیکەیان هەواڵی منی دەپرسیی و ئەم دڵسۆزیی و رێزە بێ گومان بۆ ئەوان دەگەڕایەوە، نەک بۆ لایەکی دیکە.

بەبۆنەی سمینارێکی سێ رۆژەوە، لە تاران لە بارەی کرماشان شناسیەوە، کە لەوێدا بوو، بەوتارێ بەشداریم کرد و بەهۆیەوە بوو بەدەرگایەک کە لەبەردەممدا کرایەوە تاوەکو زۆرتر بناسم و بناسێنم. ئا لەم دەمەدا ناسیاویم لەگەڵ (خانم میترا خانم)دا پەیدا کرد و بەوبۆنەیەوە مێردەکەی هات بەدوامدا و بردمی بۆ ماڵی خۆیان. کاتێ کە بەو نیازە بووم، ماڵئاواییان لێ بکەم، ئەروانم کە پێیان ناخۆشە و ناشیەڵن! بەڵێ زۆریی رۆژانێ کە لە تاران بووم، لە ماڵی ئەوان بووم، ئەگەریش بمویستایە بۆ ماڵی برادەرێکی کورد بڕۆم، دەبوایە ئەوانم ئاگادار بکردایە!

میترا خان خاوەنی (ماستەرە) لە دانشگای تاران، بەشی کارشناسییە و خاوەنی قەڵەم و بیری رەوا بوو، لە کارەکەی خۆیدا.

ئەگەر بڵێم هەرگیز کچەکەی خۆم ناتوانی بەو جۆرە منی خۆش بووێ و بەو رەنگە خزمەتم بکا! زۆر راستە.

لەرووی جموجووڵی رۆشنبیرییەوە، هەر بەردەوام بووم، وتارم بۆ ئاوێنە دەنووسیی و لەگەڵ رادیۆ ئامریکا بەشی کوردیی هاوکاریم دەکردن.

لەوێ پەیوەندیم بە(UN)ەوە کرد بۆ ئەوەی یاریدەی ئەوەم بدا کە لە ئاوروپادا جێگەم بۆ داوا بکات، بەڵام کەنیشکەکەم و زاواکەم کە لە سویسرا بوون، زۆر هەوڵیان دا و منیان بۆ ئەوێ راکێشا. بەڵام زۆر بەناڕەحەت لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە هاتم، چونکە کاربەدەستانی ئەوێ کە خەریکی ئەو کارە بوون، خراپ فێرکرابوون ئەو کارەش ئەو شتەش بەمن هەڵنەدەستا!

بەڵێ رێگەی پێ و بۆ ماوەی نزیکەی چل سەعاتە رێ ئەوجا توانرا سەرفەراز بکرێم. رێگای ورمێ بەرەو ئەودیو زۆر سەختە، بەڵام قاچاخچییەکان کون و قوژبنی رێگا شارەزان، ئا لەو ناوچانەدا کاسبی بووە بەوە!

ئێش و ئازاری ئەم رێگایە و برسیەتیی تینوویەتی، کە لەو رێیەدا بەرەنگارم بوو هەرگیز مەگەر مەرگ لە یادی گیانی زیندوومی بەرێتەوە. بەرابەری ئەم رووداوەش خۆشییەکی زۆر خۆشی بەلەززەت چووە هەستی لەززەتەوە کە هەرگیز ئەو لەززەتەی کەوا لەژێر دانمدا، قەد لە یادم ناچێ و ئەویش بەم جۆرە بوو:

کە چوومە (تاران) وەرزێکی زۆر گەرم بوو تارانیش ئەوەندە پرژوبەڵاو و پانوپۆڕە، لای خوارووی هاوین سواری سەری دەبێ، کەچی لای سەرووی، درەخت تازەگەڵا دەکات!

کە لە (تەرمینالّ)ی ئۆتۆمۆبیل، لە تاران - مەیدانی ئازادی دابەزیم، سواری تەکسی نەفەرات بووم، لەبریی ئەوەی کە من دەمەوێ، بۆ جێگایێ بڕۆم ئەو بۆ لایەکی دیکە چوو، مەگیر، ئەم جێگایە و ئەو جێگایەی کە منیش دەمەوێ ئاوازی ناوەکانیان لەیەکەوە نزیکن ئەمەش بۆ هونەری زماننامسی دەگەڕێتەوە کە من باش ناوەکەم بەگوێدا نەڕۆیشتووە!

بەملاو بەولادا دەگەڕێم ناتوانم ئەو جێگایە بدۆزمەوە، کە من بۆی دەچم! بەکراسێکی سپی چڵکنەوە و پانتۆڵ، لە گەرمیی و تینویەتیدا خەریکە هەناسم وشک ببێ و لەولاشەوە ئارەقە کراس و پانتۆڵەکەمی خووساندوەتەوە.

نزیکی بۆنێکی خۆش بوومەوە، بۆنێ کە من ماوەیەکی زۆرە خەوی پێوە دەبینم، بۆنی کەباب برژاندن. نزیکی بوومەوە و بۆنێکی زۆرم هەڵلووشی و لەم دەمەدا یەکێک نەوی لە شانم ولام کردەوە ئاغای ئەردڵان بوو! خۆشیی و چوونیمان لە یەکتریی کرد و ئەوجا پێی وتم کە حەز دەکات پێکەوە بۆ کەباب خواردن بڕۆین. من لەدڵدا حەزم دەکرد و بەڵام وەڵامم نەدایەوە، بۆ ئەوەی جاری دووەم دووبارەی بکاتەوە.

بەڵێ وای پێ خۆشبوو کە لەگەڵیدا بڕۆم و منیش لەگەڵیدا چووم بۆ ڕێستۆرانێکی زۆر گەورە و فراوان، هەر نەختێ لەولاترەوە بوو!

ئا لەوێدا هەموو شتێ نوێ ئامادە دەکرا. کەباب و گۆشتی بەرخ ئەوەندەیان لەبەرماندا دانابوو، دوو سێ کەسی دیکەش دەیانتوانی بەشداریمان بکەن. هەرگیز ئەو لەزەتەم لەبیر ناچێتەوە!

بەهەرحالّ هەرچی چۆنێ بوو گەیشتینە ئەودیوو قاچاخچی، ناو بەناو بیانوێ دەدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی نەختێ پارەکەی زیاد بکات! بەیانی دووەم گەیشتینە هەندێ چادر (دەوار = رەشدەوار)نشین، پاشان بەئۆتۆمۆبیلێکی پیکاپ کە لەوێ، بەئیشی قاچاخچییان هاتبوو بۆ حاجی هۆمران هاتین. هەواڵی خەستەخانەم پرسی وتیان وا لەوێدا، چوومە ناوییەوە، دووکە سێ لەوێ بوون و برینی سەر و دەست و قاچم، کە لەوێدا بەهۆی گلبوونەوە زامدار بووبوو نەختێ دەرمانکاریان کرد و پاکیان کردەوە و



پێچایان. کە گەیشتمە (دیانا) بە (مەلا) بانگیان دەکردم، گوایا لەبەر سەرپێچانەکەم.

ئا لەوێ بەهەر جۆرێ بێ ماندوویم حەسایەوە، نانی بەیانیمان نزیکەی نیوەرۆ خوارد و ئەوجا بەرەو دهۆک سواری ئۆتۆمۆبیل بووم (چەند کەسێ بوون و یەکسەرەبوو). پێنج دەقیقەیەک ڕێمان نەکرد، تووشی سیپەیەکی پێشمەرگە بووین و گوایا دەبێ وەک (سەیتەرەکانی بەعس، تەفتیشمان بکەن) تەماشای کەلوپەلی ناو جانتاکانمان بکەن!

بەڵێ هەرچی چۆنێ بێ بەدەستیانەوە سەرفەرازبوون و مایەوە منیش! ئەوە کە پێم بوو جانتایەکی بچکۆلەی کۆڵەپشتی بوو، ئەوەش کە تیادا بووبێ، پانتۆڵێک و خاولی و دەرمانی دان و نزیکەی (سێ سەد) وێنە (رسم)یەکی شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بوون، بەتایبەتیی ناوچەکانی هەورامانی گاوەرۆ و ژاوەرۆ و تەخت و بەڵێ کاکەی بەرێزی پێشمەرگە، کە چاوی بەرەسمەکان کەوت، ئێمەی وستان و وێنەکانی کرد بەئاردی بن دڕک هەر یەکێکیان بەدەست یەکێکەوە، سەرۆکیان وەهای تێ گەیاندم کە ئەو وێنانە هی کوردستانی عێراقن و پێویستە کە من تەقدیمی مەحکەمە بکەن، چونکە دەیاندزم ئەوجا بۆ کێ، ئەوە بیروڕای کاکەی سەرۆک خۆی دەزانی!

من بەوە رازی بووم ئەگەر ئەوەی کە ئەو دەیلێت بەنووسین بێ نەک بەدەم!

سوارەکانی ئۆتۆمۆبیلەکە، یەخەی کابرایان گرت، کە وتەکەی من راستە و ئەویش وەک پێشمەرگە پێویستە خزمەت بکات نەک خەڵک بێزار بکات!

بەڵێ بەنیوە و ناتەواو وێنەکانم وەرگرتنەوە و کەوتینە رێ کاریان راست بێ!

بەڵێ گەیشتمە دهۆک و ئا لەوێ چوومە ئۆتێلێکی هەژارانە و بۆ ئەوەش کە من بگەمە تورکیا سەفارەتخانەی سویسرا، پێویستە نامەی پارتیم پێ بێ تاکو بتوانم سنوور ببڕم.

بۆ ئەوە ئەبێ یەکێ هەبێ ئەو کارەم بۆ بکات. بەڵێ پاش سێ چوار ڕۆژێ لەوێ و سەردانی خەستەخانەی دهۆک، برینەکانم بەرەو چاکبوونەوە چوون و ئەوجا بەئێوارادا، بۆ یەکیەتی نوسەران دەچووم و بەو هۆیەوە دۆست و دەسەبرا و ناسیاوم دۆزیەوە.

کاک (سەگڤان) یەکێ لەوانە بوو، کە زۆر ڕێزی لێ گرتم و وەهاشی کرد کە پارەی ئۆتیلەکەم لەسەر ئوستانداریی (پارێزگاری) دهۆک بێ، کە ماوەی مانگێکی خایاند.

دوکتۆر کاوەی کەرکووکی لەوێ، بوو زۆربەی کاتیش ئێواران پێکەوە لە یەکیەتی نووسەران دادەنیشتین و دوو جارێکیش لەگەڵ دوکتۆری دیکەی خەڵکی سلێمانی

دەعوەتیان بۆ کردم.

کاک جەعفەری حاجی، کە خەڵکی دهۆکە، زۆر بەپیاوانە، بەپیرمەوە هات و نزیکەی پێنج هەزار دینارێکیشی بۆ هێنابووم و کاک دوکتۆر شەوکەت بامەڕنیشم لەوێ ناسی و یاریدەی ئەوەی دامێ کە (ناوم) لەو لیستەیەدا بنووسرێ کە دەچینە تورکیاوە و (ئەمەش پاش مانگێ) ئەوجا ڕێککەوت و کاتێکیش کە بەرەو تورکیا چووم بەسائیقەکەی و بەئۆتۆمۆبیلی خۆیان بۆ ئەوێ یان گەیاندم و (کاک مەعسوم مائی)یشم دیی و ئەویش درێخی نەکرد و بۆ ماڵی خۆیان گازی کردم و نانی دەرخواردام.

من زۆرتر بەتەمای کەریم فندی و ڕەشید فندی تیلی ئەمین بووم، کە دەردم بخۆن، بەڵام ئەوە نەبوو، کە من وەهام زانیبوو!

بۆ چەند جارێ بۆ کاری ڕۆیشتنم بۆ تورکیا زوو جێبەجێ ببێ بەرەو (UN)ی دهۆک چووم، بەڵام یەکێ بەچەند پلەیەک ئەوجا دەچووە ئەوێ و کابرای (سۆمالی)ش بەرپرسی ئەوێ بوو، ڕێی نەئەدا کە کەس بچێتە لای، یان بیبینێ!

بەڵێ هەروەک وتم پاش مانگێ مانەوە، لە دهۆک چوومە (سلۆپی) و لەوێوە بۆ ئۆتێلی ئەوێ، ناوەکەی لە یادم نەماوە. ئۆتێلەکە پڕ بوو لە ئەمریکایی، ئەوانەی کە هاتبوون دۆستەکانی خۆیان، لەو کوردانە و کە لە سلێمانی و هەولێردا، کاریان بۆیان دەکرد، لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەمریکایان بەرن.

چوومە ئەنقەرە (ئەنکەرە) و ئا لەوێش تا کارەکەم تەواو بوو مانگێکی خایاند. دیارە چە قەڵەمێ لە خراپیدا زۆر زیرەکە، ناتوانێ بەتەواویی چۆنیەتی هەڵسوکەوتی پۆلیس و جەندرمەی ئەوێ و گفتوگۆ و هەڵسوکەوتیان وێنە بگرێ.

هەرچی چۆنێ بێ، لەوێ سەرفراز بووین و بەرەو (سویس-بازڵ) هاتین کاتێ کە خۆم پیشانی پولیس دا، کە من هاتووم، منیان بۆ (لۆگانۆ-کیاسۆ) نارد و ئا لەوێ هەفتەیەک منیان هێشتەوە ئەزمایشەکانی خوێن و بەدەن تەواو بوون و ئەوجا منیان بۆ شاری (سەنتگاڵن-دێی نەکەرمولێ) نارد و خستمیانە لای کۆمەڵێ ئاوارە، کە نزیکەی چل کەسێ هەبوون! بەرپرسی ئەو جێگایە کە سەرۆک (هایم)ی پێ دەوترێ، منی خستە ژوورێکەوە کە دوو کەسی دیکەی تیادا بوون و هەردووکیان خەڵکی نەیجیریا بوون، یەکێکیان ئیسلام و ئەوی دیکەیان کریستیانی بوو. ژوورەکە زۆر بچووک بوو، کە تەنها ڕێی دوو تەختی نوستنی یەک کەسی لێ دەبوویەوە. ئەوان زووتر



لەوێ بوون بەدڵی خۆیان هەریەکە تەختێکی داگیر کردبوو. بۆ من وەها ڕێک کەوت، کە جێگام تەختەی دوومی سەرەوەی یەکێکیان بێ و هەر ئەوەیان دوو نهۆم بوو!

ئەوان لاو بوون، لە خوارەوە منیش کە بەتەمەن پیرم دەبێ بەپەیژە بڕۆمە سەرەوە (وەک جێگای قوتابی داخلی سەر و ژێر). بەهەر حاڵ جگە لەوەش من نەمدەزانی چێشت (هەروەک وەهابوو، دەبوایێ هەر کەسێ بۆ خۆی خۆراکی دروست بکردبایە) و خۆراک بۆ خۆم دروست بکەم و ئەوجا ئەوە سووچی هەڵسوکەوتی خەڵکی لای خۆمانە، گوایە هەر دەبێ ژن چێشت و خۆراک ئامادە بکات!

لە ئێراندا هەریەک لە هەر خێزانێ خۆراک ئامادەکردن دەزانی بەقەدەر ئەوەی دایکی یان ژنەکەی دەیزانێ!

زۆر سەیرە من سەفارەتی سویس ڤیزەی پێ دام و بەرەسمی من بۆ ئیرە هاتووم، کەچی وەک کەسێکی ئاسایی هەڕاکردوو هەڵسوکەوتم لەگەڵدا کرا. شەش مانگێ لەوێ مامەوە و ئەوجا ڕۆژێ پێیان گوتم کە من ئیتر لەلایەن دەوڵەتی (سویس)ەوە وەک ئاوارەیەکی ڕامیاریی وەرگیراوم دەتوانم لە هەر شارێکی سویسرەدا کە دەمەوێ بژیم!

بەڵێ بۆ من دنیایەکی نوێی ئازاد هاتە بەرەوە و هاتمە (بازڵ) و لە نزیک ماڵی (کیژەکەم و زاواکەم)ەوە ماڵم گرت.

بەڵێ سەرەقەڵەمی ناو ڤیدیۆ تیپی مێشکم، کە وەختی خۆی تۆمار کرابوون بەشێوەیەکی زۆر کەم تەواو بوون، با بگەڕێمەوە، بۆ خەونە ئاگایەکەم. حاڵی حازر بۆ بنەڕەتی بەرچاوکەوتووەکانی ئەم ماوەیەی کە لە سویس، بەسەر دانیشتنمدا، تێپەریوە، دەگەڕێمەوە و دەمەوێ زۆر بەکورتی بەسەریان بکەمەوە.

بەیانییان زۆر زوو، کارکەر بۆ کارەکەی خۆی دەچێ و ماوەی هەشت سەعات وەک مەکینە کار دەکات و لەو ماوەدا ماوەیەکی زۆر کورت بۆ نانخواردن و بۆ جگەرەکێشان هەیە و فەرمانبەر ناتوانێ لە فەرمانەکەی دوور بکەوێتەوە! کاتێ کە دیتەوە ماڵەوە وەک ماری کوژرا و بۆی دەکەوێ، لەبەر هیلاکی و شەکەتی بەدەنی، تەنانەت نانیشی پێ ناخورێ! یان ئەگەر فەرمانەکەی کاری شەوانە بوو هەر هەمان دەستوور بەپێی ساعەتی کارەکەی کار دەکات و کە بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، ڕۆژەکەی لێ دەبێ بەشەو.

لە رووی کرێوە، کرێ یەکەیان باشە بەڵام هەرگیز ناتوانێ ئۆتۆمۆبیلێکی نوێی پێ بکڕێ و سەرپاکی کرێکاران ئەسپە ئاسنینە دەستیان ماچ دەکات و چاوەڕوانن.

کێشەی خانوو لەڕووی بوونیەوە بەکرێ هەیە و زۆرە و کەس بۆی دانامێنێ، بەڵام تا بلێیت کرێیەکەی زۆر گرانە و بەشێوەیەکی گشتیی سەدی چل پتر لە پارەی مانگانەکە دەخوات.

خاوەن خانوو هەر ئەوانەن کە سەرپاکی خانووەکانی (بازڵ) یان هی (سویس) یان هی (ئەوروپا)یان هەیە لەوە بەولاوە، دوکتۆرێکی پزیشکی پسپۆر لە گۆشەیەکدا، دەتوانێ خانووێ بکرێ، بەڵام تاماوە دەبێ مانگانە پارە (قست-ع) بدات! ئەگەر پارەکە تەواو ببێ ئاسمان ئەستوونی پێ دەوێ! ئەو بازاڕی شت فرۆشتنانە کە هەن، دیسان هەر کۆمەڵە جۆرێکیان هی کۆمەڵێکە کە لە سەرجەمی ئەورووپادا هەر ئەوانن بەم جۆرە خوێنەر بۆی هەیە، پێوانە و کێشانەی لەگەڵ وڵاتی خۆماندا بکات.

وەعد و پەیمان، بەبێ زیاد و کەمە کەسێ ناتوانێ لەسنووری دەستووردا بۆ یاریدەدان، دەربچێ!

خەستەخانە هەمووی جگە لە دەندانسازیی کاری دان، مسۆگەرە بەهۆی (تامین الصحی)یەوە! بەڵام کارکەر و فەرمانبەر مووچەخۆر، مانگانە بۆ کێشەی تەندروستی، دەبێ چەند بدەن! ئەم جۆرە بڕینانە مانگانەیە و پێش ئەوەی پارە مانگانەکە بێتە بەرەوە، بۆ نەخۆشیی و تەکسیی و بۆ وردە شتی دیکە، کە دەستوور دیاریی کردووە، دەبڕێ (گل دەدرێتەوە).

خوێندن سەرپاکی پلەکانی لەلایەن دەوڵەتەوە ئامادەیە ئەوی کە دەیەوێ زۆر بخوێنێ و بچێتە دانشگاوە، بەهەوەسە و فێڵ و فەرەزی تێدا نییە و ئەوی کە دەیەوێ، بۆ وێنە بچێتە (طب - پزیشکی)یەوە بخوێنێ چەند نومرەی هێناوە حیسابی بۆ ناکرێ!

سەفەرکردن بەشەودا نادی رۆیشتن، مەیخواردنەوە، بەنگخواردنەوە. هەموو شتێ، هەمو کارێ ڕێی پێ دراوە جگە لەوەی، کە پێی نالەبار بۆ سەر خەڵک درێژ بکەیت یان ئازادیی خەڵک تەڵخ بکەیت!

دین ئازادە، کەس بۆ هیچ دینێ کەس سەرزەنشت ناکات و ڕێزی بیر و دین و ڕامیاریی بەرفراوانە! من کە تەمەنم، ڕێی ئەوە نادات کە کار بکەم لەو وڵاتانەدا، وەڕسم و بەتایبەتی کە سەرچاوەی خوێندنەوەم دەست ناکەوێ!

ئەوا دوو ساڵی بەسەرهاتنمدا بۆ سویسرا تێپەڕیی و شەش ساڵێکیش لە ئێران و بۆیە کەڵکەڵەی دیتنی کوڕەکانم، لە سلێمانی و لە هەولێر کەوتووەتە سەرەوە و لێرەش



وەڕسم بۆیە دەبێ سەرێ لە وڵاتی (نیشتمانی دایکزاد) خۆمان بدەمەوە، بەنیازی خۆم کوردستان ئازادە و بەو بۆنەیەوە منیش بیروڕام و هەست و ڕۆحی گیانم و ژیانم سەرلەنوێ بەدیتنی کوردستانی ئازاد بەدیتنی خزم و کەسوکارم، هاوبیرانم، دەمەزەرد دەکەمەوە.

بەڵێ لەپاش پرسکردن لەو کەسانەی کە ڕۆیشتوونەتەوە بۆ ئەوێ تێگەیشتم کە دەبێ بەرێگەی بەرەیەکی رامیارییەوە دەتوانم بڕۆمەوە، چونکە سەفارەتی سووریە لێرە بەوەی کە پاساپۆرتی عراقی هەبێ یان لە بنەڕەتدا عراقی بووبێ، فیزەی نادات!

بەڵێ بەکورتیکی دۆستم لە بازڵدا بوو کە وەک خۆی دەیوت پارتی بوو گوت کە ئەو کارەم بۆ رەسا بکات. ئەویش خوا هەڵناگرێ (سەرچاوێکی) لە دەمەوە هاتەدەرەوە و پاش چەند رۆژێ (نامەیەک)م بۆ هات (لەزیوریخەوە لای کاک عەزیز نامق-ەوە ئیمزای ئەویشی پێوە بوو، لەگەڵ نامەیەکدا داوای پارەی ئەو نووسراوەیە دەویست کە ناوی منی تێدایە، بۆ پارتی لە شام، بۆ ئەوەی ڕێم بۆ ئاسان بکەن!) و منیش لەبارەی ئەم نامەیەوە و لەبارەی ناوەڕۆک و داواکەوە، برادەرەکە- کاک خەسرەوم دیی و ئەویش نەیهێشت من ئەو پارەیە بۆ کاک (عەزیز نامق) لەزیوریخ بنێرم، بەو پێیەی کە ئەو پێی داوە، گوایا من و بیری کاک خەسرەو کراوم. هەرچی پێم وت کە ئەم شتە ویر نییە و چۆن دەبێ، بەڵام ئەو دانیی لەسەر ئەوە داگرت و منیش دەست خۆشیم لێ کرد.

وەها رێککەوت لەگەڵ ماڵەوەی کاک خەسرەو کە خەڵکی هەولێرە ئەوەی وێرەکەی کردم پێکەوە چووینەوە شام و لەوێوە بۆ نووسینگەی پارتی لەوێدا بۆ ماوەی سەعاتێ ماینەوە و تاوەکو نامەیان پێ داین بۆ قامیشلی بۆ (نووسینگەیان) لەوێ و لەوێش ماوەی رۆژێ ماینەوە. بەڵێ ئەم نووسینگانەش هەر یەکێ شتێکیان پێ دەوێ! ئێمەیش چییان وتووە بەخۆشیەوە جێبەجێمان کردووە هەر لە قامیشلی، بەئۆتۆمۆبیلێ رۆیشتین بۆ نزیک ئاوەکە، کە پارتی بەکرێی گرتبوو ئەو کرێیەی کە لە هەر نەفەرێکیان وەردەگرت، دوو بەرانبەر نەفەرێکی ئاسایی، کە خۆی لەگەڵ خەڵکدا بۆ ئەوێ بڕوا.

لە نزیک ئاوەکە سواری پیکاب کراین و بەرامبەری کرێ، بۆ هەر کەسێک و لەوێشەوە سواری بەلەم کراین و هەریەکە دیسان بەرامبەری کرێ و لەویشەوە سواری پیکاب کراین و تا ناو بارەگاکە، کە لە خاکی کوردستانی ئازاددایە! ئا لەوێ، ژوورێ هەیە سەر بەگومرگە. پشکنین بەجۆرێکە ناو بەناو زنجیری جانتا دەپچڕێت! شتی ناوەوەی جانتاکە تێکەڵ دەبن و دەڕژێن و هەندێ جاریش لەناو دەچن!

سەرپاکی وڵاتی ئەوروپا دەگەڕێیت، نەکەس تەماشای جانتات دەکات نەداوای پاساپۆرت!

وا ڕێکەوت کە لەوێش یەکی سەر و (پەنجا) دۆلار و هەندێ پارەی وردە (دینارمان) پێدان و ئەوجا بەئۆتۆمۆبیل بەرەو زاخۆ. ئا لەوێدا گومرگ چی دەکات؟! هەزار رەحمەت لەوانەی بەعس لە ڕێگای کەرکووک و سلێمانیدا. ئەوجا یەکسەرە بەرەو هەولێر. چەند جار رایان وەستاین! سەیرە لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا، داخم چەند جارێ بێ! بەڵێ من خۆم پاش چەند ڕۆژێ مانەوە لە هەولێردا بەرەو سلێمانی لەگەڵ چەند کەسێکدا سواربووین و لە مەرزی هەولێر، کاتێ نزیکە لە شارەکەدا بچیتە دەرەوە رووەو سلێمانی سیپەی پارتی و ئاماژەی وەستاندن و ئێمەیش وەستاین: بۆ کوێ دەچن؟ بۆچی دەچن؟ لەکوێوە هاتوون؟ چیتان پێیە؟ لە چ گەرەکێ دەبن! بەڵێ هەرچی چۆنێ بێ کەوتینەوە رێ بەرەو سلێمانی: نزیکی کۆیە دیسان سیپەی پارتی هەمان وەستانی ویست و هەمان پرسیاری لێ کردینەوە.

لەپاش پێنج دەقیقەیەک گەیشتینە سیپەی یەکیەتی و ئەویش داوای وەستاندنی لێ کردینەوە و وەستاین و ئەویش بەپرسیاری زۆر و پشکنین سەریان گێژ کردین. بەڵێ پاش ماوەیەکی زۆر و کاتێکی زۆر گەیشتینە تاسلووجە و جێگا سیپەکەی ئەوسای بەعس و ئەویش دووبارە وێستانی ویست و (شناسنامە = هەویە)ی ویست و کۆمەڵێ پرسیاریشی رژاند.

پاش ماوەیەک (چەند ڕۆژێ)، بەسلێمانیدا گەڕام و ئەوەی کە بەرچاوم کەوت زۆر بەکورتی ئەوە بوو کە دووکانەکانی بەکەلوپەل و ویستەمەنی ژیان و خواردەمەنی هەمەجۆر رازاوەنەتەوە. خەڵکێکی زۆر لە جادە و بازاڕەکان و کوجییەکاندا بەئیش وبەبێ ئیش و هەر یەک بەجۆرە، بەدوای کارێ، خواستی دا ماخولانیەتی. چایخانەکان پڕن، کتێبە لە چاپدراوی نۆی، ڕۆشنبیریی نۆی گەشەیەکی زۆری کردووە و پەرەیەکی باشی سەندووە. قەراخ شەقامەکان بەرۆژنامەی کوردیی جۆراوجۆر رازاوەنەتەوە. ناوونیشانی دووکانەکان. چایخانەکان، قوتابخانەکان بەکوردیی پەتی ناسراون. جادەکان نوێ کراوەیان پێوە دیار نییە و ئەگەر وەهاش بێ بەرەبەرە وەهایان لێ دێ کە ئۆتۆمۆبیل نەتوانی بەئاسانی بیانبڕێ، ئەو ڕێ پانوپۆڕەی کە لە دووریانی سەرچنار و سلێمانیەوە بەرەو هەڵەبجە بەدەیان چاڵی تێدایە، کە بەزستان دەریاچە گۆم دروست دەکەن! ئەم جۆرە چاڵانە لە ڕێگای گشتیی ئۆتۆمبیلدا، دژۋاوەرییەکی زۆر بەتین لەناو



کۆمەڵ و کۆمەڵگادا دروست دەکات و ئەگەر هاتوو ئەم ڕێیانەمان لەگەڵ ڕێی سلێمانی و قەڵاچوالان و لەگەڵ ڕێگای سەلاحەددین و سەری ڕەش و هەولێردا بەراورد کرد، دەبێ چی بڵێین و چۆن لێکی بدەینەوە!

جگە لەوە، لەوەش دەکات کە ڕێگای نوێ کە بۆ ئۆتۆمبیل ئاسان بێ، نەکراوە ئەوانەشی کە بەو جۆرە هەژارییە کە هەن، هەر لە دەمی بەعسدا کراونەتەو ەو چاککراوان! لە دانشگاکاندا لێرەش و لەوێش، حیزبایەتی دەورێکی زۆری بینیوە و دەورێکی زۆریش دەبینی! دیموکراسیەت و یەکسانی لە بارەگای مافی ئەوێدا باوی نییە و تەنانەت هەڵبژاردنی کۆمەڵ و کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانی بەسەر حیزبەکانی سەرەکیدا بەپێی رەزامەندییان دابەش دەکرێ!

مافی مرۆڤ خواردن بەم جۆرە دەبێ بەهۆی ئەوەوە کە شەهیدەکانی ڕێگەی ئازادیی کورد (کە خۆیان لەو پێناوەدا، بەکوشت دا، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەعسیان لە رەواندوز و هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێردا، بەهۆی هێرشیانەوە هێرشی دایک و خوشکانیانەوە بەزاند و بوو بەهۆی ئەوە کە ئەم حیزبانە هاتنەوە نیشتمان هاتنەوە سەر حازر و بازر) لە گۆڕەپانی خوای گەورەدا نارازی ئەوە نەبڕ بەرپا بکەن و مێژووی دینیش کاری کاریگەری خۆی بەرپا بکات! ئەمەش ئەگەر بەو جۆرە هاتە مەیدانەوە وەک کارێکی ناڕەوا بەرامبەر بەهاونەتەوە و هاوزمانی خود لە قەڵەم دەدرێ.

لە بەڵاوکردنەوە لە چاپدان، تا سۆرانی و بادینانی وەستابێ، کەسێ هەورامیی و هەورامانی بەکورد و بەخاوەن کەلەپوور و خاوەن شارستانیی نازانێ! جیاوازیی ئێمە و سۆرانیی و بادینانی ئەوەیە، کە ئەگەرچی ئێمە مادیی رەسەنین بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان هەوڵی ئەوەمان نەداوە کە جیاوازی یەک بهێنینە ناوەوە، نەک تەنها ئەمەش بەڵکو وازمان لە شێوەزمانەکەی خۆمان هێناوە، ئەگەر ئەمرۆیش شێوە کوردیی هەبن سەرپاکیان وەچە و نەوەی نوێی ئەو زمانە (دینییەن) لەبەر خۆشەویستی ئەوە کە کورد ئەگەر ئەمرۆ شتێکی هەبێ، تەنها زمانی کوردییەکەیە وەک ناو هەیەتی و بۆیە دەبێ ئێمەیش و ئەوانیش بێینە سەر ئەوەی کە نیشتمان لەپێشی پێشەوەیەو پارێزگاری کردنی زمانەکەی وەک زمانێکی رەوا لە سەرپاکی کوردستاندا پارێزگاریکردنی شناسنامەی کوردە و دڵسۆزییە لە پێناویدا، نەک دابەشکردنی کوردستان بەزمانی کوردیی سلێمانی و هی دهۆک و پتر لەوەش، نەک دابەشکردنی شتی دیکە، کە وەک سامانێکی بەجێماوی زۆر تایبەتی بۆ دابەشکردن.

لە رووی ژمارەی چاپدانی کتێبەوە، بەڵێ ژمارەیەکی زۆر لە هەولێر و لە دهۆک و لە سلێمانی لە چاپدراوە و لەوانە چەندیان هی نووسەرێ لەو نووسەرانەی هەورامانن! بەم پێیە دەبێ ناوچەی هەورامان، نووسەری تیا نەبێ!

لە رووی هەڵبژاردن، یان دەستنیشانکردنی ئەوانەی کە پێیان دەوترێ ئەندامانی پەرلەمان، دەبێ چەند کەسی هەورامی بنەڕەتی تیادابێ، ئەگەر هاتوو سەرژمێری پزیشکان و مامۆستایانمان لە سلێمانی (هەر تەنیا لەوێ)دا کرد، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەگەر نیواونیو نەبن، لە دەروبەری سەدی سیی هەن، کەچی یەکێکیان نەم دیی، نەم بیست کە کارێکی وەهای پێ درابێ، کە شایستەی دڵخۆشیکردن بێ، بەدڵسۆزیی میرایەتییەکان و بێ لایەنیان و جیاوازیی نەکردنیان!

لە رووی رێگاوبانی ناوەوە و چۆنیەتی پاکوخاوێنی، ترافیک رێزی لێ ناگیرێ و پاشماوەی جگەرە و قاقەزی دووکانداران و بازرگانان و ئاورژاندنی قەسابان و سەوزەفرۆشان و خاوەن وردەواڵە دەست فرۆشەکان رێ بەکەم کەس دەدەن!

سووچی ئەمەش، بۆ تەنیا لایێ ناگەرێتەوە و من بەشبەحاڵی خۆم بەکەمتەرخەمیی ئەو دانیشتوانە و پێ نەزانین بەوەیە کە هەر کەسێ، لە ئاستی خۆیەوە، وەک ئەرک هەست بەلێ پرسینەوە ناکات و نەکات، بەهۆی سەرەکیی دەزانم!

چونکە ئەگەر کۆمەڵ یان دانیشتووان، بەسەرپاکی لایەنەکانیانەوە، نەزانن یان نەزانی چی دەوێ و چی پێویستە و سوود بەخشە بەکۆمەڵگا کە زوو بکرێ و چیش کە ئەگەر دووا بخرێ زیانێکی ئەوتۆ ناگەیەنێ، دەبێ بەرێوەبەرانی میریی و سەرکردانی چۆن چۆنی بەو کەمتەرخەمییە، بەو کەموکوڕیانە بزانن!

وا خەریکە دەگاتە شەش ساڵێ و لەملاو لەولاوە کورد بەرەو سویسرە، زۆر بەکەمیی و بەرەو ئەڵمانیا و سوید، بەزۆریی پرژوبەڵاون و لە وڵاتەکانی دیکەی ئەورپاشدا هەن!

ئەمانە هەریەکە بەجۆرێ هۆوە، بەرەو ئێرە هاتوون و هی وەها هەیە، بەبۆنەی پەرپووتی باری ژیانی و ئابوورییەوە و هی وەهاش هەیە، بۆ کاسپی و هەریەکەی دیکەی، هۆیەکی وەهای لێ کردووە و، کە خانووماڵی بفرۆشێ تاوەکو بێت بەرەو ئەروپا و لە دەریادا بخنکێ، یان بەتەقەی پۆلیس بکوژرێ!

لێرە لە سویس، کورد لە بیل و زیوریخ زۆر هەن و ئەگەر رێک کەوت، دووان یان سیانیان لە جێگایەکدا کۆبوونەوە و، جگە لەزەمی یەکتریکردن، چ باسێکی دیکەیان نییە!



(کورد واتەنی یەک) هەیە، یەژێ (قەل بەقەل دەڵێ ڕووڕەش) و بەم بۆنەیەوە وا هەندێ (زۆر کەم) وێنە دەخەمە بەرچاو:

برادەرێکی هەولێری هات بۆ لام و قاپێ شەڕابی سووری، بۆ هێنام و هەندێ گۆڤاری کوردیم لە ئێران و لە کوردستانی خوارووەوە، بۆ هاتبوو، دامێ کە بیانخوێنیتەوە و دەمزانی حەزی لە خوێندنەوەیە و ئەویش لە هەمان کاتدا دیارییەکی دیکەی پێ بوو ئەویش ئەمە بوو!

مامۆستا: فڵانە ئافرەت، کە لە سەنتگاڵن-ە من باشی دەناسم، کە کاتی خۆی لە بەغدا بوو مدیرەی قوتابخانەیەک لە ماموون و لەوێش ئەندامی ئافرەتانی ئەوێ بوو (اتحاد نساء العراق) کەچی وەهای لە قەڵەم دەدات لای فڵانە کەس، و فیسارە کەس، کە تۆ (واتە: من) لە ئیزگەی کوردیی بووی، بەعسی بووی و بەفرمانی بەعسی تۆ بۆ ئێران نێردراوی ئایا ئەوە ڕاستە؟! منیش وتم ئیسە ئەوە چە دەورێکی هەیە، من لە خۆت دەپرسم، ئەگەر ئەمە وەها بوایە، من چیم لێرە دەکرد! تۆ خۆت دەزانی کە بەعسییە گەورەکان لە کوردستاندا چە دەورێکیان هەیە من لەو ئافرەتە رەخنە و گلەییم نییە، چونکە ئەو نەخۆشە و مرۆڤیش کە نەخۆش بێ لێی ناگیرێ و ئەوەش واتە: ئەو گێڕانەوەیە، کە تۆ بۆ منی دەگێریتەوە، هەروەک خۆت بەمنت وتبێ وەهایە. چونکە ئەو نەهاتووە کە ئەوە ڕووبەڕووم بڵێت؟! دوای ئەوەیش من و ئەو لێرە یەکتریمان ناسیوە!

من هاتمە سەنتگاڵن (بۆ یەکەم جار، ساڵی -١٩٩٦) و لەوێ بۆ چەند جارێ ئەو دەعوەتی بۆ کردم و پتر لەوەش، ئەو نانی بەمن دا، هەڵبەت ئەگەر زەمیشم بکات، مافی خۆیەتی چونکە من بەرامبەری باشیەکەی نەمتوانی باشی بدەمەوە و ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، تکام وەهایە کە ئێوە لەسەر خوێندنەوەکە هەر بەردەوام بن باشە و خوویەکی تەواوی بدەنێ و دووربن لەم دووزمانییە! ناوی فڵانە کەسیشت هێنا، کە خەڵکی شارەزوورە، هەرچی دەڵێ با بلێ، چونکە ئەو بۆ چەند جارێ خۆی هەڵبژارد بۆ پەرلەمان و دەرنەچووو جارێکیشیان نامەی کابرایەکی زۆر دەست رۆیشتووی بەعسی هێنا کە بەرنامەی بدەمێ، منیش کە نووسینەکەیم دیی، دیم کە سوودی بۆ بەشی رۆشنبیریی نییە و بەرامبەر و ڕووبەڕوویش، پێم وت، کە من بەو جۆرە لە ئیزگەی کوردیی بەشی رۆشنبیریم وەرگرتووە کە مافی رۆشنبیری چییە، جێبەجێی بکەم و هیچی دیکە!

دیسان کاکەی بەرێز، ئەم شتانەی کە تۆ بۆ منت گیڕایەوە، هی خۆتە و چونکە تۆ

دەیانلێییت!

من تکات لێ ئەکەم تۆ ئەگەر بتەوێ باشترین دۆست بگریت بۆ کاتێ کە کارت نەبێ، دەسەودامانی کتێب بیی، کە ئەو کتێبە هەرچی چۆنێ بێ، سوودبەخشە و ئەمین و دڵسۆزە.

لێرەش پارتی و یەکیەتی هەن و هەر برادەر و دۆستێکت لەمانە هەبێ لایەنەکەی دیکە، لووتەلا دەبێ لێت! بێ گومان ئەمەش خراپ دەردێکە! تەنانەت، لە جەژنی نەورۆزدا کە کوردەکانی ئێرە لە جێگایەکدا کۆدەبنەوە گوایا، بۆ بەسەربردنی رۆژێکی پیرۆزی کورد، کەچی هەر ئەوندەت زانی هەرایەک و لەیەکدان بەرپا بوو، سەیرانەکە (جەژنەکە) بەناخۆشیی دەرچوو!

کاک عەزیز نامقی بەڕێزیش، ئەگەر یەکێ بەدڵی ئەو هەڵسوکەوت نەکات! هەڕەشەی سەر ئاوەکەی لێ دەکات!



## شوێنەوار کوردیی ناوچەکان هەورامان، لێرەو لەوێ، بۆچ!

ساڵی نەوەد و یەک، وەها، هاتە بەرەوە، کە سەرنووشت من وەها بێ کە چەند ساڵی، لە ئێراندا، ژیانم بەرمە سەر و بەوبۆنەیەوە، بۆ ئەوەی کاتەکەم بەوێردی بەسەرهاتە ناهەموارەکە، خەرج نەکرێ، بەرنامەیەکی کارکردنم (کاری خواستی ژیانم) لەپاوە و خانەگادا بۆ خۆم نەخشەکێشا.

یەکێ، لەو کارانەی کە لە نەخشەکەدا، ناوم هێنابوو، گۆشەی کەلەپووری رۆشنبیریی کۆکردنەوە بوو، کە ئەویش هۆنراوە و هەڵبەست و پەندی پێشینان و واتەی کورد دەگرێتە خۆی.

ئەوەی، کە سەرنجمی راکێشا، ئەوەبوو، کە کۆمەڵە شیعر و هۆنراوە و هەڵبەستێکمان دەستکەوت، کە مێژووی دارشتنیان، بۆ دێرین دەم دەگەڕێتەوە پتر لەوەش، زۆربەی جێگای دارِشتنیان، نیشتمان دایگزادی ئەو شێوەزمانە نییە.

بەم بۆنەیەوە وا لێرەدا، وەک وێنە، بۆ لێ وردبوونەوە، لەوەی کە بوو، چۆن و چەند لە ناوچەیەکی دوور لە ناوچەکانی هەورامان، ئەو بەرهەمانە، بەو شێوەزمانە لەوێ دارِێژراوان و ئەگەر هاتوو زانیمان کە دارێژەرەکانیان هەورامیی نین و جۆرە زمانی دایکزادیان شێوە زمانێکی دیکەیە.

لە (ڕامسەر)دا، کە کاتی خۆی رەزا شای پالەویی، ئا لەوێدا، کاخێکی بۆ خۆی دروست کردووە، چاوم بەکتێبی (تاریخ طبرستان رویان، مازندران تالیف - میر سید ظهیرالدین مرعشی بوو) کەوت و ئەو کتێبە، بەلای منەوە زۆر بەنرخە و چی هەوڵم دا، نەمتوانی نوسخەیەک لەوەم بۆ خۆمم دەست بکەوێ.

هەر لەبەر ئەوەی کاخەکە، کرابوو بەئۆتێل، ماوەیەک لەوێ مامەوە و هەندێ وەرگەرتەی پێویستم لێ روونووس کردەوە و وا لێرەدا، کەمێ لەو روونووسە پێشکەش بەخوێنەری بەرێز دەکەم:

ئا لەو بەرهەمەدا، پارچە هەڵبەستێکی تیابوو، کە تەمەنی بۆ (٤٣٠) ساڵی دەگەرێتەوە و خاوەن بەرهەمیش لەنێوان ساڵانی (٨١٥ - ٨٩٢ کۆچی)دا ژیاوە ئەو قەسیدە، کە لەو ناوچانەدا زۆر بەناوبانگە، بەشێوەیەکی گشتیی هەندێ بەسەرهاتی ئەو ناوچانە دەردەخات و وا ئێمەیش هەر بۆ مەبەستی زمانەکەی و شێوەی، دوو دێر

دەخەینە بەرچاو: لەپێشەوە، دەبێ ئەوە روون بکەینەوە، کە ڕێنووسەکە، ڕێنووسی فارسییە و دەڵێ:

"تا وره وشی چل شم أی شـــــیم
واپی کرد نیازکه وشکت وهار هجره دیم"

با، بەرێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردیی، روونوسی بکەینەوە:

"تاوەرە وەشی چل شـــــەم ئەی شـــــیم
واپەی کەرد نیاز کە وەشکەت وەهاری هەجرە دیم"

با، واتای هەندێ وشەیان، لێک بدەینەوە:

+ وەرە: کاوڕ = بەرخ: مەبەستی بورجی (حمل-ع)ە.
(ڤەرە)شی، پێ دەوترێ.
+ شیم (حوت-ع)ی عارەبییە و مەبەستی، (بورجی گەمییە = برج الحوت)ە
+ شی: چوو، ڕۆیشت، لوا، شی، بەکاردێت، بەچەند واتایەک، کە یەکێ لەوانە، ئەو واتایەی سەرەوەیە و ئەوی دیکەش بۆ چێشت بەکاردێ، کاتێ کە دەچێ، یان کەف دەکات و لەبەر هۆی کوڵان بەسەر مەنجەڵدا، کەفە سەر دەکات، یان پارەیەکی کۆن دەگۆڕێتەوە، دەوترێ (زەرەکەشی)، یان یەکێ لە یەکێکی دیکە دەکات و...... هتد
+ شەم: بەواتای (مۆم) بەکارهاتووە و واتای دیکەیشی هەیە.
+ شەکەت: نارەحەت، ماندوو، نەخۆش، بەزیوو، زەحمەت.
+ هەجرە: (هجرە-ع)ی عارەبییە و بەواتای (هاتنەبەرەوە، بەرەنگار، تووش، بەپیریەوە چوون، کۆچکردن،...... هتد) هاتووە.
+ دیم: دیم، دوو واتای هەیە و یەکێکیان، بەواتای (دەموچاو)، یان (دیو) هاتووەو ئەوی دیکەشیان، بەواتای (چاوم پێ کەوت، بەر چاوم کەوت، بینیم، تووشی بووم،...... هتد) دێ.

لام وایە، زۆر نەبێ، کەمێ واتای ئەو دوو دێرە رۆشن بوویەوە و وا واتا گشتییەکەیان دەخەینە روو؛ ئەگەرچی من دەربارەی بورجەکان ناشارەزام بەم جۆرە دەگرێتەوە:

تا وەکو بورجی (کاوڕ = ڤەرە = حمل-ع) بەرەو بورجی (شیم = حوت) گوێزرایەوە، (چل شەم = مۆم = شەو)ێکی پێ چوو. وەها پێی دەچێ کە بەزحمەت وەهار = بەهار



ببینم: لەکاتێکدا پارچەکە بەتەواوی لێک نەدرێتەوە، لەززەتی واتاکەی، بەم جۆرە، بەر زمانی چاو ناکەوێ!

هەر لەو ناوچانەدا، بەشێوەیەکی دیاریکراو، لە ناوچەی (قەزوێن)دا، لە سەردەمی خەلیفەی دووەمی ئیسلامدا، کاتێ کە لەشکری ئیسلام دەچێتە ئەوێ و زۆر و جەور بەکار دەهێنن، خەڵکەکە، بەخۆپێشاندانێکی گەورە، نارەزایی خۆیان، بەرامبەر ئەو بەزۆر خۆچەسپاندنەیان، دەردەبڕن و بەم دێرە هۆنراوەیە، دروشم دەخوێننەوە و ئەویش، یەژێ:

"نەموسڵمان بیم، نەگزیەت مەدەیم
پشین وە مەککە، ئێمە وەرهە یم"

(حاڵی حازر ئەمە وەک شێوەی فۆلکلۆری لێ هاتووە لەناودا هەر ماوە).

ئەم فۆلکلۆرە لە بەرهەمی (گزیدە - حمزە المستوفی، ل-٧٧٦) وەیە.

واتای هەندێ وشە:

* ببیم: دەبم، دەبین
* گزیە: جزیە، سەرانە
* مەدەیم: ئەدەین،دەدەین
* بشین: بچن، بڕۆنەوە، بگەڕێنەوە
* مەککە: شاری (مەکە)
* وەرە: لێرە
* هەیم: هەین، لێرەین، ناجوڵێین، وڵاتی خۆمانە

لام وایە، واتاکەی زۆر رۆشن بێ.

لە بەرهەمی (روضات الجنان وجنات الجنان، تألیف حسین کربلای تبریز)، پارچە هەڵبەستێکی بەم جۆرە هاتووە و دەڵێ، یەکسەرە، بەرێنووسی کوردیی ئەمڕۆ، (تەنیا دێرێکی):

"ئەسکەندەر رودەم را کوشتی، رودت کوشاد"

(روضات الجنان تهران، ل ٣٩٠)

واتە: (ئەسکەندەر رۆڵەمت کوشت، رۆڵەت بکوژن)

ئەمەی سەرەوە وەک لە بەرهەمەکەدا، وەهاتووە، بەسەرهاتێکە، کە بەسەر (حاجی حەسەنی- زەتاب)دا، هاتووە ئەم رووداوەش دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی (٢٣٨)ی کۆچی. عزالدین عادل یوسف تبریزی، کە لە سەدەی (هەشتەم) و نۆیەمی کۆچیدا ژیاوە، پارچە شیعرێکی هۆنیوەتەوە و ئەم پارچەیەش زمانناس و مامۆستای ئەدەبیات و زمانی فارسیی دانشگای تاران دکتۆر محمد جواد مەشکور لە مێژوو (تاریخ) ئازەربایجاندا، وەهای لە قەڵەمداوە، کە زمانەکەی زمانی ئازەرییە!

ئەم جۆرە بۆچوونە، ئەگەر یەکێکی دیکە، بۆی بڕوا، لۆمەی ناکرێ، بەڵام زانای وەک دوکتۆر جواد مەشکور، ئەگەر شتی وەهای کرد بێ گومان، دەبڕێتە، سەر لایەنی رامیاریی، نەک زانیاریی و ئەوجا، ئەگەر وەهاش نەبێ، کێشەکە، لەبارەی نەزانینەوە بێ، رەواتر ئەوەیە، کە خۆی لە شتی وەها ناڕەوا لابدا.

پێش ئەوەی بێینە سەر کرۆکی لێکدانەوەی هۆنراوەکە، دەبێ ئەوە روون بکەینەوە، کە زمانێ بەناوی زمانی ئازەرییەوە بێ، نییە و نەبووە، ئازەربایجان ناوچەیە (لەلایەکی دیکەوە، لێک دراوەتەوە، وەک پەراوێز) نەک نەتەوە و خەڵکەکەشی (تورکن) و بەزمانی تورکی قسە دەکەن و نێوان زمانی تورکیی و زمانی خەڵکی ئەو ناوچانە، شتێکی جیاواز، بوونی نییە!

ئەوجا، با بێینە سەر کرۆکی گوتارەکە (لەپێشەوە بەرێنووسی فارسی):

"سحرگاهان کە دیلم تاوەگیری
جە اهم هفت چەرخ الاوەگیری"

بەرێنووسی کوردیی، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

"سەحەرگاهان، کەدڵم، تاوەگێرێ
جە ئاهم هەفت چرخ، ئاڵاوە گێرێ"

واتای وشەکان:

* سەحەر: بەیانیان
* گاهان: (گاها = وەخت = جار) جاران
* سەحەر گاهان: دەمی بەیانیان: بەیانیان جاران
* تاوگێرێ: گەرم دەبوو، تا دەیگرت.
* جە: ژە، لە



* ئاه: دووکەڵ، هەوا، ئاخ، داخ، هەناسەی دەروون
* ئاڵاوە: هەڵم (بخار-ع)
* گێرێ: دەیگرت

واتا گشتییەکەی:

بەبیانیان، دڵم تا دەیگرت

لە ئاهمدا (لە ئاهی دەروونم)، حەوت تەبەقەی ئاسمان هەڵم دەیگرت! (شایانی باسە، سەرپاکی ئەم پارچە شیعرە) نەک ئەم دوو دێڕە (کە لەگەڵ مامۆستا) عبداللە ئەیوبیان (مەهابادیی، کە هەردووکمان، لە سمینارێک کە لە تەورێزدا، بەبۆنەی (یادرۆژ)ی هەڵەبجەوە گیرابوو، بانک کرابووین پێکەوە پێشانی مامۆستایەکی ئەدەبیات، لە دانشگای تەورێزدا دامان و ئەو وەها تێی گەیاندین، کە ئەم پارچە شیعرە، نە بەزمانی تورکییە و نە بەزمانی فارسیی و ئێمەیش، پێمان وت، کە لەوانەیە ئەمە بەزمانی ئازەریی بێ ئەویش پێکەنی و وتی من خەڵکی ئێرەم زمانێ بەناوی زمانی ئازەرییەوە، تازە دروستکراو تازە و هەڵبەستە (مەبەستی دەست هەڵبەست بوو) و ئەمە کێشەیەکی رامیارییە، نەک زانیاریی!

شاعری بەناوبانگی ئازەربایجان (تەورێزیی) بەبۆنەی هێرشی تورکەکانەوە، بۆ سەر ناوچەکانی (گورگان و ئامل، ساری) مازندرانەوە، لەنێوان سالآنی (٩٢٤ - ٤٣٢)ی کۆچیدا، لەبارەی تالآن و چەپاویانەوە قەسیدەیەکی داناوە و لە پێشەکییەکەیدا (بەرێنووسی فارسی) بەم جۆرێ دەڵێ:

"کمر بستند بهرکین، شە ترکان پیکاری
همە یکرو بخونخواری همە یکدل بجراری
خداوندا پراکندی زهم پیویستە خلقی را
چە از زنگان چەاز گرگان چە ازامل چە ازساری
زتنشان تلها کردی بەسحرا سراب اندر
میان تلها کردی زخونشان جویها جاری
دژی را هم بر گردون بکردی پست با هامون
بەیک ساعت چنان کانجا نبود ان هرگز انگاری

(کتاب - پادشاهان آزربایجان- احمد کسروی، ل-).

واتای هەندێ وشە:
* کمر: کەمەر، پشتوێن
* بستند: بەستووە، ئامادەیە
* بهرکین: پڕ بەقین
* شە: لە
* ترکان: تورکان، تورک
* پێکاری: بۆ جەنگ، بۆ شەڕ
* همە: هەموو، یەک روو، وەک یەک (لە دەموچاو و بەرگدا)
* بخونخواری: بۆ خوێنڕژتن، کوشتن و بڕین
* یکدل: یەکدڵ، بەیەکسانی، وەک یەک
* بجراری: وشەکە عارەبییە و لە (جر)ی عارەبییەوە هاتووە + مەبەستی چەکدارییە
* پراکندی: پرژوبەڵاویان بکەیت، تەفروتوونایان بکەیت
* زهم: لەیەکتریی
* زتنشان: لەتنیان، لەلاشەیان
* تلهاکردی: تلیان بکەیتەوە، تل بکرێنەوە
* ژ خونشان: لە خوێنیان
* سحرا: تەختایی، چۆڵوهۆڵ و بێ ئاو و بێ سەوزایی
* سراب اندر: بێ سەروژێر، سەروژێر
* میان: لەنێوان
* جویها: جوگە (کۆکردنەوەی فارسیی)، جۆگان
* جاری: عارەبییە و بەواتای (بڕوا)یە، ڕۆیشتن، چوون، نەوەستان

لام وایە، زۆر نەبێ کەم، واتای وشەکانی ڕۆشنکرانەوە و بۆ خوێنەری ئاساییش، واتا گشتی یەکەڕۆشنە.

(همام-ی تۆریزی) کە شاعری بەناوبانگی ئازەربایجانە و لەنێوان سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا، ژیاوە قەسیدەی زۆری هەیەو وا دوو دێڕێ، لە یەکێ لەو قەسیدانە دەخەینە روو، کە بەڕێز دوکتۆر جواد مەشکور، وەهای بۆ چووە، کە زمانەکەیان زمانی (پالەوی)یە و ئەمەش دوو دێڕین، لە یەکێ لەو قەسیدانەی:



یەکەم جار بەرێنووووسی فارسی:

"وە هار ول، ودیم یار خۆشی بی
اوی یاران، مەول بی مەوهاران!"

بەرێنووسی ئەمڕۆی کوردیی:

"وەهارو ول، وە دیمی یار خووەش بێ
ئەوێ یاران، مە ول بێ مە وەهاران"

لام وەهایە، کە واتای وەشەکان روون بن، چونکە شێوە زمانی بابا تایری هەمەدانیش هەروەک ئەم شێوە زمانە بووە و بەهەرحاڵ، واتا گشتییەکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە:

"بەهار وگوڵ، بەدەموچاوی یارەوە رەنگینن
بەبێ یار، نەگوڵ جوانە نەبەهارانیش!"

لە فەرهەنگی پالەوییدا بەرێز زانای بەرزی فەرهەنگ و زبانی پالەویی دانشگای تاران، د. فرەوشی، لەلاپەڕە-١٤دا، باسی وشەی ئەڵوەند هاتووە و وەهای لە قەڵەم دەدات، کە ناوی شاخێکە لە هەمەداندا و ئەوجا دەچێتە سەر ئەوەی، کە لەو ناوچانەدا، شاعرێک، بەبێ ناو، بەزمانی پالەویی شیعری هۆنیوەتەوە و بەوبۆنەیەوە، چوار نیوە شیعرێ دەخاتە، بەرچاو، گوایا، بەزمانی پالەوین و ئەمەش، ئەو وێنانەیەتی:(١)

" خێزە دایا کی زمان وی تەخۆش نی
کوە الوند و دامان وی تەخوش نی
ار تە اویان خویش و نازانیان
جما شامان و بامان وی تەخۆش نی"

با، هەندێ لەو وشانە رۆشن بکەینەوە:
خیزەدایا: دایک حیز
کێ: بۆچی
زمان: زمان
تە: تۆ
خۆش نی: خۆش ناوێ
کوەالوند: شاخی ئەڵوەند

دامان: ناوچەکە، خەڵکەکە

ارتە: ئەگەر تو

اویان: دەتەوێ

خویش: خزمان

نازنینان: خوشەویستان، جوانان

جما: بۆچی، لەبەرچی!

شامان: خواردن، دانیشتن، دەوروبەر

بامان: هەمان هاوواتای (شامان)ە

لام وایە، مەبەستی شاعر رۆشن بێ و ئەویش، بەکوردیی، بەم جۆرە دەگرێتەوە، گوایا یەکێکی بێگانە، لەوێ یان ژنی هێناوە، یان دۆست و دڵداری هەیە و ئەویەکەش جگە لەو دۆست و دڵدارەی و خزمانیان کەسی دیکە و هەڵسوکەوتی دیکەی خەڵکەکەی ئەوێی ناوێ، یان وەک سپڵە، خۆی دەردەخات و شاعریش جنێویشی دەداتێ و لۆمەشی دەکات.

لە بەرهەمێکدا، بەناوی (حافظ شیرازی - دیوان خواجه حافظ سید ابو القاسم شیرازی)وە وەیە و لەلاپەڕە (٣٥٥)یدا، چەند چووتە شیعری (دوو - دوو = جووتە هۆنراوە) بەرچاو دەکەون و بەم جۆرە، لە رووی جۆری زمانەوە، بەڕیز هاتوون: جووتێ عارەبی، جووتێ فارسی، جووتێ فارسی و عارەبی، جووتێ عارەبی و فارسی، دوو جووت بەکوردیی ناوچەی هەورامان و منیش بەم بۆنەیەوە، وا رووننووسیان دەکەمەوە:

سبت سلمی بلد غیها فؤادی
و روحی کل یوم لی ینادی
نگارا بر من بیدل ببخشای
و واللنی علی رغم الاعادی
حبیبا درغم سودای عشقت
توکلنا علی رب العبادی
امن انکرتنی عن عشق سلمی
تز اول ان روی نکوه بوادی
بە پیی ماچان غرامت بەس پەری من
غەر تو(تە)یەک وەی-رەوشتی ئەز ئیما دیی



غەمی این دل بەواتت، خورد ناچار
وەغەر نەرا بینی ایچ تە نە شادی

ئەم جووتانە، کە لە سێ زماندا، بەشدارن لێک نەدراوەنەتەوە، جگە لە عارەبییەکان و فارسییەکان بەم چوار دێرەی خوارە، کە بەزمانی کوردیی هەورامییە، وەهای لە قەڵەمداوە، کە بەشێوە زمانی ناوچەکانی شیراز داڕێژراوان و ئەوەیە منیش یەکسەرە، بەرێنووسی ئەمڕۆی کوردیی، نووسینمەوە.

ڕوونکردنەوەی هەندێ وشەی ناو چوار دێڕەکەی کۆتایی:

بەپیی: بەپێی، بەپێێ

ماچان: وتەمان، واتە، گوتن

بەپیی ماچان: بەپێێ وتەیان

غەرامت: (غرام-ع)ت، واتە خۆشەویستیت، دڵداریت (عشقت)

بەس: بەسە

پەری من: بۆ من

غەر تو: ئەگەر تۆ

وەی: خراپی، بەدکاریی

رەوشتی از: (هەڵسوکەوتی = رەویە و رەوشتی) لە من، رەویە و رەوشتی من.

از: بەکارهێنانی لە شێوەی فارسییەوە بەواتای (لە، جە، ژە) دێ

ئیما: ئێمە

دیی: دیت، بەرچاوت کەوت

غەم: غەم، خەم، خەفەت

این: ئەم

دل: دڵ

بەواتت: بەگوتەت، بەوتەت، بەواچەت، بەواتەت

خورد: خوارد، خوار، وارد

ناچار: ناچار

وغەر: ئەگەر، وە ئەگەر، ڤە ئەگەر، ئەگینا، ئننا

نەرا: بۆچی، لەبەرچی، پەی چی

بینی: بووێ، بۆنێ، لەوەی کرد، پاسە بەرکەوت.

تە: تۆ
ناشادیی: ناشاد، عادز، لووتەلا، بێ کەیف، ماتومەلوول
بەشێوەیەکی گشتیی دەڵێ:

تەنیا ناوبانگی خوشەویستیت، هەروەک دەوترێ، بۆ من بەسە
ئەگەر تۆ خراپییەکت لە من دیی
هەرچی دەڵێت، ئەم دڵە ناچارە
ئەگینا، ئەگەر وەهانیە، تۆ بۆ بێزاریت پێوە دیارە!؟

ئەم وێنانەی سەرەوە، دووانیان بیروڕای دوو زانای بەرزی زمان ئەدەبیاتی دانشگای تارانە، کە بەلای کەمیەوە، دەبێ شارەزای زمانی کوردیی بن، بەتایبەتی، ئەگەر هاتوو زانیمان، فارسەکان، زمانی کوردیی، بەشێوەیەک، لە شێوزارەکان زمانی فارسیی دەزانن، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایە دیکەوە، لە پێشەکی (لغتنامە دهخدا)، واتە: (فەرهەنگی لوغەتنامەی دێ خودا)، کە نزیکەی پەنجا زانایەکی سەرپاکی لقەکانی زانیاریی، خەریکی هێنانەدیی و بەردەوام بوونیەتیدا (خۆی لەخۆیدا مەوسووعەیەکە، هەموو لایەکی زانیاریی گرتووەتەوە) و ئا لەو پێشەکیەی ئەوەدا، وها هاتووە، ئەگەر هاتوو سەرپاکی زمانی فارسیی و فەرهەنگەکانی لەناو بچن، لە زمانی کوردییدا، هەمووی دەدۆزرێتەوە!).

ئەوان، بەجۆرێ، ئەمە تێ ئەگەن و ئێمەیش، وها تێی دەگەین کە گومان لەوەدا نییە، کە ئەو واتەیەی ئەوان راستە، چونکە زمان فارسیی دەریی، لەسەر ریشە و قەدی زمانی کوردییەوە دارێژراوەتەوە، لەم رووەشەوە بەکوردیی بەراوردی لەنێوان فارسیی دەریی و فارسیی کۆن و کوردییدا، ئەمەمان بەرۆشنی بۆ دەردەکەوێ، بەهەرحاڵ، ئەمە جێگەی ئەوە نییە!

ئەم بەهەڵە رۆیشتنە، (جۆرە کوێربوونێکی لەخۆبایبوونی خۆ بەزۆر زانایی) بەرچاو دەخات و ئەگینا ئەگەر وەها نییە خۆ، لە شتێکی نارۆشن لادان زۆر برەوتر و ئاسانتریشە. لەم بارەوە، وێنەمان، لە رۆژهەڵاتناسانی ئەوروپاییدا، زۆرە و کۆلکە خوێندەواری خۆیشمان، لەسەر مێزەوە، ئامادەن بۆ جوینەوەی هەڵەکانی ئەوان، بەڵام خۆی چی نوێی بەدەستەوە داوە هیچ! هەر هیچ!

من هەروەک لە پێشەکیەکەی مێژووی هەوراماندا، بەدرێژی باسی نەخشەی کارکردنی



خۆم لەو ماوەیەی، کە لە ئێراندا بووم، کردووە و یەکێ لە گۆشەکانی ئەو نەخشەیە، گەڕان بەدوای کەلەپووریی هۆنراوەیی، بەشێوە زمانی کوردیی ناوچەکانی هەورامان. لە پێناوی هێنانەدیی ئەم ئاوات و خواستەدایە باوڕ ناکەم، ناوچەیەک لە ناوچەکانی کوردستانی رۆژهەڵات مابێ کە بۆی نەچووبم، یان، بۆ ماوەیەک تیایدا، نەمابوومەوەتەوە و زۆربەی میرزایان و خوێندەوارانی ئەو جێگایانەم نەدیبێ (نەدیبن!) ئەوەی کە ئەنجامی ئەو گەڕان و ئەو ئاواتەم بەم جۆرە ڕەنگی داوەتەوە:

یەکەم: لەناو ئەو ناوچانەی، کە خۆیان (بەجاف، بەجوانڕۆیی، بەکلاشیی،...... هتد) دەزانن، نەمتوانی، تێکستە شیعرێکم دەست بکەوێ، کە بەشێوەکەی خۆیان (شێوەزارەکەی خۆیان) تۆمار کرابێ و بەشێوەی کوردیی ناوچەی هەورامانیش لە هەموو رووێکەوە، لە هەموو گۆشەیەکەوە، تا بڵێت زۆرە و بەجۆرێ، کە بۆمان، هەیە بڵێین، تەنانەت فارسیش ئەوەندەی نییە. ئەو کەلەپوورەی کە فارس، شانازیی پێوە دەکات، لە شێوەی هەوراماندا، لەوە زۆر پتر دەست دەکەوێ و لە هەموو روویەکێشەوە، لەو رازاوەتر و بەپێزترە. بەڵام کەلەپووری ناوچەی هەورامان، ئەگەر سەد ئەوەندەی تر، زۆرتر کۆبکرێتەوە باشتر لێک بدرێتەوە ڕەواتر خزمەتگوزاریی وشەی کوردیی بێ، هەر دەبێ، لە ژووری لە سێدارەدانی دوو میرایەتی کوردستاندا بێ و بەوپێیەی؛ کە سۆران کوردە و کرمانجی کوردە، ئەی هەورامی تۆ چیت!

پاش ئەوەی کە ئەو دوو میرایەتییە لە کوردستاندا، دامەزران (دەبێ، هەموو شتێ، هەر بۆ خۆیان بێ و ئیتر خاوەن قەڵەم و کوڕ کوژرا و پیاوکوژرا وماڵکاول، هەر دەبێ چاوەڕوانی گەدایی کردن بن لە بارەگای ئەواندا) من چوومەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی بەرهەمی حەوت ساڵەی ئێرانم (کە بەنرخ، نرخی تەواو نابێ بەزۆریش، ئیتر لەوە زۆرتر، ڕەنگ بێ کەسێ دیکە نەیبێ!) ئەگەر بکرێ، لەوێ هەندێکی لە چاپ بدرێ! بەڵێ کتێبێک (دەستنووس)م دا بەمەڵبەندی رۆشنبیریی لە هەولێر.

لە سلێمانیدا، جەنابی کاک رەئووف بێگەرد، کە بەزۆر زەحمەت (استعلامات)ی رێگەی داین، داوامان لێ کرد، کە لەو رووەوە کارێکمان بۆ بکات، بەڵام ئەو وەڵامی وەهابوو کە کاریان چاپکردنی (نوێخوازی)یە و کاتێ، کە بەرهەمێ لەوانەی پیشاندام دیم کە چیرۆکی (٥٠) ساڵ لەمەوبەرتر یان سەد ساڵ لەمەوبەرتر لە ئەوروپادا، دەرچووە، وەرگێڕدراوە، بۆ کوردیی و منیش زانیم، کە هەرچی خۆیان بیانەوێ، هەر ئەوەیە و ئەوەی کە لەفەرهەنگی ئەوان دابێ، کەلەپووریی هەورامیی تێدا نییە!

بەرهەمەکەی هەولێریش ئەوەتا خەریکە تۆز خواردوویەتی و لەوانەشە مشک بیخوا یان ون بکرێ!

کۆڕی زانیاریی کورد کە لە هەولێردا، دروستکرا، گوایا لاسایی کۆڕی بەغدای جاران بکاتەوە، گۆڤارێکی زەردیان دەرکردووە، کە هەروەک (النشرة المدرسية) وەهایە، وتارەکانیشی (جگە لەوەی کە زۆر بچکۆلەیە بەقەوارە) شتی نوێیان تێدا نییە و بریتین، لە جوینەوەی ئەو شتانەی کە لە کۆڕدا، کاتی خۆی، کراوە (بەرێز مەلا شوکر بۆ وێنە ناوی ئەندامانی کۆڕ و ئەندامی یاریدەدەرانی هێناوە لەگەڵ، نەوتنی هەندێ، کەوا دیارە ئەو حەزی لە چارەیان ناکات کە یەکێکیان منم.

د. مارف- باسی کوللە و ئاینەمەل دەکات و وەهای لە قەڵەم دەدات، کە مینۆرسکی خاوەنی ئەوەیە، وادیارە بەرێز د. مارف ئەوە نازانێ کە (کوللە ئاینەمەل)کەی ناو ئەوە دەستنووسەی مینۆرسکی نیوەیەتی و نیوەکەی دیکەی نەبووە و تەنها کەسێک کە کوللە و ئاینەمەلی بەتەواویی هەبێ، من بووم چونکە کاتی خۆی دوو نیوەیەکەم دەستکەوتن و کردمنەوە بەیەک ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، د. مارف، کەی دەتوانێ (سەر و بۆر) بۆ شێوەی هەورامیی دابنێت و کەی دەتوانێ نووسراوی هەورامیی بەرێنووسی فارسیی بخوێنێتەوە. بەهەر حاڵ ئەوەی کە لە کۆڕ چاوەڕوان دەکرا ئەو جوێنەوەیە نەبوو هەروەها ئەو لاوازییە نەبوو، ئەو کەمتەرخەمییە نەبوو بەڵکو تەواویی دڵسۆزیی بوو! ئەوەی کە دەبێ بوێژرێ لێرەدا ئەوەیە کە کاربەدەستانی کۆری زانیاریی کورد لە هەولێر لەو پلەیەدا، نین یان ئەگەریش لەو پلەیەدابن، زۆرتر دڵسۆزی کارەکەیان نین!

بەهەرحاڵ، ئەنجامی ئەم گوتنەی سەرەوە، ئەوەیە کە کاتێ کوردیی سۆرانی، یان بادینانی لەتێگیرانەدا بن، هەورامان مەڵبەندیانە و لانەی رۆژی نەهاتیانە و کاتێکیش کە وەک ئەمڕۆ، هەریەکێ لەوانە، خاوەن میرایەتیێ بن، هەورامیی نەک هەر کوردنیە، بەڵکو ریشەی نییە و کەلەپووریشی نییە و سەرژمێریەکیش (رەچاوکردن) لەو بارەیەوە هەرگیز بۆ خوێنەران و زانایانی نییە!

یەکەم: بەڵێ، ئێمەیش، ئەڵێین، هەورامیی یان شێوەی ناوچەی هەورامان، زمانی کوردیی نییە، بەڵکو نەوەی نوێی زمانی ئاڤێستاییە و زمانی جافی و سۆرانی و بادینانی و زازایی، نەوەی نوێی زمانی (ئاڤێستایی = هەورامانی)ن!

دووەم: جێگای داخە کە لەلایەن، (جواد مەشکوور و بەهرام فرەوەشی)یەوە، یان



لەلایەن، هەر پشکێنەری دیکەی بەناوبانگەوە، (شتێ) پێی ناتۆژێنرێتەوە و بەزۆر بیەوێ بیجوێ! ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، دیسان جێگای سەرسوڕمانە، کە شاگردێ کە دەیەوێ، لە گۆشەیەکدا یان لەلایەنێکی زانیاریدا بتۆژێتەوە، بەکوێرانە پەنادەباتە بەر مامۆستاکەی، بەبێ ئەوەی ئەو پەنابردنە لە سەنگی مەحەکی بەراوردکاریی و تاقیکردنەوەی دابێ.

سەرم لەوە سوڕدەمێنێ، کە د. فرەوەشی، چۆن بەو زمانەی ناوچەی (الوند)ی (پالەویی)ی یەژێ و یان چۆن (جواد مەشکور) ئەو زمانە کوردییە هەورامییەی ناوچەی تەورێز و قەزوین، بەزمانی (ئازەریی) ناو دەبات! یان چۆن مینۆرسکی ناوی تایفەی دینێ بەرگی زمانی بەبەردا دەکات و بەناوی زمانی گۆرانەوە زمانێ دروست دەکات و یان سەرم لەوە سوڕدەمێنێ کە زانا کوردەکەش، بۆ کاوێژی ئەوەی مینۆرسکی دەکاتەوە! یان مەکەنزیی کە بەپێی گفتوگۆیەک کە لەنێوان تەحسین حەمەمین سان، لەندەندا و لەنێوان خۆیدا کرابێ گەیشتووەتە ئەوەی کە زمانی کوردیی بەشێوەکانی زمانی فارسیی لە قەڵەم بدات و، تائێستەش زمانزان و زمانناسێکی کورد نەبێ، کە توانای ئەوەی هەبێ کە بەرامبەری راوەستێ و بۆچوونە نارەواییەکەی فش بکاتەوە. دەبێ ئەمە بۆچی؟!

سێیەم: دەستپاکیی و پەنابردن، بەپشکنین راستەقینەی دڵسۆز، بەوشە و دوورکەوتنەوە لە هەر جۆرە هۆیەک، کە کارەکە لاواز دەکات!

مەبەست لێرەدا، ئەمەیە کە پشکێنەر، نابێ هەرچی خوێندەوە، بەراستی بزانێ پتر لەوەش ناشبێ بەدرۆی بزانێ و گرینگ ئەوەیە کە ئەوەی ئەو دەیگاتێ راستە، بۆچی و هۆی چییە! ئەوەی بەناڕاست دەزانێ هۆی چییە؟! ئەوەی خۆی دەیلێ چەند نوێیە و بەڵگەی چییە گوێزانەوەی (وشە، فرەیز، رستە، پاساژ (پاسەیژ)یان پتر لەوەش (دیاریی کردنی سەرچاوەکەی نرخی نووسینەکە زیاد دەکات و دەستپاکی زێڕین دەکات و راستگۆیی دەنوێنێ!

## ئەنجامی بۆچوونەکە:

یەکەم: بەدرێژایی تەمەنی حەفتا ساڵێ لەمەوبەرتر، یان کەمێ پترتر، لەسەر پاکی ناوچەکانی کوردستاندا، کوردێکی شاعر ئەگەر ویستبێتی شیعر بەزمانی کوردیی دابرێژێ، بەشێوەی ناوچەی هەورامان داپڕشتووە، (مێژووی هەورامان)یش لەم رووەوە، لەسەر پاکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا وێنەی ئەم وتەیەی تیادا تۆمار کراوە (بەساڵ، بەناو بەجێگای جوگرافیایی).

دووەم: بەتەمەنی پێنج سەد ساڵی لێرەوە بەرتر، لەسەر پاکی ناوچەکانی ئێرانیشدا ئەگەر شاعرێکیش ویستبێتی بەنافارسیی، یان ناتورکی شیعر دابرێژێ، بەزمانی کوردیی هەورامیی داپڕشتووە و وێنەکان لەم رووەوە، لێرەو لەوێ بەناو و بەساڵ و بەجێگای جوگرافیایی پیشاندا و لەم رووەوشەوە زۆر زۆرترمان لایە.

سێیەم: ئەوەی دەزانین، کە رۆژێ لەرۆژان، یان ساڵێ لەسالان، یان دەمێ لەدەمان، بەدرێژایی ئەوا دەگاتە دەوروبەری دوو هەزار ساڵێ میرایەتییەک، یان دەوڵەتێک، بەو ناوەوە، نەیتوانیوە، لەو ناوچانەدا فەرمانڕەوا بێ و تاوەکو بەهۆی ئەوەوە بتوانێ زمانەکەی لەو ناوچانەدا بچەسپێنێ!

چوارەم: ئەوەی کە دەبێ بەراستی بزانین و لەوە بەولاوە، بیانووی دیکەمان بەدەستەوە بێ، ئەوەیە تەنیا بۆ زۆری (دین) دەگەڕێتەوە و بەم پێیە دەبێ بلێین، دەبێ شێوە زمانی ناوچەکانی هەورامان، نەوەی نوێی زمانی مادیی بێ و ئەگەر وەهاش نەبوایێ شێوەی هەورامیی بەو جۆرە نزیکترین، شێوە زمان نەئەبوو لە زمانی میدییەوە!

بەهەرحاڵ ئێرە، ماوەی ئەوە نییە، کە ئەو جۆرە بۆچوونە، لێرەدا، پەخش بکرێ و ئەوەی کە مەبەستی ئەمەبێ، دەتوانێ بۆ (بەراوردی نێوان زمانی ئاڤێستا و کوردیی بگەرێتەوە. هەورامانی).

بەهۆی ئەم بەڵگانە و ئە وبەڵگانەش، کە ئەنجامی (بەراوردکاریی نێوان زمانی کوردیی و ئاڤێستا)ن و لە هەمووی سەرلەبەرتر گەیشتووینەتە ئەوەی کە بلێین:

زمانی مادیی و زمانی ئاڤێستایی یەکێکە و ئەوانەش، کە وەها پروپاگانتە دەکەن کە زمانی مادیی شوێنەواری نەماوە، جێگای باوەڕی هیچ پشکێنەرێکی راستەقینەنین و تەنانەت جێگای باوەڕی ئەو فارسانەش (خۆیان) نییە، کە دەیانەوێ لە هەموو



روویەکەوە شوێنەواری رۆشنبیریی کوردیی ببڕنەوە، بێ گومان وتەی سەرپێی بەبێ بەڵگە زۆر بێ برەوە.

بەکورتی زمانی مادیی، وەک زمانێکی تایبەتی مادیی تاوەکو کۆتایی فەرمانڕەوایی کۆرشی هەخامەنشیی، زمانی دووەم بووە و وەک زمانی یەکەمی دینیش بەردەوام بووە.

لەکاتی هاتنە بەرەوەی فەرمانڕوایی هێلینەکان، زمانی مادیی، وەک زمانی رەسمیی، ناوی نەما و یان ناوی زمانی ئاڤێستای لێ ناونرا و ئەگەر وەهاش نەبووایێ، ناوی ئاڤێستا، لە ئاڤێستادا (خۆی) دەهات و هۆی نەبوونی ناوی (ئاڤێستاش) لەناو (ئاڤێستا) خۆیدا، ئەوە دەگەیەنێ کە تا ئەوکاتە ناوی (ئاڤێستا) نە (ئاڤێستا) بووە، بەزمانەکەشی (زمانی ئاڤێستا) وتراوە!

لە دەمی سەرەتای فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا دەوری رابەری دینیی و ئاڤێستا، گەڕایەوە و ژیاوە و پەرەی سەندەوە و لە کوردستانیش (کوردستانی دێرین)دا وەک زمانی دینی و شان بەشان شێوە زمان، لەناو خەڵکی کوردستاندا وەک کوردیی (شێوە) بەرەو ناسیاویی چوون و لە دەوری ئیسلامدا، کزبوونەوەی شێوەی دینی بەرەو نەمان، هەنگاوی ناو شێوەزمانی کوردیش، بەپێی دەوروبەری جوگرافیایی و رامیاریی و ئابووریی، بەرەو جیاوازیەکی زۆر هەنگاوی نا، تا وای لێ هاتووە، مەگەر زماناناس، جگە لە شێوەکەی خۆی لە شێوەیەکی دیکە تێ بگات!

بەم پێیە، ئێمە رەچەڵەکی زمانی کوردیی ئەمڕۆ، بەم جۆرە بەرچاو دەخەین:




له دەمی (عەباسییەکاندا)، زازاییەکان (بۆ ئەو جێگایەی ئەمڕۆیان دوور خراونەتەوە (لە دەمی مامووندا).



## بەسەر هاتی ئاڤێستا

یەکەم: زمانی ئاڤێستا یەکێکە لە زمانە هەرە کۆن و دێرینەکانی (ئاریانیی و ئێرانیی، بەواتای فراوان، دوور لە واتای تەسک!) ئاریانی و بەدووەم زمانی کۆن و هەرە دێرینی هێندۆ ئێرانی - شان بەشانی زمانی سانسکریتی و هاوچەرخی سەرژمێر دەکرێ. ئەم دووانەش، لە کۆنترین ودێرینترین زمانە هیندو ئەوروپاییەکانە (بەپێی ئەو بەراوردەی (بەراوردکاریی) کە لە سەدەکانی حڤدەهەمەوە تا ئەمڕۆ، زماناسان کردوویانە و باوڕیان پێیان هەیە. پتر لەمەش یەکێکە لەو زمانە دێرینانەی کە لە دێرین دەمەوە تۆمار کراوە) یان بەناوی زمانی ئاڤێستاوە کراوە ناوبانگیش هەیە و بۆ ماوەی سەدەیەکیش، یان پتر تا ئەمڕۆیش لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی ئەم زمانە وەک بنێشتە خۆشەی ژێر دندانان و ژێرقەڵەمی زمانناسانی لێ هاتووە. بەشێوەیەکی تایبەتی هی ئەوروپاییان و ئێرانیان و کوردان و پتر لەمەش پشکنین دەرباوەیەوە وەک پرۆگرامێکی هەمیشەیی و وەرزیی لێ هاتووە و لەملاو لەولاوە لە ئەمریکا و ئەڵمانیاوە سیمیناری وەرزانەی بۆ دەگێڕێ و ئەمەش، هەروەک لە سیمینارەکاندا، بەزۆر بەرگوێ دەکەوێ، تا ئەمڕۆیش لێکۆڵینەرەوانی زمانی ئاڤێستا نەیانتوانیوە بگەنە گۆڵی ئاوات و بۆیە، لەم گۆڕەپانەدا، دەبێ ئەوە بوترێ، کە ئەوەی لە مەیدانی زمانناسی ئاڤێستادا کار دەکات، بەلای کەمیەوە جگە لە زمانی فارسیی و ئینگلیزیی و دەبێ کەفە سەربێ بەزمانی کوردیی و شێوەکانیەوە، بەتایبەتی شێوەکانی ناوچەکانی هەورامانەوە.

دووەم: شایانی هێنانەوە یادە، کەتا ئێستاش، وەک (تیۆریی = بۆچوون) وەها سەرژمێر کراوە، کە نیشتمانی دایکزادی گەلە لە ئێرانییەکان ئەو ناوچانەن، کە ئەمڕۆ بەناوی (ئاسیای کرۆکیی- اسیا المرکزیة)ەوەیە، ئەمەش، تا ئەمڕۆش هەروەک بۆچوون، هاتووەتە مەیدانی پشکنینەوە و واتە نەتوانراوە پاڵپشتی راستی لەم رووەوە، بەدەستەوە بدرێ و ئەگەر چی ئەمە هەر باو برەویی هەیە.

سێیەم: بەپێی بۆچوونەکانی سەرەوە، دابەشبوونی ئەم هۆزانە، بەملاو بەولادا بەرەو هیندستانی ئەمڕۆ و بەرەو ئێرانی ئەمڕۆ و بەرەو کوردستانی ئەمڕۆ و، دەبێ چۆن چوونی بووبێ! چەندی پێ چووبێ، زمانەکانیان دەبێ چ جۆرێ بووبێ!

لەم رووەوە، مێژوونووسان (گەریشمەن - ایران باستان) وەهای بۆ دەچێ کە ئەو کۆچکردنە و ئەو کۆچکردووانە، بەلای کەمیەوە، بەشێوەی پۆل پۆل و هۆز هۆز و

بەرودوا، لە ماوەی هەزار ساڵێکدا، رووی داوە و ئەمەش، دیسان بەلای کەمیەوە، لە دوو هەزار ساڵێ پێش زاییندا، رووی داوە و هەر پۆلێ لەوانە، هەرچەند هۆزێ لەوانەی نزیک بەیەکتریی رێگای نەزانراوی لەبەرچاو نەبووی گرتووەتەبەر و هەموو ئاوات و ئامانجێکی ئەگەر بووبێ، ئەوە بووە کە بەزووترین کات، بگاتە جێگا و شوێنێکی ئارامش و ژیانبەخش و لواو بەوەی، کە دەتوانێ ژیانی تیادا بەسەربەرێت.

بەهەر حاڵ، ئەوانەی کە لەو رووەوە، دواون زۆربەی زۆریان لایەنی جوگرافیاییان لەبیر چووەتەوە بەوپێیەی کە ناونیشانی نیشتمانی هەرە بنەڕەتی ئەو هۆزانەیان دیاریی کردووە؟ ئا لەم رووەشەوە، ئەوە دەبێ بەرچاو بخرێ، ئەگەر چەند کۆمەڵە هۆزێک لە رۆژهەڵاتی دەریایی (کاسپین)ەوە هاتبووبن، دەبێ پێشەکی لە دوروبەری ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەریاچەکەوە کە دوروبەری ژیانیان زۆر چاک بۆ رەخساوە، نیشتەجێ ببن و نەک بەرەو خوارووی ناوچەکانی پارس بڕۆن، کە کەنداوەکان دەریای فارس وعارەبی ئەمڕۆیە! یان ئەو هۆزانەی، کە لە رۆژئاوای دەریاچەی (کاسپین)ەوە، دێن، بێ گومان تا ناوچە سەوز و مەڕخوسدارەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای زنجیر شاخەکانی زاگرۆز، وەستابێ، چۆن دەبێ بەرەو خوار بەرەو چەم و دۆڵەکانی پارس بڕۆن!

بەم پێیە دەبێ بوترێ، کۆچکردنەکە لە هەردوولای دەریاچەی (کاسپین)ەوە رێگا و شوێن هەڵدەکرێ و گومانیش لەوەدا نییە (بەپێی پەیدابوونی شارستانیەت لەلایەکەوە، هەروەها پەرەسەندنی رۆشنبیریی دینی (لەلایەکی دیکەوە) کە ناوچەکانی زاگرۆز بەشیان لەو رووەوە، پێشترین بووە و پترترین بووە (عبدالحسین زرین کوب. ایران قبل ازاسلام) و، بێ گومان نەوەی ئەمانەش، کوردیی ئەمڕۆن و ئەگەر هاتوو زانیمان، زاگرۆز، لە رووی شیکردنەوەی زمانەوە، لە رووی جوگرافیا و مێژووەوە، ئەوە دەگەرێتەوە.

چوارەم: ئەوانەشیان لە رۆژهەڵاتی دەریاچەی (کاسپین)ەوە لەبانەکانی ئەفغانەوە بەرەو بان و بیابانەکانی ئێران هاتوون، لەبانەکانی ئەفغانستان ئەمڕۆوە، دەبێ رووی دابێ و لێرەشەوە دەبێ، بەدوو بەش، یان پتر کۆچ بەملاو بەولادا، بەرەو هیندستان و پاکستان و بەرەو سیستان و بانەکانی دیکەی ئێران و بەرەو چەم دۆڵەکانی پارس (شیراز)ی ئەمڕۆ، کرابێ!

پێنجەم: ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێ، کە ئەو بۆچوونانە راستن و بۆ پتر بەرەو



راستەوبردنیان بەرەو باوەڕ پێکردن، بەلای کەمییەوە، دەبێ پەنا بۆ ناوەڕۆکەکانی ئاڤێستا ببرێ و بۆ سونەتە زەڕدەشتییەکان، کە لە ماوەی بەرودوای جوراوجۆردا، نووسراون و نووسراونەتەوە و هەروەها پەنا، بۆمێژوو بۆ جوگرافیا و بۆ لایەنی رۆشنبیریی دیکە ببرێ، تاوەکو راستی و ناڕاستیی رۆشن بکرێتەوە، واتە بۆ وێنە، بەم جۆرە:

(ئەلف): لە رووی ناونیشانی ناوچەکانی جوگرافیاییەوە

ئێمە وەهای بۆ دەڕۆین، کە وشەی [زاگرۆ = زاگرۆز = zagroz] خۆی وشەیەکی ناساکارە و پتر لەوەش پاشبەندێکی گریکی کۆنی وەرگرتووە و لەم رووەوە، بەپێی بۆچوونی، من ئەم وشەیە، خۆی لەخۆیدا واتای (مەڵبەندی کوردزا) بەدەستەوە دەدات وەک ئەمڕۆ کوردستانی پێ دەوترێ و واتە، بەم جۆرە:

[زا = za] لە ئاڤێستادا لە ریشەی [زەن = zan]ەوە بەواتای (زێ = زەهێ، زایین) هاتووە.

[گر=gr] لەریشەی [گار=gar]ەوە هاتووە، لە ئاڤێستادا، بەواتای شاخ هاتووە حاڵی حازریش ئەم وشەیە، بۆ بەدەستەوەدانی هەمان واتا بەکار دێ و لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا، لەم ناوە، وەک ناوی شاخ، زۆرن.

(ب)، لە رووی زمانەوە

[کر=kr] ریشەی (ناو)ە و ریشەی (کار)یشە و (کورد)یش بەکاری (کردار)ییەوە (کردارنیک) بەناوبانگن، لەپێش هەموو لایەکی دیکەوە بەو کارەوە رۆشن کراونەتەوە و ناسراون.

[ۆس= os]=[oz] وەک پاشبەندی تایبەتیی بۆ ناو، لەلایەن گریگە کۆن و ودێرینەکانەوە بەکارهێنراوە.

بەم پێیە بۆمان هەیە، کە بلێین، کە وشەکە، لە رووی زمانەوە و جوگرافیاوە و دین و مێژووەوە لەم جۆرە بەشانە پێکهاتووە.

[زا + گر + کر + ۆس]= [s–Zagraz] بەناو یەکترییدا لەبەر هۆی رەوانڕەویی و دەنگسازییەوە بەم جۆرەی لێ هاتووە (زاگرۆز).

(ئەلف)، ئەم ئاڤێستایەی، کە ئێستا لەبەردەستت دایە، چواریەکی ئەو ئاڤێستایەیە کە لە دەمی ساسانییەکاندا، پاش کۆکراوەیی کەوتووەتە بەردەست (پور داود گاثاها، ۸۲ انتشارات دانشگاه تهران) و لەم رووەوە پور داود دەڵێ: لە نامەی پالەویی دینکەرت (پهلوی دینکرت)دا، کە لە سەدەی نۆیەمی زایین، بەرامبەر بەبەشی یەکەمی نیوەی سەدەی سێیەمی کۆچی، بەدەستی (اتور فرنبغ)، دەستی پێ کراوە و لە کۆتایی هەمان سەدەدا، بەدەستی (اتورپادپسرامبد) تەواو بووە.

(بێ)، ئەم ئاڤێستایە، بریتی بووە، لەم بەشانە:

– (یەسنە، ویسپەردە، یەشتا، ڤەندایەت خوردە ئاڤێستا) و ناتەواپشن!

ئەم ئاڤێستایە، پاش هێرشی (عارەب) و هێرشی مەگۆڵ و تەتار و تەیموری لەنگ و چەنگیز خان، ئەوەی کە ماوەتەوە لە دەست هێرشی ئەوانە دەرچووە، ئەم بەشە ناتەواوانەن، کە ناوهێنران:

لەمانە، ئەوەی کە زۆر جێگای باوەڕ بن، بەشی (گاتەکانە)ە، کە زمانی خودی زەڕەدەشتە و بریتییە، لە (بلانک ڤێرس، شیعر) بۆیە لەوانەیە، کە لە هەموو بەشێکی دیکە باشتر بەرگەی گرتبێ و لەبیر نەچووبێتەوە، بەتایبەتیی ئەگەر هاتوو زانیمان، کە بەشی گاتەکان، تەنها لەلایەن ماگی زەرەدەشتییەوە دەبوایێ لەبەر بکرابایە و لەکاتی دۆعا و نوێژکردندا، هەر لەلایەن ئەوانەوە دەخوێنرایەوە بەهۆی زۆر خوێندنەوەی تایبەتیانەوە زۆربەی گوێگرانیش، لەبەریان دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە، بەبۆنەی ئەوەوە کە شیعر بوون، کەمتر هەڵەی نووسەرەوەیان تێ کەوتووە!

بۆیە، دەبێ، (بەلای منەوە، وەهای بەراستتر دەزانم) زمانناس زۆرتر پەنا بۆ بەشەکانی گاتەکان ببات و بێ گومان ئەم بەشانەش، ناتوانن، بەتەواویی زەخیرە و کەرەسەی زمانی ئاڤێستا بەدەستەوە بدەن، ئەوکاتە، پەنا بۆ بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا دەبرێ.

ئەوەی کە دەبێ روون بێ لای زمانناس، بەشەکانی دیکەی ئاڤێستا، چە لە رووی گۆێزانەوەوە، چە لە رووی لێکدانەوەوە، چە لەرووی قەرزکردنی ئەلفوبێیەک، کە لەگەڵ



ئاڤێستای نووسرا و بە ئەلفوبێی مێخیدا زۆر کەم دەگونجێ چە لە رووی لایەندراو بێ لایەنداریی نووسەرەوە، چە لە رووی خوایشتی خودپەسەندی تایبەتی کەسییەوە کاری تێ کراوە و ئەوەش لە رووی بەراوەردکارییەوە روون دەبێتەوە!

ئاڤێستاناس وزمانناسی ئاڤێستا، دەبێ کورد بێ و زمانناسی کوردیی بێ!

ئەم بیروباوەڕەی لەم رووەوە، نەختێ، لەوانەیە، سەرنجراکێشرە، چونکە نەختێ زبری پێوەیە، بەڵام من لەو باوەڕەوە، ئەوە دەڵێم، کە من وەها بەبیرمەوە دەڕوا و لەو باوەڕەشدام، کە دایکزادی زەردەشت کوردستانە و مەڵبەندی زمانی ئاڤێستاش زۆرتر جەوهەری کوردیی کوردستانی دێرینە و شارستانیەتی کوردەکانی دێرینیش، لە خەڵکی دێرینی ناوچەکانی دیکەی ئێرانی پێشکەوتووتر و سەر لەبەرتر بووە، بەتایبەتی بەهۆی زوو هەڵبوونی چرای زەردەشتی و شارستانیەتی کە لە دروشمی (کردارنیک، پەندارنیک گفتارنیک)دا، روونی دەکاتەوە.

بۆ پتر رۆشنکردنەوەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە وا هەندێ وێنە بەرچاو دەخەین:

(ئەلف)، پێشەکیی، پەنا دەبەینە، بەر وتەی ئاڤێستاناس ئێرانی و ئێرانناس، د. پور داود، کە لە پێشەکی (گاثاها)دا، وتوویە:

"لە سننەتی دینی زەڕەدەشتیدا، وەها هاتووە کە پێخامبەری ئێرانییەکان زەڕەدەشت، لە ناوچەی ئازەربایجان، هاتووەتە دنیاوە!"

هەروەها بەم بۆنەیەوە، پێشەکیی (گاثاها)ی لەچەند دێرە شیعرێک رازاندووەتەوە بەڵام ئەمە، بەم وەرگرتەیە رۆشناییەک دەخەینە بەردەم ئێوەی بەرێز:

در فروردین جامی زمی یاداورد ارفرکی<br>
وز زرتهشت نیک پی پیغمبرایران زمین<br>
مردی زمادر باستان برخاست زازرپاتگان ۱<br>
ازدوره اسپیتمان وزخاندان ابتین "

(گاثاها ل– ۲۰)

رۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان، زۆربەی زۆریان، وەها بۆی چوون، کە زادگای زەڕەدەشت ئازەربایجانە و هەندێ لەوانەش وەک (پارسولومی، گەڵانەری، گولانەری ئەڵمانی و جاکسۆنی ئەمەریکایی و هەرتسفیلدی ئەڵمانی و......) کە پتر دان لەسەر ئەوەش

دادەنێن، کە زمانەکەی زەڕدەشت، زمانی مادەکان بێ، ئەمەش بێ گومان بەراوردکاریی زمانناسیانە ئەوە پیشان ئەدات، کە زمانەکەی کوردیی ئەمڕۆ؛ وەچەی نوێی ئەو زمانەیە (زرین کوب. ایران قبل ازاسلام)...

(بێ)، زوربەی دانشمەندە ناسراوەکانی ئەوروپا، باوەڕیان وەهایە کە زەڕدەشت لەپێش دامودەزگای فەرمانڕەوایی (ماد) ژیاوە و مادەکەش، کە وەک ڕۆژهەڵاتناس (تیلێ = Tiele) و (هەوگ = Haug) و (ویندیشمان = Windischman) و (گێگەر = Geiger) و (ئولوەنبەرگ = Olenburg) و (ئەدواردمەیەر = EdwardMeyar) و (میلز = Mills) و (مۆلتون = Moulton) و (ڕێخلت = Reichelt) و (بارسولومی = Barth Olomae) و (هورن = Horn) و (کلێمەن = Clemen) و (کریستنسن = Christens) و (مارکوات = Marquart) و هتد. دەڵێن لەنێوان (١٢٠٠-٨٠٠) پێش زاییندا ژیاوە. (گاتاها، ل-٢٨٤).

(پێ)، لە ئاڤێستادا (گاتەکان) ناوی حەوت کیشوەر هاتووە و کیشوەری هەرە گەورە و ڕەسەن، کە ئاریان ڤاچەکان، لەوێدا دەژین، بەناوی (خڤەنیرەت = Xvanirath)ەوەیە و ئەم ناوە، بەواتای کێشوەری ناوەندیی = مەرکەزیی، هاتووە. لەم ڕووەشەوە، وشەی (مێدیە = Maidha)، لە ئاڤێستادا، بەواتای؛ ناوەڕاست (ناوەندیی) هاتووە و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەم دووانە (مێدیە) و (خڤەنیرەت)، هەر یەک واتا، بەدەستەوە، دەدەن و ئەمەش، جیاوازیی نێوان دووچەرخ پیشان دەدات و ناوی هەریەکەیان بەچەرخێکەوە بەستراوە و واتە؛ (مادەکان) ناوی نیشتمانیان بە (مێدیە) ناوناوە و چونکە هەمان واتا دەگرێتەوە (گاتاها، ١٤٧).

(تێ)، ئاریان واچەکان، لە ئاڤێستادا، وەها هاتووە کە کیشوەری ناوەندیی، لە شەش کیشوەرەکەی دیکە گەورەترە و نیشتمانی (ئاریان ڤاچەکانی)ە و ئەمەش بەپێی لێکدانەوە، واتای ناوی (مێدیە = Maidhya)، کە بەواتای (ناوەڕاست = ناوەندیی) هاتووە و هەروەک لە لاتینیشدا (مەدیوس = Medius)ە و بەهەمان واتا دێ و لە سانسکریتیشدا (madhya)یە، هەروەهاش، بەدەیان، وەک ناوچە، بەناوی (ئاریا)وە هەن لەم وێنەشە، (ئاڵیاوا = ئاریا) ناوەکانی کوردستان، بەدەیان، بەرچاو دەکەون و ناوچەش، وەک (ناوچەکانی ئارێز) و (ئاریزانت) و (ڤەچ)یش، وەک (ڤاچەڤاچ) وەک بەزمانی کوردیی هەورامان، بەو ناوەوەیە و یان (زمانی ماچۆ)یشی پێ دەوترێ و



قەدی (ڤاچ = واچ)یش لە (مەزدیەسنا)دا بەواتای دۆعای پیرۆز (مقدس) هاتووە (فەروەردین یەشت لە ٦٤).

(جێ)، زۆربەی هاوسەرەکانی زەرەدەشت ناوی (ماد)ییان هەیە و بۆ وێنە، ناوی (میدیوما)، (میدیوتی مانگهە) کوڕی یەکێکە لە یارەکانی زەڕەدەشت، شایانی باسە کە (میدیوماه) ناوی یەکێکە کە لە (پانزە = نیو)ی مانگدا، لە دایک بووە.

(مێ)، کاتێ، کە شایەکانی ئێران بەتایبەتی (کیانی = کەیانی) و (ساسانی)، تووشی جەنگ و ناڕەحەتیی ناهەموار دەهاتن، یەکسەرە، بۆ ئاتەشکەدەی ئازەر گوشنەسپ (ئازەر گوشەسب) دەچوون و دەستیان دەکرد، بەپاڕانەوە ئەنجامی ئەو دۆعا و پارانەوەش، وەک سوننەتی دینی باسی دەکات، سەرکەوتن، دەبوو! بۆ وێنە، کە وەختی (کەیخەسرەو) و (گوودەرز)، بۆ سەر دوژمن، بۆ قەڵای بەهمەن، لە ئۆرمییە، هاتن چوونە ئاتەشکەدە و پاڕانەوە و لە ئەنجامدا سەرکەوتن و لەپاش ئەوەش نزیکەی ساڵێ، هەر لەوێ مایەوە (واتە: کەیخەسرەو).

خەسرەو پەروێز، کاتێ کە تووشی ئەوەبوو، کە (بەهرام چوبین) خەریکە بەتەواویی ئێرانی لەدەس بسێنێ، بەرەو (ئاتەشکەدەی گوشەسپ) لە ئۆرامییە، چوو ئا لەوێ، خەیروخەیراتی زۆری کرد و لە ئەهورامەزدا، پاڕایەوە لەشکری ڕۆمی لەگەڵ خۆیدا بەرامبەر بەبەشێکی باشی ئێران، هێنا و ئەنجامیش ئەوەبوو کە خەسرەو پەروێز بەسەر بەهرام چۆبیندا سەرکەوت (٥٩٠-٦٢١).

(فێ)، ئاتەشکەدەی (ئازەر گوشەسپ) جێگای تاجگوزاریی شایانی ساسانی بووە هەمە لایەکی دیکەش! ئەردەشیری بابکان، دابەزیوە و بەپێی پەتیی هاتووە و لەوێ تاجی خراوەتە سەر سەر.

(دێ)، زۆربەی زۆری ئەو شاخ و کێوانە، کە لە ئاڤێستادا (یەشتەکان)دا هاتوون، لە کوردستاندا، بەهەمان ئاوازەوە، هەن بەڵام نووسەران، ناشارەزای جوگرافیان، بە (ڕەنگ) بێ، بۆی دەڕۆن! یان جێگا دیاریی دەکەن.

بۆ وێنە، لە یەشەتەکاندا، ناوی چەند شاخێ هاتوون، وەک شاخی (هوکەیریە = Hukarya) کەچی بەزۆر دەبرێتەوە، سەر شاخی (البرز)ی لای تاران، چونکە ناشارەزای جوگرافیان، یان بەمەبەست خۆیان لە ناسینی جێگا، کە پەیوەندی بەکوردستانەوە هەبێ

گێل دەکەن، یان دەزانێ، یان دەزانن، کە شاخی (هەکاریی) لە کوردستاندا، هەیە و لە ناوچەی (هەکاریی) لە کوردستانی ژووروو دایە و یەکێکە لە زنجیرە شاخەکانی زاگرۆز.

(رام یەشت، کردەی چوار، ل١٤٥)

یان، باسی (کرند) و زوحاکی سێ سەر (رام یەشت)، کردەی پێنج، هاتووە و ئالەوێدا باسی ئەوە ناکرێ، کە کرند ناوچەیەکە و کەوتووەتە کوردستانەوە و وەهای لێکدەداتەوە کە (کرند) سەختییە و کەوتووەتە بەر زوحاکی سێ سەرەوە، وەک رێگا.

(لە فەقەرە دوو، فەسڵی دوانزە، یەشت)دا، وەها هاتووە، کە (زەردەز = Zardhas) شاخێکە (رەنگ بێ) لەرێز شاخەکانی (البرز)ی تاران. بەڵێ زمانزان، دەبێ، بەشێوەیەکی لاستیکی خۆی لە لۆمە دووربخاتەوە بەڵام زمانزان، دەبێ بەقەدر پێویستی ئەو پشکنینەی خۆی شارەزای مێژوو جوگرافیا و جۆری رۆشنبیرییەکانی دیکە بکات، بەهەر حاڵ (زەردەز) یەکێکە لە ریزە شاخەکانی زاگرۆز و کەوتووەتە ناوچەی شارەزوور- سلێمانییەوە و نێوان قەرەداخ و سلێمانی جوێ دەکاتەوە!

(یشت، ل- ٥٠).

لە یەشتەکاندا، ناوی شاکانی (پێشدادیی) و (کەیانی) بەزۆریی دێ، کە لە ناوچەکانی کوردستانی دێریندا، هەڵسوکەوتی شایانە دەکەن و ئا لەوێدا دەستیان داوەتە ئاوەدانی کردنەوە و شارستانییەت، ناوی جێگای روودانی کردەوەکانیان بەرچاو دەکەوێ (ناوچەکانی کوردستان دەگرێتەوە) بۆ وێنە (زو) کوڕیی تەهماسب، لە شایانی پیشدادییە (فەروەردین یەشت، فەقەرە-) بەم جۆرە ناوی (زو = Uzava) هاتووە و وەها لە قەڵەم دەدرێ کە ناوچەکانی هەردوو زێ بەناوی ئەوەوەن (واتە زێی گەورە و زێی بچووک) لە جەنگی درێژخایەندا لەگەڵ تورانییەکان، بەردەوام بووە. (بەندهەش، فەسڵی، فەقەرە)، (بەغدا)یش، یەکێکە لە دەستکردەکانی (زو).

ئەم وێنانەمان بۆ نموونە هێنایەوە و تابڵێیت، لەم وێنانەیان زۆرن و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە کوردستانی دێرین ناوجەرگەی فەرمانڕەوایی کەیانی و پێشدادیی نەوەک چوڵ و بیابانەکانی (کویر)ی ئەفغان و ئەو جێگایانەی کە بەزۆری زۆرداریی دەیسەپێنن بەسەر نیشتمانیاندا.

بەهەحاڵ بنەڕەتی ئەم ئاڤێستایەی کە ئەمڕۆ هەیە، بەم جۆرەیە:



- کتاب [دینکرت = Denkart]:

ئەم کتێبە وەک (دائرة المعارف)ی زانیاریی دینیی و عەقڵییی وەهایە کە بەزمانی پالەویی، لە دەوروبەری سەدەی نۆهەمی زایین، لە بەغداد، بەرامبەری وتار و نووسینی پاشماوەی پالەوییەو، نووسراوەتەوە.

ئەم بەرهەمە پێکهاتووە، لە نۆ بەش و بەشی یەکەم و دووەمی لێ ونبووە و نزیکەی (١٦٩٠٠٠) وشەیە.

کۆکردنەوەی (دینکرت)، لە کۆتایی بەخشی سێیەم وەک مێژووی چۆنیەتی نوسینی دینکەرت، لە شوێنەوارەکان، شاگردانی زەڕەدەشت گوتار و ئامۆژگاریەکانی ئەویان (زەڕەدەشت) یادداشت کردووە و بەشێوەی نووسینەوە، نووسیویانتەوە (ویشتاسپ شا) فەرمان دەدات، کە ئەم نووسینە، لە هومارەی ئەنتیکەکاندا، بپارێزن) ف، پەهلەویی، ل ١١٦).

لە پاشا، لە دەورەی (دارای دارایان)دا، دوو نوسخە لەوە ئامادە کراون و یەکێ لەوانە، لە (کاخ = قەڵا = دژ) (دژ نوشت) و ئەوی دیکەیان لە گەنجخانەی (گەنج شیزگان) پارێزگارکراون.

لە هێرشی ئەسکەندەری مەکدۆنیدا، یەکێ لەم نوسخانە، سووتاون و ئەوی دیکەیان بۆ زمانی گریکی یۆنانییەکان (گریکەکان) وەریان گێڕاوە.

لە دەمی ئەشکانییەکاندا، یەکێ لە پادشایانی ئەشکانیی، بەناوی (ولخش = ڤەلخەش)ەوە، بووە بەشە پرژوبڵاوەکانی ئەم کتێبەیەی، لەملاو لەولاوە کۆکردوەتەوە.

جارێکی دیکەش، لەسەر و کڵاوی ئەردەشیری بابکان (پادشای ساسانی)دا بەفەرمانی ئەردەشیر، (تەنسەر)ی (مۆبەد) و وەزیری کۆکرایەوە و لەپاشیشا شاپووری یەکەمی ساسانی، لەملاو لەولاوە شتی دیکەی بۆ خەستە سەر و وە لەپاش ئەمەش (شاپووری هورمزان) بەوێنەی رەسمیکردنی، فەرمانیدا.

لەپاش هێرشی عەرەب (اتور فرنبغ فرخزادان)، کە لە دەمی سەر و کڵاوی (مامونی عباسی)دا، لە بەغدادا، دەژیا، هەمدیسان، هەوڵی کۆکردنەوەی ئەم کتێبەی دایەوە و سەرلەنوێ کۆیکردەوە، پاش ئەمیش ئەم بەرهەمە تووشی نەگبەتی دێ و ئەوجا دواترین- کەسێ کە دیسان ئەوە دەخاتە ئەستۆی خۆی کە کۆی بکاتەوە (اتورپات امتان «امیدان»ە) و پاش کۆکردنەوەی رێکوپێکی کردووە و بەکورتکراوەیی گەوهەری

گرت و ناونرا (دینکرت هەزاردر).

بەشی سێیەم (کیتابی سێیەم) (ئەم دینکەرت)ە، لە باسی پزیشکیی و ژن و ژنخوازیی لەگەڵ خوێشاندا چۆنیەتی دروستبوونی دنیا، و چەندان وردەباسی دیکە.

پەخشی چوارەم (کیتابی چوارەم)ە کە بریتییە لە ئاین و دین (ئایینامە) و مێژووی پادشایان، هەندێ مێژوو پێشینانیان لەبارەی بەخت و ئەستێرە و دابەشکردنی شتێ بەچەند بەشێکەوە و بەو جۆرە تا دەگەیتە بەشێ ئیتر لەوە بەولاوە دابەش نەکرێ، باسی هێز و توانا و بەشێ لە بەشەکانی.

بەشی پێنجەم (کیتابی پێنجەم) بریتییە لە وتار و ئامۆژگاریی و وەڵامدانەوەی (اتور فرنبغ فرخزادان)ە، کە لەوەدەمەدا، پرسیار دەکات لە بەشێکی دیکەدا باسی دەورانی منالّی زەردەشت دەکات و چۆنیەتی ئامۆژگارییەکانی دەربارەی ویشتاسپەوەو هەندێ وەڵامی دیکە.

بەشی شەشەم (کیتابی شەشەم) نامەیەکە، کە کەفەسەرە، بەئەدەب ئەخلاق و رەوەیە و رەوشت و هەڵسوکەوتەوە.

بەشی حەوتەم (کیتابی حەوتەم) بریتییە لە (زەردەشتنامە) ئەم بەشە لەگەڵ بەشێکی دیکەی کتێبی پێنجەم، مێژووی تەواوی (زەردەدشت)ە.

کتێبی هەشتەم و نۆیەم پێکهاتووە لە کورتەی (بیست و یەک)، (نەسک)ی ئاڤێستا و ئاگاداریی بەشە ونبووەکانی ئاڤێستا دەکات (ف. پالەویی، ل١١٧). ئەمە بوو رازی بەسەرهاتی ئەم ئاڤێستایەی، کە ئەمڕۆ لەبەردەستدایە و ئەوەش کە لێرەدا، دەبێ بەدیی بکرێ، ئەمەیە:

(ئەلف): ئاڤێستای بنەڕەتی دەمی زەرەدەشت خۆی بەئەلفوبێی مێخی نووسراوەتەوە زمانەکەی زمانی مادیی بووە و بەم جۆرەش بەردەوام بووە، تاوەکو دەمی ئەسکەندەر و دۆستەکانی (هێلینی) کە ئەمیش مایەی (هەرەس) بوو بەسەر ئاڤێستا و دینی زەڕەدەشتیدا ئەم هەرەسە ناهەموارەش نزیکەی سەدەیەکی خایاند (٣٣١پ.ز-٢٥٠پ.ز).

ئا لەم مایەیدا وەک دەوترێ دوو نوسخە لە ئاڤێستا دەستی یۆنانیان و هێلینیان کەوتووە و یەکێ لەوانەیان سووتاندووە و ئەوی دیکەشیان، بۆ زمانی گریکی وەرگێڕاوە و فەیلەسوف و مێژوونوسی یۆنانی ئەو دەمە و دواتریش نرخێکی زۆریان، بۆ ئەدەبیاتی



دینی مادەکان و دینی زەرەدەشتی داناوە.

بەڵێ بەپێی ئامۆژگاریی راوێژکەرەکانی ئەسکەندەر، لە دەمی فەرمانڕوایی ئەسکەندەردا، لەناوبردنی رابەری دینی زەردەشتی و پەرتووکی دینی زەرەدەشتی زۆر رەوابوو بۆیە، شوێنەواری هەردوولایان مەگەر بەدەگمەن، مابێت!

خوێنەری بەڕێز، لەوە تێ دەگات، کە ماوەی هەشتا ساڵێ بەو جۆرە دوو یان سێ بەر، دێنە رووی ژیانەوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێ بەهۆی ئەوەوە، کە رۆشنبیریی دینی باب و باپیران لەناوبچێت و یان لەبیر بچێتەوە و رۆشنبیریی بێگانەی هاوچەرخ (بەتایبەتیی ئەگەر زۆری لەگەڵ دابێ، دێتە ناوەوە و رەوا دەبێ و بەنوێ سەرژمێر دەکرێ!)

ئا لەم دەمەدا دەبێ ئەوە بزانین کە جگە لە روشنبیریی گریکەکان (زمانە، دین و هەڵسوکەوتی دیکە) رۆشنبیریی ئارامییەکانیش، بەتایبەتی ئەوان کە وەرگێڕەڕ بوون لەنێوان زمانی فارسیی کۆن و مادیی و ئاڤێستایی و گریکی داگیرکەردا.

بێ گومان ناوی کتێبی دینی زەردەشتی ئەو کاتە ئاڤێستا نەبووە و چونکە ناوی ئاڤێستا لە ئاڤێستا خۆیدا نەهاتووە و زۆرتریش بیر بۆ ئەوە دەچێ کە ئەم ناوە لەلایەن بێگانەوە دانرابێ! ئەگەر وەهابێ ئەم ناوە دەبێ لە دەمی فەرمانڕەوایی ئەسکەندەر و دۆستەکانی هێلینیەکاندا دانرابێ و ئەم ناوەش لەوە دەکات، کە جۆرە وەرگێڕانێک بێ کە وەرگێڕەڕان لەو دەمەدا وەریان گێڕدرابێ و ئەمەش وەهایە، و چونکە هەر بەشێ لە بەشەکانی ئاڤێستا ناوی تایبەتی خۆی هەیە و بەڵام ناوێ، وەک ناوی ئاڤێستا لە ناورۆکەکەدا نییە!

بەم بۆنەیەوە، شایانی ئەوەیە کە بخرێتە رووی مێزی خوێندنەوە کە لەلای رۆمیانی دێرین بەخوای ئاگر (ڤێستا = Vsta) دەوترێ و لە یۆنانیدا بەشێوەی (هێستیا=Hestia) هاتووە و لەلاتینیشدا، وەک ئەوەی رۆمیانی دێرینە.

ئاگرپەرستێ لای ئەوان، هەروەک پەرستنێ بووە، کە لەلایەن گریکەکانیشەوە هەروەها بووە، رازی داستانی دێرینی رۆم دەگەڕێتەوە، بۆ دەمی شاهەنشای شای، داستانی رۆم کە بەناوی (نۆماپۆمپیلویس = Numapomilius) وە بووە لە شاری (رۆم)دا، ئەو ئاتشکەدەیەی ئاگرپەرستنەی ئەوێی دروست کردووە و ئەم دەمەش بۆ دەمی (٧١٤-٦٧١پ.ز) دەگەڕێتەوە.

ئەوجا بەپێی بۆچوونی خۆم، ئەمان لەو دەمەدا، زۆربەی خوێندەوارانیان کاری وەرگێڕانیان گرتووەتە ئەستۆ، وەک سەرچاوەیەکی ژیان بۆیە نزیکە لە خواستی کەسیی خۆیان، ناوبەناو ڕەنگی دابێتەوە، بەتایبەتی لەو ناوانەی کە لەنێوان ئێرانییەکان و گریکەکاندان، بۆیە زۆر نزیکە کە ناوی ئاڤێستا لەو (ڤێستا)وە هاتبێ کە رۆم بەکاری هێناوە!

ئەوجا ئەگەر وەها بێ، دەبێ ناوی ئاڤێستا بەم جۆرە بێ و واتای بەم شێوەیە بێ:

[ئە+ڤێستا = 3a+vestä] ئەمەش بەساکاریی بەم جۆرە لێک دەدرێتەوە:

[ئە+ = a3] ئامرازی دژژاوەریی (نەفی)یە.

+[ڤێستا = vestä]ش، بەواتای ئاگرپەرستیی، یان خوای ئاگر هاتووە لە شێوەی زمانی بێگانە (رۆمی)دا.

بەم پێیە دەبێ واتای ئەم فرێزی سەرەوە (ئاگر نەپەرست) بێ ئەگەر بەم جۆرەی سەرەوە بێ و دەشبێ ناوەکە بەم جۆرە بنووسرێ (ئەڤێستا).

(بێ)، بەڵێ شای ئەشکانی (بلاش)ی یەکەم کە ناوی بەشێوەی (ڤەلخەش) یش هاتووە، فەرمان بۆ کۆکردنەوەی ئاڤێستا داوە و لەسەر و کلاویی ئەویشدا دا ئەلفوبێی پالەویی، لەسەر سککەی پارەو نووسینی دیکە بەکار هاتووە بۆیە دەبێ لەو دەمەوە ئەلفوبێی پالەویی بەکار هێنرابێ.

دەوری فەرمانڕەوایی بلاشی ئەشکانی بەچەرخی زیندووکردنەوەی دینی ئاڤێستا و زەردەشتی و بەهێنانی ناوەوەی ئەلفوبێی گونجاو بەزمان و ئەدەبیاتی دینی زەڕەدەشتی سەرژمێر دەکرێ.

ئا لێرەدا ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشەر بێ، ئەوەیە کە ئەوەی کە نووسراوە پاشماوەکانی ئاڤێستا (شیعرەکانی ناوەڕۆکی گاتاکان) تێ دەگات مەگەر هەر تەنها پیاوی ڕابەری دینیی بێ (زۆربەی ئەوانیش، لە بەرامبەری هەندێ وشە و زاراویی دینیی ڕادەوەستن و یان کەمێ لێیان تێ دەگەن) و لە کاتی وەرگێڕانیش دا، بۆ زمانی ئەو دەمەی ئەشکانی ناوبەناو لە گیرفانی خۆیان شتێکیان دەخرێتە سەر، یان ناتوانێ پەنهانییەکانی هەندێ زاراو شی بکەنەوە و بەم جۆرە شتی زۆری نادروست دێنە بەرەوەی بۆ چوونی دینیی!

لەوانەیە ئەمەی سەرەوە لەبارەی لێکدانەوەی ناوەڕوکی گاتەکانەوە بوو دروست بێ،



بەڵام لە بارەی بەشەکانی دیکەوە، هەر ئێجگار شتی زۆری ناڕەوایان خستووەتە ناوەوە!

(پێ)، لەسەر و کلاوی ئەردەشیری بابکان دا جگە لە تەنسەر (وەزیر و ڕابەری دینی زەردەدەشتی (مۆبەد=موبد) و چەند کەسێکی دینی رابەر، کەسێ نەبوو کە لە نووسینەکانی ناو ئاڤێستای بەردەستی ئەو وەختە، تێ بگات و بۆیە ئەردەشیری بابکان (٢٢٤.م) فەرمانی بەتەنسەردا بۆ ئەوەی ئاڤێستا سەرلەنۆی کۆی بکاتەوە ناوەڕۆکی بۆ شێوە زمانی (پارسیک=فارسی ساسانی) وەری گێڕێ.

بەڵێ، ئەم فەرمانە هێز و توانای لەدەمی شاپوری کوڕی دابەتێن تر بوو و ئاڤێستا کۆکرایەوە وەک دینی رەسمی، لەمەیدانی دینیی دا کاری سەرلەبەربوو!

(تێ)، دەمی داگیرکردنی وڵاتانی ئێران و کوردستان، لەلایەن عارەب و ئیسلامەوە، دیسان دینی زەڕەدشتی و ئەدەبیاتی دینیی میللەتانی کورد و فارسی سەرلەنوێ شوێنبزرکران و بۆ دەرمان، دەستی نەخۆشی دینی زەڕدەشت نەدەکەوت و راونانی زەردەدەشتیش وەک کاری رەوای لێ هات و بەو هۆیەوە، زۆربەی زەردەدەشتیان بەرەو کۆچکردن بەرەو وڵاتی بێگانە وەک هیندستان (گوجەرات) چوون.

ئەوجا کۆکردنەوە سەرلەنوێ دەکەوێتە ئەستۆی ئەو زەڕەدەشتیانە کەوان لە هیندستاندا و ئەوانیش بەڵێ، لەوە درێخیان نەکرد و هەوڵ و تەقالای دڵسۆزیان لەو رووەوە داوە بەم کۆکردنەوە و لێکدانەوەکەیان، بەوشە و زاراوەی هیندیی، کۆن و نوێ باووبرەوی دینی هەمە جۆری پڕ لە ئەفسانەی ئەوێ کرد.

لە وڵاتانی ئەورووپادا هەروەها لە ئەمریکادا تائێستە بۆ چەند جارێ سیمیناری ئاڤێستا ناسیی و ئاڤێستازانی گیراوە و ئەنجامەکەشی ئەوە بووە کە تاوەکو ئەمڕۆ، زمانی ناوی ئاڤێستا باش شیی نەکراوەتەوە هەڵەی زۆر، لە رووی لێکدانەوە واتایی و تێگەیشتنی دینییەوە بەدیی دەکرێ و بۆیە پێویستی بەسەرلەنوێ پیاچوونەوە و راستکردنەوە و پشکنینی دەکات!

## دەنگە بزوێنەكانی ئەو ئاڤێستایە كە لەبەر دەستدایە:

(بۆ دیاری كردنی ئه م جۆره دەنگانه و ناونیشانی هەڵدانیان پێویستمان بەوه هەیه كه پەنا بەرینه، بەردەنگەكانی زمانی كوردیی، كه بەئەلفوبێی عارەبیی و هی لاتینیی، چونكه زمانی كوردیی ئەمڕۆ، بەبۆنەی ئەو دەوروبەره تایبەتیەوه، كه هەیه و سەپێنراوه بەسەریدا، بەو دوو جۆره ئەلفوبێیه دەسنووسرێت).

دەبێ لێرەشدا، ئەوەی بوترێ، كه نه ئەلفوبێی لاتینی، ونه ئەلفوبێی عارەبیی نەیتوانیوه و یان، نەیانتوانیوه و ناشتوانن، وێنەی تەواوی دەنگسازیی زمانی كوردیی بگرن، چونكه مێژوی رێرەوی زمانی كوردیی، بەدرێژایی دوو هەزار و شەش سەد ساڵێ، پڕ له هەرەس و دەوروبەری ناهەموار و نالەبار و چاره نەكراو بەسەریدا سەپێنراوه، لەم لاو لەو لاوه، لەلایەن زمانی بێگانەوه، (لەلایەك بێگانه بەزمانی ئاریانی، یان بێگانه بەوانه كه لەناوچەكان دا و دەورووبەرەكانیان بەرپابووه و بەرپان) كەرەسەی جۆراوجۆر كه لەبواری دینیی و ئابووریی و رامیاریی و رۆشنبیریی دیكەدا سەر لەبەر بوون، قەرز كراون، كه هەرگیز له توانادا، نابێت كه لەو كەرەسانه پاك بكرێتەوه، یان بۆ جێگا و شوێنەواریان، (كەرەسەی كوردیی پەتی بۆیان)، نەبەداتاشین، نه بەگەڕدان، بهێنرێته مەیدانی زمانسازییەوه،

بۆوێنه، دەنگی [ل=L] و دەنگی [ڵ=L]، واته لامی قەڵەو و لامی هەژار، له زمانی ئاڤێستادا (كه دایكی زمانی كوردییه، نەبووه و مێژووی هاتنه ناوەوەشی بۆ ناو زمانی كوردیی دەگەرێتەوه، بۆ سەرەو كلاوی هیلینیەكان و وەرگێرەڕەكانیان).

یان دەنگی [ع]=[ ؟] و چەندان دەنگی دیكەی عارەبی كه بۆ ناو زمانی كوردیی ئەمڕۆی هاتوون، بەهۆی دینی ئیسلامەوه بووه و ئەمانەش، ئەگەر چی جێگایەكی تایبەتی دیناویان گرتووه، بەڵام له رووی رێنووسەوه، زۆر نەبێ كەمێ گونجاون.

لەلایەكی دیكەوه، چەندان دەنگی دیكەمان كه ئەمڕۆ له زمانی كوردییدا وەك بێگانه هەن، هەبوون و كەچی، ئەمڕۆ شوێنەواریان نەماوه، چه له رووی دێنەوه، چه له رووی وشەسازیی و دەنگسازییەوه.

ئەو دەنگانەش بۆ وێنه وەك دەنگی[غ]، هەر وەك له ریشەی (غذەر) =[ghzar]دا هاتووه بەواتای (شێت و وێت) دێ و ئەمڕۆیش بۆ واتای هەمان وشه و هەمان ئاوازی وشەی (گەجەر) ماوه. شایانی باسه، وشەی (لێوه)ش، كه له بنەڕەتدا (رێوه) بووه، هەمان واتا، بەدەستەوه، دەدات. وشەكانی (رێویای=تێكچوو)، (رێویان=تێك چووه) له هەمان ریشەوه هاتووه.

لەم رووەوه، بۆ ئەم دەنگه [غ=GH] كەله بەكار هێنانی ئەلفوبێی لاتینی ئەمڕۆدا، بۆ وێنه گرتنی رێنووسی زمانی كوردیی بەكار دەهێندرێت (واته: لاسایی كردنەوەی توركەكان) هەرگیز بیری له دەنگی ناوبراو وێنەی نەكراوەتەوه، ئەگەر هاتوو زانیمان، هێشتا بەدەیان وشەمان هەن، كه دەنگی [غ=gh]یان تێدایه، ئەوانیش، (یەغدان= سندووقی پۆشاك)، (داغ=گەرم=زۆرگەرم)، (دۆغ=دۆ)، (دۆغده=ناوی دایكی زەڕدەشت= خاوەن شیر=شیردەر)، (غاشا=ناوی گو ڵه سوورەی بەنگدار=هەره بەنگ)، (غۆش= غەزەب) = (ژەنگی دڵ ودەروون)، هەروەها (غەرغەره)، كه بەناوی دەنگەوه ناونراوه.

هەر لەم جۆره دەنگانەی ناو ئاڤێستا، كه ئەمڕۆ، لەناو كوردیی ئەمڕۆدا بەكار نایەن، وەك دەنگەكانی [ذ=th] و[ث=o] بۆ ئەمانه بەپێی خواستی تۆژەرەوه، وێنەیان، له یەكێكەوه بۆ هی دیكه جیاوازه، واته، هەریەكه، بەپێی خواستی خۆی وێنەی بۆ داناوه و وختی وەهاش هەبوو، یەك جۆریان، بۆ دانراوه! بەهەر حاڵ ئەم دەنگانه، ئەمڕۆ هەر له شێوەی هەورامی یەكاندا، دەنگی [دَ=d]ی كلۆر، هەر وەك، بەرێز مامۆستا تەوفیق وەهبی ناوی ناوه، له شێوەی ناوچەكانی هەورامان و له شێوه جافیدا، بەرچاو دەكەوێ، وەك گەدا=[گ+ه+دا] (بێگومان، گۆكردنی دەنگی[دَ=d] وەك گۆكردنی دەنگی [د=d] ئاسایی نییه!).

له ئاڤێستادا، ئێمه وشەمان، وەك وێنەدار، بۆ ئەم دەنگه هەن، كه وەك، بەبۆدا=[ب+ه+ب+ۆ+د+ا] مامۆستا تەوفیق وەهبی خاڵی له سەر ئەم دەنگه [دَ]یه داناوه، كه بەواتای (بۆ=بۆن=بووه) دێ لەم جۆره دەنگانەی كه كەوتووەنەته ناوەوه و كۆتایی وشەوه، بەم جۆره، گۆدەكرین. بۆ وێنەی دووم، له ئەڤێستادا، وێنەمان زۆرن، بۆ وێنه وەك (گاثا) كەبه وێنەی دەنگسازیی بەم جۆره دەنووسرە: [gâthâ] [گ+ا+ث+ا]. وێنەی ئەم دەنگه له شێوه كوردیەكانی ئەمڕۆدا، تەنها له شێوەی هەورامییەكاندا ماوه، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا، كه نەختێ بەرەو دووره پەرێزی ماونەتەوه. كاتێ، كه له سلێمانی له چلەكاندا (ئاخروئۆخری چلەكان)، له سانەویی سلێمانی دەمان خوێند، بەشێوه زمانەكەی منەوه ئەم دەنگه دەر دەكەوەت و بۆیه هاو پۆلەكانم، بەمن و هەورامانییەكانیان، (كه لەوێ وەك من، بۆ دەرس خوێندن هاتبوون،

لە بیارە و لەتەوێڵەوە)، (جوو)، دەوت و بەکوردیان، نە دەزانین.

بە شێوەیەکی کورتبڕ، ئێمە، ئەوکاتە، ئەو وشانەی کە دەنگی [س]یان تێدابوو، (بۆ وێنە وەک: سەر، سەوای، سۆنە،......)، بەدەنگی [ث] گۆمان دەکردن. بەهەرحاڵ، پاش، ئەم پێشەکییە کورتەی سەرەوە، دەبێ بگەینە، کرۆکی مەبەستەکەو، کە ئەویش بەم جۆرەیە:

دەنگە بزوێنەکانی زمانی ئاڤێستا (گاتەکان)(٣)

لەبەر ئەوەی، کە گاتەکان دەستکەوتن ولە سەر ئەو ڕێنووسەی کە هەیەتی دەنگسازیی دروست کرایەوە، بەلای کەمییەوە، کەموکورتی تێدایە، چونکە هەروەک وتمان، خوێندنەوەیەک کە بەپیتی (ئەلفوبێ یێ) نووسرابێتەوە کە تایبەتی بەخۆیەوە نەبووبێ و بۆی ساز کرابێ، یان کەسێکی وەها بەدەستەوە نەبێ، کە توانای ئەوەی هەبێ کە بتوانێ دەنگە راستەقینەکانی وشەکانی گاتەکان وەک جارانی دێرینی بئاوازێتەوە دەبێ هەر بەو جۆرە بێ و هەندێ دەنگیش هەبن، کە لە بەرەی گومان دابن.

بۆ پتر ڕۆشنکردنەوە، دەبێ ئەوە، بخەینە بەرچاو کە (ئەلفوبێی دەمی ئەشکانی) ناوەڕاست، لەسەر ئەلفوبێی ئارامییەوە، دروست کراوە ئەویش، چەند وێنەیەکی کەمی هەن، واتە، ئەلفوبێی کتێبی پالەویی، کە تەنیا ژمارەی ئەلفوبێیەکەی، یان وێنەکانیان زۆر کەمن، بنەوایە بۆ دروستکردنەوەی ئەلفوبێ ئاڤێستا، کە لە کاتی پەیدابوونی دا، بەئەلفوبێی مێخی تایبەتیی بەئەڤێستا، تۆمار کراوە، کە ئەو بنەوایەش پێکهاتووە، لە چواردە وێنە بۆ بزوێنەکان و سیوپێنج وێنە بۆ دەنگەکان (کۆنسۆنات)، (سۆکۆلۆف، زمانی ئاڤێستا، وەرگێرانی، م. هەورامانی). لەم دەنگانەش، هەندێکیان نیمچە دەنگن (نیمچە کۆنسۆنانت)، کە بەواتای ئەوە دێت، کە ناتوانێ، دەنگەکەی بەتەواویی بەدەستەوە بدات، واتە، نیواونیو، ئاوازەکەی دەزرینگێتەوە. ئەمڕۆ ئێمە، توانای ئەوەمان هەیە، کە سۆراخی ئەم دەنگانە، لەناو شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا بکەین، ئەگەر واز لەوە بهێنین، کە تەنها مێز، بەدەستمانەوە و لەبەر چاومانەوەبێ، بۆ پشکنین و دۆزینەوە وتوێژ هەڵدانەوە، هەروەها، ئەگەر هەستی دڵسۆزیی وشەی کوردیی، لە گیانماندا، ڕوابێ و بنج و بەس بووبێ، دەبێ تەنها بەوە رازیی نەبین، کە بڵێین: فلانە کەس وەهای وتووە و فیسارە کەسیش وەها!

پاتکردنەوەی ئەم وئەو بۆ کێشەی بەراورد کاریی وگەیشتن بەئەنجامی ڕاست و



ناڕاست و دەستهەڵبەست و بۆ ئەوەی لەپێناوی ئەوەدا، کەتو، ئەی پشکێنەر بگەیتە ئەوەی، کە ڕاست و دەست هەڵبەست لە یەک جوێ بکەیتەوە و شتێکی نوێ (نوێکاریی، نویسازیی) بخەیتە بەردەست!

لەم ڕووەوە، دەبێ ئەوە فەرامۆش نەکرێت، کە تا ئێستا لە بارەی فۆنەتیکی زمانی کوردییەوە، شتێکی ئەو تۆ نەکەوتووەتە بەر دەست، جگە لەوەی من (فۆنەتیکی زمانی کوردیی، م. هەورامانی، چاپی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا)، کە ئەمەش، خۆی لەخۆی دا، ەوک (ئەلفوبێی فۆنەتیک) وەها بوو، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، دژواریەک لە نێوان بۆ چوونەکانی کلاسیکدا، کە لاسایی کردنەوەی ڕێرەوی عارەبی بوو، هی بۆ چوونی مەیدانی نوێدا بەدیی دەکرێت.

لەم مەیدانەدا، وای بەباش دەزانین، کە دەنگە بزوێنەکانی ئاڤێستا (گاتەکان) لەگەڵ ئەوانەی شێوە کوردییەکانی ئەمڕۆدا، بەراوورد بکەین، تاوەکو ئەوەمان لێ روون ببێتەوە، کە ئایا دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردیی، هەروەک ڕێزمان زانی کوردیی ئەمڕۆی سەرمێز بۆی ڕۆیشتوون، (ژمارەیان هەر هەشتە)یان، ئەوانەی ناو گاتەکان کە ژمارەیان دەگاتە (چواردە) سەرپاکیان لەناو زمانی کوردیی ئەمڕۆ شێوەکانیدا، هەن!

## دەنگە بزوێن واتای چی ئەدات؟

بەبیروڕای من، بەپێی بۆ چوونم، (بزوێن) بریتییە لە جومگە وئەنجامەی، نێوان دوو دەنگی (ئاوازەدار= کۆنسۆنانت)، تاوەکو دوو دەنگە ئاوازەدارەکە، بەجوانی وبەڕەوانی بەپێی پێویست بەواتا، بزرنگێنەوە.

وتمان، کە کوردجگە لە زمانەکەی، زۆربەی پێویستییەکانی دیکەی کوردایەتی لە دەست داوە و بەم پێیە، دەبێ زمانی کوردیی ئەمڕۆ، ئەو چواردە بزوێنانە (ئەنجامە=جومگەی) تیادا مابنەوە(*).

بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە، وا لێرەدا، بۆ چوونەکە دەخەینە بەر دەست زماناس و زمانزانانی کورد، لە رووی ڕێزمان و زانستییەکانی دیکەی زمانی کوردییەوە، بەتایبەتی بۆ زاراو ناونان و زاراو گەڕدان و زاراوە داتاشین، بەلای زۆرییەوە، لاسایی زماناسە عارەبەکان و فارسەکان وئەورووپاییەکان دەکەنەوە و ئەو هەڵانە، یان ئەولایەنە لاوازانە کە بەر ئەوان کەوتوون وبەسەریاندا تێپەڕبوون، لە ناو پشکنینەکانی ئەمانیشدا، ڕەنگیان داوەتەوە.

بۆ وێنە، هێشتا زوربەی ئەو زمانناسانە، ناتوانن جیاوازیی نێوان وێنەی ئەلفوبێ و وێنەی دەنگ بکەن، یان ناتوانن جیاوازیی نێوان ئاوازەی دەنگ ناوی وێنەی ڕێنووسی ئەو دەنگە بکەن، بەشێوەیەکی دیکە، هەر دەنگێ لە دەنگەکانی زمان، ڕەمزی دەنگی هەیە و شێوەی ڕێنووسی هەیە و ناوی ئەو شێوە ڕێنوسەش هەیە. ئەمە لە لایەکەوە، لەلای ترەوە و دەنگە بەئاوازەکان، هەر یەکە جۆرە کانگایەکیان هەیە و شێوەی ئاوازەدانەوەی هەر دەنگێ بەهۆی چەند ئەندامێ لە ئەندامەکانی ئاخافتنەوە دروست دەبێ و ڕێنووسی هەر یەکێکیان (وێنەی نووسین) بەشێوەیەک دە نووسرێ و ناونیشان هەڵدانی تەواویی هەر دەنگێکیش، لە کاتێکدا، دەکرێ، کە کەوتبێتە کۆتایی وشە (مۆرفیم)وە، یان لە دۆخی وەستاودا بێ!

بۆ ئاگادار بوون، بەم جیاوازیانە، ئێمە، ڕێنووسی (وشە=مۆرفیم) دەخەینە ناو کەوانە (......)وە و دەنگەکانیش، چە تەنیا دەنگێ، چە کۆمەڵە دەنگێ کە وشەیەک دروست دەکەن، دەخەینە ناو دوو لەتە چوارچێوە (چوارچێوەی دوولەت) [......]وە و بەپێی تواناش، هەوڵ ئەدەێن، کە لاتینیش بەکار بهێنین، لە پێناوی ڕۆشنکردنەوەی پتردا. بزوێنەکانی زمانی کوردیی، لە شێوازی لاسایی کردنەوەی ئەورووپاییەکاندا، ناویان پێوەنراوە و واتە، دەوترێ:

ئە، ئا، ئو، ئوو، ئۆ، ئی، ئیی، ئێ، بەکورت و درێژەکانیانەوە و بەهی گیرەوە و بەهی ڕەوانەوە و بە هی هەڵکێشراو ونزمەوە.(٤)

١- ئەورووپاییە زمانناسەکان، هەر لە بەر ئەوەی دەنگە ئاوازەیەک لە کوردیدا هەیە، کەپێی دەوترێ (هەمزە)، وێنەی لە ئەلفوبێیە لاتینییەکەیاندا بەر چاو ناکەوێ وبیریشیان لەوە نەکردوەتەوە کە (ئەلف)ی (ئەلفوبێ) کەیان، بەدەنگی[ ء] دەست پێ ئەکات، بۆیە دەتوانێ ئاوازەکەی بەر گوێ بکەوێ، کە ناوی ئەودەنگەش، هەر وەک عارەب وەهای ناوبردووە لای کوردیش، هەر وەهایە، لە پیتی (هەمزەدایە) کە وێنەی ڕێنووسەکەی (ء)یەوە ڕەمزی دەنگیەکەش [ ء]یە و ناویشی (هەمزە)یە. زمانناسە عارەبەکان، بزوێنەکانیان بە(ئەلف) و (واو) و (یێ)وە ناو بردووە وخۆ باسی کورتە بزوێنەکانیان، کەوەک (سەر=فتحە) و (بۆر=زەمە) (وژێر=کسرە) نەکردووە، کە دەوری جومگەی وشە سازییی دەبینین.

لە زمانی کوردیدا، بزوێنێ هەیە، کە وەک (فتحە=فەتحە)ی عارەبی وەهایە،



هەمیشە لە ناواخن وشە و کۆتاییدا، دێت وناتوانێ لە سەرەتای وشەوە بەر چاو بکەوێ، ئەمەش وەک ناو، (ئە)ی پێ دەوترێ، بەم لە ڕەمزی دەنگسازییدا بەشێوەی[ ە=ە]دێت وبە پێی دەنگسازیی لاتینی [A=a] دەگرێتەوە، بۆ وێنە:

لە ئەڤێستادا (درەوگە) [د+ر+ە+ۆ+گ+ە]=[drauga] کە بەواتای (درۆ) لە کوردیی ئەمڕۆدا، دێت.

شێوەی هەورامان (درۆ) وشێوەی کەڵهوورو لوڕولەک (درەو) بۆیە هەشتمان لەسەر وشە هەورامییەکە داناوە، چونکە دەنگە بزوێنە[ۆ] بەقەدەر دەنگە بزوێنە [ۆ]ی جافیی نە کراونەتەوە.

وشەی (دەر) =[دەر]=[dar] کە بەواتای دەرگا، دەرەوە، ماڵ، لانە، ئارامگا، جێگاو شوێن دێت لەسەر پاکی شێوەکانی کوردییدا هەیە ئەو بزوێنەی بەجوانی تیادایە، ئەمە وێنەیەک بۆ ناواخنی وشە. وشەی (ئەژدەر) =[ئـ+ە+ژ+د+ە+ر]=[3a+dar ] دوو وێنەی ناواخنی تێدایە (ئێمە ژمارە سێی لاتینیمان، بۆ وێنە دەنگە[ ء] داناوە بەڵام ئەم دەنگە بەم جۆرە هەر لە بەشی ئەم دەنگانەدا بەکار دەهێنم) بەشێوەیەکی زۆر ڕوون، ئەم (جومگەیە=بزوێنە) هەرگیز لە سەرەتای وشەوە نایەت.

لە ئاڤێستادا، وێنەی بەم جۆرەمان زۆرن، بۆ وێنە وەک:

ئەهور [3ahur]، کەبە واتای (خوا) دێت ڕەمزی سێی لاتینی لەبری دەنگی[ ء]یە.

ئەمە [3ama]کەبە واتای (زۆر، هەمە) ڕەمزی سێی لاتینی لە بری دەنگی[ ء]یە.

گەم [gam]، کە بەواتای، (هەنگام، هەنگاو) دێت.

گەونە [gaona]، کە بەواتای، (گون، جۆر) دێت.

دوورە [dura]، کە بەواتای، (دوور) دێت.

ئەورە [3wra]، کە بەواتای، (ئەور=هەور) دێت.

یەسنە [yasna]، کە بەواتای، (جەژن، نوێژ، پاڕانەوە، قوربانی دان، ستایش، پەرستن) دێت.

مەرەتە [marata]، ئەم وشەیە لە ڕیشەی مەر [mar]ەوە دروست کراوە، کە بەواتای، (مردن، -کۆچی دوایی کردن، لە دەست دەرچوون، گیان دەرچوون، مەردەی، گوزەشتەی) هاتووە وخۆیشی بەواتای: (مەردە، گوزەشتە، مرد) هاتووە.(٥)

٢ – بزوێنێ، هەر لەم شێوەیە، بەڵام، نەختێ لەمە پتر هەڵکێشراوە، ئەویش وەک بۆ وێنە (ا)یە وەک (ناو)، وەک رەمـــزی دەنگیـــشی [â=A]یە لە لاتینی داو لە کوردیشدا [ا] وەک رەمزی دەنگی بۆ ناوەکە و لە لاتینیشدا [3â] دەگونجێت.

لە ئەڤێستادا، وەک (ئازاتە) =[3âzat]، کەبە واتای (ئازاد) دێت.

هەر وەها لە ئەڤێستادا، وەک کامە =[kâma]، کە بەواتای (کام، ئاوات، ئامانج، خاست، ئاوات، ئارەزوو،......) دێت.

لە ئەڤێستادا، وەک (نامە) = [anâm]، کە بەواتای (نام، ناو) دێت.

لە ئەڤـێـســتـادا، وەک (هەندام) =[handâm] کـە بەواتای (هەندام، بەژن و با، ئەندام) دێت.

لە ئە ڤێستادا، وەک (یاتو) =[yâtu]، کە بەواتای (جادو، فێڵباز، زۆڵ، بێ بار، نیسک) دێت.

لە ئە ڤێستادا، وەک (هاڤەنە) = [hâvana]، کە بەواتای (هاوەن، ئاوەن) دێت.

لە شێوە کوردیەکاندا، زاڤا[zâvâ] کە بەواتای (زاوا)ی جافی و (زاما)ی هەورامی دێ.

هەروەها، باوا=[bâwâ ]، هانا=[hâna ].

[دادا]=[dâdâ]، پەروەردەکـەر، (عـدل=ع)، کـە بەواتای (بـاوک) لە جـافـیی داو (تات) لە هەورامییدا، دێت.

ئاداد=[3âdad] بەواتـای (دایـک) دێ و لێـــــرەدا [ئا=3a] ئامـــــرازی نـە فـی (نەرێ)یەوە لە ئاڤێـســتـادا بەو جۆرە هاتـووە و لێـرەشـدا، لە شـێـوەی هەورامـانیـدا، (دایـک) دژ بە(باوک)ە وەک (ســالب و مــوجب)، یان (ســارد) و (گــەرم) و بۆیە ئامرازی (نەرێ) خراوەتە پێش وشەی (داد)ەوە، بۆ ئەوەی واتای (دایک) بەدەستەوە بدات. ئەم بزوێنە، لە ناواخن و کۆتایی وشەوە دێت.

٣– بزوێنێ، کە پتـر لەمەی پێشـووی [I] هەڵکشاوترەوە پانـپۆڕترە، یان قـەڵەوترە، بەڵام تایبـەتیـەکی جـێگای وەک جومگە هەیە، ئەگەر ئەو تایبـەتیـەی بۆ نەڕەخسێ بەو جۆرە نابێ.

ئێـمەبۆ ئەم دەنگە ژمـارە هەشتی لەسەر دادەنێین، بۆ ئەوەی خۆی لەوە جوێ بکاتەوە، کەشیـدەی لە سـەرەو واتە، بەم جـۆرە [â]. لە ئاڤێـستـادا، وەک (ئاوەنگهـەن) = [3âwhngan]، کە بەواتای (دەم، زار، دەهان، ئاخاوگە، ڤاچگا ،......) هاتووە.



لەوانەیە، کە وشـەی (ئاخـافتن)ی ناوچەی بەهدینان، زادەی ئەو وشـە ئاڤـێـسـتـاییـە بێت.

شایانی باسە، تایبەتییەکەی جێگای ئەم بزوێنە، ئەوەیە، کە جومگەیەک بێ لە نێوان ئاوازەدارێک (کۆنسۆنات) و نیمچە بزوێن [و=w]دا.

لە شـێــوەکــانی کــوردیی ئەمــڕۆدا، لەم وێنەیە، وشـــەی زۆرمــان هەن کـە وەک [داو=dâw]، [راو=râw]، [ناو=nâw]، ئەمـە بەشـێـکیـانەو بەشـەکـەی دیکەیان، وەک:

(سـاڵ) = [sâl]، (کـاڵ) =[kâl]، (باڵ) =[bâl]، بۆ جـێگا تایبـەتیـەکـەی ئەم جـۆرەش، دەبێ بڵـێین، کـە بزوێنەکـە دەبێ جـومگە بێ لە نێـوان دوو ئاوازەداراو وینەکەیان، دەبێ[ڵ=L] قەڵەو بێ.

شـایانی، باسـەئەم وێنانە و بەم جـێگا تایبـەتیـەوە، کـە یەکێ لەو ئاوازەدارانە (دواینەکەیان) لامی قەڵەو بێ، لە ئاڤێستـادا، دەست ناکەوێ، چونکە ئاڤێستا لامی لاواز و لامی قەڵەوی تیادا نییەو مێژووی هاتنە ناوەوەی لامی قەڵەو و لاواز بۆ ناوی زمانی کوردیی دەگەڕێتەوە بۆ دەمی فەرمانڕەوایی هێلینیەکان و وەرگێرەرەکانیان، کە بەزۆریی ئەوانە بوون، کەبە ئارامیی گفتوگۆیان دەکرد، یان ئەرمەنی بوون.

ئالێرەداکە جێگای خۆیەتی دەبێ ئەو راستیە بخرێتە، بەر چاوی خوێنەر، کە زمانی پارسیی کۆن دەنگی [ل=L]ی تێدایەو ئەوجا، چونکە زمانەکە مردووە، کەس ناتوانێ جیاوازیی نێوان (لام)ەکان بکات.

٤–دەنگە بزوێن، یان جومگەیە، کە وەک (کسرە)یەکی نەرم وسووکی عارەبیی کار دەکـات، دەست خـسـتنە سـەریشی، یان هەست کـردن، بەدەوریشی مـەگـەر لە توانای زماننـاسیدابێ. باسی ئەم جۆرانەمان لە بەرهەمی (فۆنەتیکی کوردیی، م. هەورامانی، کـۆری زانیـاری کـورد، بەغـدا)دا کـردووە و ئەم جـۆرە بزوێنانەش، بەرواڵەتی هەندێ هێشووە (Claster) ئاوازەدارەوە دەردەکەون. بۆئەو وێنەیەی سەرەوە:

– لە ئاڤێستـادا، وەک وشەی (مژدە) =[mida] کە هەر هەمان وشەیە لەسەر پاکی شێوەکانی کوردییدا، بە(ئاوازو بەواتا)وە.

– لە ئاڤێستادا، وەک (خشڤەش) =[xishvash]، کە بەواتای (شەش) دێت.

لە ئاڤێستادا، وەک (سپش) =[spish]، کە بەواتای (ئەسپێ) دێ لە شێوەی جافیی دا و (هەشپش) لە شێوەی هەورامییدا و (مۆریان) لە هەندێ شێوەزاری دیکەدا.

لە شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم بزوێنە نیمچە شاراوە و نیمچە ئاشکرایە بۆ وێنە، وەک مردن= [mirdin]، (بردن) = [birdin]، (برنج) =[birinj]، (برن) =[birin]، (کرن) =[kirin].

(دڕین) لە شێوەی (جافی)دا کە بەم جۆرە لە رووی دەنگسازییەوە دەنووسرێ [dirin] و لە هەورامیدا (دڕیەی) =[diryay] ئەم جۆرەش، هەرلە کۆتایی ولە ناوەخنی وشەدا، وەک جومگە دێت.

لە ئاڤێستادا، وێنەی دیکە، وەک (تیشتریە) =[tishtirya]، کەبە واتای (تیر) دێت، یان بەواتای ئەستێرە دێت.

لە ئاڤێستادا، وەک (زەیریتە) =[zairita]، کە بەواتای (زەرد) دێت.

لە ئاڤێستاداوێنە، وەک (ڤەهیشتە) = [vahishta]، کە بەواتای (بەهەشت) دێ.

٥- بزوێنە دیاریی و بەر چاو وگیر، لە سەر پاکی شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا دەست دەکەوێ وهەروەها، لە ئاڤێستاشدا هەیە، بۆ وێنە:

- لە ئاڤیستادا، وەک (ڤیشتاسپە) =[vishtâspa]، کە وەک ناوی پاشاە هاتووە.

-لە ئاڤێستادا، وەک (جیجشا) =[jijishâ]، کەبە واتای (خۆرش=خۆرشت)، (جۆرە جێشتێکە) کە لە خۆشاوی میوە دروست دەکرێ وحاڵی حازر هەورامییەکان، (خۆشاو وخۆرشتی پێ یەژن).

لە شێوە کوردیەکانی ئەمڕۆدا، بۆوێنە وەک:

- (پیر) =[pîr]، (ژیر) =[zîr]، (تیر) =[tîr]، هەروەها، وەک (هەورامانیی) =[hawramany]، وەک (زەهاویی =[zahâwy]، (شامیی) =[shâmî].

- تێبینی؛ ئەم بزوێنانەی کۆتایی، وەک (یی)ی (تەنسیب) هاتوون.

٦- دەنگە بزوێنی کراوە، کەلە ناواخن و کۆتایی وشەوە بەر چاو دەکەوێ ونیشانەی دەنگی ئەمەش، ژمارە (٧) کەبە سەر وێنەی دەنگەوە دادەنرێت، واتە: [ێ].

-بۆ وێنە لە ئاڤێستادا، وەک (مێشە) =[mêsha]، کە بە واتای (مێ)، (مەی)، (مێش)، (پەز)، (مەڕ) دێت.



- لە ئەڤێستادا، وەک (دێنا) =[dênâ]، کە بە واتای (دین) دێت وبەم جۆرەش هاتووە (دەینا) = [dainâ].

- لە ئەڤیستادا، وەک (چێچەستە) =[chêchaste]، کە ناوی دەریاچەیەکە لە (ورمێ)ن یان (ئورمیە)ی ئیمڕۆ وکە بەناویەوە ئامڕۆ ناو دەبرێ، بەپێچەوانەی دەمی دێرینەوە کە (چێچەستە) = [chêchesta]ناوی تایبەتیی ئەو دەریاچەیە بووە، کە لە هەمان دەم وسەردەمدا ناوی ناوچەکە (ئورامیە) بووە، (تەماشای: دەوڵەتشاهی- فەروردین یەشت بکە) (٦)

- لە ئاڤێستادا بۆ وێنە، وەک:

(یەزمێدە) =[yazmêda]، کە شێوەی کاری وەرگرتووە وبە واتای (دەیپەرستم) یان (دەپرسم)، کە لە بنەڕەتدا، لە ریشەی ناوی (یەزنە=یەسنە) =[yasna]وە هاتووە کەواتای (جەژن، قوربانی، پەرستن، پەرسای، دۆعا، پاڕانەوە، ستایش) هاتووە. وشەکەش بەم جۆرە (یەزمەیدە) =[yazmaida] هاتووە.

٧- لەوەی سەرەوە، (لە ئاڤێستادا) بۆ هەر وشەیەک دوو جۆرە زرنگانەوە، یان دەنگدانەوەمان هێنایەوە، بەمەبەستی ئەوەی یەکەم زمانەکە مردووە. واتە: کەسێ نییە گفت وگۆ، ئاخافتنی، پێ بکات و بۆیە (هەندێ) بۆ وشەیەک پتر لە گۆ کردنێ، دەخرێتە بەر گوێی دەنگسازیی زمانەکەوەو دووەمیش، لێرەدا، دووجۆرە بزوێن، بەکار هاتوون، کە زرنگانەوەی یەکێکیان لەوی دیکەیان جیاوازییەکی وەهای نییە وئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، هەر دووکیان بەتەواویی وەک یەک نین وئەمەش، ئازایی و وریایی رێگەی (لێکۆڵینەوەی بەراوردیی) دەگەیەنێ! بۆ رەمزی دەنگی ئەم دەنگە بزوێنە، لە لاتیندا[e] ئەمە باوە، بەم لە کوردیی دا بۆ ئەلف وبێ عارەبی (ژێرێکی=کسرە) کەمدەنگ هەیە.

لە ئاڤێستادا وێنە، ئەم بۆچوونە، وەک:

+ (گەرمە) = [گ+ر+م+ە] = [grma]، کە بەواتای (گەرم) دێ.

+ (زردا) = [zrda] کە بەواتای (دڵ، در، زار، زێڵ، زێر،......) دێ لە ئەڵمانیدا (هێرتس=herz) پێ دەوترێ، لێرەدا، هیندو ئەروپایی پیشان دەدرێ!

وێنە، لە کوردیی ئەمڕۆدا، بۆدەنگی [ێد، ێ]= [ê] وەک:

(دێ) =[dê]، (رێ) =[rê]، (دێراو) =[dêrâw]، (گێژاو) = [gêzâw]،

(سێکاو ) =[sêkâw].

وێنە لە کوردیی ئەمڕۆدا، بۆ بزوێنە نیمچە شارراو ونیمچە دەرکەوتووەکان، وەک:

کرکراگە=[kirkraka]، (نمەک) =[nmak]، (برپرە) =[birbira]، (ژنەوانیی) =[znawny]، (پەری) =[parê]، (یەرێ) =[yarê]، (ژیللێ مەرە) = [zillêmare].

(٨- ئو)ی کورت، کە دەنگی [و]یە ولە لاتینیدا[u]یە لە ئاڤێستاش داو لەزارە کوردییە کانیش داهەیە.

– لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (یوڤەن) =[yuvan]، کە بەواتای (گەنج، لاو، جوان، جڤان) دێت، لە ئینگلیزیدا (یۆنگ) =[young]ەو لە ئەڵمانیشدا (یونگ=yung) ە.

– لە ئاڤێستادا، وەک (دوگدا) =[dugda] کە بەواتای (دوێت، دۆیت، کەنیشک، کناچێ، کیژ، کەنی) دێ، (زمانی ئاڤێستا، سۆکۆلۆڤ)، بەواتای (شیردار) یش دێ.

ئەوەی کە دەبێ بوترێ، بەم بۆنەیەوە، ئەوەیە، کە ئەم کورتە بزوێنە لە ناواخنی وشەوە دێت، بەڵام لە کۆتایی وشەوە، بەر چاو نەکەوتووە!

لە شێوەکانی کوەدیی ئەمڕۆدا بۆ وێنە، وەک:

– (کورد) =[kurd]، (کورت) =[kurt]، (خورد) = [khurd]، (تورش)، =[tursh]، (مورد، کەڵهوریی) =[murd]، (پورشە) =[pursha]، (وردە) =[wurda]، (قوڵەقوڵ) =[qulaqul]، (کوتە) =[kuta]، (قەزوان وتوو و مەژگە، لە ناو هاوەندا دەکوترێ وخۆراکێکی بەهێز دەردەچێت، کەبۆ زستانی ساردو سەخت، گەرمایی بۆ تەن، بەرپا دەکات). (بورێ) =[burê]، کە لە شێوەی هەورامانیدا، بەواتای (وەرەوە، هاتووە). (کورە) = [kura]، کە بەواتای نێرکەی پیازی سەوز دێت، کاتی کە خەریکە تۆو بکات ئەوە کورەیە، وەک لاسک، لاسکی تۆودانەکەیە، هەروەها، وەک وشەیەکی بازاڕیش، بۆ لێ خوڕین لە یەکێکی ئاسایی بەکار دێت، بۆ وێنە، دەوترێ (کوڕە برۆ بۆ ئەوێ!)، یان (کوڕەکەم کەم بدوێ!) هەر وەها، بەواتای پۆپە (لووتکە) دێ، بۆ وێنە وەک (کوڕەکاژاو، کوڕەمریەم).

٩- (ئوو)ی درێژ، کە دەنگەکەی بەم جۆرە دەنووسرێ [وَ]=[û]. ئەم جۆرە دەنگە لە ئاڤێستادا ولە زارە کوردیەکانیشدا، بەزۆر دەست دەکەوێ.



– لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (توور) =[tûr]، کەبە واتای توورانی دێت.

– لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (ئاهوورە) =[3âhûra]دا، هاتووە، کە بەواتای (خوا) هاتووە. (گاتها. پووورداود)، شایانی باسە بەشێوەی (ئەهورە) ش دێ.

– لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (پەرەتوو) = [paratû ]دا هاتووەکە بەواتای (پرد، سرد، پردە، پل،...) هاتووە.- لە ئاڤێستادا، وەک لە وشەی (یاتوو) =[yatû ]دا هاتووەو کە بەواتای (جادوو، فێڵباز، دەستبڕ،ساحر،...) هاتووە.لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم جۆرە بزوێنانە زۆرن ولە سەر پاکی شێوەکانیدا هەن و، ئەم جۆرانەش، لە ناواخنی وشەدا ولە کۆتاییشدا دێن بۆ وێنە، وەک:

لە کوردیدا (رووممەت) =[rûmat]، (شووکام) =[kamshû]، دوور=[dûr]، (سوور) =[sûr]، (شایانی باسە، ئەم وشەیە، لە شێوە جۆراوجۆرەکانی هەولێر و دەورووبەری دا، بەجۆری) (سۆر) = [sôr] دێت. (کوور، کەڵهوڕی) =[kûr] ، کە لە سۆرانی و جافییدا (کوێر) ولە شێوەی هەورامییدا[کور]، کە، جیاوازیی هەیە لەگەڵ [کۆر]دا، واتە دەنگ[ۆ= ] کراوەتر تاوکو دەنگی[ۆ=ô].

١٠- دەنگە بزوێنە (ئۆ) کە بۆمان هەیە بەم جۆرە دەنگی بدەینێ [ۆ]=[ô] و ئەمانە لە یەک دەکەن، جگە لە نەختێ جیاوازیی کە هەیانە مەگەرگوێی زمانناسیی دیارییان بکات.

ئەم دوو جۆرە دەنگە بزوێنە، لێکۆڵینەوە بەراوردیی (بەراوردکاریی) وێکچوون وجیاوازییان لە یەکتریی جوێ دەکاتەوە.

بە هەرحاڵ، شێوەکانی کوردیی هەر دوو جۆرەکەی تێدایە، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئەم دووانە لە ناواخن و لە کۆتایی وشەوە دێن.

بۆوێنە دەنگی [ۆ]=[ô] وەک:

– (دۆ) = [dô]، (رۆن) =[rôn]، (کۆن) =[kôn]، (رۆغەن) = [rôghan].

– لە شێوەی ئاڤێستاییدا، وەک:

– (دۆغدە) =[dôghda] کە ناوی دایکی زوردەشتە، کە بەواتای (شیردار) (دۆدار) هاتووە.

– هەروەها لە ئاڤێستادا وەک (گاسرۆرەیەنت) =[gasrôraynt] کە بەواتای (گات خوێن)، یان (گات ڕەوان) دێ.

شایانی باسە، (گات) یان (گاد) بەواتای (گاز، بانگ، پاڕانەوە، سروود، قوربانی، لا نەوە، وێرد، دۆعـــا، نوێژ، نما، پاڕیای، چڕیەی، لالـێـــای، کـــرووزیای، ئەوەلالێای،......) دێت.

١١- شـێـوەی دووەمـیـان، هەر وەک لە سـەرەوە وتمان، ئەم رەمـزەیان بۆ دەنـگ، پێ داوە[ۆ]=[ô]، وێنەشمان، لە شێوەکانی هەوراماندا، زۆرن و بۆ وێنە وەک:

(کۆر) =[kôr] کە لە شێوەی سۆرانیدا، (کوێر) = [kuwere] و لە شێوەی هەولێر و دەوروبەریی دا (کۆر) =[kôr]ە، هەروەها، لە شـێـوەی جـافـیی و کـرمـانجـیـدا، لە شێوەی لەکیی و لوڕیی و کەڵهوڕیی دا، وەک ئەوەی ناوچەکانی هەورامانە.

(سـمـۆرە) =[smôra] شـایانی باسـە، ئەم بزوێنە لە شـێـوەی سـۆرانیـدا، بەر گـوێم نەکەوتووە، بەم لە شێوەی جافیدا، هەیە.

چونکە زمانەکەی ئاڤێستا مردووە، واتە ئەمڕۆ، کەسێ نییە وەک جارانی گفتوگۆی پێ بکات ئەمـە لە لایەکـەوە و لەلایەکی دیکەوە، ئاڤـێـسـتـاناسـان وەهایان، بەرچاو نەخستووە.

١٢- دەنگە بزوێنی، وەک (ظمـە) عـارەبی، کـە لە کـوردیدا (بۆر)ی پێ دەوترێ و دەنـگی ئاوازەدار وەها لێ دەکـات، کـە ئەگـەر (بزوێنی) وەک [و، ۆ، و] کـەوتنە دواییەوە یەکسەرە زرینگەی دەنگە ئاوازەدارەکە بەرەو روالەتی، ئەو سێ دەنگە ئەڕۆن، بۆوێنە وەک:

[ب+و]، [ب+ۆ]، [ب+و]، لەگـەڵ وشـەدا، بۆوێنە وەک: واتـە: (بووگ)، (بۆن)، (بوڕ).

١٣- بزوێنی وەک[ە، ا، ا، ا] کـە دەکـەونە دوای هەر دەنـگێکی ئاوازەدارەوە جـۆرە سـەرێک، یان (فـتـحـە=ع) دەکـەوێـتـە سـەریەوە. ئەم جـۆرە بزوێنەو ئەوەی سـەرەوەش، نیـمـچە شارراوەونیـمـچە ئاشکران وزۆر کەس هەن لایان لێ ناکەنەوەو دەوریشـیـان بۆ دانانین.

بۆ پتر لەم رووەوە بەراورد کردن، لەم وێنانەدا، ئەو جیاوازیانە دەردەکەون، بۆ وێنە، وەک:

-خەرمان=[خ+ە+ر+م+ا+ن]- دەنگی[خ]، وەک (فەتحەی عارەبیی) بەسەرەوە بێ.

خورما=[خ+و+ر+م+ا]، دەنگی[خ]، وەک (بۆری بەسەروەو بێ).



ئەتوانین، لە رووی زانسـتیی (فـۆنەتیک) دەنگسـازییەوە، بەنیـمـچە بزوێنی لە قـەڵەم بدەین، کە زۆر جیاوازە لە نیمچە کۆنسۆنات (ئاوازەدار).

١٤- بزوێنە لۆدارەکان

بزوێنە لۆدارەکان، هەروەک، ئاوێستاناسان، کەرەسەی زمانناسیانەیان، بۆ ئێمە لێک داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر یەکە بەجۆرێ بۆ لێکدانەوەی چووە و هەریەکە بەجۆرێ رێنووس ودەنگسـازییـەکـەی دیاریی کـردووە، بۆیە کـۆمـەڵێ دژژاوەریی، چە لە رووی دەنگسـازییـەوە، چە لە رووی گۆشـەکـانی دیکەی ئاڤـێـسـتـا ناسـیـەوە، بۆ ئێـمـە بەر پا کردووە.

ئەمەش، بێگومان، دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە زمانی ئاڤێستا ئەمڕۆ مردووە وکەسێ نییە، پێی بێاخەفێ وئەم لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەو ئاڤێستایەی، کە حاڵی حازر لەبەر دەست دایە، بەدەست ئاڤێسا نووسەری جۆراوجۆر و بۆ ماوەی دوور و نزیک و لەدەم و چەرخی لە یەک نەچوودا، نووسراوەتەوە و ئەو نووسـەرانەش، زۆر نەبێ کـەم ئامیانەی بیروبۆچوونی ساغکردنەوەی خۆیانی تێدایە، ئەگەر هاتوو زانـیمان، ئاڤێستا لە نووسـینی مـێـخـیـیـەوە بەرەو ئەلف وبێ ئارامی و نووسـینەوەی بەپالەویی وئەوجا لێکدانەوە، بەفـارسـیی و بەزمـانی ئەوروپایی رەنگاوڕەنگ، لە لای سـێـیـەمـەوە، تا ئێـسـتـا وەها رێک نەکـەوتووە کـە یەکێ لەو ئاڤـێـسـتـا لێکدەرانە زمـانی کـوردیی (بەشێوەکانیەوە) زانیبێ، یان بەلای کەمیەوە، نەختێ شارەزایی لەو رووەوە هەبووبێ.

بێگومان ئاڤێستاناسان و لێکدەرەوانی (ئەوانەیان، کە ئەمڕۆ لە میداندان) هێشتا لە بۆ چوونەکـانی خـۆیاندا، لەو رووەوە ناڕازین وبۆیە، سـاڵی (١٩٩٦) لە تاراندا. کـۆنگرەیەک بەنامی ئاڤـێـسـتـاناسـیـیـەوە گـیـراو ئالەوێدا، یەکێ نەبوو بەتەواویی لە بۆچوونەکان و لێکدانەوەکانی ئاڤێستاناسان رازیی بێ و هەر لەو ڕووەوە، ساڵی پار بوو لام وایە، لە ئەمەریکاشدا کۆنگرەیەکی دیکە، بەهەمان بۆنەوە گیراو هەمان خاڵە سەرەکیەکانی (تاران) یان، پاتکردەوە.

ئائەمـەی سـەرەوە، ئەوەمـان، بۆ دەردەخـات، کە بۆ چوونەکـانی، دەربارەی بزوێنەکـان ولۆدارەکـانەوە زۆر کـەم، جگە لەهەندێ شـتـدا، یەک بگرنەوە؛ واتە، بۆ وێنە، هەندێ لەوانە، وەهایان لە قەڵەم داوە، کە ژمارە بزوێنە لۆ دارەکان (شەشن) و وەک:

[aê,ao] -

– [ôi,âu]

– [âi,âu]

هەندێکی دیکەش، ژمارە بزوێنە لۆدارەکانیان، بەچوار ژمارە دیاریی کردووەو گوایا، ئەم بۆ چوونەیان، ناو ناوە، (دەنگسازیی ئاڤێستای میللی) و ئەمیش، بەم جۆرەیە:

– [AI, AU]

– [AI, AU]

شایانی باسە، بەپێی ئەم بۆ چوونە، ژمارەیەکی زۆر لە بزوێنە شاراوەو نیمچە بزوێنەکان، دەقرتێن یان دەبن بەژێر لێوەوەو لە ژێر دەنگی دیکەدا، دەتوێنرێنەوە.

من بەش بەحاڵی خۆم، هەر لە بەر ئەوەی، کە زۆر نەبێ کەمێ شارەزای زمانی کوردیم، بەو بۆچوونانە دڵنیانیم، بۆیە بەم جۆرەی خوارەو بۆی دەڕۆم:

بۆ پتر ڕۆشنکردنەوە لەبەر چاوی بیری خۆێنەری بەرێز، هەندێ لەبەرهەمی ئاڤێستا، بەدوو وێنە (جۆر = ڕەنگ) ترانسکرێپشن دەخەینە بەر چاو، واتە جۆرێکیان پێی دەوترێ (ترانسکریپشنی ئینتەر ناشناڵ) کە بەپیتی گەورەی لاتینی دەنوسرێ وجۆرەکەی دیکە (جۆرەکانی دیکە- پتر لە سێ جۆرێ بەر چاو دەکەون) کە بەپیتی بچووک دەنوسرێن، تاوەکو خوێنەری بەرێز لێیان ورد بێتەوە وبیاندا لە سەنکی محەکی بەراوردکاریی، (واتە: دەنگسازیی ئاسایی و بەشێوە میللی) وەک:

– [NA-T] =[not] بەدەنگسازی ئاسایی و بەشێوەی گشتیی میللی (زمانی ئاڤێستا- سوکولوڤ).

[MRNSYAT]=[mrat] هەمان سەرچاوە، بەدەنگسازیی ئاسایی و بەشێوەی گشتیی میللی (زمانی ئاڤێستا- سوکولوڤ).

– [BVAT] =[bvat] هەمان سەرچاوە، بەدەنگسازیی ئاسایی وبە شێوەی گشتیی میللی (زمانی ئاڤێستا- سوکولوڤ).

– [PRSASA] = [parasô] هەمان سەرچاوە، بەدەنگسازیی ئاسایی و بەشێوەی گشتیی میللی (زمانی ئاڤێستا- سوکولوف).

– [brzaiti] =[barazaiti] ( گاتاها - پورداو).

– [prtu]=[paratu] ( هەمان سەرچاوە).



لام وایە ئەم وێنانەی سەرەوە، زۆر نەبێ کەم، بزوێن لە ناو چوونیان، دیاریی کرد وکەوابێ بوم پێیەی سەرەوە، ئاڤێستاناسان، بەخت وخۆرایی بزوێن لە ناوبەرن، یان بزوێن قرتێنەرن زۆرتر ئەمەش کە لە لای فارسی زانەکانەوە سەر دەر دەهێنێ، چونکە ئەلف بێی ئەمڕۆ زمانی فارسیی، توانای ئەوەی نییە (تەنانت لەگەڵ دەنگدانەوە و زڕانەوەی دەنگەکانی زمانی فارسییدا بەتەواویی بگونجێ) یان توانای وێنەگرتنی زمانەکەی نییە!

بەهەر حاڵ، لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە نەمانتوانی ئەوان چییان وتووە، بەڕاستترینی لە قەڵەم بدەین، بۆیە لەم ڕووەوە (دەنگسازیی) سەرچاوەی جۆراوجۆر و بەزمانی بێگانەمان، خستە بەردەست و لە ئەنجامدا، گەیشتینە ئەوەی، کە بتوانین ئەم بزوێنە (لۆدارانە) دیاریی بکەین:

– [aê]=[rathastar] بەواتای: ڕاسترە و (دینی ڕاستگر) پەیرەوی کەری ئاهورا.

– [ôi]=[rathaôista] بەواتای: هەمان بۆ چوون هاتووە.

– [a]=[xvatu] بە واتای: خزم (خوێش-) هاتووە.

– [ûi]=[hûiti] بە واتای: درستکەر، بنەرەت دارێژەر، هاتووە.

– [ae]=[Airyana - vaevjgh] بەواتای ئاریان واچەکان (میللەت، نەتەوە) هاتووە.

– [âi]=[dâitya] بەواتای: دادیی، قانوون، هاتووە.

– [ai] =[barazaiti] بە واتای: بەرزایی هاتووە.

– [âu]=[gâosh-urvan] ناوی فریشتەیە کە پاسەوانی گیاندارانە.

– [ou]=[pourchista] بە واتای: ناوی کیژەکەی زەردەشتە (خوێندەوار و زانا).

– [ao]=[dûraosha] بە واتای: دوورە مەرگ.

هەروەک خوێنەری بەرێز لەبەر چاویەتی و، ئێمە (دە) ژمارە لە بزوێنی لۆدارمان (پاش ئەوەی کە بەبۆچوونەکانی ئاڤێستاناساندا، چووینەوە). دیاریی کرد و بەم بۆنەیەوە، دەبێ، بەزمانی کوردییدا بگەڕێین وبۆ ئەوەی، بەهۆی بەراوردکارییەوە، نەختێ لەم لایەنە ڕۆشنتر بکەینەوە.

– بۆ وێنەی یەکەم (پەیێنێ) [pêenê] ئەو ئاردانەی، کە دەکرێنە ژێر پنەی نان پەچین

(نان–پەتەی) وە کە لە سورانیدا، ئاردی ژێر دەرخۆنەیە).

– بۆ وێنە دووەم (پۆی) =[pôi] کـە بەواتای ئەو بەنە دێت، کـە بەپانی (جـاو، جـاجم، مـەوج، بەرمـاڵ، فـەرش،......) دەتەنرێت (واتە، بەتانەکـەدا)، هەر یەکێ لەوانە (تان) و (پۆ)ی هەیە.

– بۆ وێنەی سێیەم (پەرسە) =[parsa] کەبەواتای (پرسە) دێ.

– بۆ وێنەی چوارەم (پوویای– ) = [pûiyai] کە بەواتای (رزاندن، پووان) دێ.

– بۆوێنەی پێنجەم (پێیکەنە–)= [paekana]، دەستـەگـرتنی بنە کـڵاش (کـاری کلاشکەرە).

– بۆ وێنەی شەشەم (پاپپای–)= [pâipâi]، واتە، دواخستن، خەڵەتاندن، خـەریک کردن.

– بۆوێنەی حەوتەم (مەیکەدە–)=[maikada] ، واتە، (میخانە).

– بۆوێنەی هەشتەم (پووکە–)= [pâkai] (پوکەی) راستـترە، چونکە ئەم وشەیە کە شێوەی کوردیی ناوچەی هەورامانە، دەنگە بزوێنەکەی، بەم جۆرە (ۆ) کراوە نییە، بەڵکم کـەمـتـر کـراوەتەوە (بەواتای: پەوچی = سـەبەبییـە، هۆیە، دەبێ هۆیەکـە، بوترێ).

– بۆوێنەی نۆیەم (پۆرە=پورە) =[poura] بەواتای (پیادا) هاتووە.

– بۆ وێنەی دەیەم (دەودان –دێیـەکـەی شـێخ سـەهاک) =[daodân] لە هەورامـانی لهۆندا.

لە شێوەی ناوچەی بەهدیناندا، جـۆر بزوێنێکمان، لە وشەی (گـوێز= گـیز، خـوێن= خێن) داهەیە، کەکورتە بزوێن و چوونەتەوە بەناویەکـتری داو بۆمـان، هەیە بەم جـۆرە [ui] نیـشـانەیان، دیاریی بێ و بەم جۆرە، ئەتوانین ئەو دوو وشـەیەی کە گـۆیان، لە ناوچەکانی بەهدیناندا، جیاوازە، لەگەڵ هەمان ئەو دوو وشەیەی ناوچەکـانی سۆراندا بەپێی دەنگسازیی دیاریی بکەین:

[گوێز=guîz]= گوێز (وەزی–ھ)

[خوین=khuîn]= خوێن (ونی–ھ)

وێنەیەکی دیکەمـان هەیە ولاشم وەهایە کـە ئەم وێنەیە، لە سـەر پاکی شـێـوە



کـوردییـەکـاندا دەست دەکـەوێ و ئەویش [او]=[âu]ە، کـەلە وشـەکـانی (بـاو، پاو، پاوروا–دا) هەیە و وەک ناوخن دێت.

ب– دەنگی ئاوازەدار کۆنسۆنانت:

لام وایە لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد، کە ئاڤێستا لە ئاخرو ئۆخری سەرو کلاوی ئەشکانی داوسەرەتای سەرو کلاوی ساسانیدا، کۆکرایەوە– (ئەوەی، لە دەس ستەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی ودەست وپێوەندەکانی ولەدەست مەغۆل وتەتەر دەرباز بوو) سەر لە نوێ بەپەیڕەوی نیشانەکانی ئەلفوبێی پالەویی، کە ئەویش لە ئەلفوبێی ئارامیەوە وەرگیراوە. (بریتی یە، لە (٤٩–٤٨) نیشانەیەک، بۆ بزوێنەکان وبۆ ئاوازەدارەکان) دارێژرایەوە.

لێرەدا دەبێت ئەوە لە یاد نە کرێ، کە ئەم نیشانانە (ئەلف و بێ–یە) جۆرە بەرگێکی بێگانەیە، کەبە ئاوێستا، دەکرێ، بۆیە، زۆر نەبێ کەم، لەدەنگەکانی ئاڤێستا (بزوێن وئاوازدار) کـران، بەژێر لێوی بەرگی نوێ وە! ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، بۆ هەندێ دەنگ، نیشـانە، لەو ئەلفوبێیـەدا، نەبوو، بۆیە هەندێ چیلکە بۆ هەندێ پیت دروست کراو ئەمەش لەقەباڵەکانی هەورامان–دا زۆردیارییبیە!

ئەوەی کە زۆر زەق ودیاریی بێ ئەوەیە، کـە ئاڤێسـتـای سەرەتایی رەوایی، لە دەمی (مـاد) ەکـاندا، دەنگێکی برناخی تیـادا بووەو ئەو دەنگەش، تا ئەمرۆ هەر لە زمـانی کـوردییـدا مـاوە وئەویش ئەوەیە، کـە لە وشـەکـانی (زەنگ، رەنگ، دەنگ، پەنگ، هەرەبەنگ، هەنگوین، رەنگین،...)دا هەیە ولە زمـانی ئینگلیـزییـدا رەمـزی دەنگیەکەی[ng]یە، کە لە راستیدا، لە تێکە و بوونی دوو دەنگی [ن= n] و [گ = g]دا. پەیدا بووە واتە: [نگ = ng].

دەنگی[ێ=O]ی تیـادا، بووە، کـە ئەمـڕۆ لە ناو زارە کـوردیەکـاندا جگە لە هی هەورامانیی، نەماوەو شوێنەواریشی نییە.

دەنگی[دَ = d] وەک بەڕێز تەوفـیق وەهبی، ناوی دەنگی[دَ=d]ی کلۆری پێـوە نابوو، لە ئاڤێسـتـادا زۆر دیاریی وکاریگەرە، کەچی لەشێـوەی کوردیدا نەماوە، لە لایەکی دیکەوە، لە دەنگی[س=s]دا پتر بەر چاو دەکەوێ و دەنگی [ر] = [r] بەسێ جۆر خۆی پیشـان داوە، کەچی لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، بەتەواویی وەک ئەوانەی ئاڤێستا بەدیی ناکرێن و تەنها دوو دەنگێ ماون.

لەم لاشەوە، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا دەنگی [ل=L] بەزۆریی وبە (دووڕەنگ) بەکار دێن، بەم دەنگی[ل=L] لە ئاڤێستادا نیە، لە کوێوە هاتوەتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەوە مەگەر مێژوو رۆشنی بکاتەوە.

نوسینەکانی هەخامەنشیان، دەنگی [ل=L]یان تیادایە و ئەمەش، لەوە دەکات، پارس (فارس) شێوە زمانێکی تایبەتیی خۆیان هەیانبووە. هەروەها ئەلفوبێی ئارامیی دەنگی [ل=L]ی تێدایە و زمانی گریکەکانیش، زمانی عارەبیش، مەغۆلیەکانیش و تەتەریش، خاوەنی ئەو دەنگەن و کوردیش و کوردستانیش لەو دەمەوە و تا ئەمڕۆیش، هەر لە ژێر جەوروستەمدا، دەلەرزێ. لەبەر ئەوەی دەنگەکە، بەزۆر بەتایبەتی لە دینی ئێسلامی پیرۆزەوە، بەسەر زمانی کوردیدا، دەسپێنرێ وسەپێنراوە وپتر لەمەش، دەنگی [ق] و [ح] دەنگی [ع] لە ئاڤێستادا، دەست ناکەوەن وئەمڕۆش، زمانی کوردیان چە بەوان و چە بەدەنگی [ل=L]، رازاندوەتەوە. لەو لایشەوە، ئاڤێستا دەنگی [غ]=[gh] لە کەرەسەکەیدا بەزۆریی دیارە، بەم لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا وشەی وەها، کە دەنگی وەهای تیادا بێ زۆر کەمن بەدەگمەن، دەنگی [غ=gh]بە کار دێت، یان دەنووسرێت.

بەهەر حاڵ، وا لێرەدا، باسی دەوری هەر یەکە لەو کۆنسۆنانتە (ئاوازەدارانە) دەکەم کە لە بنەڕەتەوە رەسەنن، یان بێگانەن و حاڵی حازر دەوریان هەیە:

(١) دەنگی [ک=k]

ئەمە رەسەنە و بنەڕەتییە و لە کوردیی و لە ئاڤێستاشدا، لە سەرەتای وشەوە و لە ناوەڕاستیەوە (ناواخن) ولە کۆتاییشەوە دێ، بۆ وێنە وەک:

لە ئاڤێستادا[کامە=kâma] کە بەواتای (کام= ئاوات= ئامانج =خواست... هتد) دێ. لەکوردیدا، وەک، مەلا ئەحمەدی کلاشی (کەیفی) دەفەرمێ:

"کەیفی نامەکەی رەشحەی شەکرڕێز

چاپار یاوناش، وەشاری تەورێز"

(مێژووی=م.هەورامان-ل-١١٤٠) (مێژوو=مژ)

(٢) دەنگی [گ=g]:

ئەم دەنگیشە، لەو دەنگە رەسەنانەیە، کە زمانی کوردیی و ئاڤێستای پێ رازاوەتەوە، ئەمە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە، مۆزیکای ئەو وشانەی دڵگیر کردووە،



کە ئەم تیایاندا بەشدارە، ئەم دەنگە لەسەرەتاوە و لە ناواخنەوە و لە کۆتایی وشەوە دێت.

وێنەی ئاڤێستا، وەک:

[گەرمە=garma]، کە بەواتای گەرم هاتووە.

[درەوگە=draoga]، کەبەواتای (درۆ) هاتووە.

وێنەی ئەم دەنگە لە کوردییدا، وەک، سەید سادق، لە قەسیدەی شای تاجی (لولاک)دا، دەفەرمێ:

"فەلەک سەرگەردان شۆڕی سەوداتەن

مەلەک جاڕوکێش خاکی دەرگاتەن

ئەنبیاو وەلی گشت ئینتیزارتەن

گشتێن خرێدار پەی بازاڕتەن"

(مژ م. هەورامانی، ل-١١٨١)

٣-دەنگی [خ=x]

ئەم دەنگە لە ئاڤێستاشدا ولەزمانی کوردیش بووەو هەیەو لە هەردوو لایاندا، دەروێکی بالا لە واتاسازییدا، دەبینێ. ئەمیش، لەهەر دوولادا، لە سەرەتاو لە ناواخن ولە کۆتایی وشەوە دێ، بۆ وێنە، لە ئاڤێستادا، وەک:

- [خشنووتە=xshnûta]، کە بەواتای (خۆشنوود، خۆشحاڵ، بەکەیف) دێ.

(تێبینی- بۆ دەنگی [ش=sh] بەکار دێن و بۆیە ئێمەش هەر دووکیان بەکار دەهێنین).

- [دەخمە =daxma]، کە بەواتای (تەکمە، پاڵەوان، ئازا، کۆڵنەدەر،... هتد) دێ.

- [خەرە=xara]، کە بەواتای (کەر=هەر=خەر) دێ.

- [پوختە=puxdha]، کە بەواتای پێنجەم هاتووە.

- [رەوخشنە=raoxna]، کە بەواتای (رۆشن) هاتووە.

(تکایە، پێویستە، کە ئەوە تێبینی بکرێ، کە دەوری دەنگ لەوشەدا، وەک دەنگدانەوە، مەبەست (مۆرفیم=بڕگەی واتادار)، قەدی وشە)یە.

لەزمانی کوردییدا وەک، کۆزاد بەگی خۆرخۆرە، دەفەرمێ:

"نەکـــــەردەینم دارنـە بەردەیـنم بـەرد
سەرەم داخ کەران، چە خاس بازیم وەرد
هەشـتـە کلیـد دا هەفـتم کـەرد گوشـاد
کــەللەم دا بەخــورد، خـــوردم داوە باد
بیم وە بازرگــــان خـــــرپـیداری دەین
وە خەیالی خام، جەم کەردەم (ضدین)

(مژ. هەورامانی، ل١١٨٣)

٤ -دەنگی [غ=gh]

ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا بەزۆری هاتووە ولە سەرتای وشەوە، وەک نەهاتبێ وەها دەردەکەوێ، بەڵام (پورداود-گاثاها، انتشارات دانشگاه تهران)، وەهامان تێ ئەگەیەنێ، کەلە سەرەتای وشەوە، لە ئاڤێستادا، هاتووە بەڵام زۆر کەمە و بەم بۆنەیەوە، دەڵێ:

(در سر واژه بسیار کم است)، ئەم وێنەیەش دەهێنێتەوە:

[غژەر=ghzar] کەبە واتەی (شێت، لێوە، گوجەر، دێوانە) دێ.

- [بەغ=bagh]، یان [بەغە=bagha]، کەبە واتایَ (بەگ)ی ئەمڕۆ دێت و هەروەها بەواتای (سەردار، دەسترۆشتوو، فەرماندار، پێگەیەنەر، سەرپەرشتیکەر،...... هتد) دێ.
- [بەنگە=bangha]، کـە بەواتای (بەنگ، هەرەبەنگ، تلیاک=تریاک، دەوای سڕکەر، حەشیش، دەوای گیایی لە هۆشبەر....هتد) دێ.
- [ڤەنگ هو= vanghu]، کە بەواتای (نیک، باش، بەهادار، بە بە ) دێ.
- [مەرەغە=maragha]، کە بەواتای (مریشک، مر، مامر، کەرگ، مورخ،....) دێ.

وێنەی ئەم دەنگە کە لە کوردییدا زۆر کەمە، زوربەی کاتیش وشەی دەنگی [غێ=gh]دار، لە عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەهەرحاڵ، لە کوردیی ئەمڕۆدا وەک مەلا نەجەف دەفەرمێ:

"باری لەیل نەکەی،............
ئامانەن یا شاه باری لەیل نەکەی
حوجرەی دەروونم جە خەم کەیل نەکەی!"



مژ-هەورامانی، ل-١١٧٨

زەلیلی دەفەرمێ:

"قـــیـــبلەم غـــەمگینم،......
زیاد جەسا ن، ئیمساڵ غەمگینم
بەدیدەت قەسەم، دیدەی شیرینم
جە شەب، تا بەڕۆ چەم پەڕ ئەسرینم"

(هەمان لاپەڕە)

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ئەم وشانە بەدیی دەکرێن و نەختێ لە مانە پتریش:

(دۆغ-لەکی، لوڕی، کەلهوڕیی، فەیلی-غار، غەبغەبە، ڕۆغەن-مەرهەم=مەڵهەم-یەغدان، غەوش، غەرەغەرە).

٥- دەنگی [چ= ch]:

لە ئاڤیستادا، ئەم دەنگە دەورێکی باڵای هەیە و هەروەها لە کوردیی ئەمڕۆیش دا لە هەردووکیاندا، وشەی زۆر هەن، کە بەم دەنگە ڕازابنەوە. لە ئاڤیستادا وەک:

[چیترە= ithra]، کە بەواتای (چارە، شانس، نگین، بەخت) دێ.

[ڤاچەنگ=vachangh]، واتە: وتار گوفتار، واژە، وشە، وێژە.

[ڤەڤەچ=vavach] = [ڤەڤەچە=vavacha] واتە: (وتی، گوتی، ڤات، ڤات، مڤاچ، واچە، واچ.).

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، تابلێیت وێنەمان بوی زۆرن و لە سەرەتا و ناواخن و کۆتایی وشەوە دێت. بەم بۆنەیەوە مەهجووری فەمویەتی:

"ساقی چێش واچم، وە گشت دەردەوە
بە ناڵەی پەرسۆز، ئاهی سەردەوە
شەوان تاوەڕۆ، واوەیلاو ڕۆمەن
گشت جە پەژارەی، بێ باکی تۆمەن
سامرووەتت بۆ، چاوەکەی راستم
منیچ نە زومرەی، خواشناسم"

(مژ-هەورامانی، ل-١١٧٦)

٦-دەنگی [ج=j]:

ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، لە هەرەسێ جێگاکەوە بەر چاو دەکەوێ، بۆ وێنە، وەک:

- [جیجیشا=jijîsha]، کە بەواتای (چێشت، خۆرشت، خۆشاو، شلە) دێ.
- [جاماسبە=jamasba]، کە بەناو یەکێ لە وەزیرەکانی ئەو دەمەیە.
- [جەهیکا=jahâk]، کە بەواتای (خۆشحاڵ، هەرزە، هەرزەکار) دێ.
- [جیڤە=jîva]، بەواتای (جیڤای، ژیوای، ژیان،....) هاتووە ئەمانە، کە لێرەدا، هەن، لە ناواخن و لە سەرەتاوە هاتوون و بەم نەمانتوانی، وێنەی کۆتایی بدۆزینەوە.

لە کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم دەنگە وێنەی زۆری هەیە، بۆ وێنە: بەم بۆنەیەوە جەفایی دەفەرمێ:

"ماوا نە تۆی کاو، کۆی وەفایی
دڵبەرێ بەرێ، جە ئاشنایی
قوڵڵەی قە ی قاف، ئیستیغا مەنزڵ
جەلات، تەمەنناى، من نەبی حاسڵ
جەردەی هیجرەت بەرد جەوانیم سەرجەم
پیرم هەم پەرێت، ئاما چەنی خەم"

(مژ. هەورامانی، ل-١١٥٨)

٧-دەنگی[ت=t]:

ئەم دەنگی[ت=t ]یە، دوو جۆرە و ئاوازەی یەکێکیان لە وی دیکەی تر گیراوترە، یان، ئاوازەی بەرزتر و ئەستوورترە، تا ئەوەی دیکەیان (پورداود، گاتاها-انتشارات تهران، ل-٢٤).

ئەوجا ئەو دوو جۆرە، ئایا، دەوری (فۆنیم) دەبینن، یان هەر جیاوازیان هەیە، لە گۆ کردندا! ئەمە نە (پورداود) دەربارەیەوە، شتی وتووە، نە هەر ئاڤێستا ناسێکی دیکە. شایانی باسە بۆ ناسینیان، یان جوێکردنەوەیان لە یەکتریی، چیلکەیەک لە ژێر نەرمەکەیان، دانراوە (تەماشای هەمان سەرچاوە بکەرەوە). وێنەمان لە ئاڤێستاوە، وەک:

- [تەفنو=tafnu]، کە بەواتایێ (تا، تاو) هاتووە.
- [تەنورە=tanûra]، کە بەواتای (تەنوور، تەنیر) هاتووە و هەروەهایش بەواتای



(توون) یش دێ.

- [هەپتە=hapta]، کەبەواتای حەوت هاتووە، یان هەفت، یان هەوت هاتووە.
- [بەختە=baxta] کە بەواتای (بەخت، شانس، چارە) هاتووە.

لە وێنەکەی دیکەیان، وەک:

- [تکەیشە=tkaêsha]، بەواتای (ئاین) هاتووە (وەچەدین).
- [تبەیش=tbaêsha]، کە بەواتای (دژژایەتی،دوژمنایەتیکردن، دوژمنکاری کەردەی) دێ.

لە کوردیی ئەمڕۆدا. دوو جۆرە دەنگی[ت=t، ت=t] وەک دەنگ، نەک وەک مۆرفیم هەن و هەندێکیش دەیبەنەوە سەر دەنگی ئەو دەنگە [ط]ی عارەبییەکە، کە بەهۆی وشەی ئیسلامیەوە، هاتوەتە ناوەوە. یان دەنگی [ت]ی پاش دەنگێکی بێ ئاواز کە وەک وشەی (دەست، سست، بەست)دا هەیە دەبیستێ کە ئەم دوو دەنگە بەناویەکدا دەتوێنەوە. هەروەها دەنگی [س]ی قەڵەو کە دەکەوێتە پێش دەنگی [-ەو]وە، یان پێشی دەنگی [ اڵ]ەوە.

بۆ وێنە کوردیەکە، وەک بۆ وێنەی یەکەم میرزا قولی (شارق) بەختیاریی دەفەرمێ:

"هەقش وە دەستەن،......
یاران ئەو شەخسە، هەقش وە دەستەن
ژەقەیدی دنیا، تەمام وارستەن
ژە جامی بادەی، وەلایەت مەستەن
وێنەی شەشدەریش، تەمام بەستە بۆ
وەتیرە شەنەی، شەیتان خەستەبۆ"

(مژ.هەورامانی،١١٧٢ )

بۆ وێنەی دووەم، وەک ئەوەی کە لە وشەکانی (سەوزە، سەگ، ساڵ، سامـاڵ)، بەر چاوی گوێ دەکەون.

٨- دەنگی[د=d]:

لەئاڤێستادا، وێنەی ئەم دەنگە زۆرە، هەروەک لە کوردیی ئەمڕۆیش وەهایە، لە ئاڤێستادا وێنە، وەک:

- [دورە=dura]، بەواتای (دوور) دێت، کەلەشێوەی بادینانیدا، (دیر) ە.

– [هەندامە=handâma]، بەواتای (هەندام، بەژنوبا، قەڵەمی تەن) دێ.

– [دادی=dâdi]، ئەمە کارە. بەواتای (دەیدا، ئەیدا، دەبەخشێ، دای، بەخشای، مدای) دێ.

– [دڤا=dvâ ]، کەبەواتای (دوێ، دڤێ، دوو، دووان) دێ.

بۆوێنەی ئەم دەنگە، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، وەک: خانم خورشیدنمای داواشی دەفەرمێ:

"یە خورشید واتەن، دایم غەمینەن
غەمینی دووریی، (ضفاءالدین)ەن
یاخوا مەرگی نەوینم وەچاو
نەیژنەفەم وەگۆش، نەی وینم وە خاو
جاداری عەزیز پیری ئیرشاد بۆ
وەکیلی زیندەی غە وێی بەغدا بۆ"

(مژ.هەورامانی، ل١١٥٢

لەشێوەی کوردیی جافییداو هیی ناوچەکانی هەوراماندا، دەنگی[د=d، دَ=d]وەک دەنگ دوو جۆرن، بەم واتا، ناگۆڕن ویەکێ لەوانە، کە (مامۆستا تەوفیق وەهبی) ناوی ناوە، دەنگی[دَ=d]ی کلۆر.ئەم دەنگە لە سەرە تاوە نایەت.

شایانی باسە، ئەم دەنگە کلۆرە، تەنها، لە ئاخاوتندا، ناوبە ناو بەکار دێ.

٩-دەنگی[ث=th=o]:

کەلەئاڤێستا زۆرەو بەکار دێت، بەم، لەشێوە نووسین وئەدەبیاتی کوردیی ئەمڕۆدا، نییە وبەکارنایەت. ئەم جۆرە دەنگانە، ئەگەر لەگەڵ وشەی عارەبیدا، بێنە بەردەمی نووسین، بەپیتی (س) دەنوسرێن. بەهەرحاڵ لە ئاڤێستادا، وێنەمان، وەک:

[گاثا=gatha] ، کەناوی ئەو سروودانەیە، کەلە لایەن زەردەشت خۆیەوە بەشێوەی (بلانک ڤێرس=blanakverse) دارێژراون وزمانەکەیان لەهەر پارچەیەکی دیکەی ئاڤێستا پاکترە، لەرووی واتاشەوە، بەواتای (لە خواپاڕانەوە، سروود، دۆعا، وێردکردن، نوێژ، جەژن، ستایش، قوربانی، پاڕانەوە...) هاتووە. بۆ وێنە وەک:

– [خشەسری=xshathri]، بەواتای (فەرمانڕەوا، شا، حاکم، سەرۆک، سەرکار، سەردار، هتد) هاتووە.



[چیسا= chitha]، کەبەواتای (چز، لابردن، سڕینەوە، کوژاندنەوە، قت کردن، لادان، پەنادان، دواخستن، هتد) هاتووە.

١٠-دەنگی[ذ=the] = [th]:

لەپێشی پێشەوە، دەربارەی ئەم دەنگەوە، ئەوەمان رۆشن کردەوە، کە حاڵی حازر زمانی کوردیی لەشێوەی نووسیندا، وێنەی ئەم دەنگە وەک خۆی بەکارنایەت وبەڵکو زۆربەی کات، بەوێنەی (س) یان (ز) دەینووسن، سامەگەر وشەیەک نەگونجێ کە دەنگەکەی بگۆردرێ!

لەدۆخی ئاخافتندا، هەروەک وتمان، ناوبەناو، لەشێوەی هەوراماندا هەیەو لەئاڤێستادا. وشە بەم دەنگەوە رازابێتەوەو هەبێ وەک:

– [بەودە=baodha]، کەبەواتای (بۆ، بووە، بۆخش، بۆنی خۆش، بۆوەش) دێ.

– [پوخدە=puxdha]، بەواتای (پێنجەم) دێ.

ئەم جۆرە نووسینە، هی (پورداود) ەو بەپێی کلیلی دەنگەکانی خۆمان، دەبێ بەم جۆرەی خوارەوە بینووسین:

[baotha]،[puxtha]، واتە (بەودە) و (پوخدە)

ئەم دەنگەلە ئاڤێستادا، لەسەرەتاوە، بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام لە ناوەڕاست ولە کۆتاییەوە، هەیە.

شایانی باسە، بەم بۆنەیەوە، کەئەم دەنگە، لەو دەنگانەدا، کە بۆ دەنگسازیی ئاڤێستای میلەلی دانراوە، بەرەو دەنگی[د=d]ی ئاسایی براوە و ئەمەش بێگومان لە رووی پشکنینەوە، ناڕاست و نادروستە، چونکە ون کردنی دەنگێ وگۆڕینی بەدەنگێکی دیکەی نزیکی لەکانگادا، ونکردنی ئاوازەکەیە، لەلایەکەوەو واتا تێکدانە لە لایەکی دیکەوە، بەشێوەیەکی رۆشنتر، ئەو وشەیەی سەرەوە بەم جۆرە نووسراوە:

– [بەودە=baoda].

١١-دەنگی[پ=p]:

ئەم دەنگە، چە لە ئاڤێستاداو چە لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، بەزۆری هەیە. بۆوێنە، لەئاڤێستادا، وەک:

[پەرەتو=paratu=paratu]، کەبەواتای (پرد، سرد، وەتەن،...) هاتووە.(٧)

لەکوردیی ئەمڕۆدا، وێنەمان، بۆئەم دەنگە زۆرە، بۆوێنە، وەک: صالحی، یان (محی

الدین سالحی) کەنوولەیی مەرەمۆ:

"کرێوەی خەیاڵ، سەریاسی ماتەم
شادەی ئاژاوە، سوپای بەفروتەم
دێوە لوولەی دەرد، جەقوللەی کاوان
شەپۆڵەی شیوەن، کینەی شەتاوان
ئاتەشگای دەروون، بڵێسەی بەڵا
سینەی پڕ کینەی قەڵای بەر قەڵا
سەردیی (سارەوان)، (داڵەهۆ)ی دڵان
نەبی (گەزەن) بار، هەراڵەو گوڵان"

(مژ.هەورامانی.ل- ١١٦٠)

١٢-دەنگی[ب=b]:

ئەم دەنگەوە، لەسەرەتاو ناواخن وکۆتایی وشەوە، چە لەئاڤێستادا، چەلەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، بەزۆریی خۆی پیشان ئەدات. لەزمانی ئاڤێستادا، وەک:

– [بەر=bar]، بەواتای (بردن)، (بەردەی)، (بر) یش بۆهەمان واتا، بەکار دێت.

– [بەخت=baxt]، بەواتای (بەخت، شانس، نێوچاو، چارە، نگین، ئێقبال، برد، مراد) دێ.

– [برزەت=brzat]، بەواتای (بەرز، با، سەر، هۆر) دێ.

– [بازو=bâzu]، بەواتای (بازوو، باڵ، قۆڵ، بەژن) هاتووە.

لەزمانی کوردیدا، وێنە بۆئەم دەنگە وەک، دوکتۆر سدیق موفتی زادەی دشەیی مەماچۆ:

"شەماڵی شەوگەرد، سەر دیار ماوا
دڵەی غەریبان، وەشنۆت ئاوا
نەهەرسەربەرزێ، سەرتەرزێ وەردە
رازی دەردەدار، وەدڵدار بەردە
وەبۆی هەر گوڵێ، دەماخ چاخ کەردە
وەشنۆی کاوان، دڵ پەرداخ کەردە"

(مژ-هەورامانی-١١٥٤، ١١٥٥)



١٣-دەنگی[ف=f]

ئەم دەنگە لە ئاڤێستاداو لەزمانی کوردیی ئەمڕۆیش، بەزۆریی هەیە، لەجێگا جۆراو جۆرەکانی وشەوە دێ: بۆ وێنە لە ئاڤێستادا، وەک:

– [فرەیشتە=fraêshta]، بەواتای (فریشتە، پەریی) دێ.

– [ڤەفرە=vafra]، بەواتای (بەفر، وەفر، ڤەرو، وەروە، ڤەروە، ڤەرڤە) دێ وهەر بۆ وێنەی ئەم دەنگە لەزمانی کوردییدا، وەک: (خەستەی خانەگایی) مەڤاچۆ:

"چراخم دیدەت،......
سەوگەندوە سورمەی، دەورانی دیدەت
وە ئەبرۆی وێنەی، با ی خەمیدەت
یاخۆچۆن هیلال، هەق ئافەریدەت
وەزولفی سیات، پەرچینی لوولت
وەباڵای چون سەوڵ، ڕەندی نەو تووڵت"

(مژ، هەورامانی، ل-١١١٩)

١٤-دەنگی[و=w]:

ئەم دەنگە بەپێی جێگایی و دراوسێی لە (مۆرفیم=وشە=برگەی واتادار)ی واتاداردا، هەندێ، بەنیمچە ئاوازەدار سەرژمێر دەکرێ و هەندێ جاریش، بەنیمچە بزوێن و لەلایەکی دیکەشەوە، وەک ئاوازەداری تەواوی ویان وەک بزوێنی تەواو سەرژمێر دەکرێ.

بۆوێنە، لەئاڤێستادا، وەک:

[ئەورە=3awra]، بەواتای (ئەور، هەور، ئەبر، ئەڤر) هاتووە.

(تێبینی: رەمزی هەمزە (ء) بەو بۆنەیەوە لە لاتینیدا نییە، لە ئەلفوبێی ئاڤێستادا دیاریی نەکراوە و ئەمەش لەسەر ڕێڕەوەی لاتینییە و لە سەرەتاشەوە ئەمەمان ڕۆشن کردەوە. بەهەر حاڵ، وتمان، ئێمە لێرەدا (3) سێی لاتینی لەبریی هەمزە، کە دەنگێکی ئاوازەدارە[3]دادەنێین و وەک ئەوەی سەرەوە).

ئەوجا لەم وێنەیەی سەرەوەدا ئەو دەنگی [و=W] ئاوازە دارە.

[ثوەخشە= thwaxsha]، ئالێرەدا، دەنگەکە نیمچە بزوێنە (یان دوو دەنگ تێکەون ئەوانیش (ئاوازەدارێکی (بۆر) ڕەنگ وبزوێنێک).

[گاثویا=gâthwya] ، کەبەواتای (گاثایی) دێت و وشەکە (گاثا)یە.

لێرەدار، دەنگەکە بزوێنە وکەوتووەتە، کۆتایی بڕگە واتادارە کەوە (گاثا=گاسا).

ئەم وێنانەش، زۆرتر لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا هەن و بەرچاو دەکەون و بەم پێش ئەوەی بڕۆینە سەر وێنە هێنانەوە، پێویستە ئەوە بڵێین، کە لە سەرەتای وشەوە، هەمیشە بە(کۆنسۆنانت=ئاوازەدار) سەرژمێر دەکرێ.

لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، مەلا عومەر رەنجووریی ئەفەرمێ:

"بەخارانەوە،.........
قیبلەم وەس، سفتەم بەخارانەوە
وەس جەرگم بدەن، بەخارانەوە
باوەس دڵ مار بۆ، وەخارانەوە
عەرزە و وەفاو بەین، وە پەیمانەوە
باهەر بمانۆ، بەو پەیمانەوە
نەوا ناغافڵ، جەرگەی بەد واچان
جە رووی بێ بەینت، حەرفی بەد واچان
لەیل ئاسای قەدیم، وەرچە روی جەفات
باعام بزانان، وەشەرت و وەفات
رەنجووری رەنجش، وە رەنجانەوە
هەنی، وەس دڵش، بڕەنجانەوە"

(مژ، هەورامان، ١١١٠)

١٥-دەنگی[نگ=ng]ی بڕناخی:

ئەم دوو دەنگە و تێکەویی بەیەکترییە بەدوو دەنگ و واتە؛ هەر دەنگێ لەم دووانە، بۆ ئەوەی تێکەڵ بەیەکتریی ببن کەمێ، لە ئاوازی خۆیان ون کردووە، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە دەنگە نوێیە بگرنەوەو دروستی بکەن.

ئەم دەنگە هەرگیزلە سەرەتای وشەوە نایەت، بەم لە ناواخن و لە کۆتایی وشەوە دێن.

وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک:

- [دەینگو=daingu] ، کەبەواتای (دەهان، دەم، زار،...) هاتووە.
- [بەنگە=banga] ، کەبەواتای (بەنگ، هەرەبەنگ، تلیاک، حەشیش،...) هاتووە.



- [ئەنگرۆمەینیو=3angrômainyu] ، کەبەواتای (ئەهریمەن) هاتووە.

لەشێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم دەنگە، بەزۆریی بەرچاو دەکەوێ، بۆ وێنە، وەک:

(سەیدیاقو مایدەشتی) مەڤاچۆ:

"شیرین تۆ تۆیلێ، نەمامی نەومی
سەد حەیف، کە هامراز، یارانی شەومی
نە سەختی چون سەنگ، نە نەرم چون مۆمی
نەزەنگیی زەنگی، نە رۆمیی رۆمی"

(مژ، هەورامانی، ١١١٣)

هەروەها غەمناک، محەمەد ئاغای زەنگەنە مەرەمۆ:

"میرزام سیاسەنگ،...........
میرزام وە دەس تۆن، دڵ وە سیاو سەنگ
میرزام ئاوەردی، سیاسەت سەد ڕەنگ
ئاخر ئاوەردی، سەنگی سەرد وە دەنگ"

(مژ، هەورامانی، ١١٢٨)

١٦-دەنگی [ن=n]:

ئاڤێستا ناسان دوو جۆرە دەنگ بۆ ئەم دەنگەیان سازداوە بەم وەها دەردەکەوێ کە لە پاشا لێی پاشگەز بوونەتەوە، چونکە دەوری نە رێزمان، نە دەنگسازیی، لەو جوێ کردنەوە، وە دەست نەهاتووە و بۆیە، وەک وتم، وازیان لێ هێناوە.

بۆئەم دوو جۆرە دەنگی[ن=n]ئەم وێنانەیان، هێناوەتەوە:

- [نمانە=nmâna] ، بەواتای (خان و مان) هاتووە.
- [هەیتومەنت=haêtumant] ، ناوی رووبارە
- [نەر=nar] ، (نێر، پیاو، مەرد).
- [نامە=nâma] ، بەواتای (ناو، نام، ناڤ، نامێ).
- [هەندامە=handâma] ، بەواتای (هەندام، تەن، بەژن و با).

ئەم وێنانەی سەرەوە، ئەوانەن، کەگوایا، دوو دەنگی[ن=n]یان دیاریی کردووەو وەهاش دەرکەوتووە، کەئەو دوو جۆرە جوێ کردنەوەیان بێ سوودە، لەوانەشە هۆ بگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کە زمانەکە مردووەو ڕۆنکردنەوەشی زۆرتر بۆ دەوری

بەراوردکردن، لەگەڵ زمانی سانسکریتیدا، کە زۆر نزیکیەتی، بەتایبەتی زمانی (ڕەگڤێدا) بگەڕێتەوە.

لەم رووەوە (تەماشای: S.N.Sokolov, L.Avesta، گاساها، پورداود). بکەرەوە.

ئەم دەنگە لە زمانی کوردییدا، بەزۆری هەیەو جگە لە هەندێ وشەیەک کە دەنگی [ن=n]کەی دەقرتێ، لەئاخاوتنداو جگە لەوەی کە تێکەڵ بەدەنگی [گ=g]دەبێ و پێکەوە دەنگی [نگ=ng] دروست دەکەن، ئاوازە دانەوەی لە سەرانسەری وشەکانی دیکەدا سانابیە.

بۆوێنە لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، وەک، سەیدیی هەورامی یەکەم، مەفەرماوۆ:

"ئەز ئۆرمۆن، مەکانم بی ولاتم
سەرو پیری، خوای گیرەن خەلاتم
برۆ دەروێش، لوۆ سەیرۆ وەتۆ
نەنیشتۆ، هیچ وەلاتێونە، نەساتم"

(مژ، هەورامانی، ١١٠٦)

یان، شێخ یوسف-ی نۆسمە، مەرەمۆ:

"چێش کەردەن وە دەسی دڵدارانەوە
نێش مەدان مەرهەم مشارانەوە
من ئەفکار وەخار ژرارانەوە
ئەوان پاوەلەنج وە نارانەوە"

(مژ، هەورامانی، ١١١٣)

١٧-دەنگی [م=m]:

ئەمە دەنگێکی باوە، چە لە ناو ئاڤێستادا و چەلە ناو زمانی کوردیی ئەمڕۆدا و لە سەرەتاو ناواخن و کۆتایی وشەوە دێ.

وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، وەک:

- [میەزدە=myazda]، بەواتای (دەزێ، مزۆ، هەمزۆ، ئەزێ) دێ.
- [مەرەتە=marata]، بەواتای (خەڵک، مەردم) دێ.
- [مەر=mar]، بەواتای (مردن، مردار، مەردەی) دێ.



- [شامە=shama]، بەواتای (خواردنەوە، نۆشین) دێ.
- [دامەن=dâman]، بەواتای (مەڕوما ت بەخێوکەر، دامداریی، ئاژەڵداریی) دێ.
- [مرەڤ=mrav]، بەواتای (مەرەمۆ، مەفەرماوو، دەفەرمێ) دێ.
- [مرنک=mrnk]، بەواتای (دەمرێنێ، دەشێنی، وێرانی دەکات، لەناو دەبات) دێ.

وێنەی ئەم دەنگە، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، وەک (شەمسی قورەیشی پاوەیی) مەفەرماوۆ:

"عەزیزم یاوا، نامەت وەلامان
(ایضا) کولناتۆ، تۆبەستەی زامان
تانامە جەدەس، (قاصد) ستانام
وەر جە ئەو نامە، مەرگی وێم دانام
نەزەر وە مەزموون، نامەت گوزەر کەرد
تاوانام هانام، جەگەردوون ویەرد
سەرکەرد نەدیدەم سەیلاتی هوونین
سفیدیی نامە، جەهوون بێن ڕەنگین
پەی کۆ لەیلی خەم، منت یاد کەردەن
جەمن خاستەرت، وەیاد ناوەردەن
سەوداوە جەرگم، تاسیم بەردەوە
زامی کۆنەو نۆ، تازە کەردەوە"

(مژ، هەورامانی، ل-١١١٢)

١٨-دەنگی[ی=y]:

ئەم دەنگە لە ئاڤێستاشدا ولە زمانی کوردیشدا، هەیەو ئەوەی کە لەم رووەوە دەبێ بوترێ، ئەوەیە کە ئەم دەنگە، لە هەندێ جێگەدا، نیمچە بزوێنەوە لەهەندێ جێگای دیکەدا ئاوازەدارە، بۆ وێنەلە ئاڤێستادا، وەک:

- [یاتو=yâtu]، بەواتای (جادوو، فێڵباز، سیحربار، خەڵک خلەتێن، فریودەر) دێ.

ئاڵ وگۆڕێکی دەنگسازیی لە نێوان دەنگی[ی=y]و دەنگی[ج=j]دا.

- [یەڤە=yava]، وەک ناوی واتایی بەواتای (شادیی، کەیف، خۆشی، گەشە) دێ.

- [یەسنە=yasna]، بەواتای (جەژن، جێژن، پەرستن، قوربانی، لا نەوە، نوێژ، وێرد) دێ.
- [شیا=shyâ]، بەواتای (شادیی، کەیف، خۆشی، گەشە) دێ.

وێنەی ئەم دەنگە لە زمانی کوردییدا، وەک: مەلاحامید ئالیجانی دەفەرمێ:

"بەتانە پەرسا، پیری مەیخانە
ئایا، مەزانی، مەعنای پەروانە!
بواتم:یانێ پەروانە دارۆ
سەد بسۆز وەنار، ئەرواح پسپارۆ
واتش:ئافەرین، مەعلوومەن مەسی
لەئەهلی مەستان، بادە هەوەسی
وات:وادیارە کەم ئیخلاس بووگی
واتم:نەوەگ تۆ، کەس نەناس بووگی

(مژ.هەورامانی.ل-١١٢٦)

لەسەرەتای وشەوە، ئەگەر هات بەئاوازەدار دەژمێردرێ وئەگەر لە جێگایەکانی دیکەدا، هات، ئەوە نیمچە بزوێن لەقەڵەم دەدرێ بەپێی جۆری دراوسێیەتی!

١٩-دەنگی[ڤ=v]:

ئەم دەنگە ئاوازەدارە، لە ئاڤێستاداو لەکوردیی ئەمڕۆیشدا، هەیەو ئاوازەی ئەم دەنگە زمانڕازێنەرەوەو دڵگیرە. ئەم دەنگە لەشێوەی ناوچەی بادینان وناوچەی هەوراماندا بەزۆری هەیەو بەڵام، لە شێوەی سۆرانی نووسین و ئاخاوتندا، زۆر کەمە. وێنەی ئەم دەنگە، لە ئاڤێستادا، وەک:

[ڤەرەز=varez=varaz]، بەواتای (وەرزاندن، وەرزش، تێکۆشان، راهێنان، کارکردن، کۆشش کردن، وەرزنای، وەرزێر) هاتووە.

[هاڤانە=hâvâna]، بەواتای (هاوەن، ئاوەن، ئاوان) هاتووە.

[ڤەهیشتە=vahishta]، بەواتای (بەهەشت، خۆشی) هاتووە.

[خشڤەش=xshvash]، بەواتای (شەش) هاتووە

[یەڤە=yava]، وەک ناوی مادیی بەواتای (جۆ، یەوە، یەڤە) هاتووە.

وێنەی ئەم دەنگە لە کوردیی ئەمڕۆدا، وەک: سەیدی هەورامی یەکەم مەفەرماوۆ:



"..............................
نەژیڤانە، مەژیڤۆ، بێتە، ساتێ
حەیاتەمنی، حەیاتەمنی، حەیاتم
نی یاپەی تۆ، قەرارو ژیو وتا
..................................
ئەز دێڤانە تۆ، ئەرشێت و سەرسام
پەکەم تۆنی، تەڤستەن موشکیلاتم"

(مژ. هەورامانی، ل١٠٦، ١١٠٧)

٢٠- دەنگی[س=s]:

لەئاڤێستادا، لەدەنگێ پتر بۆ ئەم دەنگە دانراوە، بەڵام، لە وێنەی وشەسازییا جیاوازییان پیشان نەدراوەو هەروەهاش، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، لە گفت وگۆدا دەنگی [س=s] وەک دوو دەنگ ئاوازەی جیاواز بەدەستەوە دەدەن، بەڵام وێنەی نووسینیان جوێ نەکراوەتەوەو پتر لەوەش، کەوشەی عارەبی دەنگی [ص] دار، دێتە بەرەوە، زۆربەی نووسەران بەدەنگی[س] دەینووسن ویەکێکیش لەوانە، ناوبەناو، منم.

وێنەمان بۆ دەنگی [س=s]، وەک:

- [سەرتە=sarta]، واتە (سارد، سەرد، سەرما، زوقم، یەخبەندان).
- [ستا=sta]، واتە (ویستاند، مردایرە، راوەستاندن، وێستا، راوەسان، وێست).
- [رەسمەن.rasman]، واتە (رەزم، جەنگ، شەر، داوا، بەزم ورەزم).
- [ئەسپە=3aspa]، ئەمە بۆ نێرە کە لە کوردیی ئەمڕۆدا [ئەسپ=3aspa]ی پێ دەوترێ، بەم مێیەکەی کە (ماین)ی پێ دەوترێ، لە ئاڤێستادا[ئەسپا= 3aspâ]ی پێ دەوترێ، نیشانەی مێ (لەوشەی ئەسپدا)، [ا=â]یە لەزمانی کوردییدا، وێنەمان بۆئەم دەنگە وەک مەولانا خالید مەرەمۆ:

"قیبلەم، فیراقت.................
ئارامم سەندەن، سەودای فیراقت
دڵ قەقنەس ئاسان، جەئیشتقاقت
ساغەم کۆی شادیم، باد وە باد شانۆ
تەمام ئینتقام، وەسڵت جیم سانۆ"

(مژ. هەورامان، ل١١١٧)

یان شێخ عەبدو ی دیوانە مەڤاچۆ:

"دادی من جە دەس، گەردوونای گەردوون
خواجە وست وەشام، غولام وست وەتوون
سککەم سفید کەرد، جەداخی خالید
نەنیشتم جەسای، بەیداخی خالید"

(مژ. هەورامان، ل١١١٨-١١١٩)

ئەمانەی سەرەوە، وێنە بوون، بۆ دەنگی [س=s] کە بەرامبەر بەو دەنگە [س=s]ی ئاڤێستایە، کە لە سەرەوە دەمی باسمان خستووەتە سەری.

لە زمانی کوردییدا، جۆرە دەنگێکی دیکە نزیک بەو دەنگە، بەم نەختێ قەڵەوتر لە ئاخاوتن بەر گوێ دەکەوێ، بەم، وێنەی نووسینی (جگە، لە (ڵ)ی عارەبی) بۆ دیاریی نەکراوە و لەو جۆرەش وەک: وشەکانی (سەگ) و (سەد) و (سەوزە) و (ساڵ) و (ساماڵ) و....هتد. ئەمانە [س]کەیان، وەک قەڵەوتر، گۆ بکرێت، وەهایە.

٢١-دەنگی[ش= ]، [ش=sh].

ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا ولەزمانی کوردییدا، بەزۆری هەیە وبەر چاو دەکەوێ، وێنەمان لە ئاڤێستادا، وەک:

- [ئوشترە=ushtra]، کەبەواتای (وشتر، شتر، حوشتر،...) دێ.
- [رەنجیشتە=ranjishta]، کەبەواتای (رەنجدەرتر) دێ.
- [تیشتریە=tishtrya]، واتە (تیر، ئەستێرە، هەسارە، ستارە).
- [شیا=shyâ]، واتە: (شاد، وەشی).

(تێبینی: بۆ ئەم دەنگە لە ئەلفوبێیەکەیدا سێ وێنەی نووسینی هەن و لە دەنگەکانیشدا دوو دونگ هەن، بەم جیاوازییان، دیاریی نەکراوە و لام وەهایە، نەتوانراوە، لە یەکتریی، لە رووی زمانناسییەوە ناوونیشانی هەر یەکێ لەوانە جوێ بکرێتەوە).

وێنەی ئەم دەنگە لە زمانی کوردییدا، وەک عەبدوللە بەگی هەورامان، مەرەمۆ:

"یاران هامسەران، ئیشەو خاوێ دیم
جە زیندانی تار، عەجەب خاوێ دیم



ئازادیی وەتەن، هەورامانم دیی
ئیلاخانی چۆڵ، کۆسالانم دیی
وەنەوشەی وەش بۆ چنوور جەهەردان
ئامانە خاوم پەی بارۆ دەدان
ڕێحان پەلش دێز، شەست پەڕ، جەباخان
سۆسەن و نەسرین، شەوبۆی ئیلاخان

(مژ، هەورامان، ل١١٠٤)

٢٢-دەنگی [ز=z]:

ئەم دەنگە، هەروەک لە ئاڤێستاشداو لە کوردیشدا، هەن ودەنگ دەدەنەوە. لە ئاڤێستادا، ئەم دەنگە وەک:

- [زیا=zyâ]، بەواتای (زیان، زەرەر، خەسارەت) دێ.
- [زیریتە=zairita]، بەواتای (زەرد) دێ.
- [ڤەرز=varz]، بەواتای (راهێنان، وەرزاندن، وەرزنای، ڤەرزنای) دێ.
- [ئازاتە=3âzâta]، بەواتای (ئازاد، سەربەست) دێ.
- [ئەڤریزکە=3avrzika]، واتە (تەممەل، بێکار، تەوەزەل، نەڤەرزەندە، نەوەرزیا).

شایانی باسە، ئەم وشەیان بەم جۆرش نووسیوە و دەنووسرێ (مەبەستم ئاڤێستاناسانە): ئەمەش وێنەیەکی دیکەیەتی:

- [ئەڤەرزیکە=3avarzika]= (پورداود، گاساها-انتشارات دانشگاه تهران).

وێنەمان، بۆ ئەم دەنگە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، وەک میرزا شکرللە دیناروەند (فەیلیەکانی پشتکۆ) دەفەرمێ:

"دلا هاگوزەشت،.........
خۆشی وشادی و زەوق، ساڵان ها گوزەشت
ماجەرای پیریی دیت، چە ڕەنگی رەشت!
کام بی وە بەرگ، خەزان کەردە نەشت
سپید پۆش بییەن، سەرتاپای باڵام
نەپەسەند بییەن، قوماشی ئاڵام
..........................................

خاسه نازاران، ئەوسا منەتبار
ئیسه لە روخسار، پیرم بیەن بێزار"
(مژ، هەورامان.١١٢٣)

**٢٣-دەنگی[ر=r]:**

ئەم دەنگە، لە ئاڤێستادا هەیە و لە هەندێ سەر چاوەشدا، دەنگی [ر] یەکی دیکە هەیەو بەم، وەک[ر]یەکی، نەناسراو چە لە وشەدا و چە لە رووی جیاوازییەوە لە یەکتری، یان ئەوەی کەوا لە مەیدانی دەنگسازییدا. لە زۆربەی بەرهەمی ئاڤێستاناساندا هەر بەدەنگێ لە قەڵەم دراوە وئەویش، وەک دەنگێکی نەرم کە لە گۆڕەپانی دەنگسازییدا دەنگی دێ.

بەڵام لە زمانی کوردییدا، دوو دەنگە [ر=r]، [ڕ= ] هەن و هەریەکێ لەوانە، دەوریان لە مۆرفیم دروستکردندا هەیە. بەهەر حاڵ، لە ئاڤێستادا، وەک:

- [رەوخشنە=raoxshna]= بەواتای (ڕۆشن) دێ.
- [ماترە=mâtra]، واتە (دایک، ئەدا، داڵک).
- [پیتەر=pitar]، واتە (باوک، تاتە، باوە، باب).
- [بەیڤەر=baivar]، واتە (دەهەزار، بێوەر).
- [ئاتەر=3âtr, 3âtar]، واتە (ئاگر، ئایر، ئادیر، ئار، ئادر، ئاتەش، ئاور).
- [ڕتەون= rtaun]، واتە (راست، ڕێک، بێ درۆ، هەقق، داد).
- [بوری=burî]، واتە (بووە، دوەوڵەمەند، بیبیە، بووگە، هتد).
- [سورە=sura]، واتە (زۆر، هێز، قووەت).

لەکوردییدا، وێنەمان، بۆ ئەم دەنگە، دەبێ بکرێت بەدوو بەشەوە واتە، بەم جۆرە: بەشی (ئەلف) دەنگی [ر=r]و بۆ وێنە: سەی یاقوی مایەدشتی دەفەرمێ:

"شیرین تۆر تاکەی،...............
دڵداری دێرین، شیرین تۆرتاکەی
بێ مەیلی تا چەند، جەفاو جەور تاکەی
عومرم تەمام بی، شەرت وسەور تاکەی"

بۆ بەشی (بێ) کە دەنگی[ڕ= ]ی قەڵەوە، وەک: هەر لە هەمان قەسیدەدا، سەی



یاقو دەفەرمێ:

"شیرین تۆتۆیڵی، نەمامی نەومی
سەد حەیف، کە هامڕاز، نەمامی شەومی
نەسەختی چون سەنگ، نەنەرم چون مەومی
نە زەنگیی زەنگی، نە ڕۆمیی ڕۆمی"
(مژ، هەورامان، هەمان لاپەڕە)

بەڵێ، وتمان کە ئەم دوو دەنگە، هەر یەکەیان، بۆ خۆی (فۆنیمە) واتە، توانای ئەوەیان هەیە کە لە مۆرفیما، واتا بگۆڕن، بۆ وێنە:

- [کەڕ=kar ]، کەبەواتای (کەڕ) دێ.
- [کەر=kar]، واتە (کەر، هەر، خەر).
- [مر=mir]، واتە (مریشک، مامر، کەرگ).
- [مڕ=mir ]، واتە (دژژ، پێچەوانە، دوژمن).
- [بۆر=bôr]، واتەرەنگی (بۆر).
- [بۆڕ=bôr]، واتە (بەزاندن).

**٢٤-دەنگی[ژ=z]:**

لە دەنگە خۆش ئاوازەکانە، کە ئاڤێستا وکوردیی پێ رازاوەتەوە. ئەم دەنگە لە سەرتاو لە ناواخن ولە کۆتاییەوە دێ. وێنەی ئەم دەنگە لە ئاڤێستاوە وەک:

- [ژنارتە= znâtra]، کە بەواتای (شناس، ناسیاو، زانراو) دێ.
- [ژنو=znu]، بەواتای (ئەژنو، زانوو، زەنگ، زەنگۆڵ).
- [یەوژدە=yaozda]، بەواتای (پاکژکردن، پاک کردن، دروستکردن، پاک کەردەی، دروستکەردەی، جوشدای، هتد) دێ.
- [دوژاپیە=duzâpya]، بەواتای (دژوارەرێ، سەختەرێ).
- [ژ=z]، کە بەرامبەری (ژ، ژە، ج، جە، لە).
- [غژەر=ghzar]، بەواتای (گەژەر، غەجەر، گووجەر، شێت، لێو، دێوانە، هەرزە،...) دێ.

لەکوردیی ئەمڕۆدا، وێنە بۆ ئەم دەنگە وەک حەسەن بەگی میکایلی مەفەرماوۆ:

"................................
ستارەی زوحەل فیتنەی زەمانە
جەللادی خوێنرێژ، خوێش وبێگانە
دڵەی عاشقان، قیمەی کەبابکەر
جای بێژەن نەجای ئەفراسیاب کەر"

(مژ، هەورامان، ل١١٤٠)

هەروەها، میرزا قولی (شارق) بەختیاریی، مەرەمۆ:

"هەقش وەدەستەن،..............
یاران ئەو شەخسە، هەقش وەدەستەن
ژە قەیدی دنیا، تەمام وارستەن
ژە جامی بادەی، ویلایەت مەستەن"

(مژ، هەورامان، ل١١٧٢)

"...................................
ژە وەسواسەی نەفس، نەکەی ئەندێشە
نەخڵی کیبرو حیرس، کەنۆت ژە ریشە"

(هەمان سەرچاوە)

٢٥- دەنگی [هـ=h]:

ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، هەیە وەک (ئاوازەدار) و وەک بزوێن، لە ئاڤێستادا، وەک ئاوازەدار لە سەرەتاوە دێت و بەس (هەروەک، وەهام بۆ دەرکەوتووە). بەڵام لە زمانی کوردییدا لە سەرەتا و لە ناواخن و لە کۆتاییشا دێت.

لە ئاڤێستادا، بەم جۆرە دێت.

- [هەنکەنە=hankana]، کە بەواتای (هەنگ) دێ.
- [هەنەرە=hunara]، کە بەواتای (هونەر) دێ.
- [هاڤەنە=hâvana]، کە بەواتای (هاوەن) دێ.
- [هەندامە=handâma]، کە بەواتای (ئەندام، بەژن وبا) دێ.
- [هەپتە=hapta]، کە بەواتای (هەفت، حەوت) دێ.

لەزمانی کوردیی ئەمرۆدا، وەک میرزا شەفیعی جامەڕێزی مەفەرماوۆ:



"هامسەران جارێ،..................
رام کەفت وەگوزەر، درەختێک جارێ
دەرخت چی درەخت، قامەت چنارێ
بەرزی بەهرەمەند، ساوای مەن دارێ
سەرجە کەشکەن، هەفتەمین ویەرد
ریشەی پانەخت، زەمین مەحکەم کەرد
واتم: پیرەدار، مەننەی هەزار ساڵ
شەرحێک جەی دەوران، باوەر وەخەیاڵ
خەیلێ زەمانەت، جەویر ئاوەردەن
شادیت وە زەمان، کام شاهان بەردەن"

(مژ،هەورامان، ل١١٢١)

٢٨-دەنگی[ئـ = 3]:

ئەم دەنگە لە ئاڤێستادا، دیاریی نەکراوە زمانناسە کوردەکانیش، لەم رووەوە لایان لە فەرهەنگی دەنگسازییدا، لێ نەکردووەتەوە و وەک بەدەنگیان نەزانیبێ وەها دەر دەکەوێ.

لە زمانە، ئەورووپاییەکانیشدا، بەرچاوی گوێ دەکەوێ، بەڵام رەمزیان بۆ دانەناوە، بۆ وێنە:

(ئارم)، (بارم).

ئەم دوو وشەیە، هەر دووکیان دەنگی[آ=â]یان تێدایە و بەم وەک یەک گۆ نەکراون، واتە: دەنگی بەشی یەکەمیان دوانن وهی دووەمیش یەکێکە و جیاوازە لەوانەی سەرەوە. واتە:

- [ئارم=ئام=3ârm=3âm]، واتە (قۆڵ، باڵ، دەسی کورسی، چەک، هتد).
- [بارم=بام=bârm=bâm]، واتە (خەمیرەی بیرە).
- [هارم=هام=hârm=hâm]، واتە (زیان، خراپە، ئەزیەت).

بێگۆمان، گوێچکەی زمانناس، ئەوە وەردەگرێ، کە وێنەی یەکەم دەبێ دەنگی (هەمزە)ی لەبەردەمدابێ، ئەوجا، دەنگە بزوێنەکە [â=ا]، مافی خۆی دەدرێتێ.

بەم پێیەی سەرەوە، ئێمە وەک کوردێک، مافی ئەوە بەخۆم ئەدەم، کەبۆ ئاڤێستاو بۆ

زمانی کوردیش، دەنگی [ئـ=3] بخەمە ناولیستەی دەنگسازییەوەو وێنەی ئەو دەنگەش، هەروەک نووسرا- (نەختێ لە پێشەوە) ژمارەی (3)ی لاتینییە، واتەدەنگی [ئـ=3] و بەم جۆرە، دەبێ بەهەندێ وشەی ئاڤێستادا، کەلەمەوبەر، هاتە بەر پەڕەی باسمانەوە، بڕۆینەوە، بۆ ئەوەی وێنەی دەنگییان، کەلە فەرهەنگدایە راست بکەینەوە، واتە:

- (aspa)= (ئەسپە) دەبێ بەم جۆرە رەمزی دەنگی بۆ بکرێ [3aspa=ئەسپە].
- [ئەهورە=3eahura 3]، واتە، خوا.
- [ئەسپا=3aspa]، واتە (مایین).
- [ئازاتە=3âzâta]، واتە (ئازاد).
- [ئەپەرە=3apara]، واتە (لەپاش).
- [ئەمە=3ama]، واتە (زۆر).
- [ئەنتەرە=3antara]، واتە (لەژێر، ژێر).

لە زمانی کوردییدا، ئەم دەنگە لە سەرەتای وشەوە بەزۆریی دێت وزۆر کەمیش لە کۆتایی وشەوە، بەڵام لەناواخنی وشەوە، بەرچاو ناکەوێ،

بۆوێنە، سەیدا هەورامی یەکەم مەفەرماوۆ:

"ئەز ئۆرمۆن مەکانم بێ و تم
سەرو پیری، خوای گیرەن خە تم

......................................

جەنۆ ئاخ و خەمۆ، من پەی نیشاتێ
سیواو ئاخۆ، نێۆ هیچ دەسە تم
نیشات ئەر میر ومە ی، پەرسەدادم
شکات وتۆن، شکات وتۆن، شکاتم

..........................................

ئەزئەر دێڤانە تۆ ئەرشێت وسەرسام
پەکەم تۆنی، تەڤستەن موشکیلاتم
تەمەم بەستێنەنێ، ئاچاڵ و زەنجێ
کەدەی چا، کەوسەرەی، ئاوۆ حەیاتم



.......................................
تە فەرزا، دەی زەکات ونازەنینیت
ئەزیچ، دەرویش وتە، سا، دە، زەکاتم"

(مژ، هەورامان، ل١١٠٧)

ئەنجامی ئەم بەراوردە.

بە پێی بەراوەردکاریی رەوایە، کە بڵێین:

ا- دەنگەکانی [ب] و [پ] و [ف] و [و] لە رووی کانگاوە، زۆر زۆر لە یەکتریەوە نزیکن، بەجۆرێ، کە ئەمانە، لە ناوچەیەکەوە، بۆ ناوچەیەکی دیکەو لە شێوە زارێکەوە، بۆ ئەوی دیکە، جێگای یەکتری دەگرن، بۆ وێنە:

(ئاپ، ئاو، ئاڤ) یەک واتا ئەبەخشن، بەم ئاوازەی کۆتایی هەر یەکەیان نەختێ لەویترەوە، جیاوازە.

ب- دەنگەکانی [ژ] و [د] و [پ] و [د] و [ت] و [ج] لەرووی کانگاوە، لەیەکتریەوە زۆر نزیکن، بەجۆرێ، لەوشەیەکەوە، بۆ یەکێکی دیکەو بەپێی وەچەزار، یان شێوەزار، جێگا گۆڕکێ دەکەن.

ج- بۆ دەنگەکانی [ژ، د، پ، ت] لە رێنووسی کوردیی ئەمڕۆدا، لەسەر رێڕەوی عارەبیی وێنەی بۆ دانراوەو بۆیە، هەر لەسەر رێرەوی عارەبیی، لەنووسیندا، دەڕۆن.

د- چەند شێوەیەک-بۆ دەنگی [ت] دیاریی کراوە، وەک (رەمز) بەم لەوشەدا و جۆری جیاوازیی دەنگەکەی لەم تا ئەو، لە ئاڤێستادا، شوێنەواری نییە لەکوردیی ئەمڕۆیشدا، هەر تەنها باوەڕ بەیەک دەنگی [ت] هەیە و ناسراویشە.

هـ- پتر لە دەنگێ بۆ [س=s] لەئاڤێستادا، دیاریی کراوە و بەم جۆری جیاوازییەکەیان نارۆشنە، لەگەڵ ئەوەشدا، لەکوردیی ئەمڕۆدا، دوو جۆرە دەنگی [س=s] هەن و دەنگی یەکێکیان قەڵەوترە لەوی دیکەیان و ئەویش بەپێی جۆری دراوسێیانی لە دەنگ، لەبەرو دواویەوە.

و- رەمز بۆ دەنگی هەمزە دانەنراوەو سەرژمێریش بەدەنگ نەکراوەو هەروەها لەلایەن زمانە ئەوروپاییەکانیشەوە، هەر ناوی نەبراوە.

ز- دەنگی[ل=L] بەقەڵەو لاوازیەوە، هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوەو لەبەر بەسەر

چوونی ماوەیەکیی زۆر بەسەر مانەوەیدا، لایەنێکی فراوانی لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا گرتووە، بەڵام لە ئاڤێستادا دەنگی وەها نییە!

ح- دەنگی[ح] بەزمانی کوردیی بێگانەیە، بەڵام چەند وشەیەک لە زمانی کوردییدا جێگایان داگیر کردووە، هەروەها دەنگی[ق]ش.

ت- لەئاڤێستادا، یەک جۆرە دەنگ بۆ دەنگی[ر=r]دیاریی کراوە، بەڵام لە زمانی کوردییدا، دوو مۆرفیم هەن و ئەوانیش دەنگی[ر=r]ی لاوازەو دەنگێ[ڕ=r]ی قەڵەوە.

ی- دەنگەکانی[س]و [ت]، بەتەنیشت یەکتریەوە، کەمێ لە ئاوازیان کەم دەکەن.

ک- دەنگەکانی[ژ=z]و [ج=j]، لەبەرنزیکی کانگایان، هەندێ جێگا گۆڕکی دەکەن، هەروەها لە تەک [چ=ch] [چ=ch]شدا.

ل-ئەو ئەلفوبێیە، کە ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە، ناتوانێ تەواو دەنگە دێرینەکانی ئاڤێستای مێخی بەدەستەوە بدات وبۆمان هەیە بلێین، کە ئەوەی ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە. دەنگی زۆری ون کردووە.

(دوو) هەندێ چاوگە وشەی ئاڤێستایی:

- [زەڤ=zav]: بانگ کردن، گازکردن (چڕینی خودایی، دینیی)، (زاڤ کەردەیی) لەم چاوگەوە، وشەکانی[زوزڤ=zuzv]و [زڤا=zvâ]ی هەروەها وشەی[زەڤزەڤ=zav zav]یشی لێ دروست دەکرێ. ئەمانە، جۆرە چڕینێکی خودایی و (خورپە) شی پێ دەوترێ.
- [بەڤە=BAV-A=bava]، کە بەواتایی (هاتن، دەسکەوتن، وەرگرتن، دەستگیربوون) دێ وبۆ کاروباری (قازانج=سود) وشەی (دەستکەوت= سوود) بەکار دێ. ریشەی ئەم وشەیە[بڤە=bva]یە.

لەم چاوگە، وشەی[بووتە=BUTA=BU-TA] دروست دەبێ کەشێوەیەکی رابردوو دەکەوێتە بەر چاو بەم تایبەتیە، بە(پارتیسەپڵ=participl) لە ئینگلیزیدا.

- [دا=dâ]، کەبە واتای (دان=پێدان) دێ. هەروەها بەواتایی (دانان) وە بەواتای، داهێنان) یش دێ.
- [کەنە=kana]، بەواتای (کەندن، هەڵکەندن، هۆرکەنەی، کەننەی، کا ی، کێلان) دێ.



- [نیشەد=nî-shad]، بەواتای (دانیشتن، نیشتەرەی) دێ.
- [سرڤ=srv]، یان[سروتە=sruta]، بەواتای (سروە، سەرڤە، بیستن) دێ.
- [بەرە=bara]، بەواتای (هەڵگرتن، بار کردن) دێ.
- [ستە=ste ]، بەواتای (وێست، وێستان، وەستان) هاتووە و لەم وشەیە، قەدی رانەبوردووی وەک [هێشتەتی=hishtati] دروست دەکات، کە بەواتای (دەوەستێ، رادەوەستێ) دێ.
- [ترەس=tras] بەواتای (ترسان، تەرسان) دێ. ئەتوانین، ئەم وشەیە وەک (ناوی کارا) وە بەم جۆرە[تراسەیە=trâsaya] بەکار بهێنین، کە بەواتای (ترسێنەر، یان ترسئاوەر، ترسهێنەر) دێ.
- [پرسە=prsa] بەواتای (پرسین، پەرس، گۆ کردن، ئاخاوتن، پەرسای) دێ.
- [یەزە=یەسە=yasa=yaza]، ئەم وشەیە، بەواتای (پەرستن، پاڕانەوە، جەژنکردن، وێردکردن، پەرستەی، جەژنکەردەی، وێردکەردەی، قوربانی دان،......) دێ.
- [سەنهە=sanha]، بەواتای (گۆ کردن، گوتن، واتەی، قاچەی، قاچەقاچ) دێ. لە جێگایەکی دیکەوە باسی دێ.
- [خشەیە=xshaya]، ئەم وشەیە، بەواتای (حوکمکردن، دەست بەسەر داگرتن، دەست رۆیشتن، رەویە کردن،......) دێ. یان بەواتای (شاهی کردن) دێ.
- [دەیسەیە=daisaya] ،ئەم چاوگە بەواتای (بینین، دیتن، دیەی) دێ.
- [هەچە=hacha]، بەواتای: (گوێرایەڵیکردن، بەگوتەکردن، شوێنکەوتن، شۆنکەوتەی، بەگۆشکەردەی، هەچەکەردەی،......) دێ. لە کوردەواریدا، بۆ (ولاخ=کەر=خەر=هەر) بەکار هاتوە بەتایبەتی بۆ لێخوڕین. هەروەها بۆ یەکێکی (ترسنۆک وزەلیل) یش بەکاردێ، کاتی کە هەچەی دەکەن!
- [ژیڤە=جیڤە=jîva]، بەواتای (ژینکردن، ژیوای) = (ژیڤای) دێ.
- [جەسە=jasa]، ئەم چاوگەبە واتای (یەت، دێت، یێت، مێ، یەسە، دیهێت) دێ.
- [گرز=grz]، ئەم چاوگە بەواتای (گریەکردن، گرزە، کزەوەنەکەوتەی، گراوای) دێ.
- [ڤەس=ڤەز=vaz=vas]:

ئەم چاوگە بەواتای (خواستن، ڤاستەی، واستەی، خاستن، خوازبێنیکردن) دێ. ئەم

چاوگە، لە ریشەی [ئوس=us]ەوە دروست کراوە.

– [ڤرنەڤ=vrnav]:

ئەم چاوگە بەواتای (هەڵبژاردنڤ قەرچنیەی، هۆرچنیە، ڤەرە، هڤەرچنیەی) دێ. ئەم وشەیە، لە ریشەی[ڤرنو=vernu]ەوە دروستکراوە وەک چاوگی شێوەی دیکە [ڤەر=var]ە،

– [زەن=zan]:

ئەم چاوگە بەواتای (زایین، زای) دێ. وشەی (زەهی) لە شێوەی هەورامانیدا، بۆ بەشی دەرەوەی، بەشی زاینی (مانگا) بەکار دێ. کە بەواتای جێگای زاین دێ.

– [هونەڤ=hunav]:

ئەم چاوگە بەواتای (گووشین، ووشین، فشاردان، فشارای،......) دێ. ریشەکەی [هونو=hunu]ە.

– [مەنزەدە=manzada]:

ئەم چاوگە بەواتای (هاتنە بیر، یاد کردن، یادکەردەی، وێرکەردەی، هۆش ئامای) دێ.

– [کر =kr]:

ئەم چاوگە بەواتای (کردن، کرن، کەردەی) هاتووە. هەر لەم چاوگەوە، چاوگی [چەر=char]یش هەیە وهەر هەمان واتا دەبەخشێ. هەر لەم چاوگەوە، وشەی[کەرشڤی=karshvî] دروست بووە، کەبەواتای کێڵان دێ، یان (هەڵکەندن = هۆرکەندەی) دێ. لە هەمان ریشەوقەدەوە، وشەی [کەرشڤەر=karshvar]هاتووە وکە واتای (کیشوەر) دەدات، لە فارسیدا، بەو مەبەستەی کە مەرجی (سنوری) دیارییکراوە، هەڵکەندراوە، لەلایەکی دیکەوە، وشەی[کەرشڤەن=karshvan]یش هەیە، کەبە واتای خاوەن کێڵگە دێ.

لە کوردییدا، وشەی (کشتکەر، کشت وکاڵکەر، تەڕەکاڵکەر) بەواتای وشەی (کەرشڤەن)ی ئاڤێستایی دێ. یان هەر لە کوردییدا، توانای ئەوە هەیە کە بووترێ: (کشتەوان، باخەوان، تەڕەکاڵەوان، وەرزێر، رەنجدەر). ئەم چاوگە و ئەم قەدو ئەم ریشەیە، کە لەم وشەیەداوبە هۆیەوە چەندان وشە دروست دەبن، دوو دەوری هەیە و یەکێکیان، وەک چاوگەی کاری سەرەوە دووەمیان وەک (کاری یاریدەدەر) لەگەڵ



هەندێ (ناو)، (ئاوەڵناە)، (ئاوەڵکار)دا بۆ ئەوەی بەرەو دەوری (کار) بیانگۆردرێ.

کاری رانەبردوو هەر لەم چاوگەوە [کرنەوتی=krnauti]، کە بەواتای (دەیکات) دێ و لە ئینگلیزیدا، دەکاتە (makes). (بالە پارچەکانی ئەم وشەیە، وردبینەوە کە بزانین چی بەسەردێت)! [KR-NAU-TI]، واتە بریتی یە، لە چاوگی وشەکەو لە ناوبەندێک و لەپاش بەندێک. زماناس ئەگەر لیێیان وردبێتەوە توانای ئەوەی دەبێ، کە هەریەکێ لەو بەندانە، ناو بنێ!

– [مرەڤ=mrav]:

ئەم چاوگە بەواتای (گوتن، وتن، واتای، ڤاتە، ڤاچە، ئاخاوتن، ئاخفتن، بێژان، واچە، وتە، واتە، وێژان،....) دێ. لە بنەرەتدا، لە قەدی (مرو=mru)وە و هاتووە، بەکار هاتنی ئەم قەدو چاوگە، تەنها لە ناوەرۆکی (سەرنجام ویارسان)دا ماوە و لێرەدا، زاراوی (سەرنجام) (و یارسان) هاتە پێشەوە بۆیە، بەپێویست دەزانرێ، کە نەختێ دەربارەیانەوە بوترێ (بۆ ئەمەش، تەماشای پەراوێز بکە).(٩)

– [مرنک=mrnk]:

ئەم چاوگە لە قەدی [مرن=mrn]ەوە دروست کراوە و بەواتای، (مردن، مەردەی) دێ. ئەمیش لەقەد[مر=mr]ەوە هاتووە. ئەم قەدە بەواتای (بەرەو مردن، ناتوانێ نەمرێ، دەبێ بمرێ) دێ و وشەیەکی دیکە هەیە، یان ئامرازی نەفی، ئەگەر خرایە پێشیەوە، ئەوکاتە، واتای وشە نوێیەکە رۆشنتر دەبێ و بەم جۆرە:

– [مر=mr]، بەرەو مردن (مرۆ) لەمەوەیە

– [ئەمر=amr]، واتە (نەمر، جاویدان).

– [ستا=stâ-s]:

ئەم چاوگە بەواتای (وەستان، راوەستان) هاتووە، بۆ بەراوەردکردن و ئاگاداری لە وەی کە بەند سازیی چە کارێک دەکات:

– [ستەزنت=nt–s–sta]، کە بەواتای (هەڵساونەتەوە، هەڵسانەوە) کەبەرامبەری لەئینگلیزیدا، دەبێ بە:

(زەی ستود ئەپ=they stood up).

– [ئا = h]:

ئەم چاوگە بەواتای (نیشتن، نیشتەی، دانیشتن، دانیان، دانان) دێ. هەر لە ئاڤێستادا، وشە (چاوگ) یێکی دیکەمان، بەهەمان واتاوە هەیەو ئەویش [نیشەد=nishad]ە، (لە پێشەوە، باسمان کرد).

لەم رووەوە، بۆ کێشەی بەراوردکاریی، با لەم وشەیە، کە کەرستەیەکی پێک هێناوە، وردبینەوە:

– [ئاهانتەی=âhânti]، کە بەواتای (دادەنیشن، نیشارە، منیشا، منیشارە) دێ. دیارە (چاوگ لە گەڵ ڕاناوە لکاوەکەی دووەمی کۆ).

– [مەدە=mada]:

ئەم وشەیە، بەواتای (مەس) دێ. ئەم جۆرە بەکار هێنانەش، بەهۆی دۆشاوی (هەوم=هەرەبەنگ) ەوەیە، – (لە لایەکی دیکەوە، بەدرێژی باسی هەوم کراوە). بەشێوەیەکی دیکە، ئەم جۆرە مەستیە، هی عیشقی خودایە، کە بەهۆی دۆشاوی (هەوم)ەوە نزیک لە خوا دەبێتەوە!

گومانی تێدانیە، چونکە (ولات، نیشتمان)ی مادەکان، کەفەسەرە، بەرەزو مێوە دەیم وداری ترێوە، وەها لە قەڵەم دەدرێ، کە لەو کاتەدا (واین=شەراب) هەبووبێ و قەبالەکانی هەورامانیش، کە لە دەمی فەرهادی ئەشکانیدا، نووسراون باسی رەزێکە کە بۆ (مەی) گرتنەوە، سوودبەخشە و دەدرێ بەکرێ.

رستەیەک لەم بارەیەوە، دەڵێ: [مەدەتەی=mada-tai]، کە بەواتای (سەرخۆش،دەبێ) دێت وبەرامبەری لە ئینگلیزیدا، دەکاتە:

[ بیکەمس ئینتۆکسیکەیتد=becomes intoxidcated]

– [ئەوگ=aug]:

ئەم چاوگە بەواتای (گوتن، وتن، واتەی ئاخاوتەی، ئاخافتن، گوتە، قاچە) هاتووە. هەر لەم رووەوە بەهەمان واتا، چاوگی (مرەڤ=mrav) یشمان هەیەو ئەم چاوگەش، نەختێ لە پێشترەوە ناوی هات.

روالەتی وشەکە، یان قەدەکە، بەپێی دەمی واتاکەو کەسەکان دەگۆڕدرێ. بۆ وێنە، ئەگەر بمانەوێ بێژین (ئەگەر بلێت)، لە ئاڤێستادا بەم جۆرە دەگرێتەوە:

– [ڤەڤەچات=vavachât]، کە لە ئینگلیزیدا، دەکاتە، (ئیف هی سەیز=if he says).



با لەم رستەیەش (کە بەروالەت، وشەیەکە) ورد بینەوە، کە دەبێژین:

– [ڤخشەیا=vak-hshya-â]، یان، (ڤەکسیا)، کەبە واتای (دەڵێم، یەژم، دەبێژم، دەئاخەفم، ماچەم) دێ ولە ئینگلیزیدا، دەکاتە، [ئای شاڵ سپیک=I shell speak].

یان، ئەم وشەیە، [ڤەڤەچەت=vavachat]، ئەمە بۆ زماناسی بەرێز، تاوەکو لە گەڵ ئەوەی سەرەوەدا، بەراوەردی بکات.

– [جەسە=Jasa]:

چاوگی (جەسە)، یان (ژەسە) بەواتای (دێ، یێ، مێ، دەهێ، دێت، دەهێت، یەسێت) دێ. کە چاوگی لە کوردییدا، دەبێ بە(هاتن، ئامای، هامای) دێ.

بەرامبەر هاودژی ئەم چاوگە [ئەی=ai]یە، لە ئاڤێستادا، کە بەواتای (چوون، رۆیشتن، لوای، رەوتەن، رەفتەن) دێ.

پریپۆزیشن! کاتێ کە پێش وشەی کردارییی وەها دەکەوێ، کاری پێش ئاوڵکاری جێگا (شوێن) دەکات. بۆ وێنە دەوترێ:

– [ڤی جەسە=vi-jasa]، کە بەواتای (دێتەدەرەوە، وەدەردێت، بەرۆ می، مێ بەرۆ، مزیۆرە، دێتەدەشتوە، دەشتەوە یەت، وەدەریەس،......).

باڵەم وێنانەوردببینەوە، کە پریپۆزیشن، لە کاری پێش ئاوڵکارییدا، چەکارێ، دەکاتە سەر واتە.

– [ئوس-جەسەیتی=us-jasaiti] واتە: دەچێتە سەیران، دەچێتەگەڕان، دەچێتە دەرەوە، سیاحەت.

– [فرە-جەسەیتی=fra-jasiati] دێتە دەرەوە کە بەواتای (ڤی جەسە) دێت.

– [فرە-جەسان=fra-jâsiati]، بەواتای (نزیک دەکەونەوە)، (نەخشەدادەنێن) – [نی-جەسەن=ni-jasan]، کە بەواتای (چوونەخوارەوە، نزم بوونەوە، رێزونکردن، بێ دەسە ت بوون، هەژار بوون، زیانکردن) دێ.

– [تەنەڤ=tanav]:

ئەم چاوگە لە قەدی [تەنڤ=tanv]ەوە هاتووە. چاوگە کە بەواتای، (تەنگدان، تەنافدان، کێشای تەنگدان، تەنگ، کێشتەی،....) دێ.

– [ڤەڤەچ=vava]:

ئەم چاوگە بەواتای (واتەوات، ڤاچەڤاچ، ڤەچ، گوتن، وتن، ئاخافتن) دێ، لە جێگایەکی ترەوە هاوواتاوهاوچاوگی ئەم چاوگەمان هاوردەوە ئەویش [ئەوگ=aug] بوو.

بۆوێنەی بەکار هێنانی ئەم چاوگە تەماشای ئەم رستەیە، بکە:

– [مەنای–ڤەڤەچ=manâi-vavach ] ، کە بەواتای (بیردەکاتەوە دەڵێ!) چونکە وشەی (مانای) لە قەدی (چاوگی)، (مەن=man) ەوە دروست کراوە و بەواتای (بیرکردنەوە) دێ.

لە هەمان چاوگ، ناوێ دروست کراوە، کە ئەویش [ڤەخش=ڤاخش=vak-sh]ەو بەواتای (گۆ، وتە، گوتە، ڤەچ، ڤاچەڤاچ، واتە وات،......) دێ.

هاو واتای ئەم وشەیە، وەک (ناو) بەجۆرێکی دیکەش بەر چاودەکەوێ و ئەویش وەک[سەنهە=sanha]، کە هەمان دەور دەبخشێ. ئەم چاوگە دوایی، بەواتای، (گۆکردن) یش دێ.

– [مەن=man]:

ئەم چاوگە بەواتای (بیرکردنەوە، ویرۆکەردەی، یادکردنەوە، یادکەردی، یادکەردەیۆ) دێ، هەرلەهەمان چاوگ چاوگێکی دیکە وەک (مەنیە=manya) مان هەیە و هەر بەهەمانواتا و لە هەمان ئەرکدا، بەکار دێت وئەم نەختێ بەولا وەترەوە دڕوا.

بە هۆی ئەم چاوگان (دوو) ەوە، دەتوانین، بەکار هێنانی هەندێ وێنەی ئاڤێستای بەر چاو بخەین و وەکە:

– [نەریە مەنا =narya manâh]، کە بەواتای (پیاوی پیاوانە) دێ. یان وەک: [مەنزدەد=manzdad]، کە بەواتای (بیر کردنەوە، یادکردنەوە، ویرکەردەی، یادهێنانەوە، یادهاوردنەوە،...) دێ.

هەروەها، وشەی لێکدراوی [مەنیە–مەنە=manya mana]، کە لە پارچەی یەکەمی ئەم چاوگەی سەرەوە دروست کراوە، بەواتای (بیرکردنەوە، یان لە حاڵەتی بیرکردنەوە، یان حاڵی حازربیردەکاتەوە)، کەلە ئینگلیزیدا، دەکاتە[سینکینک = thinking].

بەرامبەر ئەم وشە ناساکارەی سەرەوە، وەک هاوواتای ئەم وشە ناساکارەشمان بەکار دێت و ئەویش [مەمنانە =mamnâna]یەو کە بەرامبەری لە ئینگلیزیدا دەکاتە [ریێمبەرینگ = rememberig].



– [هەت=hat]:

ئەم چاوگە، بەواتای (هەنی، هەبوون) هاتووە. لەم چاوگە، وشەی [هەنت=hant]دروست کراوەو بەواتای (هەیە، ژیاوە، لەژیاندا، زیندووە،...) هاتووە. لەم چاوگە، وشەی جۆراوجۆر دروست کراون، وەک وشەی [هەنتەم=hantam]. کە بەواتای (هەبوون) دێ.

چاوگەکە بەم جۆرەش کۆ دەکرێتەوە [هەتەم=hatam].

– چاوگی [ڤەنە=vana]:

ئەمە لەگەڵ چاوگی ئینگلیزیدا (تو–وین=to win) وەک یەک وانەو ئەمەش وشەیەکی هیندو- ئێرانی ئەوروپاییە، پیشان دەدات. بەهەر حاڵ چاوگەکە بەواتای (سوود وەرگرتن، دەسکەوتن، قازانج کردن، فرەکردن، سوود وەرگرتەی، دەسکەوتی فرە، قازانج کردەی، ڤەرگرتەی فەرە،...) دێ.

بەهۆی ئەم چاوگەی سەرەوە، وشەی [ڤەنەنت=vanant] دروست کراوە کە بەواتای (قازانج، سوود، دەسکەوت) دێ، واتە (ناوی لێ دروست بوو). کارای ئەم ناوە، بەم جۆرەیە [ڤەنەتە=vanata]یە و کۆیەکەشی لە دۆخی (جارومەجرور) یان (پاڵدەرەوەوپاڵپشت) دا، یان لە دۆخی (هەنیەتی=تەمەلوک=تملک=مولکایەتی) دەبێ بە[ڤەنەتام=vanatâm].

لە دۆخی (ڕابوردووی تەواو=present prfect) دا، بەم جۆرە خۆی بەر چاو دەخات: [ڤەنزەنت=vanzant]، کە بەواتای (قازانجی پێ گەیشت، سوودی وەرگرت، سوودی کرد- باسی دەمی گفتوگۆ کردنەوەو ئەمەش، لە شێوەی ناوچەکانی هەورامانداا، دەبێ بە، بۆ وێنە:

مووەرای مووەرۆ: حاڵی حازر خەریکە دەخوات

خوای خوۆ: حاڵی حازر خەریکە پێدەکەنێ

سوود کەرای کەرو: حاڵی حازر خەریکە سوود وەردەگرێ.

ڤاچای ڤاچۆ=واچای واچۆ=مواچای مواچۆ: لە گوتن دایەو یەژێ.

– [ڤەید–یای=vaid-dyâi]:

ئەم چاوگە بەواتای (زانین، زانیاریی، دانایی) دێ، لە شێوەی هەوراماندا، وشەکانی زانای، دانای، وێنای، دیدە=دنیادیدە،... بۆ هەمان واتا، بەکار دێن.

لەم چاوگە، وشەی [ڤیدڤا=vidvâ]دروست بووە، کە بەواتای (دەزانرێ، لەبەر چاوە، ڕۆشنە،....) دێ.

وشەی [ڤیدوشەی=vidushayi]، لە دۆخی کردەوەدایە، کە بەپریپۆزیشن-ەوە بەستراوە،-وەک بڵێیت: لە ئەڵمانی (دۆخی دەیەتیڤ) - و واتاکەی بەم جۆرە لێک دەدرێتەوە، (لەگەڵ زانین، بەدانایی،...).

- [فشەونەیە=fshaneya]

ئەم وشەیە، تایبەتیە، بە(ئاژەڵداریی= حەیوانداریی)یەوە و بەواتای (خواردن پێدان، ئاڵفدان، کاپێدان، گژوگیاپێدان، چاخ کردن،...) دێ.

ئەم چاوگە، قەدەکەی، ئەمەیە[پەزو=pasu]و ریشەکە شیان [پسڤ=psv]ە و بەواتای (ڕان، گەلە، پەز) دێ.

وشەی[ فشویە=fshu-ya]، بەواتای (ڕان پێکەوەنان، گەلە) دێ، وەک بڵێت (ڕانەمەڕ=ڕانەپەز= گاگەل) و ئەمیش چاوگە، بەڵام ئەم تایبەتییەی هەیە، کە وتمان لە هەمان قەدو ریشەوە دروست کراوە.

- [ئەرڤەت=3arvat]، [ئەرڤە-تام=3arvatâm] دروست بووە کە ریشەکەیان [ڕ=R]یەو بەواتای (جولاندنەوە، ڕۆیشتن، ڕۆیین، ڕەوکردن) دێ.

- [جەدیە=Jadya]:

ئەم چاوگە لە ریشەی [گد=gd]ەوە دروست بووە، بەواتای (پرسین، پەرسای، داواکردن، سواڵکردن، پاڕانەوە، دۆعاکردن، نوێژکردن، نوشتە کردن، جەژن کردن، لا نەوە،...) دێ.

لە لایەکی ترەوە وشەیەکی دیکەمان وەک هاوواتای ئەمە هێنایەوە، ئەویش [پرسە=prsa]یەوە هەروەک وتمان بەواتای (گفتوگۆ) یش دێ. لە لایەکی دیکەشەوە، وشەی [سەنە=sana] هەر هام واتایەتی.

وشەیەکی، هەر وەک هاو واتای ئەمە، بەڵام ئەم تایبەتیە، بەپاڕانەوە، ئەویش (گات)ە و وشەی (گەدا)ی ئەمڕۆیش، هەر لەوەوە ماوەتەوە چاوگی [مرڤ=mrv]یش، هەر واتایەک لەو واتایانە دەبخشێ.

- [گوشە=gosha]:



ئەم چاوگە بەواتای (گوێگرتن، گوێ پێدان، گوشگرتەی، گوشدای......) دێ.

بەهەمان واتا، وشەی [سرەڤ=srav]مان هەیە، کەلە ریشەی [سرو=sru]وەوە دروست کراوە.

(سێیەم) هەندێ کردەوەی پریپۆزیشن

لەمەوپێشتر، لەبەشی چاوگدا، چاوگی [کر=kr]مان، هێنایە پێشەوەو وتمان بەواتای (کردن، جێبەجێ کردن) دێ. بەڵێ ئەم چاوگە، کاری رابردوو رانەبردوو ناوی کاریی وناوی کاراو ناوی بەرکاری لێ دروست دەکرێ، بابزانین لە گەڵ پریپۆزیشندا چە کردەوەیەک هەیە:

- [ئەپی-کرنتەتی=api-krntai]، لێرەدا [ئەپی=api] پریپۆزیشنە و بە واتای (لە پشتەوە، لە دواوە)، یان بەواتای (ئاوەڵکارە) و لەگەڵ کاردا، کاری پێش ئاوڵکار دەبینێ و بەم جۆرەی ئەم وێنەیەی سەرەوە، بەواتای (دەبڕێ) یان (ئەو دەیبڕێ) دێ. ئەمە جۆرێکە لە ئینگلیزیدا، پێی دەوترێ (ئەدڤێرب پارتیکڵ=adverb particle). با لەم جۆرەی دیی ورد ببینەوە: [ئەڤی کرنتەتی=avi krntati]، کە بەواتای (بەرەوناوەوە دەیبڕێ).

پریپۆزیشنی [ئەڤی=avi] بەواتای (بەرەوپێشەوە) دێ.

- [ئوپە کرنتەیەن=krntayan–upa] و ئەمیش بەواتای (دەیبڕێ) دێ.

ئەم زاراوە، لە پێشترەوە، لە باسی (جەسەتی)، وێنەی دیکەمان هێنایەوە. ئەو پریپۆزیشنانە، کە پێش ئاوڵکار (ئەدڤێرب پارتیکڵ) دروست دەکەن، ئەمانەن:

[ئەپی:api] aip واتە: (لە دواوە، لەپشتەوە، دواوە، پشتەوە)

[ئەبی:abi]aibi,aoi,avi,aiwi واتە: (ڕووبەڕوو)

[ئەنو: anu] aonu, onu واتە: (بەپێی)

[ئەنتەر:antar]antara, واتە: (لە ناوەوە، ناو)

[ئەڤە:ava] واتە: (بەرەوڕوو=بەرامبەر)

[ئۆپە:upa]واتە: (سەرەوە، سەریسەرەوە، ڕووەو ئاسمان)

[پەرە:para]paras واتە: (پێشەوە، بەرەوە، بەردەم)

[پەری:pari]pairi واتە: (دەوروبەر)

[پەسچە:pascha واتە: (بەدواوە، لەپاشکۆوە، لەدواوە)

[مەت:hamat]mat واتە: (لەتەک، لەگەڵ، لەل، چەنی)

[هەچە:hacha]بەواتای (لە) دێ، هەروەها بەواتای (ژە،جەش) دێ.

[هەدە:hada]بەواتای (لەگەڵ، لەل، چەنی، لەتەک) دێ.

بەم بۆنەیەوە، واهەندێ وێنەی ئاڤێستایی دەخەینە بەر چاو و ئەوانیش: لە یەشتدا: (51 yt.١٠)

هاتووە! “haraity” paiti barazt ئەگەر ئەمە بەترانسکریپشن (وێنەی دەنگ سازیی) بنوسرێ، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(هەرەیتیات پەتی بەرزەت) [haraityât pati barazahat]

ئەم فرەیزە، بەپێی وشە بەوشەی فرەیزی ناو ئاڤێستاکە بەم جۆرە دەگەرێتەوە: (هەر هەرەتی لە بەرز) ١٠

بەپێی ڕستەسازیی نێو زمانی کوردیی ئەمڕۆ بەم جۆرە دەگرێتەوە: (لە هەرەهەرەتی لە بەرزەوە).

بەزمانی ئینگلیزی دەبێ: (from the high harati).

لێرەدا:

وشەی (هەرەتی) ناوی شاخە، کە لە ئاڤێستادا، لە ناو گاتەکاندا، بۆ چەند جارێ ناوی هاتووە. ئەم شاخە لە رووی دینییەوە، بەپیرۆز دەزانرێ و وەها هاتووە، کە سەرێکی پردی (سیرات) کەوتۆتە، سەر ئەو شاخە، کە بەرزترین شاخی وڵاتی ئاریان ڤاچە.

هەندێ لە فارسە ئاڤێستا ناسەکان، دەیبەنەوە. بۆ شاخی (البرز)ی لای (تاران) هەر بەبۆنەی ئەوەوە کە ناوی (البرز) ە، بەبۆنەی بەرزایی شاخی (هەرەتی)یەوە (ئەم ئاوڵناو ئەویش، ناو) بەوی دەکەن و ئەوەشیان لە یاد چووەتەوە، کە فارس بە(بەرز)، (بلّند) یەژن ولاشم وەهایە، لە پێش هێرشی عارەب و فەرمانڕەواییان لە ئێراندا ناوی ئەو شاخە بەکۆی (رەگا) ناو براوە، بەناو نیشانی بەرزەوە ناسراو بووە. لەلایەن عارەبەوە ئەو (ئەلف و لام)ەی خراوەتە سەرو ناوەکەش ناوی کوردیە!

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، شاخی (البرز) بەپێی دەوروبەری تاران، ئەوە (بەرزە)، بەڵام هەر لەوێ لە رۆژهە تی (تاران)ەوە، شاخی (دەماوەند) بەرزترین



شاخە، ئەگەریش کێشەکە لەوێدا، کە دەبێ بەرزترین شاخ بێ هەروەک لە گاتەکاندا وەها هاتووە دەبێ (پۆپەی زاوڵی) بێ شاهۆ-دا، کە یەکێکە لە زنجیرە شاخەکانی هەورامان و زاگرۆزە. بەڵام بەتەنیشت قەڵای هەورامانەوە، هەورامانی تەخت. یان شاخە بەرزەکەی پشت هەورامان، کە قەڵای هەورامانی لە سەرەوە دروست کراوە بەناوی کەشی (هەرەهەرات، یان هەرەهەرە) ەوە ناو دەبرێ، ئاوی کانیاوەکانی ئەوێشە، کە بۆ باخەکانی هەورامانی تەخت و (کەمالا) و دەوروبەرەکەی دێ. ئەگەر بەبەرزایی بێ، لە شاخە بەرزەکانی ئێرانە و ئەگەریش بەناو بێ، هەمان ناوی پێوەیە.

- وشەی[ پەتی=pati]یش پریپۆزیشن-ەو واتای (لە) هاتووە.

- [ بەرزەت=barzahat] ، ئەم وشەیە، ئاوەڵناوەو قەدو ریشەکەی لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، ماوەو بۆ هەمان واتا بەکار دێت، کە بەواتای (بەرز) هاتووە.

ئەوجا، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی، کە قەدی وشەکان لە (بەند) رووت بکەینەوە تاوەکو، ئەومان بۆ رۆشن ببێتەوە، کە بزانین لەم فرەیزەدا، چە ئاڵ وگۆڕێ رووی داوە.

- وشەی[هەرا=har ](وەک لە گاتەکان) لە ئاڤێستادا هاتووە، ئەمەیە کە نوسراوەو بەئەلفوبێی پاڵەویی، یان ئاڤێستایش بەم جۆرەیە (...) واتە (- - ر- ا). ئەگەر قەدەکەمان، لە گەڵ سەر پاکی وشەکەدا، کە لە فریزەکەدا هاتووە، بەراوردکرد، ئەو کاتە بەندەکان دەناسین.

وشەی دیکە کە ئاوەڵناوە، وەک قەد[بەرزە=barza]ە.

ئەمەی خوارەوە، وێنەیەکی دیکەیە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنان پریپۆزیشنی هەچە.

- [هەچە=hacha] ئەم وشەیە، بەواتای (لە) دێ، هەروەها بەواتای (ژە=جە) ش دێ.

بەم بۆنەیەوە، بالەم وێنەیە وردبینەوە، کەلە (ڤەندیدات)دا هاتووە دەڵێ:

[ئەپاختەرات هەچە نەیمان]و ئەکەریش، بەشێوەی (وێنەگرتنی دەنگ سازیی) بێ بەم جۆرەیە:

[apâxtarâtanaemat ] با، وشە بەوشە بۆ کوردیی ئەمڕۆ وەری بگێرین و ئەویش، بەم جۆرە دەگرێتەوە: (سەروو، لە، نیمە=بەش) و ئەگەریش، بەپێی ڕستەسازیی کوردیی ئەمڕۆ بێ، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(لە نێوەی سەرووە و)، یان (لە بەشی سەرەوە).

– با لەم وێنەی دیکە ورد بینەوە، کە فرەیزەکە پریپۆزیشنی تیادایەو لەگەڵ ئامرازی ئاماژەی نزیک، دا:

– [پەتی ئایا زەما=patiâyâzamâ]، ئەم فرەیزە، پێک هاتووە، لە

١- پریپۆزیشن [پەتی=pati]

٢- ئامرازی ئاماژە [ئایا=âyâ]

٣- ناو [زەما=zamâ]

واتا گشتیەکەی (بەپێی وشە بەوشە) بەم جۆرە دەگەڕێتەوە:

(لە- ئەم- زەمین) زەوی (یە)

واتا گشتیەکەی، بەپێی ڕستەسازیی کوردیی ئەمڕۆ، بەم جۆرە دەگەڕێتەوە:

(لەسەر ئەم زمینە) زەویی (یە).

واتابە ئینگلیزی دەکاتە: (on this earth).

ئەمە وێنەیەکی دیکەیە:

– [بەورەیش پەتی دەهیەڤەی=bawroish patidahyavai].

ئەم فرەیزە پێک هاتووە، لەم پارچانە:

ناوی[باوەریش=bâwroish] (لە ئاوازەی دەنگەکەی دڵنیا نیم-ببورن). ١- پریپۆزیشن[پەتی=pati].

٢- ناوە وەک پاڵدەرەوە، یان مولکایەتیی یان (اضافة=مضاف) وشەی[دەهیەڤەی=dahyavai]ە.

واتاکەی وشە بەوشە، دەبێتە:

(بابل، لەناو، لە، دێهات).

واتا گشتیەکەی بەپێی ڕستەسازیی زمانی کوردیی ئەمڕۆ دەکاتە: (لە وڵاتی بابلدا) و بەئینگلیزی دەکاتە:

.[in the country Babylon]

– ئەمە وێنەیەکە، کە[ئەڤی=avi] وەک پریپۆزیشن، لە فرەیزێکدا بەدووجار پیشان دەدات، ئەمیش دەڵێ:

– [ئەسمەن ئەڤی، زام ئەڤی = asman avi zâm avi].



ئەم فریزەیە بریتییە لە دووناو (ئەسمەن) و (زام) و پریپۆزیشنێک.

– [زام=zâm] واتە: زەمین (زەوین).

– [ئەسمەن=asman] واتە: ئاسمان.

واتا گشتیەکەی یەژێ (بۆ ئاسمان، بۆ زەویی) یان (بەرەو ئاسمان، بەرەو زەویی).

(چوارەم) هەندێ ناوی ئاوەڵکار:

لە (ناوی ئاوەڵکار) لەئاڤێستادا، جۆری زۆرمان دەست دەکەون و والێرەشدا هەندێ لەوانە، کە کاریگەرن، دەخەینە بەر چاو:

– [دەرگەم=dargam]:

لە دۆخی (بەر کار) دا، یان لە دۆخی (ئاوەڵناو) دا، ئەم وشەیە، بەواتای (بە درێژایی)، (بۆ درێژیی) دێ.

– [دوورات=dûrât]، بەواتای لە (دوورەوە) دێ.

– [پەرڤیای=parvyai]، بەواتای (بۆ یەکەم جار) دێ.

– [پەراچا=parâchâ]، بەواتای (بۆدوور، پەرەم) دێ.

– [ئەسنەی=asnai]، بەواتای (نزیک) دێ.

لەجۆری پێش ئاوەڵکاری لە ئاڤێستا، زۆر بەر چاو دەکەون لام وایە، هێنانەوەی ئەو جۆرانە، ئەگەر لەگەڵ، یان لە ناو ڕستەدا نەبن، سوودیان نییەو ئێمەش لەم هەلەدا، ماوەی ئەوەمان هێشتا، بۆ نەڕەخساوە!

والێرەدا، بەپێی توانا، چەند وێنەیەک لە کردەوەی ئاوەڵکار لە ڕستەدا بەر چاو دەخەین:

at faravaxsh yâ nu gushadvam,nu srauta

yai cha ashnat yai a durat isath............

با بەوێنەی (گۆکردن) بەرێنووسی کوردیی ئەمڕۆ، بینوسینەوەو بەم جۆرە:

(ئەت فرە ڤەخشیانوو گوشە دڤەم نوو سرەوتە یەیچە دوورات ئیشەسە).

با لە کەرەستەکانی ئەم ڕستەیە وردبینەوە:

ئاوەڵکاریی واتای (جێگا)، بەواتاو بەئەرک، (ئەت). (at)ە ئالێرەدا.

– (کار) لە دۆخی ڕانەبردوداو حاڵی حازردا، ئەویش (فرەڤەخشیا=fravaxshyâ

)یە، کە بەواتای بۆتان دەئاخەفم، واتە: کارەو لە گەڵ (بەند)دا وەک دوو ڕاناو (من= کەسییەکەم) و (ئێوە= دووەمی کۆ).

– (نووnu=) :ئاوەڵکاری کاتە، کە بەواتای (نووکە، ئێستا، دەستبەجێ، ئیسە) دێ. بۆ دووجار، ئەم وشەیەش (پات) دەبێتەوە.

– کاری (گوشەدڤەمgushadvam=)کەبە واتای (گوێ بگرن) دێ. وابزانم لەم جۆرە وشەیانەمان لێکدانەوە.

– (سرەوتە) کە دووبارە کردنەوەی گوێڕایەڵیە و ئەمیش وەک (کار) بەکار هاتووە، بۆ گوێگرتن وفێر بۆون، ئەمە کارێکی (دینی یە).

– (یەیچەa yai=)، ڕاناوە بەواتای (ئەوانە) هاتووە، ئەمەش دووجار دوبارە دەبێتەوە. ئەم فرەیزە (ئەوانەی لە دوورەوە، ئەوانەی لە نزیکەوە) دووپات دەبێتەوە.

– (وشەیasna=ئەزنە) ش، هەر ئاوەڵکاری ماوەیە (جێ) بەواتای (نزیک) دێ. ئەوی دیکەشی (ئەی زماناسی بەڕێز خۆت تێی بگە). (لەیەسنەوە، وەرگیراوە).

(پ) – بەند سازی:

(١) –راناوی لکاو

وێنەمان لە ئاڤێستادا زۆرە، بۆ ئەوەی کە راناوی لکاو وەک (مورفیم=وشە)ی ڕێزمانیی، واتای وشەکە، بەرەو کوێ دەبات، یان چە دەورێکی ڕێزمانیی و واتایی، بەوشەکە دەبخشێ!

بۆ وێنە، لە ئاڤێستادا، (گات=گ) کە خۆی لە خۆیدا، (واتە:گات)، بەواتای، پاڕانەوە، نوێژ، قوربانیی،ستایش، جەژن هاتوە. باوشەی، یان باقەدی واتایی نەک کرداریی، وەک[stav] وەرگرین وسەرنجی بدەینێ تابزانین لە گەڵ راناوی لکاوی کەسیدا، چە دەورێکی هەیە.

قەدی[ستەڤstav=]بە واتایی (ستایش)ی شێوەی کوردیی ئەمرۆی ناوچەکانی کوردستان دێ (هەورامیی، لەکیی، لوڕیی، کەڵهوڕیی، فەیلیی، زازایی،.........) لە جافییدا یان لە سۆرانییدا، ئەم وشەیە، ئەمڕۆ بەکار نایەت، لەبەر چی؟

بە شێوەیەکی سەرەکیی هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی، کەتەمەنی هاتنە ناوەوەی شێوەی سۆرانیی زۆر کورتە (پێویستیی بەمێژووناسین، بۆ زمانناسین، دەوری ئابووریی بۆ ڕامیاریی، هەیە!)



بە هەر حاڵ، لەئاڤێستادا، بەم جۆرە، ڕاناوی لکاوی کەسیی وەرگرتوە: – (ستەڤات) = [stavât]، بەئینگلیزی دەکاتە: (he) will praise ، بەکوردیی ناوچەکانی هەورامان دەبێتە (ستایش کەرۆ)، لێرەدا (ستایش) وەک (ناو) کاری پێ سپێرراوە واتە؛ وەک جارانی بەکار هێنانی (دەمی، سەرلەبەریی ئاڤێستا) نەماوە وئەگەر وەک (کار) بەکاری بهێنین، دەبێ (کاری یاریدە دەر)ی بۆبەکار بهێنین.

بەشێوەی جافیی و سورانیی، ئەم وێنەیە، وەردەگرێ (تاریف دەکەم، دەپەرستم، بەشانوباڵدا دێم، دەپاڕێمەوە، نوێژدەکەم، قوربانیدەکەم، جەژندەکەم، مەدحدەکەم،.....) ڕۆشنبیریی ئیسلامیی و عارەبیی دەورێکی باڵا یان دیوە، بۆ سەپاندنی زمانی عارەبیی بەسەر زمانی کوردییدا.

– (ستەڤان) =[stavân]، بەئینگلیزیی دەبێتە؛ (they) will praise وبە کوردیی هەورامیی دەبێ بە(ستایش کەرا) وبە کۆردیی جافیی، دەبێ (پێدا هەڵدەدەن، ماستاودەکەن، جەژن دەکەن، نوێژدەکەن، دۆعادەکەن، وێرددەکەن، قوربانی دەدەن، مەدح دەکەن، تاریف دەکەن، (مدح، تعریف=ع).

– (ستەومی) =[staumi]، بەئینگلیزیی دەبێتە؛ (I) will praise، یان praise. (I) لە جافیی و سورانییدا، دەبێتە؛ پیادا هەڵئەدەم، نوێژ دەکەم، قوربانی دەکەم، دەپەرەستم، تاریف دەکەم... هتد، لە کوردیی ناوچەکانی هەوراماندا، دەبێ بە(ستایش مەکەروو) یان (ستایش کەروو)، (مەپەرسوو=پەرسوو)، ستایش مەکەروم=مەپەرسم، (شێوەی پاوەو خانەگا).

لەم وێنانەی سەرەوە، ئەم (پاشبەندو ناوبەندانە) کەوەک ڕاناوی لکاو، خۆیان پیشاندا، واتای گشتیی قەدەکەشی (لە رووی ڕێزمان و واتاسازیی ومۆرفۆلۆژیەوە) جۆراوجۆری کرد.

ئەوی، کەدەبێ بۆترێ لە رووی راناوەکەسیە، لکاوەکانەوە، ئەمەیە:

– [ت=t] وەک ڕاناوی کەسیی سێیەمی تاک (پاشبەند).

– [ن=n] وەک ڕاناوی کەسیی سێهەمی کۆ (وەک پاشبەند).

– [و=u] وەک ڕاناوی کەسیی یەکەمی تاک (وەک ناوبەند).

– [ی=i] وەک ڕاناوی کەسیی یەکەمی تاک و وەک پاشبەندو بەهەر دووکیانەوە، دوو دەوریان دیی و ئەوانیش، دەوری واتایی و هی بەندسازیی.

لە شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا، وشەیەک (قەدێک) کەهاو واتای (ستەڤ)ی ئاڤێستایی بێ و واتایی بێ وتوانای ئەوەی هەبێ، کەڕاناوی لکاویی کەسیی بەو جۆرەی ئەو وەر بگرێ، بۆ وێنە، وەک (پەرست) = [parst].

(پەرست)، خۆی لەخۆی دا، قەدیکە، بۆ (قەدی ڕابوردوو) هی (ڕانەبوردووش) دەبێ وئەمەش جۆرە ڕەویەیەکەو زۆرکەم روو دەدات، چونکە (کار)ەکانی زمانی کوردیی، بەزۆریی دوو (قەد) پیشان دەدەن وهی (ڕابوردوو هی ڕانەبوردوو!).

بەشێوەیەکی دیاریی تر، (قەد)ی ئەم کارە بۆ ڕانەبوردوو دەبێ پێشبەندی (ئە=دە)ی ڕانەبردووی بخرێتە پێشەوە و ئەوجا ئیتر لەگەڵ ڕاناوی لکاودا کاری خۆی وەک بەندسازیی جێبەجێ دەکات، واتە:

(پێشبەند- قەد- ڕاناوی لکاو)

دە (ئە) - پرس- ێ (ێت) =دە (ئە) - پەرسێ

دە (ئە) - پرس- ن= دە (ئە) پەرستن

دە (ئە) - پرس- م= دە (ئە) پەرەستم.

لە شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆماندا کاری واتایی دیکەمان هەن کە بەم جۆرەی سەرەوە ڕاناوی لکاو وەردەگرن بۆ وێنە وەک (ڤەچ)، (مەرەمۆ).

شایانی باسە کە ئەم دوانە وچەندانی دیکە کە پاڵپشتن بۆ ئەوە کە زمانی کوردیی ئەمڕۆ نەوەی نۆێی زمانی (ئاڤێستا) یە، ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی دیکەوە دەورێکی مێژوویی درێژخایەنیان بەسەردا تێپەڕیوە بەبێ ئەوەی قەڕانپویان برزێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا تەوانایەکە کە زمانی کوردیی پێیەوە دەنازێ و لەلای سێیەمیشەوە شناسنامەیەکە بۆ کوردو کوردستان و زمانی کوردیی. بۆمان هەیە قەدی ڕانەبوردووی ئەم دووانەش (مە-رەم) و (ڤەچ) بەم جۆرە بخەینەروو:

مەرەمۆ، واتە: (دەفەرمێ).

مەرەما، واتە: (دەفەرمون).

مەرەموو، واتە: (یەژەم).

ئەم قەدە زۆرتر بۆ ڕێزگرتنی پلەیەکی بەرزی دینییە کە لەلای کوردەکان لە دەمی دێرینەوە، تاوەکو ئەمڕۆ بەکار هاتووە (سەرەنجام، یارسان، پەرتووکە دینییەکانی ئەهلی هەق=کاکەیی، سارلی، عەلی ئیلاهی، نەسیریی، دورزیی، عەلەویی، قزڵباش،......)



ئەم قەدەی سەرەوە بەجۆری دیکەش هاتووە واتە:

- مرەمۆ = دەفەرمێ؛ لەئاڤێستادا ریشەی ئەم وشەیە [مر=mrv=]ە.

- مرەما = دەفەرموون.

- مرەموو = یەژم (ماچم).

شایانی باسە دەنگی [م=m] وەک پێشبەندی رانەبوردووهاتوە کەلە سورانیی و جافیدا بەرامبەری ئە (دە)یە.

قەدی [ڤەچ=vach] کە ئەمڕۆ لە شێوەی هەورامیدا هەروەک خۆی ماوەتەوەو هەوێنی زمانەکەی ئاڤێستاش لە سەر ئەوەیە (واتە: زمانی واچەواچەکان)، بەم جۆرەی خوارەوە ڕاناوی لکاوی کەسیی وەردەگرێ.

ماچۆ = واچۆ، ڤاچۆ، ئەگەرچی لە راستیدا، ئەم دەنگە[ۆ=ô]، کە لێرەدا، وەها دەرخراوە دەبوایێ ئەگەرباوبوایێ ژمارە هەشتی بەسەرەوە دابنرابایە چونکە دەنگەکە بەوجۆرە نەکراوەتەوە، وئەمەش جۆرێکی تایبەتییە بەشێوەکانی هەورامانەوە.

- ماچا =واچا=ڤاچا، واتە (ئەوان) یەژن، (یان) دەڵێن، (یان) ئێژن.

- ماچوو= واچوو=ڤاچوو=ماچم، واتە: من یەژم، یان دەڵێم، یان دبێژم.

لەگاتەکاندا ڕیشەی ئەم وشەیە بەم جۆرە هاتووە[ڤەک=vak] یان[ڤاچ=vâch] هاتوە بەم جۆرەش نوسراوە [ڤەچ=vach].

بابڕۆینەوە بەدەم ئاڤێستاکەوە کە لە دۆخی ڕانەبوردوودا هەڵس وکەوتی لەگەڵ ڕاناوی کەسیی لکاودا چون بووە وبەم بۆنەیەوە با قەدی ڕابوردووی وەرگرین و بزانین چی بەسەر دێت:

لێرەدا ئەگەر ڕیشەکە[ستە=sta] بێت ئەووەختە لە دۆخی ڕاناوی لکاوی کەسیی تاکی سێیەمدا بەم جۆرەی لێ دێ:

(ستەوت) = [staut] کە بەزمانی ئنگلیزیی دەبێتە؛ he praised و لە شێوەی کوردیی ناوچەکانی هەوراماندا دەبێ بە.

- [ستایشناش =stayishnâsh]یان (ستایشش کەرۆ) کە بەواتای (ستایش دەکا) دێ ئەم بەرگە نوێیە چی پیشان دەدات!

ئەوەی کە لێرەدا سەرنج ڕاکیشەرە ئەوەیە کە وشە ئاڤێستاییەکە ناوبەندێکی

وەرگـــرتووە، بۆ گـــۆڕینی (دەم، کـــات) وراناوی لکاویشی هەیە یا وەریگرتووە جگە لەوەشی ڕاناوە کـەسـیـە تاکـە لکاوەکـەشی وەرگـرتووە وپـتـر لەوەش دەنگە بزوێنی ناوەڕاست کـورت بووەتەوە واتە [I=â]بووە بە[I=a]لێـرەدا ئازایەتیی ولێـهـاتوویی لێکۆڵێنەوەی بەراوەردیی یان بەراوەردکاریی دەردەخات.

وێنەیەکی دیکە:

– [بەرە=bara] چاووەگ بۆ کاری هەڵگرتن (بەر) کەهەڵدەگیرێ ودەبرێ ولە شێوەی ناوچەکـانی هەورامـاندا، دەبێ بە[بەردەی=barday]کـەلە شـێـوەی جـافـیـیـدا دەبێ بە[بردن=birdin]ولەشێوەی ناوچەکانی بادیناندا دەبێ بە[بر=bir].

لە (وشـەی) یان لەڕسـتـەی تەواوی وەک[بەریەنتـەی=bar ya ntai] دەبینین کـە ڕیشـەکە هەیەو لەگەڵ ڕاناوی کـەسی لکاوی کـۆداو لەگـەڵ گـۆڕینی قـەدی کـارەکـە بۆ ڕابوردوو واتە بەم جۆرە:

[بەر– یە– نتەی =bar ya ntai]کە بەواتای (بردیان، بەردشا، وێ برن، بەردیانش) دێ.

بە هەر حـاڵ با پـتردرێژە بەبەندسـازییـەکـە بدەین و بەم بۆنەیەوە بۆ پاککردنەوەی ئەم ڕێبازە پێویستیمان بەسەر چاوەی کارەکانە.

٢– (قەدی کار) یان سەرچاوەی (کار) لەئاڤێستادا.

بێگۆمان لەم بەشەدا ئێمە هەوڵی ئەوە ئەدەین کە قەدی هەندێ (کار) لە ئاڤێستادا بخەینە ڕوو بەتایبەتیی ئەوانەی کەوەک کەرەسەی لێکۆلێنەوە بەکاریان دەهێنین.

– [پرسە=prsa]= (پەرسای، پرس، پەرس) = (to ask)

– [مەنیە=manya]= (ویر، بیر، فیکر) = (to think)

– [یەزە=yaza]= (پەرست، پەرسـتـەی، پەرستن، لاڵـیـان، پاران) = (to wor-ship)

– [هەچە=haca]= (خۆرا، خورین، لێ خۆڕین، بەگوێ کردن...) = (to follow)

– [زەیە=zaya]= (بوون، زا، زای،......) = (to born)

– [بەڤە=bava]= (بییەی، بوون، ڤییەی، دەستکەوت) = (to become)

– [خشـەیە=xshaya]= (شاهەنشـایکردن، فەرمـانڕەوایکردن، سـەرکـەردەییکردن، حوکمکردن، سەرکارکردن، سەرداریکردن ) = (to reign)

– [تەنەڤ=tanav]= (تەنافنای، کیشتەی، توندکردن، توندکردەی، تووننای)؛ (to pull)

– [کرنو=krnu]= (کەردەی، کردن، کرن) = (to make).

– [دە=da] (دا، دای، پێدان) = (to give) [دەدا=dada]، وەک (کار).

– [گرز=grz]=[گرەوای، گریە، گرین]= (to cry).

– [مـــــرنـک=mrnk]= (مـــــرنـای، مـــــردن، کـــــاولکـردن) = (to de-stroy).[مـرە=mra]=واتە (واچەی، ڤـاچە، واچە، مـرەم، مـڤـاچ، وتن، گـوتـن، ئاخاوتن) = (to speak).

٣–هەندێ (قەدی ناو) لە ئاڤێستادا.

ئەوقـەدانەی کـەبەپێی ئەرک پلەی گـۆڕان بەسـەر نـاوەکـەیانـدادێت، واتە (with re-duction gradation). بۆ وێنە وەک:

– (نێر=ن): (پەد=pad) واتە (پێ، پا) = (foot) لە پارسیی نوێدا (پا=pa) لە ئاڵمانیی نوێدا (fuss)ە.

– (مـێ)؛ (ئـەپ=up) (ئـاپ=up)، واتـە (ئـاو، ئـاوی، ئـاڤ، ئـاب، ئـاپ). لەپارسیی نوێدا، (ئاب= b)=(water) کە لە ئەڵمانیی نوێدا (wasser)ە. لەهیندی کۆندا[ âp=ap]=[ئەپ=ئاپ]ە.

(نێرومێ=بۆهەردوولا بەکار دێت)، [گەڤ=gav]، [گاڤ=gâv]، واتە (گا، گاو، گاڤ) = (bull=cow)، کەلە ئەڵمانیدا دەبێ (kuh).

ئەنجامی ئەم سێ قەدەی سەرەوە بەم جۆرەی لێ دێت:

لە شـێوەکـانی کـوردیی ئەمڕۆدا، (نـێرومێ) و (نـێرەمـوک) و (بێ لایەن)، تەنیـا لە شێوەکانی هەورامانیی وبادینانیدا ماون، لە شێوەکانی جافیی و سورانیدا شوێنەمایان نەماوەو بەبیروڕای منیش ئەم ئاسان کردنە، ڕێڕەوی زمانی شارستانیەتیە.

لە شـێـوەی کـوردیی هەورامـاندا (پێ) وەک (نێـر) هەڵسـوکـەوتی زمـانناسـیـانەی لەگەڵدا دەکرێ و (ئاو) یش وەک (مێ) و (گاو) یش وەک جنس بۆ (نێرومێ) بەکار دێ، بۆوێنە وەک:

– گاوێ فرێماهەنێ= (گا–نێرومێ)ی زۆرمان هەن.

– دە مانگاوێ کەڵەگاوێشا هەن. واتە: (دەمانگا نێرەگایەکیان هەیە). گاوگەل، واتە (کۆمەڵێ گای نێرومێ).

زمانی فارسیی نوێش بۆ کێشەی نێرومێ هەر وەک شێوەی سۆرانیی وجافیی وەهایە ولە زمانی ئنگلیزیشدا نێرومێ بۆ زۆرکەم بەکار دێت بەڵام زمانی ئەڵمانیی لە نێرومێدا لەهەڵس وکەوتکردنی زمانناسیدا زۆر نزیکی زمانی ئاڤێستاییە.

ب– قەدی ئاوەڵناو، ئەویش لە دۆخی بەکارهێنانیدا بەپێی ئەرکی ڕستەسازیی، چەند گۆڕانکاریەکی بەسەردا دێت بۆ وێنە وەک:

– [برز=brz]قەدێکەکە ئاوەڵناوی لێ دروست دەکرێ.لەدۆخی (کارا= فاعل)، یان (پاڵپشت = مسند= مبتدا)،دەبێ بە(بەرزە=barza).

بۆ وێنە، لە شێوەی کوردیی ئەمڕۆدا دەوترێ:

– باڵا بەرز هات.

– باڵا بەرز پیاوە.

– ئەو باڵا بەرزە.

٤–هەندێ قەدی (ناو):

بەپێی ئەرکی ناوڕستە سازیی، گۆڕانیان بەسەردا نایەت، یان ئەگەر ببێ، بەدەگمەن رودەدات.

– نێر: [ما =mâh]واتە (مانگ، هەیڤ، ما، مۆنگ،...) لەپارسیی نوێ دا، دەبێت بە[ماە=h m]و لە هیندی کۆندا [ماس=mâs]ە ولە ئەڵمانیدا [موند=mond]ە.

– مێ: [خشەپ=xshap]، واتە، (شەو، شەب، ئەخشەپ، شەڤ، شەوە،...)

لەپارسیی نوێ دا[شەب= ab]ە ولە هیندیی کۆندا [کشەپ=kshap]ە.

– (بێ لایەن): [زرد=zrd]، واتە (زار، دڵ، زیڵ، در،...) و لە پارسیی نوێدا، دەبێ بە[هەرز=harz]و لە ئنگلیزییدا (هارت=heart) ە. (تێبینی: دەنگی[د=d]ی ئاڤێستایی، لە پارسیی نوێدا بووە بەدەنگی[ =h]، لە زمانی ئێنگلیزیی و ئەڵمانیدا).



ئەنجامی ئەم بەراوردە:

وشەی (مانگ)، لە شێوەی هەورامانیدا (مێ) یە، کەچی لە شێوەی سۆرانی و جافیدا، ئەم جیاوازیە نیەو کەچی مانگ لە ئاڤێستادا، بەشێوەی (نێر) لەقەڵەم دراوە.لە فارسیی ئەمڕۆدا وەک شێوەی جافیی و سورانیی، نێرومێ، دەرناکەوێ. کەچی لە ئەڵمانیدا، (وشەی) مۆند [mond]، واتە؛ (مانگ)، نێرە.

وشەکانی (شەو، دڵ) یش، لە بارەی نێرو مێ وبێ لایەنەوە، هەروەک ئەوەی ئاڤێستان.

٥–هەندێ قەد، کە خاوەن پاشبەندێکی نادیارین لە واتادا، بۆ وێنە، وەک:

(نێر): [پەدە=pada]، واتە: (پەی، گورج، تیژ، وریا، هەڵمەت، ئەژدەر، هەنگام،......).

لەپارسیی نوێدا (پەی=pay)ە و لە ئینگلیزیدا (پەیس=pace)ە ولە هیندیی کۆندا، (پەدە=pada) یەو لە ئەڵمانیی دا، (شریت=schritt) ە.

شایانی باسە پاشبەندەکە، لێرەدا[ا=a]یە، کە لە ئاڤێستادا و لەم وشەیەدا واتای دیاری نەکراوە (بێ سنوورە)!

– (بێلایەن): [سەتە=sata]، واتە: [سەد، سەت، سەتە= sada,sat,sad].

لە پارسیی نوێشدا، [سەد=sad]ە ولە هیندیی کۆندا[چەتە= ata]یەو لە ئینگلیزیدا (هاندرد) = (hundred) ە ولە ئەڵمانیشدا (هوندەرت=hundert) ە. شایانی باسە، هەروەک لە سەرەوە وتمان، پاشبەندەکە [ا=a]یە.

– (مێ):[تەنوو=tan ]، واتە: (تەن، بەدەن، لاشە، جسم، بەژن، لەش) لە فارسیی نوێدا[تەن=tan]ە ولە سانسکریتیدا، [تەنوو=tan ]ەولە ئینگلیزیش دا (body) یە.

شایانی باسە پاشبەندە کە لێرەدا، [وو=û]ە.

ئەنجامی ئەمەی ئێرەی سەرەوە لەڕووی (نێرومێ)یەوە دەبێ بڵێین کە لە شێوەی کوردیی هەورامانیی دا (هەنگام، هەنگاو= گاڤ) مێیە بەم لە ئاڤێستادا (نێرە) ولە ئەڵمانیش دا هەر (نێرە). وشەی [سەد=sad]لە کوردیی ناوچەی هەوراماندا بێ لایەنە لەئاڤێستاشدا بێ لایەنە و هەروەک لە ئەڵمانیشدا وەهایە.

٦–هەندێ (قەدی ناو) لەگەڵ پاشبەندی واتادار و ئەرکداردا (وەک مۆرفیمی مێ ینە):

– پاشبەندی [تیی= tî] بۆ وێنە وەک [تەتیی= taitî]کە بەواتای (تاوتوو) دێ لە زمانی کوردییدا (تاوتوو، بژاردن، وجارای، چارکردن، چارەسەر،......) لە ئینگلیزییدا ئەمە بەرامبەری (ڕێمیونرەیشن=remunreration) دێ.

– پاشبەندی [تات=tât]کە وشەی [ئەمرتات=3martât]لێ دروست بووە وبە ئینگلیزیی بەواتای (ئیمۆرتالیتی=immortality) هاتووە کە لە کوردیی ئەمڕۆدا بەواتای (نەمریی، ژیان، ژیوایێ، ناسیاویی،......) دێ.

شایانی باسە ڕیشەی (ئەمرتات) ئاڤێستایی و (نەمریی) زمانیکوردیی ئەمڕۆ هەر یەکێکین. لە فارسیی نوێ دا بەناوی ئەم وشە ئاڤێستاییەوە ناوی مانگ (مورداد=murdad) هەیە، بەڵام لە بریی جاویدانە.

– پاشبەندی[ئەس=as]، [ئاس=âs] وەک لەوشەی[ڕەوچە=raucha]، [ڕەوچەس=rauchas] کە بە واتای (ڕۆشنایی، ڕۆشنی، ڕۆچن، ڕۆ، وەر، ڤەر) دێ، کەلە زمانی ئینگلیزییدا بەرامبەر (لایت=light) ە.

– پاشبەندی[مەن=man]، [مان=mân] وەک لەوشەی [دامەن=dâman] دا بەرچاو دەکەوێت، بەواتای (داهێنان، دامپەروەریی، پەروەردگاریی،......) دێ. بەرامبەری ئەم وشەیە لە ئینگلیزیی دا (کریەیشن=creation) ە.

– پاشبەندی [یش=ish] وەک لە وشەی [سنەئیش=snaish]دا کەبەواتای (باڵ، بەژن، قۆڵ، بازوو) دێت ولەئینگلیزییدابە واتای (ئارمس=arms) دێ.

– پاشبەندی[ترە=tra]وەک لەو وشەی[ڤەسترە=vastra]دایەو بەواتای ) ڤەستەرە، دەرەدامان، شۆڕ، وەستەرە، کراسی ژنانە، ڕۆب، کراسی ئاگەرپەروەر،...) دێ ولەئینگلیزییدابەرامبەری وشەی (ڤەستمەنت=vestment)ە.

ئەنجامی ئەم بەراوردە:

یەکەم: لەڕووی بەندسازییەوە (مۆرفیمی مێ).

لە وشەی (تاوتوو)دا وەک وشەیەکی گەلیی باوی ناو کاروانچیان، یان ئاڵ وگۆڕ کەری ڕۆژیی بەرۆژیی بەپێی کێشانە و پێوانە، یان هەر پێوەرێکی دیکە، جگە لە جۆرە دەنگێکی ئاوازەدەر، کە لە ئاوازەوە واتا دروست دەکرێ یان وەک لێکدراوێ، چە پاشبەندێ دیار نییە و لە ڕووی جینسەوە بێ لایەنە.



وشەی (تاوتوو) بەهۆی کاری یاریدەدەرەوەو پاشبەندی[ـە = a] دەوری (مێ) وەردەگرێ وبە هۆی پاشبەندی [آ=â]وە دەوری (نێر) وەردەگرێ بۆ وێنە وەک:

تاوتوکەر؛ ئاد تاوتوکەرا (نێر)؛ ئادە تاوتووکەرنە (مێ). ئەوەی کە باوەڕ بۆی دەڕوا، ئەوەیە کە وشەی (تەیتی)ی ئاڤێستایی، بەرەبەرە هەنگاوی بەرەوئەوەی ناوە کە لەبڕیی پاشبەندی (مێیەکە) وشەیەکی دیکە. یان قەدێکی دیکەو هەرلەو دەنگانە بۆ پتر دەنگ دانەوە دروست ببێت و وشەیەکی (واتادەنگی=onomatopaeia) بهێنێتە مەیدانی وشە سازییەوە.

دووەم: لەڕووی ڕیشەوقەدەوە، هەر وەک خۆی پارێزگاریی کراوە.

– (ئەمرتات) لەگەڵ (نەمریی) دا:

١- دیارە (ئەمرتات) پێشبەندی (نەفی) ئاڤێستایی پێوەیە کە ئەویش [ئە=3a]یەو بەبێ کەم وزیاد بەواتای (نە)ی نەفی دێت.

٢- ڕیشەکە (قەد) بریتییەلە (مر) لەهەر دوو وشەکەدا (ئاڤێستاییەکەش وکوردیەکەیش).

٣- پاشبەندی [تات=tât]ی ئاڤێستایی بەرەو [ی=i] ناوزمانی کوردیی ئەمڕۆ هاتووە.

٤- ئەوەی کەبەر چاودەکەوێت، پاشبەندی (نەمریی) بێ لایانە.

– (ڕەوچە) و (ڕەوچن) و (ڤەر=وەر):

ئەوەی کە بەر چاو دەکەوێت ئەوەیە کەوشەی ئاڤێستایەکەش و کوردیەکانیش خاوەنی هەمان قەد وڕیشەن. لە روی پاشبەندی (مێ) وە وشە کوردیەکان نیینانەو پتر لەوەش بێ لایەنن! دەنگەکانی هەر وشەیەک لەوانە بێگانە بەوەی ئاڤێستایی نین.!

– (دامەن) و (داهێنان).

١- هەر دوولایان بەپێشبەندی [دا=dâ]وە خۆیان ڕازاندووەتەوە کەلە ڕووی واتاوە (دروستکەر=خالق-ع) بەدەستەوە دەدات و وەک وشەیەکی سەرەکیی لە قەڵەم دەدرێ و بەشی دوومیشی [مەن=man]وەک پاشبەند بەواتای (خاوەن) لەقەڵەم دەدرێ کەچی لەوشە کوردیەکەدا چاوگی کاری پێوەبەند بووە و ئەمەش ئەو ئاڵو گۆڕەیە کەبەدیی دەکرێ.

٢- لەڕووی واتاوە هەر دووکیان یەک واتا بەدەستەوە دەدەن.

٣- لەڕووی (پاشبەند) ەکەوە کە لە ئاڤێستادا (مێ)ی دروست کردووە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا بێ لایەنە.

- (ڤەسترە) و (ڤەستەرە= وەستەرە):

١- لەڕووی پاشبەندی (مێ)یەوە هەر دوولایان وەک یەکن وهەردوولایان بۆ (مێیەتی) ئەو پاشبەندەیان وەرگرتووە.

٢- لەڕووی واتاوە ئەوجۆرە کراسە دەرەداوێنانە داوێندرێژ، دامان شۆڕ (لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا تایبەتیی بووە بەپارچەی هەڵاوەوە و بۆ ئافرەتە) بەڵام لە ئاڤێستادا، تایبەتییە بە(خوریی = پەشم = پەژم) بەئاگر پەروەریی پەرستگایانی زەردەشتییەوە.

٣- لە ڕووی (قەدی) و (ریشە)وە، هیچ ئاڵوگۆڕێکی دەنگسازیی یان بەندسازی بەسەریدا نەهاتووە. ئەوەی کە لێرەدا دەبێ بوترێ ئەوەیە کە پاشبەندی (مێ) لە شێوەی کوردیی ناوچەکانی هەورامانداا [ێ=ê]یە، بۆ وێنە وەک: (کناچ=کناچێ. خانم=خانمێ.) یان پاشبەندی [ی= ]ش وەک: (ژەن=ژەنیی، ژەنێ. تەوەن= تەوەنیی، تەونێ).

- ناوی عارەبیی بۆ ئافرەت هەر پاشبەندی[ێ=ê]ی دەخرێتەدواوە، وەک (فاتمە-فاتمێ، خدیجە-خەجێ، زێنەب-زێنەبێ، ئایشە-ئایشێ، عەتیە -عەتیێ، نەجمە-نەجمێ).

- هەمووکۆیەک پاشبەندی (مێ) وەردەگرێ، کە [یی=I] وەک، پیێ، پیاو، پیاوان، پیا ، پیییێ، ژەنێ، ژنان، کاوڕ، کاوڕێ، هەناریێ، هەناری زۆر. تەوەنێ (بەردی زۆر)، خوی (خوالەی زۆر)، کالێ= (کاڵای زۆر)،یان زۆر پێ نەگەیشتوو.

٧- هەندێ (قەدی کار) قەدی ئاوەڵناو کە بەهۆی هەندێ پاشبەندەوە (ناوکارا) دروست دەکەن:

- پاشبەندی [تر=tr]، [تەر=tar]، [تار=târ]، لەوشەی [داتەر=dâtar]دا، کەبەواتای (دروستکەر، داهێنەر، پەروەردەکەر) هاتووە و بەرامبەری لەزمانی ئینگلیزییدا وشەی (کریەیتەر=creter)ە لە هێندیی کۆن (داتەر=dhâtar)ە.

- پاشبەندی [ون=un]، [ڤەن=van]، [ڤان=vân]، وەک لەوشەی [رتەڤەن=ratvan]دا هەیە و ئەمەش لە ئینگلیزییدا بەواتای (پایوز=pious) دێ ولە



کوردیی ئەمڕۆیشدا بەواتای (ڕاستڕەو، ڕاستەوان، ڕاستەڤان، وشەکە دینیە) دێ.

- پاشبەندی [ڤەت=vat]، [ڤەنت=vant]، وەک لە وشەی [ئەستڤەنت=astvant]دا هاتووە، واتای (مادیی، تەنیی، جەسەدیی) وەک لە وشەی (ئەستۆڤەنت)دا، دێت.

ئەنجامی ئەم بەراوردە بەم جۆرە دەگرێتەوە:

- (داتەر) و (داهێنەر).

پاشبەندی وشەکەی ئاڤێستا ، لە ژمارەی دەنگدا لەوەی (داهێنەر) زۆرترەو بەلایشمەوە وەهایە کە دەبێ پاشبەندی (ناوی کارا) لەم دوو وشەیەدا هەر وەک یەک بن، واتە [-ەر=ar-]چونکەلەم ڕووەوە ناوی کارا دروستکردن، لێرەدا بریتییە لە قەدی کارو و پاشبەندی [-ەر=-ar-] وەک لەم ووشانەدا بەر چاودەکەون، (باسەکەمان ئەم جۆرانەن):

- نووس، نووسەر، واتە: (نووس+سەر) = نووسەر

- بڕ، بڕەر، واتە: (بڕ+ەر) =بڕەر

- فرۆش، فرۆشەر، واتە: (فروش+ەر) =فرۆشەر

- دڕ دڕەر، واتە: (دڕ+ەر) =دڕەر

- پژم پژمەر، واتە: (پژم+ەر) =پژمەر

وشەکانی (ڕەتەڤەن) و (ڕاستڕەو) یان (ڕاستەڤان)، لە ڕووی پاشبەندەوە وەک یەک دروست کراون جگە لە بەرزونزمی هەندێ بزوێن.ئەوەی کە لەڕووی بەراوردکردنی ئەم دوو وشەیەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە ناوی کاراکە پێک هاتووە لە ئاوەڵناو وپاشبەندی کردەوەی کار. لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا لەم جۆرانەمان زۆردەست دەکەون و ئەمەش ڕێڕەوێکە بۆ داتاشینی وشەی نوێ بۆ بەدەستەوە دانی واتای نوێی ڕۆژانەی پێویست.

لە وشەکانی (ئەستەڤەنت) و (ئەستۆمەند)دا پاشبەندەکان هەروەک یەکن ئەگەر هاتوو ئەوەمان بەیاد هێنایەوە کە دەنگی [د=d] و دەنگی [ت=t] لە هەندێ وشەدا جێگا گۆڕکێ دەکەن.

٨-هەندێ قەدی ئاوەڵناو کەلەگەڵ هەندێ پاشبەندا ئاوەڵناو دروست دەکەن:

- پاشبەندی[-کە=-ka] کە لەگەڵ قەدی [هوش=hush]دا ئاوەڵناوی (هوشک=hushk) دروست دەکەن کە بەواتای (وشک، هوشک، ڤشک) دێ ولە

پارسیی نوێدا (هوشک=hushk)ە ولە سانسکریتیدا (سوسکە=suska) یە.

– پاشـــبـــەندی[ –رە=–ra]لەگـــەڵ قـــەدی [ســـوخ=sux]دا وشـــەی ئاوەڵناوی [سوخرە=suxra]دروست دەکەن کە بەواتای (red)ی ئینگلیزیی هاتووەو لە کوردیی ئەمڕۆیشدا وشەکانی (سوور، سورغ، سۆر) مان هەن.

– پاشـــبـــــەندی [مـــــەت=mat]، [مـــــەنت=mant]وەک لـە وشـــــەی [خرەتومەنەت=xratumant] دایە و قەدی ئاوەڵناو [خرەت=xrat] دەکاتە ناوی کارا (خرەتومەنت) کە لەکوردیی ئەمڕۆدا بەواتای (کۆڵنەدەر)، (نەبەزیو) هاتووە و ئەمڕۆش لە هەندێ شێوەی کوردییدا [خیرەتمەند=xiratmand]هەیەو بەهەمان واتا بەکار دێت.

لە شێوەی کوردیی ناوچەکانی هەوراماندا وشەی (خیـرەتیی) بەهەمـان واتا هەیەو بەکار دێت، لەوانەیە وشەی عارەبیی (غیرە) بەشدار بێ.

ئەنجامی ئەم بەراوردە ئەوەیە کە پەیوەندی یەکی زۆر زۆر بەتین لە نێوان وشە سازیی نێوان ئاڤێستاو زمانی کوردیی ئەمڕۆدا هەیە. بەتایبەتیی لەم جۆرە وشە سازییەدا بۆیە دەبێ و پێویستە بۆ وشە داتاشین یان پێکهێنانی وشەی نوێی سازدراو بۆ گونجاندن لەگەڵ کەرەسەی نوێی ڕۆژانەی هاوچەرخدا پەنا بەم ڕێگایە ببرێ.

ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی دیکەوە وشەی وەک (سوخرە)ی ئاڤێستایی کە تەمەنێکی مێـژوویی دوورو درێژی بەسـەر بردووە سـەرنجـمـان بۆ ئەو ئاڵوگـۆڕە زۆر بچـوکـۆلەیە ڕادەکێشێ کەبەسەریدا هاتووە وبووەبە هۆی ئەو نەختە جیاوازیەی کە ئەمڕۆ بەر پابووە.

(لەئاڤێستادا–سوخرە)، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا (سورخ، سۆر، سوور).

ئاڵوگۆڕەکە تەنها جێگا گۆڕکێی دەنگی[و] ودەنگی [ر] دەگەڕێتەوە.

٩– پاشبەندی ڕاستەقینەی مێی ڕاستـی (سروشتـی) و لەگەڵ قەدی مێینە و قـەدی (نێر) و هی بێ لایەندا کە ئەمەش پاشبەندێکی هاوکێش و بەرامبەری هەیە.

١– پاشبەندی[ –آ=â–]:

ئەم پاشبـەندە تایبـەتییـە بەجینسی مێینەوە ودەچێتە سەرقـەدی نێرینەوە دەیکات بە(مێ). بۆوێنە وەک:

قـەدی[ئەسپ=3asp]، (– [ـە=a]–)، قـەدێکە ئەگـەر پاشبـەندی مێـینەی وەرگرت کە[آ=â]یە دەبێ بە(مێ)یان بەواتای مایین دێ و واتە:



– [ئەسپ=3asp]– [آ=â] [ئەسپا=3asp]واتە، (مایین).

٢– ئەمـــە، بەتەواویی بەرامـــبـــەری پاشـــبـــەندی[ –ا=a–]ی نێـــرە، واتە، [ئەسپ=3asp]+[ا=a]دەبێ بە[ئەسپە=3aspa] کە بە واتای (نێر= ئەسپ) دێ.

٣– هەروەها پاشبـەندی[آ=â] لەگەڵ قـەدی [دەین=dain] وەک بێ لاین، بەڵام بۆ (مێ=مێینە) دەیگۆڕێ ولەگەڵ ئەوەشدا ئەم قەدە (نێرینە)ی لێ دروست ناکرێت واتە: [دەین=dain] دەبێ بە[دەینا=dainâ]کـــە وەک ناوێـکی (مێ) هەڵس و کـــەوتی لەگەڵدا دەکرێ.

٤– پاشبـەندی [ا=a] کە لەم مـەیدانەدا تایبـەتی یە بەنێرینەوە دەچێتـە پاشکۆی قەدی [دەست=dast]نێرەو تایبەتی یە بەنێرەوە نێرینەیی ڕۆشن دەکاتەوەو بەس، واتە پاشبەندی (مێ)، کە [آ=â]یە وەر ناگرێت!

واتە:[دەست=dast]– [ە=a]=[دەستە=dasta] و ئەمەش لە ئاڤێستادا نیشانەی نێریی وەرگرتووە. (تەماشای: خاڵی شەشەم، لەم مەیدانەدا).

هەروەک لە پێشتر وتمان، نیشانەی (مێ و نێر)ی گینسی لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا هەر تەنیـا لە شێـوەی بەهدینانیی و هەورامـانیـیـدا مـاوەو لەم ڕووەوە ئەمـانـە هەندێ وێنەن:

"ئەڤ ڕۆژا زەریـن دا، چیـــــا؛
خەملینە مێرگ، کەسک بو، گیا
چەند شـۆخ و شـەنگی، دابیـا
ڤـان سـوسن، ڤـان خـومـریا
تەیفـــێن تەیە لێ بو خـــویا"

(مژدەهاڕۆژ – ل–١٤٩)

سەیدی هەورامی، مەرەمۆ:

"لوۆ (ژیوار) مـەبوو شێت و (نیشـاتێ)
(نیـشـاتێ) شێـوناش، عـەیش ونشـاتم
نێـشــاتۆ کــاکــەبارۆمی خـجلنۆ
خــەمــیش، بەرگم، پەژارەش بۆ خـە تم"

(مژ، هەورامان، ل – ١١٠٦)

(نیشات) ناوە و بۆ ئافرەت بەکار هاتووە و سەیدی حەزی لەو خانمەیە کە بەناوی (نیشات) ە وەیەو لە شێوەی ناوچەکانی هەوراماندا، ناوی ژن ئەگەر عارەبیی بێ، یەکسەرە پاشبەندی (مێ) =[ێ= ]ی دەخرێتە پاشکۆ وەک ئەمەی ئێرە (نیشات a نیشاتێ)

بۆ زۆرتر لەم ڕووەوە زانین تەماشای (ژمارەی-شەش- ی ئەم باسەی سەرەوە بکەرەوە).

٥- قەدی ئاوەڵناو لەگەڵ پاشبەندی[آ=â]دا ئاوەڵناوێکی مێینە دروست دەکات، بۆ وێنە وەک:

- [سورە=sura]کە خۆی قەدی ئاوەڵناوەو بەواتای[زۆر=zôr]هاتووە بەهۆی پاشبەندی[آ=â]وە دەگۆڕدرێ بەرەومێینەیی واتە دەبێ بە: [سورا=sur ] .یان، ئەم پاشبەندە دەخرێتە پاشبەندی[ئەکە=3aka]وە دەبێ ئاوەڵناوی (مێ) واتە: [ئەکا=3akâ] کە بەواتای (شەڕانی، پیس، کخ) هاتووە.

ئەنجامی ئەم بەراوردە:

١- لەبارەی وشەی (سورا) وە و وشەی (زۆر)ی ناو زمانی کوردیی ئەمڕۆوە ئەوە بەر چاودەکەوێت کە ئالۆ گۆڕ لە دەنگدا ڕووی داوە واتە دەنگی [س=s]ی ئاڤێستایی بەرەو دەنگی[ز=z]ی کوردیی ئەمڕۆ چووە و دەنگی بزوێنەکەشی بەرەو کراوەیی هەنگاوی ناوە.

٢- لەبارەی (نێرومێ)یەوە هەمیشە ئاوەڵناوی شوێنکەوتووی ئەو ناوەیە کەئەو ئاوەڵناوە دەربارەیەوە دەدوێ تاریفی دەکات وپیایدا هەڵدەدات و دەربارەیەوە شتمان پێ دەڵێ. بۆ وێنە لە شێوەی هەورامانیدا ئاوەڵناوی (سوور، سورخ، زۆر، کخ) بەم جۆرە دەوری خۆی لەگەڵ ناوەکەدا دەبینێ:

- پیای زۆردار، پیای سوور، پیای کخ.
- ژەنی زۆرداره، ژەنی سووره، ژەنی کخە.

٦- هەندێ قەدکە بیری ئاوەڵناوییان تیادانییەو بەم بەهۆی هەندێ پاشبەندەوە خۆیان دەکەن بەئاوەڵناو

- [بوم=bum]واتە زەویی یان دێ، بەهۆی پاشبەندی [-ی =-i]وەدەبێ بەئاوەڵناوی (مێ) واتە دەبێ بە[بومیی= bumî]کە بەواتای (خاکی) دێ.



شایانی باسە ئەم دوو (زاراو)ە لە شێوەی ناوچەکانی هەوراماندا بەکار دێت و بەم لە شێوەیەکی دیکەدا بەرچاوم نەکەوتوون تەنیا ئەوە هەیە کەوشەی (بوم) ولەگەڵ (لەرز)دا وشەیەکی لێکدراویان پێک هێناوە وئەویش وشەی (بومەلەرزە)یە، کەلام وایە لە سەر پاکی شێوەزارە کوردیەکاندا ڕەوان وزانراو وناسراوبێ.

وشەی (خاکی=بوومی) وەک ئاوڵناو بەکار دێت، بۆیەکێک کە زۆربەی کاتی لەگەڵ زەویی و کشت وکاڵدا بەسەر دەبات یان دوورە پەرێزە لە ئاوەدانی و شارستانیەتەوە.

بەکارهێنانی ئەم دوو وشەیەش وەک ئاوەڵناوبەم جۆرەیە:

- ئازادبومیا (خاکیا).
- پەریزادە بومیەنە (خاکیەنە).

لە شێوەی ناوچەی بەهدینان‌دا لە دۆخی (پاڵپشت وپاڵدەرەوەدا) نێرومێ بەپاشبەندی (نێر) یان هی (مێ) باشتر دەدەکەوێ بۆ وێنە دەوترێ:

"ژلالش وئێسیانە
کانیا سپی، خوەش دەرمانە"

یان دەوترێ:

"بەهەشتما دن لالش
چ قاس هوندەرک خوە شە
ب گول وئاڤ و وشە
باخچەکێ، ب ڕەوشە"

(مژدەها رۆژ-١٣٤)

یان دەوترێ:

"توی پادشاهی پڕ کەرەم
ئاسمان تەدانی، بێ ستون
لوتف و کەرەم، خشم و ستەم
لالش تەکر، دژداە وتون"

(مژدەهارۆژ-ل-١٣١)

١٠- پاشبەندەکانی پلەی بەراوردیی.

پلەی بەراوردکردن و جیاوازیکردن لە نێوان پلەکانیدا لەڕووی واتاوە دەبێ پەنا

ببرێتە بەر پلەکان، یان بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، پاشبەندی بەراوردەکە نرخی واتایی بەراوردەکە دەردەخات.

لەم ڕووەوە لە ئاڤێستادا ئەم پاشبەندانە وەک پلەی بەراوردیی بەرچاو دەکەون، واتە:

١- پاشبەندی[یاس=yâs]، [یەس=yas] یان [یانس=yâns]، بۆ وێنە قەدی (ڤەهۆ=vahu) بەواتای (باش، چاک، خاس) هاتووە ولە ئینگلیزیدا بەواتای (گود=good) هاتووە ولە ئەڵمانیدا (گوت=gut)ە.

کاتێ کە ئەم قەدە، پاشبەندی [یە=ya]ی وەرگرت دەبێ بە(ڤەهیە=vahya) کە بەواتای (چاکتر، خاستر، باشتر، رەندتەر) دێت ولە ئینگلیزییدا وشەی (بێتەر=better) دەگرێتەوە ولە ئەڵمانیدا (بێسەر=besser) دەگرێتەوە.

لە کوردیی ئەمڕۆدا جگەلەو واتایانەی سەرەوە لە شێوەی هەورامانییدا وشەی (بە=bah)مان هەیە، کەبە تەواویی زادەی وشەی ئاڤێستاییەکەیە لەگەڵ ئاڵو گۆڕێکی کەمی دەنگدا.

ئەم وشەیە لە شێوەی هەوراماندا بەواتای (چاک، خاس، ڕەند، باش) هاتووە وپتر لەوەش وشەی (بەهـ) ئاوەڵناوە و بەم جۆرەش پلەی بەراوردیی دروست دەکات.

بەهـ=رەند، چاک، خاس، باش.

بەهبەهـ=چاکتر، زۆرچاک، زۆر رەند (رەندتر= بێهتەر).

بەهبەهبەهـ =(چاکترین، رەندتەرین، خاستەرین) = (بێهتەرین).

٢-پاشبەندی[ترە=tra]، [تەرە=tara].

ئەم پاشبەندە دەچێتە پاشکۆی قەدی ئاوەڵناوەوە و پلەیەک لە نرخی ناو نیشانەکە زیاد دەبێ، بۆ وێنە وەک:

- [ئەکە = 3aka]قەدی ئاوەڵناوەو بەواتای (کخ، خراپ، پیس، شەڕانی) هاتووە. کاتێ کە پاشبەندی[تەر=tara]دەکەوێتە پاشکۆیەوە دەبێ بە(ئەکەتەرە=aktara) واتە (خراپتر، خراپتەر، کختر، کختەر، پیستر، پیستەر، شەڕانیتەر،...)، کەلە ئینگلیزییدا واتای (مۆرئیڤل=moreevil) ئەدات.

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ئەم جۆرە پاشبەندانەی پلەی بەراوردکاریی، لەگەڵ قەدی ئاوەڵناودا دەورێکی باڵایان هەیە لە دروست کردنی وشەی نوێدا.

٣- بۆ پلەی با لەئاڤێستادا پاشبەندی[یشتە=ishta]بەر چاو دەکەوێت کەدەچێتە



پاشکۆی وشەی (سورە=sura) ەوە وشەی نوێی[سەڤیشتە=savishta] دروست دەکات کە بەواتای (بەهێزترین، بەهێزتەرین، زۆردارترین، زۆردارتەرین) دێ و بەرامبەر (زەسترونگەست=the strongest)ی ئینگلیزییە.

ئەوەی کە لێرەدا، بەر چاودەکەوێ ئەوەیە کە قەدی وشەکە گۆرانکاریەکی بەسەردا هاتووە تاوەکو ئەو وشەیە ئەوپلە با یە دروست دەکات، کەچی لەوەی هاوسەنگی لە زمانە کوردییەکەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایەت وئەوە هەیە کەڕیشەکەیان هەریەکێکن.

٤- هەندێ قەدی ئاوەڵکار ڕەنگ، پاشبەندی[ئەرە=ara] وەردەگرن و پلەی بەراوەردکاریی دروست دەکەن بۆ وێنە وەک لەم وشەیەی خوارەوەدا:

- [ئوپ=3up]+[ئەرە+ara]=[ئوپەرە=3upara] واتە (ژووروتر، سەرتەر، هۆرتەر، سەرووتەر، سەرووتر، باڵا، باڵا تەر،...) لە زمانی کوردیدا ئەم پاشبەندانە (پاشبەندی بەراوردەکاریی) دەکەونە پاشکۆی هەندێ یان زۆرتری ئەو جۆرە ئاوەڵکارانەو ئەوپلە جۆرانە دروست دەبن، بۆ وێنە وەک:

- خوارتر، وارتەر،
- پاینتر، پاینتەر،
- لاپاڵتر، لاپاڵتەر،
- درەنگتر، دێرتەر،
- چوورتەر، ژووروتر،

٥- بۆ پلەی باڵا پاشبەندێکی دیکە بەر چاو دەکەوێ بۆ وێنە لەگەڵ ئەم وشەیەدا هەیە:

قەدی وشەکە بریتیە لە، [تەمە=tama]و کاتێ کە یەک دەگرن، دەنگی [ت=t]ی قەدەکە دەقرتێ و بەم جۆرە وشەکە دەردێت: [رەیڤەتەمە=raivataama] واتە زۆرڕۆناک، ڕۆشنتەرین، کەلە ئینگلیزییدا بەرامبەری (mostradiant)ە.

ئەنجامی بەراوردی ئەم پلەی بەراوردیە

هەروەک لە سەرەوە وتمان زمانی کوردیی ئەمڕۆ لە ڕووی پلەی بەراوردییەوە پاشبەندەکانی دیارین وئەوانیش[تر=tr]و[ترین=trîn]ن وهەندێ جاریش چەند بارە ئاوەڵناوەکە دەوترێتەوە گوایا بۆ دڵنیاییە لە لایەکەوەو لە لایەکی دیکەوە

ڕۆشنکردنەوەی پلەکەیە وهەندێ جاریش وشەی (زۆر) لەگەڵیداو لەپێشەوەیدا دێت ئاوەڵکاراویی دەکات (تەماشایی پێشەوە بکەرەوە).

لە زمان کوردیی ئەمڕۆدا پاشبەندی[تر=tr] بۆ کارو ئەرکێکی دیکەی زمان بەکار دێت و ئەویش ئەرکی (تەرتیبی) = (ریزیی) دەنوێنێ بۆ وێنە وەک:

(ا)- با کاوە بڕوات، بائازاد بلۆ، باشێرە بلوا.

(ب)- بایەکێکی تر بڕوات. واتە بایەکێکی دیکە بڕوات، بایەکی دیی بڕوا؛ بایۆتەربلۆ.

(ج)- مانگێ تر دێم= مانگێ تەر مەو= هەیڤا دیی ئەز دەهیم، (دیی= تر).

١١- وشەی لێکدراو لە ئاڤێستادا:

ا- لە ئاڤێستادا (وشەو ناو نیشان هەڵدەرەکەی) پێکەوە وشەی لێکدرا و دروست دەکەن بۆوێنە دەوترێ:

- (ڤیس=vîs)بە واتای (ماڵ، خانوو) هاتووە؛

- (پەتیی=patî)بە واتای (گەورە) دێ.

بەهەر دووکیانەوە بەم جۆرە یەکیان گرتووە:

- (ڤیس پەتیی=vîspat) واتە (گەورەی ماڵ).

ئەگەر وشە بەوشە بەرەو کوردیی ئەمڕۆ بیبەینەوە بەم جۆرەی لێ دێ: (ماڵ، گەورەی) و بەم جۆرەی لێ دەکرێتەوە (ماڵی گەورە) کە ئەمە خۆی لە خۆی دا ئەو واتایەی وشەکانی ئاڤێستا بەدەستەوە نادات!

ئەوەی کە لێرەدا بەدیی دەکرێ ئەوەیە کەلە ئاڤێستادا ناوەکە پێش ئاوەڵناوەکە دەکەوێ وئەوجا پێکەوە ناوە لێکدراوەکە دروست دەکەن، کەلە ڕوویەکەوە ناوی لێکدراوەو لەڕوویەکی دیکەوە بەهەر دووکیانەوە ئاوەڵناوێکیان دروست کردووە.

لەکوردیی ئەمڕۆدا ئاوەڵناوەکە پێش ناوەکەدەگرێ وئەوجا بەهەر دووکیانەوە ناوێکی لێکدراو لە لایەکەوە دروست دەکەن ولە لایەکی دیکەشەوە دەوری ئاوەڵناوی لێکدراو دەتوانێت ببینێ! واتە: - ئاڤێستا دەڵێ: (ڤیس پەتی) = (ماڵ گەورەی).

- کوردیی یەژێ: (گەورەی ماڵ).

ب- جۆرێکی دیکەی وشەی لێکدراو لە ئاڤێستادا:



- [نر=nr] واتە:نێر=پیاو.

- [گەر=gar] واتە:خراپ، زاڵم، دیکتاتۆر، کەللەڕەق.

هەر دووکیان لەم بارەوەو لە ئاڤێستادا بەم جۆرە ناو (ئاوەڵناو)ی لێکدراویان دروست کردووە:

- [نر=nr]+[گەر=gar]=[نرگەر=nrgar] واتە؛ نێرەکەر، کەللەڕەق، دیکتاتۆر، کەبەرامبەری لە ئینگلیزییدا دەکاتە (مان دیڤۆرەر=man-devourer).

ئەم لێکدراوە تایبەتیە بەو پیاوەوە کە مافی ژنەکەی خواردوە؛ ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی دیکەوە ئەم لێکدراوەیە کەلە کوردیی ئەمڕۆدا بۆ هەمان مەبەست هەیە یان دروستکراوە (ئەمە تەنهاوشەی- نێرەکەر- دەگرێتەوە، بەڵام لە دۆخی کەرە پیاودا) ڕێرەوەکە دیسان وەک ئەوەی سەرەوە دەگرێتەوە وپێچەوانە دەڕوێنێ، بۆ وێنە لەمەی خوارەوە وردبەرەوە:

- [نر=nr]+[گەر=gar]=[نرگەر=nrgar] واتە: (پیاوی کەر) لە کوردییدا بەم جۆرەیە: (کەر+ە+پیاو) = (کەرەپیاو)

پ- جۆرێکی دیکە کەلە ئاڤێستادا بەر چاو دەکەوێت بۆ وێنە وەک:

- [ڤیشە=vîsha] واتە (ژار، تێکدەر، خراپکەر،...) وەک (ناو)ە.

- [ڤەیپە=vaipa] واتە (پڕژن، ڕژێنەر، فڕێدەر، پرژێنەر، دەرخواردەر،...) وەک (کار) یان وەک (ناوی کارا) = (کە کاری ئاوەڵناودەبینێ). ئەمانە بەم جۆرەی خوارەوە یەک دەگرن وناوی لێکدراو (ئاوەڵناو) دروست دەکەن، واتە:

- [ڤیشە ڤەیپە=vîsha vaipa] کەبەواتای (ژارپرژێنەر) دێت ئالێرەدا لێکدراوەکەی ئاڤێستا وئەوەی کوردیی ئەمڕۆ هەروەک یەکێکن و چە جیاوازی یەکیان دروست نەکردووە.

ت- لێکدراوێ کە پێک هاتووە لە (ناو+ناو) بۆ وێنە وەک:

- [دەیڤە=daiva]، واتە: (دێو، ناڕاست، درۆ)

- [یەزنە=yasna]، واتە: (جەژن، پەرستن، سروود، قوربانی، نوێژ، دۆعا،...).

هەردووکیان بەم جۆرە یەکیان گرتووە:

- [دەیڤە یەزنە=daivayasna]واتە: (دێو پەرستن).

(١) یان ئەم جۆرەی خوارەوە:

– [نەریە=narya] کە بەواتای (پیاو، پیاوانە، ئازا، درِ،...) دێ.

– [مەنە=mana] کە بەواتای (رِوان، رەوان، رِۆح، وژدان، زەمیر......) دێ.

ئەم جووتە بەم جۆرەی خوارەوە لێکدراو پێک دەهێنن:

– [نەریەمەنە ]=[naryamanah] کە بەواتای (پیاوی ویژداندار، پیاوی پیاوانە،...) دێ.

(٢) یان، (ژمارە-کە لێرەدا،بەئاوەڵناو، لە رووی ئەرکەوە سەرژمێر دەکرێ) لەگەڵ ناودا پێکەوە و هەر دووکیان بەجووتە لێکدراو ناو (ئاوەڵناو) پێک دەهێنن، بۆ وێنە، وەک:

– [دڤە=dva]، واتە (دوو) وکورتەکەشی لە لێکداندا دەبێ بە[بی=bi]. لەگەڵ ناوی[زەنگرە=zangra] کە واتای (لاک= لاق، لنگ، قاچ،...) دێ. یەکدەگرن و وشەیەکی لێکدراو بەهەر دووکیانەوە پێکدەهێنن و وەک:

– [بیزەنگرە=bezangra]، کەبەواتای (دووزەنگرە، دوولنگ، دووپێ، دووقاچ،...) دێ. لەم جۆرە لە کوردییدا (سێ لنگ-سێ قاچ) یش هەیە کەوەک جۆرە قەرزێکی زمان ناسیی بۆ (مرۆی پیر) بەکار دێ، کاتێ کەمرۆی پیر دارێ بەدەستەوە دەگرێ.

هەر لەم جۆرە، بەڵام لە بریی ژمارە، ئاوەڵناو بەکار دەهێنرێت، وەک:

– (سیاوجامانە=سیاوچەمانە)ی ئەمرۆی گۆرانی سیاوجامانەی دینیی ئاهورایی هەورامان.

– (چوارپێ)، کە بەواتای (وولاّخ) دێ، کەبۆ پیاوی ناژیریش بەکار دهێنرێ.

٣- لێکدراوی ژمارە لەگەڵ ژمارەدا

لە ئاڤێستادا لە ژمارە (دە=دەسە) ەوە، لێکدان دەست پێ دەکات و تا ژمارە دەگاتە (سەتە=sata) و واتە بەم جۆرەی خوارەوە:

لە ئاڤێستادا لە بریی ژمارە (١٠=دە)، (دەسە=dasa) بەکار دەهێنن و ئەم جۆرە ژمارانە لەدێهاتەکانی هەورامانی تەختدا بۆ گوێز ژماردن هەر بەکاری دێنن و ئەگەر هاتوو زانیمان (دەسە گوێز) بۆ ژماردنی گوێز وەک (کیل=ع)ی عارەبیی وەهایە واتە، دەوترێ دەستەیەک گوێز، دە دەسە گوێز، سەد دەسە گوێز، کە دەکاتە (هەزار گوێز) = (هەزارێ وەزیی).



بەهەر حاڵ لە (١١) تاوەکو (١٩) بەم جۆرەیە:

(١) بۆ ژمارە یازدە دەوترێ: (ئەیڤە دەسە=aivadasa)، لە ناوچەکانی هەوراماندا یەژن (دەسەو یێوە)، زازاییەکان ئەڵێن (دەس ویو).

(٢) بۆ دوانزدە لەئاڤێستادا دەوترێ: (دەڤە دەسە=davadasa)، لەهەورامان دەبێژرێت: (دەسە ودوێ)، زازایەکان یەژن: (دەسەو دی).

(٣) لەئاڤێستادا بۆ سیانزە دەوترێ (تری دەسە=tri dasa)، لە هەورامان دەڵێن: (دەسەو یەرێ)، زازایەکان یەژن: (دەسەو هیرێ).

(٤) لەئاڤێستادا بۆچواردە دەوترێ: (چەدڤاردەسە= chatvardasa)، لە هەوراماندا دەوترێ: (دەسەوچوار)، زازایەکان دەڵێن: (دەسەوچێر).

(٥) لەئاڤێستادا بۆ پانزە دەوترێ: (پەنجە دەسە=pancha dasa).

لە هەوراماندا دەوترێ: (دەسەو پەنج)، زازایەکان دەڵێن: (دەسەوپەنج).

(٦) لەئاڤێستادا بۆشانزەدەوترێ: (خشڤەش دەسە=xshvash dasa)

لە هەوراماندا دەوترێ: (دەسەو شش)، زازایەکان دەڵێن: (دەسەوشێش).

(٧) لەئاڤێستادا بۆحەڤدە دەوەترێ: (هەپتە دەسە=hapta dasa)، لەهەوراماندا دەوترێت: (دەسەو حەوت)، زازایەکان دەڵێن: (دەسەو هوت).

(٨) لەئاڤێستادا بۆهەژدە دەوترێ: (ئەشتا دەسە=3shta dasa)، لە هەوراماندا دەوترێت: (دەسەو هەشت)، زازایەکان دەڵێن: (دەسەو هەشت).

(٩) لەئاڤێستادا بۆنۆزدە دەوترێ: (نەڤە دەسە=navadasa)، لەهەوراماندا دەوترێت: (دەسەو نۆ)، زازایەکان دەڵێن: (دەسەونیڤ).

ا- ژمارە دەیە دەوریەکان لەبیستەوە بۆ پەنجا

(١) لەئاڤێستادا بۆبیست دەوترێ: (ڤی-سەتی=vîsatî)، لەهەوراماندا دەوترێت: (ویست=wîst)، زازایەکان دەڵێن: (ڤیست=vîst).

(٢) لەئاڤێستادابۆسیی دەوترێ: (تری سەتەم=tri satam)، لە هەوراماندا دەوترێت: (سیی=s)، زازایەکان دەڵێن: (هێرس=hirs).

(٣) لەئاڤێستادا بۆچل دەوترێ: (چەشڤەر سەتەم= chashvar satam)، لە هەوراماندا دەوترێت: (چل= chil)، زازایەکان دەڵێن: (چیورەس= chiwras)یان (چیوراس).

(٤) لەئاڤێستادا بۆپەنجادەوەترێ: (پەنجە سەتەم=panja satam).

لەهەوراماندا دەوترێت: (پەنجا=panjâ)، زازایەکان دەڵێن: (پونچاس=punchâs).

ب- ژمارە دەیە دەوریەکان لە شەستەوە تاوەکو نەوەد

ژمارەکەو لەگەڵ پاشبەندی (تیم=tîm)دا، بۆ وێنە دەوترێت:

- (شەست)، (خشڤەشتیم=xshvashtîm) لە ئاڤێستادا، لە هەوراماندا (شەست=shast) دەوترێ، (شەشتێ= shashtê) لە ناوچەکانی دومەلی (لە زازایی) دا.
- (حەفتا)، (هەپتا تیم=haptâ tîm) لە ئاڤێستادا، (حەفتا=haftâ) لە هەورامانیدا، (هوتێ=huwtê) لە دومەلی دا.
- (هەشتا)، (ئەشتاتیم=ashtatîm) لەئاڤێستادا، (هەشتا=hashtâ) لە هەورامانیدا، (هەشتێ=hashtê) لە دومەلی دا.
- (نەوەد)، (نەڤەتیم=navatîm) لە ئاڤێستادا، (نەوەد=نەڤەد=navad) لەهەورامانیدا، (نیوێ=niwê) لەدومەلی زازایەکاندا.

پ- لێکدراوی ناو ئەم دەیانە:

لێکدانی ژمارە بەمەبەست ژماردن لە بیستەوە بەرەو ژوور، بەم ڕێگەدا دەڕوات واتە بەم جۆرە:

- (بیست و دوو) لە ئاڤیستادا دەبێ بە(دڤەچە- ڤیسەتیی= dvacha vîsatî).
-(بیست و پێنج) لە ئاڤیستادا دەبی بە(پەنجەچە- ڤیسەتی=panchacha vîsatî).
-(شەست و شەش) لە ئاڤیستادا دەبی بە(خشڤەشچە- خشڤەش تیم=xshvashcha xshvatîm).
-(نەوەد و سێ) لە ئاڤیستادا دەبێ بە(ترییچە- نەڤەتیم=trîcha navatîm).

٧- ئەنجامی ئەم بەراوردە

وەک ژمارە لە یەکەوە تاکوو (دە) وەک یەکن.

ژماردن لە یانزەوە تاکوو بیست ئاڤێستا و زمانی کوردیی ئەمڕۆ جیاوازیان هەیە و ئەویش بریتیە لە پاش و پێش واتە لە ئاڤیستادا ژمارە بچووک پێش (دەسە=١٠)



دەخرێ، بەڵام لە شێوەی هەورامانی و زازاییدا (دەسە=١٠) پێش ژمارەی بچووک دەکەوێت.

جیاوازیی زۆرتر ژماردن بەرەو زۆرتر ئەوە باش ڕۆشن دەکاتەوە.

ژماردن لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا هەندێ شتی فرێ دراوە و هەنگاوی بەرەو ئاسانتر ناوە، ئەمەش ڕێڕەوی هەرزمانێکە.

ژمارەی تەرتیبی و پاشبەندەکانی

بۆ ژمارەی تەرتیبی، لە ئاوێستادا لەپێشەوە ژمارەکە دێت ئەوجا پاشبەندی تەرتیبی کە[-یە=ya-] دەکەوێتە پاشبەندی (پاشکۆی) وشە (ژمارە) سەرەکیەکەوە و دەبێ ئەوەش بەرچاو بخرێ کە ئەو پاشبەندە هێندێ جار بەبۆنەی دەنگسازیەوە دەنگێکی کەم دەکات یان دەگۆڕێت.

بۆ یەکەمین، (نەختێ وشە سەرەکیەکە بەهێزتر کراوە بەوەی کە ناوێکی پێوەنراوە کەواتای (لە هیچ پتر) دەبەخشێ و بۆیە ژمارەی (یەک) بەکار نەهاتووە هەروەها زمانە ئەوروپایەکانیش هەر بەو جۆرە ڕێڕەویان کردوە). لە ئاوڤێستادا لەم جۆرە دروستکراوە:

- [فرە+تەرە=fratara] کە بەواتای (یەکەم،یەکەمین) دێ لە ئینگلیزیدا بەرامبەر ئەم وشەیە (فێرست=first) و لە ئاڵمانیدا (ئێرستە=erste) یەو هیچ کامێکیان لە سەر ڕێڕەوی ئەوە نەڕویشتوون کە (یەک) بهێنن وە پاشبەندی تەرتیبی بخەنە پاشکۆیەوە.
- دووەم، [دڤیتیە=dvitya]
- سێ یەم، [تریتیە=tritya]
- چوارم، [تووریە=turya]بەم جۆرەش هاتووە [کتووریە=k-turya].
- پێنجەم، [پەنکشە=panktha ] یان [پوخدە=puxda].
- شەشەم، [خشتڤە=xshtva] یان [شڤشتە=shvshtha].
- حەوتم، [هەپتەسە=haptatha]
- هەشتەم، [ئەشتەمە=3ashtama]
- نۆیەم، [نەڤەمە=navama]
- دەیەم، [دەسەمە=dasama]

لەیانزەوە تاوەکو نۆزدە قەدی [aوs]ژمارە تەرتیبییەکە وەردرگرێ، وەک:

– (پەنجە دەسە=pancha dasa)+ (sa–) = <(pancha dasasa)واتە پانزەهەم وبەوجۆرە...

(ت)– هەندێ بەراوردکاریی

(۱) –وشە (قەد) ی[چەیس= chaith] ئەم قەدە بۆهەردوو دەمەکە (ڕابردوو ورانەبردوو) بەکار دێت بۆوێنە:

– [چەیسەت= chaithat] کەبەواتای (فێرکرد) دێ، بەم جۆرە قەدەکەی بۆدەمێ ڕابردوو بەکارهات ولە هەمان کاتدا ڕستەیەکی کورتی دروست کرد. هەروەک ئەوەی کوردیی ئەمڕۆ تەنها جیاوازیەکەی لە نێوان کوردیی ئەمڕۆ ئاڤێستادا، ئەوەیە لەوەی کوردیی ئەمڕۆدا کاری یارییدەدەری (کردن) لەگەڵێدا بەکار هێنراوە.

(۲) – [چەیسەتای=chaithatai] کە بەواتای (فێر دەکات) دێ واتای ڕانەبردووەو کارەکەش لەپاش (وتنەکە) دەکرێ یان سائیتر کەی؟...

ئەو جیاوازیانەی لە نێوان ئەم دووڕستەی ئاڤێستایەدا بەدیی دەکرێ بریتییە لە پاشبەندی [–ەی=ai–] وکەدەمەکەی گۆڕیوەو بۆمان هەیە بڵێین پاشبەندی داهاتووە لەم وشەیەدا یان لە جۆرە قەدی وەهادا!.

شایانی بیرنەچوونە، کە یەکێ لەکەنیشکە هەرە جوانەکانی زەردەشت بەناوی (پۆرچیستا = pourchuista)وە بووە و ئەم کیژەیە خاوەنی زانیارییەکی زۆربووەو لەبەر دانایی وزانایی لام وەهایە، ڕابەری ئافرتانی ئەو زەمانەی درابێتێ، یان شتێ بەو جۆرە چونکە لە ئاڤێستادا بەو جۆرەناو دەبرێ.

بەڵام لە ڕووی دینییەوە زەردەشت لێی ڕازیی بووەو وەها لە گاتەکاندا هاتووە کە پۆرچیستا باوکی پەیامبەرەو مێردیش یاردەدەری گەورەی زەردەشتە داخم دەبێ خۆی چۆن بێ (گاتەکان، پورداود،–ل۲۱۲).

بۆیە ئەم ناوی (چیستا) لێرەدا، هێنایەوە بۆ هەمان وشەی سەرەوە گویا ناوی کەنیشکەکەی زەردەشت لە ئاڤێستادا بەدوو جۆر ناوی هاتووەو ئەوانیش[چیستیی= chîstî] و [چیستا= chîstâ] کە هەر دوولایان پاشبەندی (مێ=î، â )یان بەدواوەیە، ئەمەلە لایەکەوە لە لایەکی دیکەشەوە ئەم وشەیە پێش ئەوەی کە ناوبێ لە ئاڤێستادا بەشێوەی ئاوەڵناو هاتووە کە بەواتای (داناو زانا=دانش) دێ. هەر لەم قەدەیەوە وشەی



(دانیشمەند = ڕۆشنبیر و ژیر= chistivant)ی لێوە دروست بووەو بۆیە بە(پۆرچیستا) ناو بانگی دەر کردوە چونکە هەروەک وتمان دانیشمەند وزانا ودانا، بووە (یەشت–ها، پورداود، ل۱۰۷).

بابێینە سەر وێنەیەکی دیکەی بەراورد، ئەویش:

(۳) – [ستوت = stut]: ئەمە قەدی ڕانەبردووەو بۆڕابردوویش بەکار دێ وئەمەش بەواتای (ستایشکردن)، (نوێژکردن)، (جەژن وقوربانیکردن)، حاڵی حازر وشەی (ستایش) لە پارسیی ئەمڕۆدا بەکار دێ ولەهەندێ ناوچەی کوردەواریشدا، وەک (هەورامان ولوڕستان ولەکستان) بەکاردەهێنرێ، بالەم وێنانە ورد ببینەوە:

– [ستەوت = staut]:

ئەم وشەیە واتای ڕستەیەک دەبەخشێ ئەویش ئەوەیە کە بەواتای (پەرستی = ئەوپرستی) یان (ئەو خۆشیویس = حەزی لێی بوو = عاشقی بوو).

– [ستەومی = staumî] ئەمیش بەواتای دەپەرستم یان (من دەپەرستم) دێ.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو ڕستەیەی سەرەوە، لەیەکەمدا بوونی پاشبەندی [ت = t]یەولەهی دووەمیشدا لەبریی پاشبەندی [ت = t] پاشبەندی[می = mî] هاتووە.

کەوابوو پاشبەندی یەکەم، واتا ڕابردووی تێدایە و واتای کەسی سێیەمی تاکیش، بەم هی دووەم واتای کەسی یەکەمی تاک ورانەبردووی تێدایە. لەکوردیشدا، هەرلە (هەمان خاوەن واتا) دەتوانین بەوشەیەک ڕستەیەک درووست بکەین وەک:

–پەرستم= (پەرست+م) بەلاّم دەوترێ: ستایشم کرد، (مەستایشم کەر).

–دەیپەرستم = (دە+ی+پەرست+م).

هەر لە هەمان (قەدەوە) دەوترێ:

– [ستەڤات = stavât]کە بەواتای (دەپەرستێ) دێ یان (ئەو دەپەرستێ). دەبێ ئەم ڕستەیە، کەوەک وشەیەک وەهایە، چەند جیاوازیی لەتەک ڕیشەی (ستوت = stut)دا دەبەخشێ!.

ئەگەر بیاندەینە بەرچاوی بەراوردکردنەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە:

۱– لەڕووی مۆرفۆلۆژیەوە تەنیا ڕیشەکەهەیە، کە ئەویش[ست=st]ە و ئەوانی دیکەش بریتین لە بەند سازیی بۆمەبەستی مۆرفۆلۆژیی کەواتای ڕێزمانی بەدەستەوە دەدەن.

٢- لەرووی واتاسازییەوە دەبینین کە ئەو بەندسازیانە، بەواتای (ئەو) دێت ولەگەڵ شێوەی گۆڕینی واتای ڕیشەکەو دەمەکەی.

- [ستەڤان=stavân] لەم وشەیەدا کە خۆی لە خۆیدا ڕستەیەکە بەواتای (ئەوان دەپەرستن= دەپەرستن) دێ وئەگەر بێیتش لەگەڵ ڕیشەکەو وێنەکانی دیکەدا بەراوردی بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە پاشبەندی[ن=n]لێرەدا بۆمەبەستی بەدەستەوەدانی واتای (کۆ) دێ.

٤- ئەم وێنەیەی ئێرە بریتییە لەقەدی کار و وشەی بزێویی کرداریی (پریپۆزیشن) بەپێی کات ودەم وواتا، پاشبەندوناوبەندی کارو وشە سازیی (مۆرفۆلۆژیی) خۆی دەکات، بۆ وێنە وەک:

- [ئەپی=api] کە یەکێکە لەوشە بزێوەکردارییانە (پریپۆزیشن) و (پێشئاوەڵکارێش) ەو قەدی کار، هەڵدەسوڕێنێ بەپێی پێویست (دەم، واتا، کەس). واتە: دەڵێین (ئەپی کرنتاتی=api krntaki) کەبەواتای: (دەبڕێت) (دەکەنێ= هەڵدەکەنێ).

لام وایە پێوست بەوە دەکات کەوشەی [کر=kr] و قەدەکەشی[چەر = char]، کەبەواتای چاووگی (کرن = کردن = کەردەی) دێ. لەتەک پریپۆیزشن (یان پێشئاوەڵکار)دا بەشێوەیەکی دیکە بەکاریان بهێنین وبەوردیی بۆ کاری بەراوردکاریی بەکاریان بهێنین وبەم جۆرە:

[ئەڤی کرنتاتیی = avikrntti].

ئەم وشەیە بریتییە لەوشە سەرەکییەکەو وشە بزێوەکە کە[ئەڤی = avi] یەو ئەم وشەیەش کە خۆی لە خۆیدا ڕستەیە بەواتای (لاوەلا دەیبڕێ) یان (بەرەو ژوور دەیبڕێ)، (بەرەوپێشەوە هەڵدەکەنێ) دێ.

ئەوەی کەزۆر زەق ودیارییە لێرەدا ئەوەیە کەوشە سەرەکییەکە، (کار)ە ڕووالەتی نەگۆڕاوە ئەوەی کە گۆڕدرابێ، لەگەڵ ئەوەی پێشوودا تەنها وشەکردارییە بزێوەکەیە، کە خۆی بەتەنیا واتای وشەکەی گۆڕیوەو خۆی چوارچێوەی ئاوەڵکاری وەرگرتووە.

باوشە کردارییە بزێوەکە بگۆڕین وبیکەین بە[ئوپە = upa] وبەم جۆرە:

(ئوپە-کرنتەیەن = upa krntayan)، بەواتای (بەرەو ژوورەوە دەبڕێ) یان (بەرەو سەرەوە هەڵدەکەنێ). ئەوەی کە دەبێ سەرنجی بەراوردکار ڕابکێشێ ئەوەیە کەڕواڵەتی



وشەسەرەکییەکەش گۆڕاوەو ئەویش ئەوەیە پاشبەندی[ئەیەم=ayam]، چووەتە جێگای [ەت=-at]ەوە.

(٥) - ئەم شێوەیەی ئێرەش هەروەک هەمان وێنەکانی سەرەوە لەگەڵ نەختێ جیاوازییدا وئەم تێبینیە، ئەستۆی پیشکێنەرەوە کەوتووە.

بالەم وێنانە وردبینەوە:

- (فرە-جەسان = frajasân) کەبە واتای (نزیک بوونەتەوە) دێ.

- (فرەجەستی = frajasaiti) کەبە واتای (بەرەوئێرەدێ) دێ. یان (دێتە دەرەوە).

- (نی-جەسەن = ni-jasan) کەبەواتای (بەرەو خوارچوو) یان (بەرەو خوارنزم بوویەوە).

لێرەدا شێوەی وشەکردارییەکە گۆڕاو واتای وشە سەرەکییەکەشی گۆڕاو دەمەکەشی گۆڕدرا.

بەشێوەیەکی گشتی بۆمان هەیە بڵێین کە:

+ قەدی کارەکە[جەسە=jasa]یەو وشە بزێوەکانیش[فرە=fra] کە بەواتای (بەرەوپێشەوە، بەرلە) دێ وشەبزێوەکەی دیکەش [نی=ni]یە کە بەواتای (بەرەوخوارەوە، بەرەونزمایی) دێ.

لەسەر پاکی وێنەکان (ئاوەڵکار= یان ڕستەی ئاوەڵکاریی)دا شێوەی ئاوەڵکاریی بەڕستەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەم بۆنەیەوە (کاری پێشئاوەڵکار) وا ئەم وێنەیە دەخەینە بەرچاو:

(at chahyâ tâ tham manyu jasaêt am)

(Y. 30, 4)

واتە:

"لەسەرەتادا ئەو دوو ڕووژنە (ڕەوان) هام زادەن"

ئەو ڕێنوسەی سەرەوە (ترانسکریپشن= وێنەی ئاوازیی دەنگەکان) نییەو نەختێ خوێندنەوەی هەندێ وشە، کێشەی ئاواز دەهێننە بەرگوێ خوێنەوەوە بەشێوەی (ترانسکریپشن= ئاوازی دەنگەکان) بەم جۆرە دەنووسرێ:

“ATChAHYÂT TÂHAM MAINYÛ JASAITAM”

بەشێوەی کوردیی ئاوازی ڕستەکە بەم جۆرەیە:

(ئەتچە هیات تا هەم مەینوو جەسەیتەم)

بەشێوەی ئینگلیزیی بەم جۆرە لێک دراوەتەوە:

(and here when those two spirits go together.)

ئەتوانین کەمێکی لێ ڕۆشن بکەینەوە:

+ [ئەتچە=atcha]وشەیەکی ئاوەڵکارییە بەواتای (لەبنەڕەت) دا، هاتوو.
+ [هیەت= هیات=hyât]، (ڤێرب توبی)ە.
+ [هەم=ham]بەواتای پێکەوە (ئاوەڵکاری چۆنیەتییە).
+ [مەنە=mana]، بەواتای (ڕەوان) دێ (ناو) ە.
+ [جەسە=jasa]، قەدی (هاتن) ە.

لەئاڤێستادا وشەی بزێوو کرداریی بزێو لە ڕستە سازییدا دەکەن.

ئەمانە هەندێ لەو وشە بزێوانەن، کەلە ئاڤێستادا، وەک (پریپۆزیشن) وەک (پێش ئاوەڵکار) بەکار دەهێنرێن ودەورێکی زۆر بزێویان لە ڕستە سازیی ئاڤێستادا هەیە:

- (ئەیپی=(aipi=[API]، بەواتای:لە، دواوە.
- (ئەیبی=(aiwi=aibi=avi=[ABI]، (یەکسەرە).
- [ئەنو=anu=[ANU (= nu، (بەپێی).
- [ئەنتەر=antar=[ANTAR، (لەناوەوە).

ج- گەڕ خواردنی (ناو).

(ئا)- گەڕخواردنی ناو لە ئاڤێستادا

یەکەم: ناولە ڕووی نێر و مێ وبێ لایەنەوە، هەر وەک لەبەر چاوە سێ جۆرن و ئەوانیش (نێر) و (مێ) و (بێ لایەن).

دووەم: لە ڕووی (تاک) و (کۆ)یەوە، لە ئاڤێستادا، (یەک ناو) دەوری تاک لە ڕستەسازیدا وەردەگرێ و دوویش، وەک دوانێ و بەڵام لە دوو پتر، دەوری (کۆ) لە ڕستەسازیدا وەردەگرن.

سێیەم: ناو لەئاڤێستادا بەپێی جێگای وئەرکی لە ڕستەسازیدا، گەڕدەخوات وئەو گەڕ خواردنانەش دەگەنە هەشت جۆر، هەروەک لەم وێنەیەی خوارەوە بەرچاودەکەوێ،



پێش ئەوەی، کەوێنەکان بەرچاو بخەین، دەبێ شارەزای ئەم نیشانانە ببین وئەوانیش:

(SG)= تاک، (N.) =نومینەیتڤ (کارا، پاڵپشت، دەستپێکەر).

(Acc)= واتە: (لەئەرکی بەرکاردا).

(G.)= واتە: (لەئەرکی پاڵدەرەوەدا، یان، خستنەسەر) دا.

(Abl.)= واتە: (لەئەرکی، کورت کردنەوەدا).

(Dat.)= واتە: (لەئەرکی، ڕاکێشراوو بەستراوە (جارومجرور) دا.

(Instr.)= واتە: (لەئەرکی ئامرازیی دا).

(Loc.)= واتە: (لەئەرکی- زەمان- ئاوەڵکاریی) دا.

(Voc.)= واتە: (لەئەرکی نادیارییدا).

ئەوجا، بابینە سەر وێنەکان (بۆ ناوی تاک):

- [ئەسپ=3asp] قەدی ناوە

SgN.- [ئەسپە = 3aspa] ناوی نێرە (بەمایین = 3aspâ = ئەسپا) دەوترێ.

Acc.- [ئەسپەم = 3aspam]

G.- [ئەسپەهیە = 3aspahya]

Agl.- [ئەسپات = 3aspât]

Dat - [ئەسپای = 3aspâi]

Instr.- [ئەسپا = 3asp]

Dat.- [ئەسپەی = 3aspai]

Voc- [ئەسپە = 3aspa]

Sg.N.- [ئەسپە = 3aspa]

تێبینی: [3]، لەبریی[ئ] هەمزەیە.

گەڕ خواردن، لە ناو کوردیی ئەمڕۆدا.

یەکەم: ناو لە ڕووی نێرو مێ وبێ لایەنەوە، لە کوردیی ئەمڕۆدا، دەبێ بڵێین، لە شێوەیەکەوە، بۆ شێوەیەکی دیکە دەگۆڕدرێ و ئەتوانین بێژین، کەلە سورانیی وجافییدا، خەریکە شوێنەمای نێر و مێی جگە لەڕاستەقینە- نەمێنێ، بەتایبەتیی لە کارو ئەرکی

ناو رستەدا، بەڵام لە شێوەزاریی بەهدینانیی وزازایی وهەورامانییدا و هەندێ شێوەی دیکەدا، پڕ بەپڕی ماون (واتە: هەرچی ناوهەن، یانێرە، یان مێیە یان بێ لایەنە).

دووەم: لە رووی تاک وکۆ و دوانەوە، ناوی زمانی کوردیی، لە ئەرکی رستەسازیدا، یەک، هەڵس وکەوتی تاکی لەگەڵدا دەکرێ ودووان وپتریش، ئەرکی کۆ یان لەگەڵ دەکرێ، واتە. بەم جۆرەی خوارەوە:

پیاوێ هات. = پییێوە ئاما

دووپیاو هاتن. = دوێ پییێ ئامێ

چەند پیاوێ هاتن. = چند پییێوە ئامێ

لەم پارچە شیعرەدا تاک وکۆ هەن وخوێنەر بۆی هەیە، کە خۆی ئەوانە جوێ بکاتەوە:

ئیرۆ چارشەمبە سەرێ نیسانە
ژیەزدانێ پاک هاتی فەرمانە
موژدە ژ ئادەم وهەوانە
لالش خەملی کەیف و سەیرانە

(مژدەها-رۆژ. ١٢٦)

| یان لەزازایی دا | وشەکان: |
|---|---|
| چەمێ پێرێ | دییێسم = دەرسیم |
| پێلێ تو زاف یامانو | پێرێ = ناوی چەمی پیرێیە سەرێ کۆیێ موزوردی |
| مێژوو دومانو کو=شاخ | |
| هێرشەشت دی | یامانۆ=هاتوون |
| ئەسکەرێ تیرکو نێ فاشێستو | موزور=مزووریی |
| ئیست ڤێ دێسیم قەتڵ کەرد | تیرکو=تورک |
| مەیتێ دیسموئەستی وۆرتی چەمێ مێزور | ئەستی= لاشە |
| (سترانا چەمێ پێرێ ) | وۆرتی=خستە |

سێیەم: لە رووی گەڕخواردنەوە، (ناو) لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، گەڕناخوات!

- بالەم رووەوە پتر رۆشنیان بکەینەوە، واتە مەبستمان لەگەڕ خواردن، ئەوەیە، کە ناوەکە، بەپێی ئەرکی و جێگای لە ڕستەسازییدا، جۆرە پاشبەندێ وەردەگرێ، کە لە نێرەوە بۆمێ، بۆ بێلایەن، جیاوازیی بەرپا دەکات و ئەم گەڕخواردنەش هەروەک رووڼمان



کردەوە، لە ئاڤێستادا هەشت دۆخی هەبووە، بەم جۆرە دۆخی وەها، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، نەماوە و نییە!

دۆخەکان، لە زمانی ئەڵمانییدا (جەرمانی کۆندا) هەر وەها لە زمانی ئینگلیزیی کۆندا، هەبووە. لەرووی نێرومێ وبێ لایەنەوە، (نێرومێ)ی راستەقینە بەدەر، هەرناوێک لە ئاڤێستادا یا (نێرە) - لە رووی واتاوە- یان (مێ)یە، یان بێ لایەنە. واتە، ئێمە مەبەستمان لەوەنییە، کە (مرۆ)، نێری (پیاو) ە ومێیشی (ژن)ە یان. (گا) نێری (کەڵەگا)یە و مێیشی. (مانگا) یە، یان سەگ، (نێری)ی (گەماڵ)ە و مێیشی (دێڵ، دەڵ)ە، بەڵکو مەبەستمان بەم جۆرەیە:

- وشەی [زەستە = zasta]، واتە: (دەست، بەژن)، نێرە ومێشیی نییە.
- وشەی [دەیسرە = daithra]، واتە: (دیدە، چاو)، بێ لایەنە.
- وشەی [گەیسا = gaithâ]، واتە (گێتی، دنیا)، مێیەوە و نێریشی نییە.

وەک ئەم وێنانەی سەرەوە، هەر ناوێ کەتۆ بیگریی (لە هەورامانیی، بەهدینانیی، زازایی)دا یان (نێر) ە، یان (مێ) یە، یان (بێ لایەن)ە. بەڵام شێوەی جافیی و سۆرانیی، ئەم جۆرە جیاوازییە بەر چاو ناکەوێ وبە بیروڕای منیش، ئەم جۆرە ڕێڕەوە ڕێڕەوەێکی شارستانیەتە کە شێوەی (جافیی، سورانیی) وەک شێوەیەکی ئەدەبیی هەنگاوی ناوە، ئەگەر بێت وتەتەڵەی بکەین، لەو (زاراو)ە، ناشیانە کەبە ناشیانە داتاشراون و شێوەکەیان، نارەوان کردووە!

+ وێنە، بۆ (بەژن و باڵا) رەنجووویی مەرەمۆ:

"رەنگ زەردو زایف ئاڵ ووالای تۆم
حەیران و مەدهۆش بەژن وباڵای تۆم"

(ر.ل- ١٣٥)

+ وێنە، بۆ دیدە، رەنجووریی دەفەرمێ:

"یادیدەی غەزاڵ مودبیر ماسانەن
یان قەزا فرۆش لاڵشنا سانەن"

(ر.ل- ١٣١)

+ وێنە، بۆ وشەی (گەیسا)، واتە: (گێتی، دنیا): رەنجووریی مەرەمۆ:

"دنیا زۆر جە دەست، ساحیب دین سەندەن
دین نەرووی دنیـا ، هەر نامش مـەندەن"

(ر.ل-٦٣)

زەبوونی دەفەرمێ:

"ئیسمی مەعرووفش (خۆرنەوەزانەن)
بەهەشتەن، ماچی جەئەی جیهانەن"

(مژ.هەورامان، ل-١١١٦)

هەندێ، قەدی ناوی (نێر) و (مێ) و (بێلایەن).

- قەدی ناوی (نێر).

- [ئەسپ = 3asp] و ناوەکە [ئەسپە = 3aspa] و بەواتای (ئەسپ (نێر) دێ.

هەر ئەم قـەدە، دەشکرێ، بە(مێ) بەوەی کـە دەڵێـیت [ئەسـپـا = 3aspâ] واتە (مایین).

وێنە، بۆئەم وشەیە، لە هۆنراوەی کوردییدا، وەک، جیهان ئارا دەفەرمێ:

"بەڵام بۆ وەعـەشق بینای بانی سەر
جەئەسپی مەتڵەب، لادەی پەیابەر"

(مژ.هەورامان،ل-٣٩٤).

- [مەرت=mart]، ناوە کە [مەرتیە = martya]یە و واتە (مەرد، مرۆ و ئینسان، زەلام)

بەم بۆنەیەوە. میرزا شەفیعی پاوەیی دەفەرمێ:

"واتم شـەرتمان، جـەناو ویەردەن
من بازیم جە مەرد دڵوازیی کەردەن"

(مژ. هەورامان،-٤٠٩)

شایانی باسە، وشەی (مەرت) لەئاڤێستادا، بەواتای (تەنێ، لاشەیێ، مرۆیێ، مەردێ) دێ، کە دەمرێ وهەر لەم وشەیەش، وشەی (نەمر، جاویدان) بەهۆی ئامرازی [ئە=3a]ی نەفیەوە دروست دەکرێ و لە لایەکی دیکەوە، باسی ئەمە دەکرێ.

- [زەست=zast]، ناوەکەی[زەستە=zasta]یەو بەواتای (بازوو، بەژن، پەڵ، باڵ،



قۆڵ) دێ. وێنە بۆ ئەمە هێنرایەوە.

- [نەیم=naim]و ناوەکـەشی[نەیمە=naima]یەو بەواتای (نیـو، نیم، نیڤ) دێ.

لەم رووەوە رەنجووریی، مەرمۆ:

"وەنیم نیگای چەم، وە عیشوەو لارە
پەرێ دڵەی من کـەردش ئیـشـارە"

(د.ر-١٢٧)

- [ئەهور = 3ahur]، ناوەکەی [ئەهورە = 3ahura]یەو بەواتای (خـودا، یەزدان) دێ.

شـایانی باسـە، لە کـوردەواریدا، هەر بۆ ناوی خـودا، ناوی زۆری جۆراوجۆر بەکـار دەهێنین ویەکێ لەوانەش (یاهو) ە. بۆ وێنەی ئەمانە، رەنجووری مەماچۆ:

"کێ دییەن، یانەی خوا بێ حاج بۆ!
نەپای حـەرەمـدا، حاجی تاراج بۆ!"

(رەنجووریی، ل٢٢٨)

یان یەژێ:

"وامیق پەی عزرا، وێڵ بیی نەسەرکۆ
مـەگـێـلا مـەوات؛ یاهوو یا من هوو!"

(ر.ل-٢٢٢)

- [زەرەتوشتر = zaratushtr] ناوەکەی [زەڕەتوشترە = zaratushta]ە.

وێنە بۆ ئەمەش یەعقوب، دەفەرمێ:

"جای هارووت بەدەست، پەی وێ کەندەنان
ئاهیـــری زەڕدەشت، بـەزەڕ ســـەنـدەنان
بـەواتای شـــەیتــــان، وەردەنم بازیی
نەخـــالق خـــۆشنوود نە رەســـوول رازیی"

(مژ. ە.ل-١١٨٠)

- [یەم=yam]، ناوەکە (یەمە=yama) ە، کە ناوی (جەمشـید) ەو وەک ناوێکی ئەفسانەییە، بەم بۆنەیەوە:

- [ئەرسنە=3arthna]، (یەرەژنە = ئەرەژنە = ئانیشک = هێرەژنە) ناوەکە [ئەرسن = 3arthna]یە.

- [ئەمس=3ams]، ناوەکە (3amsa) یە، واتە (هامسا، دراوسێ، هاوسێ، هامسەر)، یان بەواتای (تەنیشت، نزیک، بەتەنیشت، شەریک) یش دێ.

لەم رووەوە، رەنجووریی دەفەرمێ:

"هامسەران یاوان، هامسەران یاوان
وەجەستەی خەستەم ئازارێ یاوان"

(ر.ل-٧٩)

- [پەد = pad] قەدە، کە بە(ناوبەند) بووە بەناو، واتە: [پاد = pâd]، (پێ، پا)

لەم رووەوە، رەنجووریی دەفەرمێ:

"دیم ناگا، جەو تیپ، چارکەس جیابێ
پەی فەتوای قەتلّم، قەزا، وەپابێ"

(ر.ل-١٣٩).

- [نر = nr]، ناوەکە[نەر = nar]واتە، ئەمیش بەناو بەند بووە بە(ناو) بەواتای (نێر، پیاو، کوڕ)، یان (نێر) دێ وجگە لەوەش بەواتای (ئازا، لێهاتوو، نەبەز، کۆڵنەدەر) دێ.

- [مەن = manah]و ناوەکە [مەنا = manâh]ە، کە ئەمیش، هەر بەناوبەند بووەبە (ناو) و بەواتای (رۆح، گیان، زەمیر، وێژدان، دەماخ، بیر، هۆش) دێ.

لەم رووەوە بۆ (ئەروا) رەنجووریی مەواچۆ:

"وەقتەن جە داخت، ئەروام چون ئایر
بەرشۆ نە قالّب، بایر وەبایر"

(ر. ل-٩٨)

بۆ (دەماخ) یش، یەژێ.

"تۆ هەر بەی با ی سپی تارەوە
بەی بورجی دەماخ لەنجەو لارەوە"

(ر، ل-١٢٢)



یان، دەڵێ:

"ممانا، بەو خاڵ، لەیلێ، نمانا
عەقلّ وهۆش و فام جەقەیس ستانا"

(ر. -١٤٢).

- (ئاتر=3tr)و ناوەکە[ئاتەر=3tar]ە و بەواتای (ئاگر، ئایر، ئاویر، ئاهیر، ئادەر، ئاور، ئاهر، ئاتەر، ئاتەش...) دێ

لەم رووەوە سەیە سالح (١٢٥٠-١٣٣٢) دەفەرمێ:

"کۆی توری قەلبم، ئاتەش ئەفرۆزەن
رەوشەن، وێنەی نار، لەیلی نەورۆزەن"

(مژ.ە.ل-١١٣٧)

لەم رووەوە میرزا شەفیعی جامەرێزی، دەفەرمێ:

"تەرسم هەن، نەفام، وەنە بۆ ئاهیر
سەفتم، بابەرۆ، باهیر وەباهیر

(مژ.ە.ل-١١٢١)

لەم رووەوە مە ئەحمەدی کلاّشیی دەفەرمێ:

"دلّ وێنەی قەقنەس شوعلەی ئایر خیز
نە تەبرێزەدا رێزە بی وەرێز"

(مژ.ل-١١٤١)

- [داتەر=dâtar] ناوە لەقەدی [داتر=dâtr]وە دروستکراوە و بەواتای (داهێنەر دەستووریی، یاسایی، پەروەردەکەر، خالق، بەخێوکەر...) هاتووە.

- [پتەر=piter]، واتە: (باوک، گەورە، سەرۆک، سەردار)

- [رون=run]، ناوەکەی[رڤان=rvân]، گۆڕانکاریەکی بەسەرداهات، بەواتای (رۆح، رِەوان، گیان) هاتووە. لەم رووەوە رەنجووروی مەرمۆ:

"ئادەم ئەو کەسەن، وانا و زانابۆ
ئەوسا وەکردار، خاس ئاشنابۆ
واتای نازانا، ناشیرین شێوەن
زانای بێ کردار، داری بێ مێوەن

مەولای بێساران، قەبرش پەڕ نوور بۆ
ئەرواحش، بەزەوق، لیقا، مەسروربۆ"

(ر، ل-٢١٩)

یان، لەلایەکی دیکەوە یەژێ:

"تا ئەروای نازک، نەستا نووش جەدەست
واز ناوەرۆن لێش، ئەر سەد گیانش هەست"

(ر. ل-١٤١)

- [سون = sun]، ناوەکە[سپان = spân] واتە (سەگ، سپلەوت، تووتە)، ناوبەندەکە گۆڕدراوە.

- [ئەسمەن = 3asman] واتە: (ئاسمان).

- [پەتی=pati]، واتە (مامۆستا، گەورە، ئاغا، سەرکار، سەردار).- [ئەختێ=3axti]، واتە، (ئێش وئازار، ئاخ وداخ، زوخاو،...)

لە بارەی ئیش وئازارەوە رەنجووریی دەفەرمێ:

"چراخم دیدەم،............
بائێشی دیدەت، بشۆ نەدیدەم
نەدیدەی پر ئەسر، حەسرەت کەشیدەم
نەی مۆژەی هونین، نەچەم خەمیدەم
سێ رۆوەن دیدەم، دیدەش نەئێشەن
دەک دیدەم کۆربۆ، ئەی ئێشە چێشەن!"

(ر.ل-١٤٨)

"خاک وارا وەفەرق فرقەی دڵداران
ئاخ ئاخ و داخ داخ تا رۆزگاران"
لە لایەکی دیکەوە رەنجووریی، یەژێ:
"هەرچەند جەفاشان، دڵ مدۆ وەچڵ
بەڵێ سەرمایەن، پەرێ وایەی دڵ"

(ر.ل-١٦٤)



- [گەر = gar] و ناوەکەشی [گەریی =garî]یە و بەواتای (گارە، شاخ، کێو، کەش، کەژ) دێ.

هەندێ (قەد)ی ناوی (مێ):

- [ئەپ=3ap]، ناوەکەش[ئاپ=3âp] .کەبەواتای: (ئاو، ئاڤ، ئاب، ئاپ، ئاوی) دێ.لەم رووەوە رەنجووریی، مەرەمۆ:

"خاڵخاسانی زێد (بنکوورە) و (زەهاو)
نازدارانی موڵک، ئەی (ئاو) تا ئەو (ئاو)."

(ر.ل-١٥٦).

یان دەڵێ:

"بکیانۆ پەرێ سفتەم قەترەی ئاب
بابەس بسۆچۆ، ئەی دڵەی کەباب"

(ر.ل-١٥٦).

- [دروگ = drug]، (درۆ، دروخ، دروێ، درۆو) وئەم ناوە، بەدووباردا بەکار دێت، واتە: بۆ (نێر) یش وبۆ (مێ) ش. لەم رووەوە، رەنجووریی دەفەرمێ:

"ئیستە چۆن تەحقیق، زانای بێ درۆ
چۆن لافی تێژاو، عومرت مەویەرۆ"

(ر.ت-٢١٩)

لەم رووەوە مەلا عیسای جوانرۆیی دەفەرمێ:

"ئەحواڵش تەحقیق پەرێم بکیانە
مەکەرە درۆ، مامە رۆیانە"

(مژ.ە.ل-١١٢٠)

- [ڤیس = vîs] واتە؛ (ماڵ، یانە، لانە، خانە).

- [ئەمرتات = 3amrtât]، واتە؛ (نەمریی، جاویدانیی، زیندەیی).

لەبنەرەتدا، قەدەکە [مرتات = mrtât]ە، کە بەواتای (مردوو، نەژیاو) دێ، کە ئامرازی[ئە = 3a]ی نەفی چووتەسەر، یەکەم واتاکەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە(نەمریی) و دوەمیش، قەوارەی وشەکەی (ناساکار) کردووە و بەندسازیی بەسەریدا، رووی داوە.

لەم رووەوە، رەنجووریی دەفەرمێ:

"نەوا بواچی، یەزوانی یەن
رەنجووریی غولام جاویدانییەن"

(ر-١٠٢).

– [خشەپ = xshap] و، ناوەکەی [خشەپەن = xshapan]ە و کە بەواتای (شەو، شەڤ، شەب، شەوە) دێ. وشەی [خشەفن=xshafn]یشی لێ دروست دەکرێ.

سەید (وجیه-١٢٣٣-١٢٥٧) دەفەرمێ:

"گیان فیدای شەوبۆ،......
هەررۆ گیان، سەرگەرد بەرپایی شەوبۆ
تارۆ بۆ زووان، وە سەنای شەوبۆ
سەباو ئێواران، سەر وەپای شەوبۆ"

(مژ.ە.١١٦٢).

هەر لەم رووەوە میزا ئۆلقادری پاوەیی مەفەرماوۆ:

"ئیمشەو قیبلەکەم، لەمن کەفتەن دوور
دووربۆ لە دیدەش، دیدەم بی یەن کوور
ئیمشەو ئازارم، لەمن پێوارە
عەقڵ وفامی من، بی یەن ئاوارە"

(مژ.ە-١١٤٢)

– [رتیی=rtî]، واتە؛ (بەش، راتوو)

– [خشەرتیی=xshartî] واتە؛ (ئافرەت، ژن) لەم رووەشەوە، وشەیەکی دیکە بەر چاو کەوتووەو ئەویش، وشەی [ستریی=strî]یە.

– [ئازیی=3az]، واتە؛ (ئاژەڵ، گاوگۆلک، مەڕوما ت)

– [پرسڤی=prthv] واتە؛ رووبەر، وەر، بەرڤەر، رووە).

– [ئەسپا = 3asp]، واتە؛ (ماین)، (لە قەدی)، [ئەسپ = 3asp]وەیە.

– [دەینا = dainâ]، لە قەدی [دەین = dain]ە وەیە و بەواتای (دین) دێ. بەم بۆنەیەوە، (محرم)ی جەیحوون ئاوایی دەفەرمێ:



"فلانکەس مەردەن،.........
یاشاە ئامانەن، فلانکەس مەردەن
گەر گوناهکارەن، ئەر کەردار کەردەن
وە دینینی یاریی، حەسرەتش بەردەن
پەنا وە دەرگای، سۆڵتان ئاوەردەن
خیانەت وە دین، یاریی نەکەردن"

(مژ، ە، ل-١١٤٤).

– [ئۆرڤەرا = 3urvarâ]، واتە؛ (شەتڵ، رووەک، ڕەس، نەمام).

– [گەیسا = gaitha]، واتە، (کێتی، دنیا، جیهان).

شایانی باسە، وشەی [گاتو=gatu]، کە بەواتا (جێگا) دێ هەر لە هەمان قەدەوە هاتووە. لەم رووەوە زەبوونی زەنگەنە دەفەرمێ:

"چە غار، بەوێنەی کەللەی کۆهی قاف
فەرقش، چەنی فەرق، قاف مەدا گەزاف
ئیسمی مەعرووفش (خۆرنەوەزانن)
بەهەشتەن، ماچی، جە ئەی جیهانن

(مژ.ە-١١١٦).

– [سەڤا = savâ]، لە قەدی [سەڤ=sav]ەوە هاتووە ئەم ناوە، بەواتای: (سوودبەخشی، بەسوودیی، سوودمەندیی، سوود،بەکارهێنان، هەڵسوکەوت، پێویست) دێ.

ەم رووەوە، رەنجووریی دەفەرمێ:

"سەودای دڵداریت، ئەوسا مدۆ سوود
رای راسان، نەکەی، وەراگەی مەردوود"

(ر. ل-٢٢٢).

– [گریڤا = grivâ] واتە: (پشتەمل، ملەی بەرز). مەبەست لەو جێگایەیە، کە زۆرتر، هەوا دەیگرێ. بۆ، وێنە، لەم رووەوە، ساڵحی کەندوولەیی دەفەرمێ:

"کڕیوە (گریوە)ی، گریانی شاهۆ
جە (وەرەجەوەڵ)، جیوەی جوانڕۆ"

(مژ، ە، ل-١١٦١)

– [چیسا=chithâ]، واته: (چز، لابراو، لاخراو، کوژراوه، پشتگوێ خراو)،یان: (لابردن، پشتگوێ خستن، کوژاندنەوه...).

هەندێ قەدی ناوی (بێ لایەن).

– (ئەست=3ast) واته، (ئەستۆ، تەن، لاشه، ئیسک) هەروەها، بەواتای (جەسته) ش دێ. بەم بۆنەیەوه، رەنجووریی دەفەرمێ:

"دڵه کـــۆی دەردان، دڵه کـــۆی دەردان
چونکه وه جەستەت، کۆ بەستەن دەردان"

(ر.ل-٢١٧).

– [ئوش=3ush]، واته، (گۆش، گوێ، گوێچه) لێرەدا ئاڵوگۆر لەدەنگسازیی دایه. بەم بۆنەیەوه، خورشیدنمای داواشی دەفەرمێ:

"یاخـــوا مـــــرگی نەوینم وەچاو
نەیژنەفم وەگـۆش، نەیوینم وەخـاو"

(مژ.هـ-١١٥٢)

یان مامۆستا کار دۆخی دەفەرمێ:

"هیچ گۆش مەگیروو پەی بەدبەختیشا
یـاپەی کــــروڵی شین وزاریشـــــا"

(مژ.هـ-٥٢٣)

– [سنەســـیش=snathish]، (باڵ، قـــۆڵ، بازوو، پەل)، هەروەها وشـــەی [ڤەدەر=vadar] بەهەمان واتا دێ. بەم بۆنەیەوه، رەنجووریی دەفەرمێ:

"باڵ وێنەی بەژن، ئافتاب جەمـینان
فەزای فەیز ئەفزای، خاتر جەمـینان"

(ر.ل-١٧٢ ).

– [مەنا = manâh] لە قەدی [مەنه = mnah]وەیه و بەواتای (ویژدان، پیاویی، زەمیر) دێ.

– [هەنت= hant] لە قـــەدی [هەت = hat]ەوه بەواتای (هەنیی، ژیاو، ئاراو) ئەدات.بەم بۆنەیەوه، رەنجووریی دەفەرمێ:



"خـــاســـــان خـــارتان،.........
هەنیی مـەدەن لێم، تیـری کـارتان
چون پەی کەس نی یەن، ئیعتبارتان
هەنی تۆبه بۆ، جـا ئیـقـرارتان"

(ر.ا-١٠٤)

– [ئەیەر = 3ayar]، کۆیەکەش [ئەیار = 3ayâr]ەو ویەکەم بەواتای (رۆژ) دێ و دووەمیش (کۆ)ی یەکەمه. لەم رووەوه، مەلای رەنجووریی دەفەرمێ:

گـا شەوان تاسـوب، بەی خەیاڵەوه
منالووم بەی جەرگ، کۆی زوخاڵەوه
گا رووان، تاشەو، هام بەی تاسەوه
تاسەی دەردی سەخت بێ قیاسەوه"

(ر.ل-٩٤).

– [بەیڤه=baiva]، واتا؛ دەهەزار.

لە زمـانی کـوردیی ئەمـڕۆدا زاراوی (رەنجی بێـوەر) بەکـاردێت وشـەی (بێـوەر) لەم وشەیەدا بەواتای (بەرپانی، زۆر وزەڤەندیی، فراوانی، بێ پایانی) دەکەوێته بەرچاو، بەڵام، من بەرچاوم نەکەوتووه، کەبەواتای (دەهەزار=ژماردن) بێت.

– [چەشـمـەن= chashman]، کە بەواتای (چا، چەشم سـەرچاوه، سـەر چەشـمـه، چەم) دێ. بەم بۆنەیەوه، رەنجووریی مەرەمۆ:

"ئەوسا رەنجـووریی، چەم نمناکـتـەن
غـولامی یەکرەنگ، رەوزەی پاکـتـەن

(ر.ل-٢١٣).

یان دەڵێ:

"راوەسـەر چەشـمـەی حەقـیـقی بەردە
بەستەنش، نەبەین، مەجازیی پەردە"

(ر.ل-١٥٧)

– [نامـەن = nâman]، واتا؛ (نام، نـاو، ناڤ، نێـو).بەم بۆنەیەوه شـەمـسی

قورەیشی پاوەیی مەرەمۆ:

"عەزیزم یاوا، نامەت وەلامان
ئەیزەن کولناتۆ، تۆ بەستەی زامان
تانامە جە دەس، قاسیت ستانام
وەر جە ئەو نامە، مەرگی وێم وانام"

(مژ.ه،ل-١١١٢).

- [دامەن = dâman]واتا؛ (دامداریی، ئاژەڵداریی). (دامپەروەریی-ف).
هەندێ قەدی ئاوەڵناو.

- [بەرز = barz]لە قەدی[برز = brz]ەوە دروست بووەو بەواتای (بەرز) دێ بەم بۆنەیەوە، میرزا شفیعی جامەڕێزی، دەفەرمێ:

" هامسەران جارێ،.........
ڕام کەفت وەگوزەر درەختێک جارێ
درخت چی درخت، قامەت چنارێ
بەرزی بەهرەمەند، ساوای مەن دارێ"

(مژ. ه. -١١٢١).

یان ڕەنجووریی دەفەرمێ:

"فیدای باڵات بام، شای بوڵەندپایە
خەت وخاڵی وێت، مەدەر وەزایە"

(ڕەنجووریی، ل-٨٥).

یان، یەژێ:

"سەوڵی باغی من،.........
دەلیل شۆ وەلای سەوڵی باغی من
شای با بەرزان، بەرز دەماغی من
مەرهەم پەی دەروون، پڕ جەداخی من"

(ر.ل-١١٤).

- [مەز = maz] بەواتای (مەزن، گەورەوپان، پان وپۆڕ، پیاوانە) دێ.
- [چڤەنت = chvant]، لە قەدی[چڤەت = chvat]ەوە هاتووەو بەواتای (چەند،



چەن، چندێ، چەندێ) دێ. بەم بۆنەیەوە ڕەنجووریی دەفەرمێ:

"چەند کێشام ئازار غەمزە ونازتان
چەند بیم وەهامڕاز، ڕێزەی رازتان"

(ر.ل-١٠٥).

- [ڤەهو = vahu]، بەواتای (بە، چاک، باش، بێ) دێ، هەروەها بەواتای (ڕەند)یش دێ. لەم رووەوە، ڕەنجووریی یەژێ:

"ڕەندی بێ پەروا، پەروانەی پەڕ شەوق
جەمەیخانەی عەشق، دڵ سەر کەپای زەوق"

(ر.ل-١٥٦).

- [پەرو=paru]، بەواتای (فرە، بێشمار،...) دێ.
- [بووریی=bûrî )، بەواتای (بیبیە، بووە، بوود، دەوڵەمەند).

فرەیزۆلۆگیی

(١): وشەی [ئەهورە=Ahura]کەبەواتای (خوا، یەزدان، پەروەردگار) دێ بەهۆی پاشبەندەوە بەهۆی وشەیەکی دیکەوە، وەک (پاڵدەرەوە +پاڵپشت)، فرەیزێکی (ناوونیشان ڕەنگ) دروست دەکەن، واتە: بەم جۆرە:
(ئەهورە + یە + پوسرە = Ahurah ya puthra) بەواتای (کوڕی خوا) دێ. (یەشت،٤،٤٩ ).

(٢): [ئەیشام = aishâm]، واتا ئینگلیزیەکەی (of them یان of those)ە، لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەرامبەری (ئەمانە، ئەوانە، کە هەریەکە لەمانە ڕاناوی دیاریکردنە، بەئاماژە، لەکەڵ، پاش بەندێ، وەک ڕاناوی کەسی لکاو ولە شێوەی ناوچەکانی هەوراماندا، دەبێ بە(ئادیشا، ئێدیشا).

ئەمانە، لە رووالەتی چوار چێوەی دروستکردندا، وەک لەیەک وشە پێک هاتبن وەهایە، بەڵام، لە رووی ناوەرۆکی وشە سازییەوە، دوو بەشن و پێکەوە، وشەیەکی (ئامرازی ئیشارە) ناساکاریان دروست کردووەو دەتوانین ناوی بنێین، فرەیزی ئاماژەیی.

(٣): [ڤیس پەتی=vîspatî ]، [master of the house]، کە بەرامبەری لە کوردیی ئەمڕۆدا دەبێ، بە(گەورەی ماڵ، سەرکاری ماڵ، چاودێری ماڵ، گەورە ویانەی، خاوەن یانە......)

ئەم فــەریزە ناویە، بەهۆی لێکدانی دوو شــەوە دروست بووە، ئەمـــانە= (ناو و ئاوڵناو).

(٤): [نەریەمــەنە= narya manah]، کــە لە دوو وشــەی (نەریە = narya) و (مەنەه=manah) دروست بووە، (بەهۆی لێکدانەوە و) ئەنجامەکەشی (ئاوڵناوێ) یان (ناوێ) ناساکار دەرچووە و لە ئینگلیزییدا، بەواتای (manly in the spirit) هاتووە و بەرامبەری لە کوردییدا، دەبێ بە(پیاوانە، یان پیاوی پیاوانە). ئەم جۆرە دەربڕینە، دەربڕینێکی هیندۆ-ئەوروپاییە.

(٥):[بێـزەنگرە = be zangar] کە بەئینگلیـزیی دەکـاتە = (tow legged) و بەرامبـەری لەزمـانی کـوردیی ئەمڕۆدا، دەبێ، بە؛ (دوولاق، دووزەنگۆر، دووزەنگۆڵ، دوو ئەژنۆ، دووڕان، دووقاچ).

ئەم لێکدانەش، ژمـارەیە، لەگـەڵ وشـەدا و لەکـوردیی ئەمـڕۆشـدا، ئەم جـۆرانەمـان هەرهەن، بۆوێنە، وەک (چوارپێ، چوارپا، چوارچاو، دووڕوو).

شــایانی باســە، ژمــارە. یان دەربڕاوی (بی = bi) لە [دڤــە = dva]ەوە، هاتووە کەبەواتای[دوو=du]ی ناو زمانی کوردیی دێ.

(٦):وشــەی[دێڤ = daiv] و وشــەی [یەسنە = yasna]، بەهەر دووکـیـــانەوە، پێکەوە وشەیەکی ناساکار، یان فرەیزێکی (ئاوەڵناویی) پێک دەهێنن وبەم جۆرە:

[daviayasna]، کــەلە ئینگلیـــزیدا بەواتای (worshiper of daiva) دێ ولە کوردیی دەبێ بە(دێو پەرست)، کە لە بریی (ئاوڵناو) و (ناویش) بەکاردێ.

(٧): وشەی (ڤیشـە) وشەی (ڤەیپە) و هەردووکـیـان، پێکەوە لەیەک دەدرێن و وشەیەکی ناساکاری فرەیزڕەنگ، کەبە (ئاوڵناو) و بە(ناو) یش دەڕوات، واتە:

- [ڤیشـە = vaisha] + [ڤەیپە = vispa] = [ڤیشـەڤەیپە = vishavaipa]، کەبەواتای (ژاروەشێنەر، ژاررژێنەر، ژاررژ) هاتووە.

(٨): [ئەهمی نمانەی = ahmi nmânai]، بەرامبـەری لە ئینگلیـزیدا (at this house)ە ولە کوردیی ئەمڕۆدا، (لەم ماڵەدا) دەگەرێتەوە، یان (ئەچی یانەنە، هـ).

دیارە ئەم فـەریزە، پێک هاتووە، لەڕاناوی ئامـاژە، لەگـەڵ ناوداو پێکەوەو بەهەر دووکیانەوە، ئەو فرەیزەیان دروست کردووە.

(٩): ئەم فـرێزە خـوارەوە، پێکهـاتووە، لە ئامـرازی (جر=جـەڕ) و (ناو) و بەهەر



دووکـیانەوە، بەم جۆرە رێک خراوان: [ئەبی=abi] + [گامـەی=gâmai]و بەم جۆرە ئەم فەرێزەیان دروستکردوو: [ئەبی گامەی=abi gâmai]، لە ئینگلیزییدا دەبێ بە(in winter)و بەرامبەری لەکوردیی ئەمڕۆدا، بەزسان، بەزۆزان، لەزستاندا، جەزمستان، بەیەخبەندان، بەبەیسەبەندان، بەجامبەندان).

(١٠): ئەم فـەرێزەش، لەدوو پارچە پێک هاتووە، قـەدی وشـەو پاشـبـەند) و بەهەردووکـیـان ئەم فـەرێزەیان دروست کـردووە: [مـەرتیـەشـو = martyaishu]، کـە بەواتای (among people) دێ و بەرامبەری لە کوردییدا، دەکاتە؛ (لەناو مەردمدا، لەناو خەڵکدا).

(١١): لەم فــرەیزەدا سێ وشــە پێکەوە (هەر یەکێ لەوانە ناوێکە بۆ خــۆی) فــرەیزێکی (ناویی)، یان (ئاوەڵناویی) یان (ناوی ئاوەڵکاریی) دروست کــردووە و ئەوانیش بەم جۆرە:

[هاسرە+مەسەم+ئەدڤەنەم = hâ thra masam advanam]، واتە؛ (ماوەی میلێ رێ). یان، بەپێی وشە ئاڤێستایەکان بێ وبەم جۆرە: (میل+فرە (ماش) + ماوەڕێ) دەگرێتەوە.

(١٢): (چاوگی کارو ناو) هەردووکیان، پێکەوە، فرەیزێکی ئاوەڵکاری ئەرکیان دروست کــردووە واتە: [پادا+ئەیەنتــەم = pâdâ ayantam]، کــە بە واتای (بەپێ هاتن)، (بەپێ ئامای) یان بە(پیادەئامای) دێ.

شایانی باسە، کە (ئامای) وەک چاوگ، بەواتای (هاتن) دێ، لەگەڵ (ئەیەنتەم)ی ئاڤێستاییدا، جگەلە ئاڵ وگۆڕ بوونی، دەنگ چە جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدیی ناکرێ، کە کار بکاتە ئەرکی ناوەڕۆکی واتاکە!

(١٣): فرەیزێ کەکاری (جارومجرور-ع) دەکات ولە ئەڵمانیشدا (دایەتیڤ)ی پێ دەوترێ، بەهەرحاڵ، ئەم فرەیزە، بریتییە، لە (ئامراز)ی وردەکاریی وبەندسازیی نێوان وشەکان، لەگەڵ قەدی کاردا، واتە، بەم جۆرە:

[ڤابەرەمنەم = vâbramnam]، کە بەواتای (بەسواریی) دێ.

د-رستە سازیی

ئەمـانەی خـوارەوە، هەندێ وێنەن، بۆ وشـەیەکی پێکهـاتوو لەقـەدی کـارو لە راناوی

کەسیی لکاوو بەم جۆرە، بەهەر دووکیانەوە، وشەیەکی ناساکاریان پێک هێناوە و توانای ئەوەی هەیە، کە پۆشاکی رستەیەکی لەبەر کردبێ وئەویش (کار) و (کارا) یە. بۆ وێنە، وەک:

(١): [دەدمەهی=dadamahi]=[da d mahi]، کەلەئینگلیزییدا، بەم جۆرە دەگرێتەوە: (we) give.

لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، بەم جۆرە دەگەرێتەوە:

– (ئێمە) دەدەین (س)، (ێمە) دەی (ه)= مەدەی (مەدەیم).

(٢): (دەدایتی=dadâiti)، بەرامبەری: (he) gives. لەئینگلیزیداو لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، دەبێ بە:

–ئەو دەیدا (س). (ئاد) دۆ، بدۆ، دۆ (ه)

(٣): [سپەسیا = spasyâ ] = [spasy-a]، کە بەواتای: (I) observe دێ لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەواتای (سوپاس) دێ، یان بەواتای (سپاس دەکەم) یان (ئاگادار دەبم، چاودێری دەکەم، بەتەنگەوە دێم) دێ.

لێرەدا، لەکوردییدا قەدی وشەکە[سپاس= spâs]، هەروەک کۆن (دێرین) ماوەتەوەو بەم تواناکەی کەم هێز بووە، بەوەی، وازی لەکردەوەی (کار) هێناوەو بەقەدەناویەکەی و بەهاوکاریی (کاری یاریدەدەر = کردن)، ئەو واتایانەی سەرەوەو پتریش دروست دەکات. بەهەرحاڵ، رستەکە بەم جۆرەیە:

– (min spas dakam) = (من = ئەز) سپاس دەکەم. (س)

– (azspaskaru)=( من = ئەز) سپاس کەروو (ه)

(٤): [ بەرای می=barâmi].

(٥): [یەزەی = yazai] = [yazai]، کە بەواتای، (I) worship لە ئینگلیزیدا، دێ و لە کوردیی ئەمڕۆیشدا، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

من (ئەز)، دەپەرستم (س)، ئەز (من) پەرسوم، پەرسوو ().

(٦): [دەدی=dadi]=[dad i]، واتە: (I) give لەئینگلیزییدا و بەرامبەری لە کوردیی ئەمڕۆدا، وەک:

[دەدەم = dadam]، یان [من = min]، [دەدەم = dadam]



(٧): [هەرەزەنتی harazant]=[harazan ti] واتە: (they) leave کە لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەواتای: بەجێ هێشتن، واز لێ هێنان (بۆ کارەکە) و بەرستەکەوە (کارەکە و راناوە کەسەکەوە)، بەواتای (وازیان لێ هێنا) (بەجێیان هێشت)، یان بەواتای (دەڕۆن)، (بە جێ دەهێڵن)، (وازی لێدەهێنن)، (بەسووک وەری دەگرن)، (بەهەرزان=بەسووک) دێتە بەرچاویان.

(٨): [تەفسەت=tafsat]، [تەپسەت=tapsat]، بەواتای: (become worm be)، لە ئینگلیزییدا، دێ ولە کوردیشدا، بەواتای: (تەبیەتی، تایەتی، یاوشا، تاویەتی). یان (گەرمیەتی، گەرمایەتی، گەرم بوویەوە، دەماری گەرم بوون، عەسەبانی بوو).

(ریشە) یان (قەد)ی ئەم وشەیە، [تەپ = tap]ە، کەبەواتای (گەرم) یان (تەب)، (تا) دێ.

(٩): [تەرەسەنتی = tarasanti] = [trs sa nti]، واتە: they are faid، کە بەواتای: (ئەوان) ترسان (س)، (ئادێ) تەرسێ (ه).

(١٠): [مەنیەنتەی = man ya nati]، واتە: (think) they، کەبە کوردیی، واتای: (بیردەکەنەوە، ورد دەبنەوە، یاد دەکەنەوە) دێ.

(١١): [بەریەنتەی=baryantai]، واتە: (they are carried)، لەکوردییدا، دەبێ بە(هەڵگیران، سوارکران، بارکران)، (هۆرگیریێ، سوارێ کریێ، بارکریێ-ه)، یان (بران، بریێ).

قەدی وشەکە، کە لە چوارچێوەی (چاوگ) دایە [باریە=bârya]یە، کە بەواتای (بار، یان بارکردن) دێ.

(١٢): [رەوچەیەتی = rauchayatî] = [rauchaya-ti]، لەئینگلیزییدا. بەواتای: (she) illumine دێ وولەکوردیی ئەمڕۆشدا، بەرامبەری: (رۆن، رۆژە، رۆژرۆشنە، رۆ هۆرمێ، رۆبۆوە، رۆژدەبێیەوە. رۆجیارهۆرمێ، رۆجیاررۆشنا) دێ.

(١٣): [سۆشیەنتی=saoshyanti]=[sau sya nti]، (they will bring ben-efit)، کەلەکوردیی دەکاتە: (سوود وەدەستەوەدەن، سوودمەند دەبن، سوود دەهێنن، سوود دەبەخشن،....)

(١٤): [ڤەڤەچە=vavacha]، واتە (he said) کە بەرامبەری لە کوردیی

ئەمـرۆدا، (گـوتی، وتی، ڤـاچش، واتش، دواتش، مـڤـاچش، مـرەمـاش، فـەرمـاش، فەرمووی،... هتد).

(١٥): [کـەره نـویات=karanuyât]، کـەبەواتای: (let him do) ەو لەکـوردیی ئەمڕۆدا، بەواتای، (باکاربکات، باکەرۆ، بابیکا، کەرۆ!). بەواردی بکە لەتەک:

- [کەرنەوتی = karanauti]، کەبەواتای:دەکا، ئەکا، کەرۆ، مەکەرۆ).

(١٦): [ڤەسەمی = vasami]؛ (I) want واته (دەمەوێ، گەرەکمە، گەرەکما، موازوو، وازوو، ڤازوو، موازوو،....).

[ئوسـمـەهی = 3usmahi]، کـە بەواتای؛ (I) want دێ لە ئینگلیـزیدا، کـەلە کوردیی ئەمڕۆدا، دەبێ بە: (گەرکمانە، دەمانەوێ، پێویستمانە، خواستمانە، موازم، مواسم،....).

(١٧): [ئەیەتیی = 3aiati]، بەواتای، (he) goes دێ، لە کـوردییـدا، بەواتای (دەڕوا، دەچێ، ملۆ، مرۆ، مچۆ) دێ، بەراوردی بکەلەگەڵ ئەم رستەدا:

[یەینتی = yeinti]، ناوبەندی (کۆ) و پاشبەندی لکاوی پێوەیەو بەواتای (دەڕۆن، ملا، مرا، مچا، دەچن،....) دێ بەزمانی ئینگلیزیش، دەبێ بە؛ (they) go.

(١٨): [سـرونەوتی = srunauti]، (he) heaers لەکـوردییـدا، بەرامـبـەری (دەبیسێ، گوێ دەگرێ، مژنەوو، سرەڤۆ، ئەژنەڤێ،...)

(١٩): [ئافرینامی=afrinâmi]، واتە: (I) gratify. واتە: (ئافەرین، وەک ناو) وەک کرداریش، ئافرەین دەکەم.

رستەی جۆراوجۆر

(١): [هە = ha] + [زرەیا = zrayâ] + [ئەیەو + زرەیەتی = ayao zrayeti]. (yt.8,31).

لەزمانی ئینگلیزیدا بەم جۆرە دەگرێتەوە:

He (tishtrya) agitates the lake.

ئەگەر بەزمانی کوردیی ئەمڕۆ، بۆ لێکدانەوەی، رستەکە بڕۆین، دەبینین، بەم جۆرەی خوارەوە دەگرێتەوە: (ئەو زەریا دەجمێنێ!).

بە پێی ریزی رستەکەی ناو ئاڤێستا (یەشت)، بڕۆین بەڕێوەو بەم جۆرە دەگرێتەوە:



ئەو زەریا، دەهێنێ ودەبیا (شەپۆلی پێ ئەدا).

(٢): [تـەفـسـەتچی = tafsatchi]+ [هە = ha] + [مـەیریا = mairyâ] + [خفیسەتچە = xvîsatcha]. بەکوردیی ئەمڕۆ، دەبێ بە:

(ئەو زۆلە، دوابڕاوە)، خـەریکە گـەرم دەبێ و ئارەقـە دەکـاتەوە)، بەم، بەپێیی ریزی وشەکانی رستەکە، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

(گەرمی، ئەو (زۆلە، نامەردە، دوابڕاوە) ئارەقە، دەبێ).

(٣):[جەنەت = janat] + [ئەژیم = azîm] + [سرڤەرەم = srvaram] + [یم = yim] + [ئەسپا = 3aspâ ] +[گەرەم = garam]+ [نەرەگەرم = naragaram] + [یم=yim] + [فیشەڤەنتە = vishvantam] + [زەیریتەم = zairitam].

واتە ئەم رستەیە بەئینگلیزیی دەبێ بە:

killed asnake, horned, horse devouring mandevouring poisonous )yt. 19,40

واتای ئەم رستەیە لە کوردیی ئەمڕۆدا بەم جۆرەیە:

کـوشـتنی مـاری لووشـەدار (دەلووشێنێ)، کە بەژەهرە زەردەکـەی (ئەسپ) و (پیـاو) لەناو دەبات.

(٤):[ کـوسـە = kutha]+[تێ=tê]+[ ڤـەرەزەیان = varzyân] + [ئەیتـەی = 3aitai] + [یەی=yai] + [مەیەدە یەسنە = maydayasna]؟! (vd. 6,26 )

بەئینگلیزی، واتاکەی ئەم رستەیە بەم جۆرە دێ:

What the mazdayasna must do?

واتاکەی، ئەم رستەیە بەزمانی کوردیی ئەمڕۆ، دەبێ، بە:

پێویستە مەزدەیەزنە (زەردەشت) چی بکات؟

(٥):[ئەزەم = 3azam]+[یە = ya]+[ئەهورە مەزدە = 3ahuremazda].

بەئینگلیـزیی واتاکـەی بەم جـۆرە دەگـرێتـەوە: (I am Ahura Mazda) بەزمـانی کوردیی دەبێ بە: (ئەز ئەهوورە مەزدام).

(٦):[کـە=ka]+[مـام=m m]+[سـتـەڤـات=t stav]+[کـە=ka]+ [یەزەیتی =yazaiti] Yt. 5, 8( .)

واتەکەی ئەم رستەیە بەئینگلیزیی دەبێ بە:

Who will extol me, who will bring me a sacrifice?

لەزمانی کوردییدا، واتاکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە: کێ ستایشم دەکات، کێ لە پێناومدا قوربانی دەدات؟

(٧): [کا=kâ ] + [ئەهمای=3ahmi] + [ئەشیش = 3ashish] + [ئەرەناڤی = 3aranvi] +[چیت = it] + [ئەهمای = 3ahmâi] + [جەسەت = jasat] + [ئایەپتەم = 3âyaptam] (Y.9 ,3.).

بەزمانی ئینگلیزیی ئەم رەستەیە بەم جۆرە دەگەرێتەوە:

What share has he deserved: what happiness has com to him?

لە زمانی کوردیدا، بەم جۆرە دەگەرێتەوە:

(چە بەشێ، شایشتیەتی؟ چە خۆشییێ، پێی گەیشت؟).

یان: (کام بەش مافی خۆیەتی؟ چەخۆشیەکی بۆخواست؟)

(Yt. 5, 7) bâzâra ârusha aspâ staryahîsh

وێنەی گۆ کردنی ئەم رستەیەو وشەکانی، بەرێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردیی؟ بەم جۆرە دەگرێتەوە: "بازەڤا ئەروشا ئەسپا ستەڤیەهیش."

پێش ئەوەی بێینە، سەر واتای گشتیی رستەکە (بەگشتیی) لام وایە پێویست بەوە بکات، کە نختێ، دەربارەی وشەکان وقەدەکانیانەوە بوترێ، بۆ ئەوەی پەیوەندییەکەو بەراوردکاریەکە، باشتر رۆشن بکرێتەوە.

- [بازەڤا = bâzavâ ].

ئەم وشەیە، ناساکارە و بریتییە لە (قەد) و وشەی (بەزوو =bazû ) کە بەواتای، (باڵ، بازوو) هاتووە. لە شێوەکانی کوردیی ئەمڕۆدا، بۆ بەدەستەوەدانی واتایی ئەم وشەیە، وشەی جۆراوجۆر بەکاردێن: کە وەک، (قوڵ، پەل، بازیی، بازوو).

وشەی ئەروشە= arusa ( ) = [ئەروشە=arua3] ، یان [ئەروشا= 3arua]یش ناساکارەو بریتیە، لە وشەی سەرە (قەد)ی [ئەروش=3aru] و لەگەڵ بەندی پاشبەندی (راناو) دا. بەهەر حاڵ، وشە سەرەکە، بەواتای (رووش= خاڵخاڵ، بازگ، بەڵەک) دێ.



وشەی (ئەسپە) بۆ (نێرە) و بەواتای وشەی (ئەسپ)ی ئەمڕۆ دێ، وشەی [ئەسپا =3aspâ]ش، بەواتای (ماین، ماهین) دێ چونکە ئامرازی [مێ = ,]ی بەکۆتاییەوە بەندە. جگە لەوەش بۆ واتای گشتیی، ئەو ئامرازە بەکاردێت وپتر لەوەش، لەدۆخی کۆ کردنەوەدا کۆمەڵی نێریش، ئامڕازی (مێ) وەر دەگرن.(١)

وشەی [ستەڤیەهیش = stavyahish]یش، هەرناساکارە و ئەم وشانەش لە قەدی ئەم وشەیەوە، کە[ستەڤ=stav]ە دروست دەبن:

- [ستەڤ = stav] بەواتای (چاک، ڕەوا، دروست، سوودبەخش، دەردەخۆر، دەردخۆر،....) دێ ئەم قەدە بچووکتر دەکرێتەوەو دەتوانین، بڵێین [ستە = sta]، ک ەچاوگی [هیشتەتی = hishtati] دروست دەکات، کە لە ئینگلیزییدا، بەواتای (stand) دێ ولە کوردیی ئەمڕۆدا، دەبێ بە(وەستان)، یان (وەست = وێست) ە بەهۆی ئەم قەدەوە (وشەی ناساکار) بەهۆی پاشبەندی راناوییەوە دروست دەکەن وبەم جۆرە:

- [ستەڤات=stavât]، کەبەواتای (پیادا هەڵدەدات)، (ستایش کەرۆ).

- [ستەڤان=stavân]، بەواتای (ستایش کەرا، پیاداهەڵدەدەن).

پاش ئەوەی، کەزۆرنەبێ کەمێ، رۆشنایی خرایە، سەرواتای ریشەو قەدی وشەکان بۆمان هەیە، بەم جۆرە واتای رستەکە لێک بدەینەوە.

واتای کوردیی رستە ئاڤێستاییکە بەم جۆرە دەگرێتەو: بازووی (پەل، دەس وباڵی، بازگی) لەهی ماین بەهێزترن.

لەرووی رستەسازییەوە با لە نێوان ئەم رستەئاڤێستاییەو نێوان هاو واتای لە ناو زمانی کوردیی ئەمڕۆدا کە، چەجیاوازییەک پیشان دەدن وردبینەوە!؟

kamâi parvya mashyanam 3aparasa tûm ya Ahura Mazda anya mana yat zarathushtrâi (vd. 2, 1), (Sok; av. p.73)

ئاوازەی وشەکان، لەم پارچەیەداو بەپێی رێنووسی کوردیی ئەمڕۆ بەم جۆرە دەگەرێتەوە:

"کە همای پەرڤیە مەشیەنەم ئەپەرەسە تووم یە ئەهورەمەزدە ئەنیە مەنە یەت زەرەشوشترای".

پێشەکی، بەپێویست دەزانرێ، کە هەندێ لە قەدی ئەم وشانە رۆشن بکرێنەوە، بۆ

ئەوەی تێگەیشتنی پارچەکە، بەئاسانی بێتە بەرچاوی خوێنەر:

-وشەی[کەما ی= kahmâi]، ناساکارەو پێک هاتووە، لە وشەیەکی سەرە[کە=ka] و پاشبەندی راناویی.

بەهۆی قەدی (کە=ka) وە، چەند وشەیەکی سوودبەخش، بەگفت وگۆی لێ دروست دەکرێ، بەتایبەتیی ئامرازی (پرس، پرسیار). بۆ وێنە، وەک:

- [کا = k ]، ئامرازی پرسیارە و لە هیندیی کۆندا (کا) =[kâ]یە و ئەم ئامرازی پرسەش، بەپێی جێگا، بەرگی ئەرکی رستەسازیی دەپۆشێ، بۆ وێنە وەک: [کام چیت = kâm chît]، کە بەواتای (یەکێک، هەر یەکێ) دێ؟

بەهەرحاڵ، قەدەکە، بەواتای (کێ؟ کام؟چە؟...) دێ هەروەها بۆ وێنەی ئەم قەدە، فرەیزی وەک:

[کەم چیت مەرتیەنەم=kam chît martyanam] دروست دەکرێ وبە واتای (هەندێ کەس) دێ.

یان فرێزی[کام تەمە=کەم تەمە=[kâm tama]ی لێ دروست دەکرێ کە بەواتای (کام لەوانە= کامیان، کامشا ) دێ.

- [پەرڤیە=parvya]. ئەم وشەیە هەروەک ئەوەی پێشوو ناساکارەو پێک هاتوو، لەقەدی[پەر=par]، کە لەبنەڕەتدا، قەدەکە[فرە=fra]یەو بۆ بەدەستەوەدانی واتای بنەڕەتی، بەشێوەی[فرە تەرە=fra tara]وە هاتووەو بۆ ئەو مەبەستەی، کەواتای (زۆرترلەیەک=فرەتەرجەیۆوێ) بەدەستەوە بدات ولە رووی دەنگسازییەوە، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆیشدا دەنگی [پ=p]و دەنگی[ف=f] لەتەک یەکتریدا، جێگا ئاڵ وگۆردەکەن، بەشێوەیەکی روونتر، وشەی ناساکاری[فرەتەرە=fratara] بەرەو رووالەتی [پرەڤیە=pravya] بۆ ئاسانی رۆیشتووە.

بەهەرحاڵ، ئەم وشەیە، بەواتای (یەکەم، یوڤەم، یڤڤەم) هاتووە.

- [ئەپەرەسە= 3aparasa]، ئەم وشەیەش، ناساکارو ئامرازی، یان راناوی لکاوی، وەک پاشبەند، وەرگرتووەو قەدی وشەکەش، بریتیە لەقەدی [پرسە=prsa]، کەبەواتای (پرسیار، پرس) دێ وبە واتای (گفت وگۆ، وتوێژ، ئاخاوتن) دێ.

ئەم وشە ناساکارە، لە چوار چێوەی کاری رابوردوودا هاتووە، هەروەک لەکوردیی ئەمڕۆیشدا، ئەوە روو دەدات ودەوترێ:



(پرسیت، گفت وگۆت کرد) پرسیبوت، پەرسات، پەرسابێت،....)

-وشەی [مەشیەنەم = mashyanam]یش، لە ریزی لێکدانەوە، بەبێ مەبەست دواکەوت و وا ئێستەش، بۆی دەگەڕێینەوە و دەڵێین، ئەمیش بریتییە لە وشەی سەرە [مەشیە = mashya]، کە بە واتای (مەرد)، (ئادەم) هاتووەو ئەمەش لە قەدی [مەش=mash]، کەبەواتای (مێش = گیان) هاتووە و وشەی (مەشیە = ma-shya)ش، بۆ (نێر) و بۆ (مێ) ش، دەبێ بە[مەشیا = mashyâ ]، کە بە واتای (هەوا = حەوا) هاتووە.

شایانی باسە قەدی[مە=ma]، کەلەهەمان ریشەیە، بەواتای بنەڕتی وشەکە هاتووەو بەشێوەیەکی رۆشنتر، ئەم وشانە، لەهەمان ریشەوەن، بۆ وێنە، وەک:

- [مەرتە=marta]، کەبەواتای: (تاسەرنەژیاو)، (مر، مەرد، ئەمانە لەریشەی (مردن) ەوە، وەرگیراون)، یەکێک کەناتوانێ نەمرێ وبەڵکو دەمرێ.

بەهۆی ئامرازی نەفیە و (ا = a)، بۆمان هەیە، کەوشەی (مەرەتە) بکەین، بە[ئەمەرەتە = 3amarata]، کەبەواتای (جاویدان، نەمر) هاتووە.

هەر لەهەمان ریشەی[مەر = mar]، وشەی[مەرەسو = marathû] دروست بووە، کەبەواتای (مەل، باڵندە، پەلەوەر) دێ.

٣- .Tum zamarguza akarnava vispa daeva

بەوێنەگرتنی ئاوازەی دەنگ، بەشێوەی رێنووسی ئەمڕۆی کوردیی، بەم جۆرە دەردەچێ:

"توم زەمەرگوزە ئەکەرەنەڤە ڤیسپە دەیڤە"

واتاکەی، بەپێی، رستەسازیی ئەمڕۆی زمانی کوردیی، بەم جۆرە دەگرێتەوە:

"ئێوە (کۆمەڵی دێوان)، هەمووی ئەمەتان کرد"

٤- ?kâmzâm âyenti

ئاوازەی رستەکە، بەم جۆرە دەگرێتەوە: "کام زام، ئایەنتی؟"

واتاکەی بەپێی رستەسازیی ئەمڕۆی زمانی کوردیی بەم جۆرەیە: کام و ت، بڕۆم؟

شایانی باسە، لێرەدا پێویست بەوە دەکات، کەوشەی[زەمین]=[zam]لە ئاڤێستاداو هەروەها وشەی[زمستان]=[zim]لە هەمان سەرچاوە، لەگەڵ تەنها بزوێنێ، وەک

ناوبەندی (قەد) جیاوازیی بەرچاو دەخەن وبۆ وشەی[ زەم=zam]یش، لەئاڤێستادا، وشەی[ بووم=bûm]یش، هەر بەهەمان واتا دێت وئەمڕۆش، ئەم وشەیە، لەوشەی ناساکاری (بوومەلەرزە)دا لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، بەکار دێ.

٥- (Y.19) ”Jadyâmi haoma yânam parvyam thrâmimam“

وێنەگرتنی ئاوازە و دەنگدانەوەی وشەکانی ئەم رستەیە، بەپێی رێنووسی ئەمڕۆی زمانی کوردیی، بەم جۆرە دەگرێتەوە: " جە دیامی هەومە یانەم پەرڤیەم تڤەم (تڤام) ئێمە"

وەک، رێ پاککردنەوەیەک، باشتر وەهایە، کەواتای قەدی هەندێ لەوشانەی سەرەوە رۆشن بکەینەوە، تاوەکو تێگەیشتنی واتای گشتیی، رستەکە بەرەو ئاسانی بڕوات.

-وشەی [جەدیە=Jadya] بەواتای (خواست، داوا، یاریدەر، پاڕانەوە، وێرد) دێ و وشەی (گات) یش هەربەهەمان واتا دێ، کە (گەداییە) لەخوا، یان (داواکردنە، پاڕانەوەیە، وێردە، نوێژە، ستایشە) کەلەخوا داوا دەکرێ.

بێگومان وشەی (گەدا) =[gad ]ی ئەمڕۆ، کە وەک (ناو) و وەک ئاوەڵناویش، بەکار دەهێنرێت، هەر هەمان وشەی (گات=گاس)ی ئاڤێستایە، لەگەڵ جیاوازیی جۆری بەکارهێنانیدا.

وشەی[هەومە=haoma] ، ئەمە جۆرە گیایەکە، کە لە ناوچەکانی کوردستان وئێراندا، هەیەو دەست دەکەوێ، شیرەی ئەم گیایە، لەلایەن باووبرەوی دینی زەردەشتیانەوە، بەپیرۆز دەزانرێ وبۆیە بەکار هێنانی بەشێکە لە ئەرکەکانی باووبرەوی دینی یان کەلە کات و دەمی تایبەتی دیاریکراودا، جێ بەجێ دەکرێت.

گیای هەوما، لەکەژوکێووچەم ودۆڵەکانیاندا زۆرەو گیایەکی بەهاریی و گەڵاپانی تووکنە و گوڵی زەردوام دەردەکات وگە و ساقەکەی ئاودارەو شیرەدارەو هەورامییەکان بەناوی (هەرەبەنگ) ەوە، ناوی دەبەن گوایا، خواردنی ئەو شیرەیە، مرۆ سەرخۆش دەکات!.

ئالێرەدا، ئەگەر بەسەرگوزەشتەی زماندا بڕوێینەوە، ئەگەر باوەڕمان بۆ ئەوە بڕوا، کە (هەرەبەنگ) لەبنەڕەتدا (هەومەبەنگ) بووە، زۆر رێی، تێدەچێ!.

لە بەرهەمی (زەند ئاڤێستای-دارمستەتەر=Darm. Zand Avista)دا وەها، هاتووە، کەپاڵەوانێ بەناوی (هەوم) ەوە، کاتی خۆی لەشەڕی تووڕانییەکان و



ئێرانیەکاندا (تووڕانی وکەیانی) دا، توانیویەتی کە ئەفراسیاوی تووڕانی دەستگیر بکات وبیداتە، دەست کەیخەسرەوی کەیانیەوە (ف.پ.ل-٢١٩).

وشەی[ یانەم=yânam] ، بەشە سەرەکیەکەی، بەواتای (یاد، یادگار، دیاریی، رێز، برەو،....) دێ.

وشەکەی دیکە، کە[ پەرڤیەم=parvyam]ە، لەوەو پێشتر لێکدرایەوەو وتمان بەواتای: (یەکەم، یەکەم بار، یەکەم جار) دێ، بەتایبەتی بەشە سەرەکیەکەی.

راناوی نەلکاو (سڤەم= svam)بە واتای (تۆ) هاتووە

وشەی (ئیمەم=3imam) یش، راناوی نەلکاوەو لەدۆخی بەر کاردایەو بەواتای (من) دێ. بەهەرحاڵ بەشێوەیەکی گشتیی، واتای رستەکە بەم جۆرە دەگرێتەوە:

"ئەمە یەکەم یادگارە، کە داوای (هۆم) ت لێ ئەکەم"

واتای، بەزمانی ئینگلیزیی بەم جۆرە دێتە بەر لێکدانەوە:

this is the first gift l ask Homa from you"

بەڕاستی شێوەی رێزبوونی وشەکان، لەناو ئەم رستەیەدا، لەگەڵ هەمان واتا، وەک رستەیەک لەزمانی کوردیی ئەمڕۆدا، جیاوازیی زۆر پیشان ئەدەن.خوێنەری بەرێز، بۆی هەیە هەر دوولایان بداتە، بەر کێشانەو پێوانەی زماننناسیانەو لەگەڵ خۆ ئاشناکردن، بەریشە شناسی، لەبەر، سێبەری لێکۆڵینەوەی زمانناسی بەهاوکاری با ری مێژوویی وجوگرافیای ورۆشنبیریی دینیدا.

پارچەیەکی ئاڤێستا، کەلە بنەڕەتدا، لە یەسنە (2-Y.11,)، ئەوەی مۆزەخانەی (کۆپنهاگن)ە و منیش، لەبەر ئەوە (لەبەرهەمەکەی سۆکۆڤیدا) وێنەم گرتووە.

THRÂ YAH HA THYAM RTAVANAH
Â FR Î VA C AHAH ZAVANTI
GÂUSH-CA ASPAS-CA HAUMAS-CA
GÂUSH ZAUTARAM ZAVATI
UTA BUYÂH AFRAZANTISH
UTA DAUSH-SRAVÂH HACAMNAH
YAH MÂN HVÂSTAM NA-IT BAXSHAHAI
AI MÂN HVASHTAM NA-IT BAXSHAHAI
NARYÂH VÂ POURAHYAVÂ

HUVYÂH VÂ MARSHUYÂH
ASPAH BARTARAM ZAVARTI
MA BUAH YAN ARVATAM YUXTA
MÂ ARATÂM ABISASTÂ
MÂ ARATÂM NITHAXTÂ
YAH MÂM ZÂVAR NA-IT JADYAHI
PARUMTI HANJAMANAI
PARU-NARAYAH KARSHUYÂH

لە لاپەڕە (١١٠)ی (The Avestan lamguag. S. N. Sokolov) وە وەرگیراوە.

(تێبینی: لەمەولا مامەلە لەگەڵ وشەکان بۆ لێکدانەوەیان بەپێی نووسینی ئەو دەنگسازییە کە ئاوێستاناسانی ئەوروپایی بەکاریان هێناوە دەکەین وئەو ژمارە (سێیە) کەخۆمان لەبریی (هەمزە) بەکارمان هێنابوو لەمەولا بەکاری ناهێنین).هەورامانی

لێکدانەوەی هەندێ وشەی سەرە لەم پارچەیەدا:

– [سرایە= thrâyah]:یان[ترایە=trâya-s] :بەواتای ژمارەی (سێ) هاتووەو وەک ناوی ژمارە پاشبەندی کۆی پێوەیە. لەکوردیی ئەمڕۆدا بۆهاو واتای ئەم وشەیە، لەشێوەی بادینانیدا (سیە) و لە شێوەی هەورامانیدا (یەرێ) و لە شێوەی زازاییدا (هێرێ = hêrê) هەیە.

– [هەسیەم = hathyam] ئەم وشەیە، ئاوڵکارە، بەواتای (بەڕاستیی) دێ وبەرامبەری لە ئینگلیزییدا، وشەی (ترولی=truly) یە.

– [رتەڤەنە=rta-van-as]: ئەم وشەناساکارە، بەهۆی، یان لەسەر بنچینەی قەدی [رتە = rta] وە و دروست بووە، کەبە واتای (داد، دادوەر، وێست، کێشە) دێ و ئالێرەدا، مەبەست وشەی یەکەمە، یان مەبەستی راستەقینە کە (فەرمانی خوایە)، یان (سونبولی چاکی مرۆڤایەتییە). بەندەکانی [–un] و [–van]، بەواتای (راستڕەویی) ئەو وشەیە دروست کردووە، یان گۆڕیوە!

– [ئافریڤەچە= âfri-vachas :ئەم وشەیە ناساکارە بەهۆی قەدی[فریی = fri]یەوە، دروست بووەو ئەم قەوارە واتایە، وەبەرهەم دەهێنێ.

ریشەی (قەدی)ی [فریی=fri] واتای (ڕەوایی) دەبەخشێ ووشەی [ئافریی=



fri]یش، بەواتای (حەز، خاست، ئاوات، خواز، خواست، ڤاز، ئارەزوو) دێ وئەوجا، ئەو خواستە، چاک بێ، یان خراپ بێ، یان (نەعلەت بێ، یان رەحمەت بێ).

– [ڤەچە=vach-as]ئەم وشەیە، لە دۆخی (ناو) دایە و بەواتای (وشە، پەیمان) هاتووەولێرەدا مەبەستی، فەرمانی دینییە–خوداییە، لە بنەڕەتدا، ئەم وشەیە، بەهۆی ریشە یان قەدی[ڤک=vk]ەوە، دروست بووە، کەبەواتای (ڤەچ، وتن، گوتن، ڤاتەنی،....) دێ.

– [زەڤەنتی = zav-a-nti]: ئەم وشەیە، بەهۆی ریشەی[زڤ=zv]ەوە دروست کراوە و واتای ڕانەبردووی تێدایەو بەواتای (گاز) دێ، یان چاوگی (گازکردن) ە و قەدی[زەڤ=zav]یش بۆکەسی سێەمی کۆ (گازدەکەن) یە.

– [گاوش = gâush] ئەم وشەیە، ناوە بەواتای (گا) دێ و بەواتای بڵاوتریش دێ، کە ئەویش وشەی (چوارپێ)یە. لەفارسیشدا، وشەی (گاڤ) هاوواتایەتی و لە کوردیشدا، وشەکانی (گا، گاو، گاڤ، وڵاخ) مان هەن.

– [چە= cha] (:چە) وەک پاشبەند، بەکردەوەی ئامرازی پەیوەیست (پەیوەند) دێتە ناوەوە، بەشێوەیەکی رۆشنتر ئامرازی پەیوەستی لکاوە.

– [ئەسپە = aspa–s]: ناوە، بەواتای (ئەسپ)، مەبەست نێر،دێ و بۆ بەدەستەوەدانی وشەی (ماین=ماهین) وشەکە دەبێ بە[ئەسپا = aspâ].

– [هەومە=hauma-s]: ریشەی ئەم وشەیە[هو = hu] یەو بەواتای (گوشین، فشارای) دێ. هەومە، ناوی رووەکێکە، کە بەجۆرێ ناسراوە، کە پێرۆزە بۆیە دەگوشرێ، تاوەکو دۆشاوی بگرن ولەگەڵ هەندێ شتی دیکەدا، وەک خۆشاویی خوایی ودینی، بۆ پیرۆزیی دەخورێتەوە و جۆرە سەرخۆشییەکی خودایی، وەک وەها باوەڕ، بە(خۆرەرەوە) دیاریی دەدات.

ئالێرەدا، بەپێویست دەزانرێ، کە لە بارەی (هەوم) ەوە، کەخۆم دیومە بیخەمە بەر چاوی خوینەری بەرێزو ئەویش بەم جۆرەیە:

کاتێ کەلەکوردستانی رۆژهەڵات بوم، بۆ مەبەستی زانیاریی دەسکەوتن، دێیەک، یان، ناوچەیەک لە ناوچەکانی هەورامانی لهۆن و تەخت و ڕەزاو و هەورامانی گاوەرۆ و ژاوەرۆ، نەما، کەبەسەری نەکەمەوەو لەم ماوەیەدا، بەتەنگی ناسینی زۆر شتەوە بووم ویەکێکش لەوانە، وشەی (هەوم) بوو.

بەڵێ، هەورامییەکان. ناویان بیستبو، بەم لە لایان، وەک رووەک، یان وەک گوڵێ، نەناسراو بوو!

جارێکیان: لەگەڵ، حەمەرەشیدی ئەمینی بۆنۆتشە، بۆ ماڵی براکەی، کەلەوێ مامۆستا بوو چووین وبۆچەند رۆژێ لەوێ ماینەوەو منیش، ئەم چوونەم بەهەل دەزانی وبۆیە هەمیشە دەگەڕاین وپەیوەندیشم بەگەڕەوانەکانەوە دەکرد. رۆژێکیان بەرەو تاقە ماڵێ، کەلەسەرووی ئاواییەوە بوو چووین وئالەوێدا، پیرەژنێ کەلەبەر دەمی دەرگای ماڵەکەدا، تەشی دەرێسی، دانیشتبوو ئێمەش سڵاومان لێ کرد (سڵاوکردن باوە) وبە تەنیشتیەوە دانیشتین وبە گفت وگۆی پەیوەندار بەژیانییەوە، دەستمان کردبە گفت وگۆ وبە رێکەوت، منیش چاوم بەگوڵێکی زەرد ڕنگی زێڕین کەوت، کە گوڵێکە کاهوو قەدوباڵا ڕەنگە، دەریدابوو!

جوانیی ئەم گوڵە سەرنجی ڕاکیشام ورووم کردە پێرەژن وداوای ناسینی ئەو گوڵە و زانینی ناویم کردو ئەویش یەکسەرە وتی: "چۆن، ئەوگوراڵە ناناسیی! ئەوە (هەرەبەنگە)!"

منیش لێم پرسی، ئەگەرواتای (هەرەبەنگ) بزانێ چییە!

ئەویش گوتی:ئەوە گوڵێکە پڕەلەشیرەیەکی خۆش (کاتێ کەلە ناو هاوەندا دەیکوتی کە ئەگەر-پیالەیەکی لێ بخویتەوە، (کەر) دەبی وتەنانەت، رێگای ماڵەوەتان لێ وون دەبێ وخۆێشت بەشا دەزانیت! چون تۆ هەورامییت و ناوی ئەم گوڵە نازانیی وناشیناسیی!

بەڵێ، لە گەڕانەوەدا، من گوڵەم بە(ساق وگەڵا و گوڵەوە) هێناو بەدزیی کاک حەمە رەشیدەوە هەندێکم لێ خواردو تێگەیشتم کەوەهایە، پیرەژنە وتی، بەڵێ ئەم گوڵەم لە زۆربەی جێگا جۆر بەجۆرەکانی هەوراماندا، بەر چاوکەوت.

ئەوجا، من وەها بۆی دەچم، کەئەو وشەیە (هەرەبەنگ)، لەوانەیە درەنگێ پاشبەندی (بەنگ)ی بۆ هاتبێ، یان (بەنگ) و (هۆم) هاو واتای یەکن وئەم جۆرە وشە لێکدانەوەش، لەکوردییدا زۆرن. بەهەرحاڵ، من وەها بۆی دەچم کە وشەی (هەوم) هەرهەمان وشەی (هەر) ەو بەهۆی تەمەنی درێژی زۆر درێژ بەسەریدا و بەهۆی بەرپابوونی دینی ئیسلامی پیرۆزەوە، لە هەوراماندا، (هەوم) بەرەو (هەر) براوە، سابە هەر مەبەستێکەوە بووبێ!

– [زەوتەر=zautar]:ریشەی ئەم وشەیە [زەڤ=zav]، کە بەواتای (زەڤ، چڕین،



بانگەواز، چڕین، گاز،....) دێ وئەم وتەیەش، تایبەتیە، بەسروەی دینییەوە، یان بەشێوەیەکی روونترین (چڕینی پیاوی دینیی، رابەری دینیی، لەخوا) زەف–ی پێ دەوترێ. هەر ئەم وشەیە سەرەوە، لە دۆخی کەسی سێیەمی تاکدا، بۆ ڕانەبردوو، بەم جۆرە[زەڤە تی=zavti]بە کار دێ.

– [ئوتە=uta]: ئەمیش ئامرازی پەیوەندیە و بەواتای (ئەوجا، ئینجا، لە پاشا، لە دواییدا،...، هتد) دێ.

– [بوویا = buya-s]:قەدی ئەم وشەیە[بو=bu]یەو بنەڕەتی[ڤێرب تو بی = verb to be]یەو بەواتا (دەبێ) یەو قەدی ڕانەبردووی[بەڤە=bava]یە.

– [ئەفرە زەنتی = a-fra-zan-ti-s]: ریشەی ئەم وشە ناساکارە [زنە = zna]یە. وشەی (فرەزەنتی=frazanti) بەواتا (زادە=کوڕ، کچ=منداڵ) دێ. لەفارسیی ئەمڕۆدا، (فرزەند) بەکار دێ وهەروەهاش لە کوردستانیشدا، لە هەندێ شێوەدا (فرزەند) بەکاردێت.

پێشبەندی[ئە=a]، بۆ (نەفی) بەکاردێت، یان دەبێ بوترێ، ئامرازی دژڤاوەرییەو بۆیە وشە ناساکارەکە (ئەفرەزەنتی=afrazanti) بەواتای (بێ فرزەند) دێ.

– [دەوش سرەڤە =daush-sravah]: ئەم وشەیە، ناساکارەو بریتییە، لە (ئاوەڵناوو ناوێک)ی یەکگرتوو بۆ ئەم مەبەستەی، کەهەیەتی وبەشی (سرڤە) بەواتای (وشە) دینیی دێ وریشەکەشی (سرو=sru) یەو وشەی (دەوش) یش، بەواتای (خراپ، ناشیرین) دێ. وشەکە، ناساکارە، بەواتای (ناوبانگ خراپ) دێ.

– [هەچەمنە = ch-a-mna-s]:ریشەی ئەم وشەیە،[هک=hk] بەواتای (ئەو) پەیڕەویی دەکات، (ئەو) گوێڕایەڵی دەکات، شوێن دەکەوێ، لێ دەخورڕێ، هەچەکرێو،...هتد دێ.

وشەی[هەچە=a ha]ش، بۆیەکێک دەبێ کە (شوێنکەوتووی کوێرانە) بێ، واتە دەبێ، لە ئەرکی (بەرکار) دابێ.

– [یە=s–ya]: ڕاناوی کەسییە، کەسوودی پاڵدەرەوە بەر چاو دەخات، یان دەوری موڵکایەتی دەبینێ.

– [مام = mâm]: ئەمیش ڕاناوی کەسیی نەڵکاوەو بەواتای (من) دێ، بەم لەدۆخی بەرکاردا.

– [هڤاستەم = hvâstam]:ئەم وشەیە، بەواتای (توابل–ع) دێ، یان چێشتێ، شۆربایێ، خۆراکێ، کە (ئاڵەت وزەردەچەوە و بەهاراتی کرابێ وتام و بۆی خۆش بێ و بەر دڵ کەرەوە، بێ). یان بەواتای چێشتێ دێ، کە باش کوڵێنرابێ، یان باش لێ نرابێ، یان، چاک پەزێنرابێ.

– [نەیت=na-it]: ئامرازی نەیێ (نەفی) یە، هەر تەنها بۆ (فەرمان) بەکار نایەت.تەماشا، لێرەدا، بۆچەند جارێ ئامرازێ (نەیە=نەرێ) بەکار هێنراوە:

nôit aotam âha not gatramam nôit zaurva âha nôit marayush.

(sk. P. 101) (y. 9.5),

با، بەئاوازەی دەنگدانەوە، وێنەی ڕێنووسیی بەرچاو بخەین: (نۆیت ئەوتم ئاهە، نۆیت گەترەمەم نۆیت زەورڤە ئاهە نۆیت مەرەیوش). بەواتای (نییە سەرما لێرە، نییە گەرما لێرە، نییە پیریی لێرە، نییە مردن لێرە).

(تێبینی:لێرەدا، ئەم ناونیشانە، بۆ بەهەشتە)!

– [بەخشەی = bax shahi]:ریشەکەی[بگ=bag]و قەدی [بەگە = baga]ی لێ دروست کراوەوە بەواتای (بەش) دێ، کە بەرامبەری وشەی (شەیر = shaer) ە، لەئینگلیزییدا. هەروەها، قەدەکە بەواتای (خوا، گەورە، پەروەردگار) دێ، جگە لەوەش بەواتای (بەخشندە) ش، دێ.

– [ئات = ât] :ئامرازی پەیوەندە و زۆرتریش، بۆدەست پێکردنی ڕستەی نوێ بەکاردێ ولەکوردیی ئەمڕۆیشدا، بۆهاو واتای ئەم ئامرازە، ئامرازی پەیوەندی (ڤە، وە، ئێدی، هەروەها، ئەنجا، ئەوجا، ئینجا، بەم جۆرە، لێرەدا،...هتد).

– [تووڤەم = tuvam]: ڕاناوی کەسیی نەلکاوە و بۆ کەسی دووەمی تاکەو بەواتای (تۆ، تە) دێ.

– [فشەونەیەی = fshaunayahi]:قەدی ئەم وشەیە، [پەزو = pasu]ە، کە بەواتای (چوارپێ، ڕانەگاگەل، پەز، مەڕ، مێ) دێ. جگە لەوەش، وشەی (پەزو) تایبەتییە، بە(پەز) ەوە کە واتای (مێ، مەڕ) دەبەخشێ وحاڵی حازریش، وشەی (پەز) لە کوردەوارییدا، بەکار دەهێنرێت. وشەی[پسڤ = psv]، ریشەکەیەتی وهەر لەم ریشەوە، وشەی[فشویە=fshu-ya] بەکار دەهێنرێ، کەکاری (کاری) پێ سپێراوەو بەواتای (پێکەوە ژیان، پێکەوە بەخێوکردن) دێ. لێرەدا مەبەست ڕانە مەڕە. لەهەمان



ریشە، وشەی [فشەونی=fshau-ni] دروست کراوە، کەبەواتای (قەڵەو، چاخ) دێ. بەم وشەی [فشەونەیە = fshaunaya]، وەک کاری ڕانەبوردوو، بەواتای (بەخێو دەکات، خۆراک دەدات، گزرە، ئالف پێ دەدات).

– (ناریا=nâryâ-s ):قەدی وشەکە[نەر=nar]ەو بەواتای (نێر، پیاو) دێ. بۆ (مێ) یش واتە (ژن=ئافرەت)، وشەی[ناریی=nârî]بە کار دەهێنرێ، بەشێوەیەکی ڕونتر، بەپاشبەندی (یی=I) دەبێ بە(مێ).

لەم بۆنەیەدا، دەبێ ئەوە بهێنرێتەوە. یاد، کە شێوەی کوردیی ناوچەی بەهدینان (کرمانجیی) و زازایی و هەورامانیی. (نێرومێ) لە دیاریکردندا، بەنیشانە دەورێکی باڵای هەیە، هەروەک لە ئاڤێستادا، وەهایە.

– [ڤا=vâ] :ئامرازی پەیوەندە و بەواتای (یان، یا) دێ. ئەم ئامرازە دەوری دەرخستنی هاو واتا! لەو وشەدا، لەفرەیزدا. لەڕستەدا، لە پارچەدا، دەبینێ! یان دەوری هەڵبژاردن دەردەخات (ئەم یان ئەو)! بۆوێنەلەم ڕووەوە، لەئاڤێستادا، (ڤەندیدات–٥، ١٥) هاتووەو دەڵێ:

“yô gathwâm… jainti vâ vayeiti vâ xraoshyeiti vâ”

واتە:

"ئەوەی سۆزانیی بێ، یا شەڕ دەکات، یابەجێ دەهێڵێ، یان ترس دایدەگرێ..."

– [پوسرە=puthra] :ئەم وشەیە، بەواتای (کوڕ) هاتووە کە بەرامبەری لەئینگلیزیدا[سۆن = son]ە. بۆ وێنە، لە ئاڤێستادا، هاتووەو یەژێ:

[پیتا پوسەرەچە = pitâ-puthracha] کە بەواتای (باوک (و) کوڕ) دێ و ئەم (و)ی پەیوەندە لەئاڤێستادا، لێرەدا[چە= a] هاتووە.

– (هەڤە=hava): ڕاناوی کەسیی هەبوونە و لە ئینگلیزییدا [ئەپۆسەسیڤ ریفلێکسیڤ پرۆناون = apossessive reflexive pronoun]ی پێ دەوترێ. لەکوردییدا، بەشێکە لە ریشەی (ناوی کاری) (هەبوون) و ریشەی لە (هەمە) و (هەیە) و (هەیەتی) و (دەگەڕێتەوەبۆ)ی تیایە. ببەخشن (هەرچی دەکەم، نازانم، چی بهێنمەوە، تاوەکو واتای ڕۆشن بکەمەوە)!

لام وایە، بەهۆی هێنانەوەی ئەم ڕاناوە[ئەهماکە = ahmâka]کەلە ئینگلیزیدا بەواتای (ئەوەر=our) هاتووە، کە (هی ئێمە) دەگرێتەوە، زۆر نەبێ کەمێ واتای ئەو

(ڕاناوی موڵکایەتی) یەی سەرەوەمان، ڕۆشن کردەوە.

– [مەرشویا=uya mar–s]: قەدەکانی ئەم وشەیە، بریتییە لە [مەرشو=marshu]، یان[مەرشڤی=uv mar ]، ئەمانە، بەواتای (ڕەحم=منالّدان) و (عاسمانەی دەم=جێگای هەستی چەشتن) دێن.

– [بەرتارەم=am–r bart]: ریشەی ئەم وشەیە [بر = br]ە قەدەکەشی [بەر=bar]، کەوشەی [بەرامی=mi bar] لێ دروست بووەو بەواتای (هەڵدەگرم) یان (باردەکەم)، (بەڵەدیی دەکەم)، (پێشرەویی دەکەم)، (سەرکردەیی دەکەم). وشەی [بەریە=barya]، کەلەهەمان قەدە، بەواتای (هەڵگرتن) وەک چاوگ هاتووە. هەر لەهەمان قەد، وشەی [بەیریەنتە=bairyeinte] دروست دەبێ، کە بەواتای (هەڵیان گرت) دێ.

– [ما=m ]:ئامرازێکە، بۆ (نەهی=نهی–ع) وەک (فەرمان) بەکار دێت. ئەم ئامرازە جگە لەکاری وەهاو جێگای وەها، ئەرکی دیکەی ناخرێتە ئەستۆو ناشبێ! بۆ وێنە، لەیەشتدا (١٧– ٦٠) دا، هاتووەو دەڵێ:

m ni urvise" avi z usa m nam fra sm avi m

واتاکەی بەم جۆرە دەگرێتەوە: (مەرۆ بۆ ئاسمان، مەگەڕێرەوە بۆ زەویی!)

– [ئەرڤەتام=m arvat]: ریشەکەی[ڕ=r]ە وشەکە بەواتای (بزیۆ، ڕەوت، ڕەویە، ڕۆ، لە ریشەی ڕۆیشتن–ی زمانی کوردیی (ڕ) وە) دێ.

قەدی وشەکە[ئەرڤەت=arvat]ەو بەهۆی پاشبەندی[ڤەنت=vant]ەوە کە بەم جۆرە لێ دێ[ئەرڤەنت=arvant]، بەواتای (تیژ، تیژرەو، ڕەوان، گورج، هورووش، تەوژم، ڕەمرەم،... هتد) دێ.

بەبیروڕای من، وشەی (ئەڵوەند=ئەروەند=ئەرڤەند) هەر هەمان واتا بەدەستەوە دەدات وروباری (ئەڵوەند) یش کەلە شاخەکانی لای هەمەدانەوە هەڵدەقولێ وبە شێوەیەکی تیژرەو لە چەم ودۆڵەکانی ئەڵوەنددا، بەتووشی بەرەو بەغدا دێ، هەر بەو ناوەوە، یان بەو ئاوەڵناوەوە، لە دێری دێرینەوە، ئەو ناوەی لێنراوە!

هەر لەهەمان ڕووەوە، هەر بەلامەوە وەهایە، کە وشەی (هەمەوەند) یش کە ناوبانگی هۆزێکی کوردیی جەنگەرانن ولە نزیک کەرکوکەوە نیشتەجێ بوون، هەر لە هەمان ناوچەکانی (ئەڵوەند) ەوە بۆ ئەوێ چوون و وشەی (هەمەوەند) یش لە بنەڕەتدا، دەبێ



(هەم، ئەروەند) بووبێ، چونکە[ئەم=am]لە ئاڤێستادا، بەواتای زۆردار هاتووە.

– [یوختە=yux-ta]: ریشەکەی[یوگ=yug]ە، (پەیوەندیکردن)، (پەیوەستکردن)، (بەندکردن)، لە هەمان قەدەوە وشەی [یوجیەتی=yujyati]دروست بووە، کەلە ئاڤێستادا، بەواتای (کەلوپەلی وڵاخی سواریی–زین،... هتد) دێ.

شایانی باسە ناوی (یەختە) لە کوردییدا، بۆ ئەسپێ بەکار دێ، کە هێشتا بۆ سواریی ڕانەهێنرابێ.

– [ئەبی سەدتر = abi-sad-tr]: بەشی ناوەڕاستی ئەم وشەیە کەقەدی[سەد=sad]ە، بەواتای دانیشتن دێ. بەشی دیکەشی، هەرلەم وشەیە، کە[ئەبی=abi]یە، پێشبەندی ئاوەڵکارییە، ئاماژە، بۆ جێگا دەکات. هەر لەم قەدە، وشەی[نیشەد=ni– ad]دروست دەبێ وبەواتای (نشتەی دانیشتن) دێ.

– [نی–سنگ–تر=ni– tr–ng]:قەدی ئەم وشەیە (سنگ = thng–)، کە بەواتای (تەنگ) دێ، لە زمانی کوردییدا (تەنگدان، ڕاکێشان) – (زاراوەکە.پەیوەندی بەکۆچ وبارەوە هەیە) –دێ. لە لایەکی دیکەشەوە، وشەکە پەیوەندی بەفەرمانداریی (حوکم)یەوە هەیە. قەدی ڕانەبردووی ئەم وشەیە، کە (سەنجەیە = thanjaya)یە، بەواتای (تەنگکێشان) دێ وبە واتای (کۆنترۆڵی ئەسپ وچارەوا) دێ.

– [زاڤر = zâvr]: ئەم وشەیە ناوەو بەواتای (زۆر) هاتووە، بەم لەدۆخی بەرکار دایە.

– [جەدیە = jadya]: ئەمە قەدی ریشەی ڕانەبردوو[گد=gd]ە کە بەواتای (لێ پرسین)، (پرسین)، (پەرسای) دێ. بۆکەسی دووەمی تاک بەکار هاتووە (ڕانەبردوو، تاک).

– [پەرو = paru]:ئەم وشەیە، ئاوەڵکارە، وەک پێشبەندێ، بەند بەوشەوە دەبێ و بەواتای (ژمارەی زۆر) دێ.

بەهۆی قەدی[مەنت = mant]ەوە، وشەیەکی ناساکار دروست دەکرێ، وەک[پەرو – مەنت = paru-mant]، کەبەواتای (پێک هاتووە لە زۆر)، یان (زۆرزۆری تێدایە) دێ.

– [هەمجەمەنە=ana–jam–ham]:بەشی یەکەمی[هەم=ham]، ئاوەڵکارە واتای (پێکەوە) بەدەستەوە دەدات. بەشی[جەم=jam]یش، بەواتای (کۆ) هاتووە، لەگەڵ

واتای (هاتن بۆکۆبونەوە، جەمبوونەوە) داو بەپاشبەندەوە بەهەموویان پێکەوە، بەواتای (دانیشتنی کۆمەڵ، بۆ کاریێ) هاتووە، کەلە ئینگلیزییدا (ئەسەمبلی=assembly) یە.

– [پەرونەر=nar–paru]: ئەم وشە ناساکارەو بەواتای (پیاوی زۆرزۆر) دێ وبۆ ئەوەش، بلێین ژنی زۆر، دەبێ پاشبەندێ=[یی= ]مێ–ی بۆ بخرێتە پاشکۆیەوە، واتە، وەک:[پەرونەریی=nar–paru ].

– [کەرشڤی=vi kar]: لەوانەیە ریشەکەی [کرش=kr] بێ، کەبەواتای (کێڵان، کا ی، کەشت) دێ هەر لەم ریشەوە، لەوانەیە کە وشەی [کەرشڤەر=kar–var ]یشی لێ دروست بکرێ، کەبەواتای (کیشوەر=و ت، ناوچەی دیاریکراو، سنوردار، مەرزدار) هاتووە، لەپارسیی ئەمڕۆدا، (کیشوەر) بەکار دێ. بۆ وێنەدەوترێ (کیشوەری ئێران)، چونکە (مەرزی، سنووری، پەڕی) دیاریی کراوە.

واتاگشتیەکەی:

پاش ئەوەی، کەهەندێ وشەی سەرەکیی، لەرووی واتاو ئەرکی ناو ڕستەسازییەوە رۆشن کرانەوە، لەوانەیە واتای گشتیی، پارچەکە، بەئاسانی بێتە، بەر ئەرکی جوینەوەو بەم جۆرە: "سێ شتی ڕاستەقینە لە ئارادا هەن، کەهەمیشە بەردەوامن، وتنی بەد: گا، ئەسپ، هەومە.

گا، خراپی (پریست) یەژێ: لەوانەیە نەوەت نەبێ. لەوانەیە، ببی بەهاوکاری بەدناوان. تۆ وەک من نابی، کەنان وچێشت (خوراک) باش بپەزیی، بەڵکو تەنیا بۆ پڕکردنی ورگی ژنەکەت، کوڕت و خۆت.

ئەسپ، خراپی سوار دەئاخەفێ: لەوانەیە قاچ (لاق) ت بەشێوەیەکی جوان نەسرەوێنی، لەوانەیە تۆ سواری قاچی رازاوە نەبی، لەوانەیە تۆ نەتوانی لێخوڕی لە لاقی رازاوە. تۆ داوات لەمن کرد کە هێزم (زۆرم) پێش کۆبونەوەی ئەو خەڵکە ئەو ناوچانە، پیشان بدەم.(*)

(2) K. Geldner; Avista, die heilige Bucher der Persen, Bd IIII,

(*) بەڕاستی، من خۆم لەم وەرگێڕانەی خۆم ناڕازیم و لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەندە، توانام هەبوو، ئەویش ئەوەیە، ک نەمتوانی ئەم بەشە سەرەتاییەی یەسنام. بەچەند ڕەنگێ، دەست بکەوێ، ئەمە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە، کێشە دینییەکەیە و، هەر فرەێزێ، هەر وشەیێ، بەچەند جۆرێ لێک دەدرێتەوە! (هەرامانی)



Stuttgart 1886-1895

The Dialect of the Gathas,Y.45,13 from the so called Gatha Utavat according the Geldner edition).

ئەم سێ پاسێژە، وەرگرتەیەکە، لە (گات) ەکانی (گێڵدنەر)، بەپێیی ئاوازی وشەکان: (××)

1- AT FRA VAXSHYA NÛ GÛSHADVAM, NÛ SRAVTA, YAI-CA ASNAT YAI-CA DURÂT ISH AthA…
2- AT FRAVAXSHYÂ AHAUSH MANYÛ PARVYH, YAYÂH SPANYÂH SPANYAH UTI MRVAT YAM AHRAM: NA-IT NAH MANAH, NA-IT SANHA, NA-IT XRATA VAH NAI-DA VRANAÂ, NA-IT, UGDÂ NAI-DA SYAUTHNA NA-IT DAINÂH, NA-IT RVÂNAH HACANTAI.
3- AT FRAVAXSHYÂ AHAUSH AHYA PARVAYAM, YÂH MAI VIDVÂH MAZDÂH VAUCAT AHURAH. YAI ÎM VAHNA-IT IM VAHNA-T ITHÂ MRNTHRAM
VARSANTI, YATHÂ ÎM MANÎI- CA VAVACA, CA AIBYAH AHAUSH VÎI AHAT APAMAN.

لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەندێ وشەی سەرە، لەم سێ دێرەدا:

هەروەک، لای خوێنەری بەرێز رۆشنە یان دەبێ لایان رۆشن بێ، بەتایبەتیی ئەوانەی کە حەزیان لەم جۆرە پشکنینانەیە. کەئاڤێستا زمانێکی مردووە، واتە ئەمڕۆ. یەکێک نییە، کە بەو زمانە دێرینەی ئاڤێستایە گفت وگۆی رۆژانەی ژیانی بەسەر بەرێت وتەنانەت، ئەمەش دەچەسپێ، بەسەردەمی ساسانیەکانیشدا، ئەگەر پسپۆڕی دینی وزمانناسی ئاڤێستا نەبوایە تێگەیشتنی لەلایەن زەڕدەشتیانی دیکەوە، زۆر ئاسایی نەبوو وبگرەش، لە دوای لێکدانەوەش هەر هەمان کێشەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراو جۆری دەمی ساسانی، کێشەی گەورە لەبەردەم ئاڤێستا ناسانی ئەوروپاییدا، بەرپا کردووە، بەجۆرێ، کەزۆربەی کەرەسەی ناوزمانی گاتەکان و بەشی دێرینەوە، پتر لەوەش وشەی وەهامان بەر چاو دەکەوێ، کە بە چەند بەرگێکی جۆراو جۆرو رەنگامەوەوە خۆی پیشان دەدات. بۆ وێنە والێرەدا. نموونەی هەندێ لەو وشانە دەخەینە بەر چاو:

1- zavainti, zavaite, zavayanti
2- gâushcha, gashcha
3- afrazaintish, afrazainti
4- hachamnô, hachimânô
5- fsâonayehe, fshaonyehe
6- hya, haoy, huy
7- pourumaiti, pâourimaiti, pauru, Maiti, paouru, maiti
8- hanJamaini, hanJamanahe

– [فره–ڤەخسیە=fra-vaxthya]:

ئەم وشەیە، ناساکارەو دووپارچەیەو پارچەی یەکەمیان[فره=fra] وەک پێشبەند (لە چوارچێوەی ئاوەڵکاریدا) بەوشە سەرەکەوە کە قەدی کارە، نووسراوە و بەم جۆرە بەهەر دووکیانەوە، واتایەکی نوێ بەدەستەوە دەدەن لە رووی رێزمانیشەوە ئەم دووانە پێکەوە (ئەدڤێربپارتیکەڵ = adverb particle) دروست دەکەن و ئەم جۆرە دروست بوونە، چەلە رووی وشەسازییەوە، چەلەرووی رێزمان وواتاوە بەدەورێکی (بزێو) لە زماندا، دەناسرێ!

شایانی باسە. بەهۆی شێوە ئاوەڵکاری[فره=fra]ەوە، بەدەیان وشە دروست دەکرێن، ئەمەلەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە، لەم دەقەدا ئەم وشە ناساکارەی سەرەوە بەم جۆرە هاتووە[فرەڤەخسیا = fra-vaxthya] (واتە: دەئاخەڤم) کەدەبێ ببرێتەوە، سەر ئەم بنەڕەتە[fra-vax-thya]، کە بریتییە، لە قەدی کار (کەواتای رانەبردوو و دوارۆژێ دەدات) ولە شێوە ئاوەڵکارەکە، کە پێشبەندەو، وشەکەی دروست کردوە. (سۆکۆلۆڤ،ل١١٥).

– [نوو=nû] ئەم وشەیە، ئاوەڵکارەو بەواتای (ئێستا، ئیسە، نووکە) دێ. بۆ بەدەستەوەدانی واتا، یان هاو واتای ئەم (ئاوڵکار) ە، لە زمانی کوردیی ئەمڕۆ، زۆر هاتوون.

– [گووسە=gûtha]. وەک قەدی (رانەبردوو) کە چاوگ دەگرێتەوە، بەواتای (گۆشگرتەی، گوێگرتن، ئەژنەوای، گۆششلکەردەی،...گۆشدان، گۆش دای) دێ، کە لە ئاڤێستادا، لەم قەدە رانەبوردووە، چەند جۆری لە کاری رانەبردوو و داهاتووی بێ دەئاخەڤێنرێ، بەڵام لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا، وشەی (گۆش = گوێ) وەک ناوە و



کاری لێ دروست ناکرێ، مەگەر بەهۆی کاری یاریدەر (کردن)ەوە کاری لێ دروست بکرێ.

ئالەم پشکنینانددا، پێویستە بۆ من و بۆ هەر یەکێکی دیکەی پشکێنەر کە بیر لە وشەی (گۆرەپان) بکاتەوەو بزانێ کە داتاشراوێکی نالەبارە و وشەی (مەیدان)یش، وشەیەکی ئارپاییە و لە (ڕەگ ڤێدا) شدا، بۆ چەند جارێ پات کراوەتەوە) بۆی دەردەکەوێ، کە وشەی گۆرەپانیش وشەیەکی داتاشراوی نالەبارەو بیریشی بۆ ئەوە دەچێ کە پشکێنەری ئەوروپایی (لەرووی بەراوردکارییەوە) بەتایبەتیی لەگەڵ زمانی ئاڤێستا و فارسیدا، کەوتوونەتە، ناو کۆمەڵێ بۆ چوونی ناتەواوەوە.

– [سرو=sru]:

ئەم وشەیە، قەدە و قەدی کاریی رانەبوردووشی دەبێ بە[سرڤە = srva] کەچاووکی رانەبوردوو دروست دەکات، کە ئەویش بەواتای (گوێگرتن)ە، بەهەر حاڵ، ئەم وشەیە لە رووی واتاوە، بەواتای [گوش = gosh]ش دێ، بەم ئەمەی ئێستە نەختێ لایەنی دیکەش دەگرێتەوە، کە وەک گوێرایەڵی دەکات، شوێن دەکەوێ، پەیڕەوی دەکا، ئامۆژگاریی وەردەگرێ، فێر دەبێ،... هتد.

هەرلەهەمان، قەد (ریشە)، [سرەڤە=srava]یشی لێ دروست دەبێ، کە جۆرێکە لە رۆژانەی بەکار هاتوی ژیان، لەگەڵ ئەو قەدەکارەدا.

– [یەی=yai]: ئەم راناوە (راناوی کەسیی کۆ)یە لەمەوە ئەم راناوە کەسییە تاکە[یە=ya]هاتووە.

– [ئەسنە=asna]: ئەم وشەیە ئاوەڵکارە و بەواتای (نزیک) دێ ودژژاوەریەکەشی دەبێ بە [دوورە = dûra] کە واتای (دوور) بەدەستەوە دەدات. ئالەم وشەیەدا [ئەسنە=ئەزنە=asna] ریشەکە بریتییە[زن=sn] کە لە وشە کوردیەکەشدا هەر هەیە. وشەی (ئەزنەکردن) لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەواتای (ریزکردن) دێ، کەوابوو، لەواتایشدا، یەکتریی دەگرنەوە.

– [ئیشە=îshâ] :ئەم قەدە بەواتای (to wish)ی ئینگلیزیی هاتووە و ئەمەش ریشە زمانە هیند و ئەوروپاییەکەیە، کەلە زمانی ئاڤێستادا، بەزۆریی دەردەکەوێ و لە کوردیی ئەمڕۆشدا، (ویستن=wistn) ەو هەر هەمان ریشەی تێدایە، واتە (ویس) و (ویش) وەک یەک لە واتاو لە دەنگ و ئاوازەدا، لەگەڵ کەمێ جیاوازیی، هەر

یەکێکن، هەروەها کەتەک ئەم چاوگە کوردیانەی وەک (ویستن، وازای، وازتەی، خازن) یشدا.

– [ئەهو=ahu]: ئەم قەدە، لەبنەرەتدا لەم ریشەوە (to be) هاتووە، کەلە کوردیی ئەمڕۆدا، بەچەند بەرگێ، خۆی پیشان ئەدات. بۆ وێنە لێرەدا، (ڤێرب تویی =verb to be)بریتیە لە پاشبەندی (–ە)، بۆ وێنە وەک:

–ئەم (پیاو) + (ژیر) =ئەم پیاوە ژیرە.

–یان: ئەم پیاوە، ئەم ژیرە.

هەروەها لەئاڤێستاشدا، بۆ چەند رەنگێ (to be) خۆی پیشان ئەدات ورەنگێکیش لەوانە (ئەهو=ahu)، کەبەواتای (دنیا، کەون وکائینات، جیهان، بووە) هاتووە یان، بەواتای (دەبێ، هەیێ، نەیێ) دێ. هەر لە ئاڤێستادا، وشەی (بووە=bu )شمان هەیە و هەر لە هەمان قەدو ریشەوە، هاتووە.

– [پەرڤیە=parvya]:ئەم وشەیە، ناساکارە وپێک هاتووە، لە دووبەش ولە (پەر=par) ولە (ڤیە=vya) و بەهەر دووکیانەوە ئەم وشە ناساکارەیان دروست کردووە.

لەبنەڕەتدا، بۆ بەدەستەوەدانی هەمان مەبەست، وشەی ناساکاری (فرە+تەرە=fra tara) بەکار هاتووە، کەبەواتای یەکەمی ئەو دوانە دێ وشەی (فرە+تەمە = fra tama) ش بەواتای یەکەمی ئەوانەدێ (sk.p.72) ئا لەم وێنانەوە، وشە ناساکارەکەی سەرەوە دروست بووە، کە بەواتای (یەکەم)، (یوڤەم)، (یڤڤەم) دێ. ئەوەی کە شایانی باس بێ لێرەدا، ئەوەیە کە (پەرە = para) و (فرە = fra) هەر دووکیان دەوری (بەهەردوو بەشەکەوە) ئاوەڵناو دەبینن، ئەگەر هاتوو زانیمان کەدەوری ئاوەڵکاری جێگاش بەرچاو دەخەن.

ئەوەی کە دەبێ لێرەدا، لە بیر نەچێتەوە ئەوەیە کە وشەی (فرەتەرە= یەکەم). دەوری (ناو) و هی (ئاوەڵناو) ویش دەبینێ!

– [مەنیو = manyu]: ئەم قەدە لەریشەی[من = mn]ەوە هاتووەو[مەنیە = manyah]ش بەواتای چاوگی (بیرکردنەوە) دێ، بەڵام وشە ناساکارەکە بەواتای (رۆح) هاتووە. وشەی (مەینیەتە=mainyate) ش بەواتای (بیردەکاتەوە) دێ.

– [یەیا=yaya–s]: راناوی کەسیە، بۆ دووانەو لە دۆخی (هەیەتی= مولکایەتی)



دایەو لەریشەی[یە=ya]ەوە، هاتووە، کە راناوی کەسی تاکەو ئەم وێنەیەشی (یا=yâ) هەیە.

– [سپەنی=spany–s ]:ئەم ئەوەڵناوە، لەپلەی بەراوردیی دایەو ئاوەڵناوەکە، وەک[سپەنیە=spanya] کە بەواتای (پیرۆزتر) ە. ئامرازی پەیوەست، یان پەیوەندەو بەواتای (ئەوجا، ئەمجا، ئینجا، هێدی، دیکە، هیتر...) دێ هەر لەم رووەوە ئامرازی[ڤا=vâ]شمان، بەهەمان واتا، یان بەواتای (و، ڤە)ی ناو زمانی کوردیی ئەمڕۆ دێ. هەروەها، بەواتای (پاشان، بەوجۆرە، دواتر، دماتەر، لەپاش ئەو،... هتد) دێ.

– [مرڤ=mrv]:ئەم وشەیە، وەک چاوگ بەواتای (ئاخافتن) دێ کە بەرامبەری لە ئینگلیزییدا، بەواتای (to speak) دێ.

قەدی ئەم چاوگە [مرو = mru] و[مرەڤ = mrav]ە، کە قەدێکی رانەبوردووە. شایانی باسە جۆرە هەڵس وکەوتێکی تایبەتیی (کار) ەکانی ئاڤێستاو زمانی کوردیی ئەمڕۆ، ئەوەیە کە (کار)ی رانەبوردوو، قەدی تایبەتیی هەیە، کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ قەدی رابوردووی هەمان (کار) دا. تەماشای ئەم وێنەیە:

mroât Ahurâ Mazdâ…Zarathushtrâi

واتە: (١) بەپێی ریزی وشەکانی ئاڤێستا، بەم جۆرەیە:"گوتی ئەهورو مەزدە بەزەرەدەشت"

(٢) بەپێی یاسای رستەسازیی زمان کوردیی ئەمڕۆ بەم جۆرە دەگرێتەوە: "ئەهورە مەزدە بەزەرەدەشتی گوت"

تۆ: بەراوردی بکە تا جیاوازیی ناو رستەسازیی هەردوولا، هی ئاڤێستاو زمانی کوردیی ئەمڕۆت، بۆ دەربکەوێ!

– [ئەهرە=ahra]: قەدی ئاوەڵناوەو بەواتای (خراپ، دژژ، درۆ، بەد) هاتووەو ئەمە بەشی یەکەمە کەلە وشەی (ئەهرەمەن=ahraman)، لەئاڤێستادا بەچەند شێوەیەک بەرچاو دەکەوێ (لە رووی رێنووسەوە) یەکێک لەو شێوانە (ئەنگرۆمەینو = angrô-mainyu)یە کەلەفارسی ئەمڕۆیش ولە کوردیشدا (ئەهریمن) پێ دەوترێ، یان (دێو، شەیتان، خوالە، درۆ،... هتد) (پورداود، گات، ل-٢٥)

وشەی (سەرە)ی (ئەهرە=ahra) و لەگەڵ وشەی (مەنیو=manyu) کە لەمەو

پێشتـر، باسی کـراو بەواتای (ڕۆح) دێ، بەهەر دووکیـانەوە وشـەی (ئەهرمـەنیـو = ahra-manyu) دروست دەکـــەن، کـــە هەروەک وتمان بەواتای (خـــوای درۆ=خـــوای ناڕاست) دێ.

– [نە=na–s=]:ئەمـە ئامـرازی ڕاناوی نەلکاوەو بۆ کـەسی یەکـەمی تاکـە لە دۆخی بەرکارداو بەم شێوانە، لەنووسینەکانی لێکدراوەی ئاڤێستادا، بەرچاو دەکەوێ: nas, na no,لەکاتی (کۆ) داو لە هەمان ئەرکی ڕستەسازیدا، بەم جۆرەی لێ دێ (نا=nâ)و.

بێگومـان، ئەم ئەرکە (کەلە ڕستـەسازیدا بەبەرکار دەناسرێ) جۆری زۆری هەیە، بەم بۆ ڕۆشنکردنەوە، لە کوردیدا دەوترێ (بۆمن)، لێرەدا، ڕاناوەکە، کەبۆ کەسی یەکەمە، وەک ئەمەی ئێرە بەکار دێ وئەمەش جۆرێکە لە جۆری زۆر لەم مەیدانەدا.

– [مـــەنە=مـــەنهـــە=manha]: ئەم وشـــەیە، بەواتای (بیـــر) هاتووە، لە ڕیشەی[من=mn]ەوەیە، وەک لەو وشەی[مەنیو=manyu]دایە.

– [سەنهە=سەنە=sanha]: وشەی (سەن) و (زەن) بەواتای (وشە) بەکار دێ، بەم وەک (کـار) نەک وەک (ناو) هەروەک لەئاڤێسـتـادا، وەها بەکـار هاتووە. جگـەلەو هاوواتانەی سەرەوە، لەکـوردیی ئەمڕۆدا، وشـەکـانی (وتە، گـۆتە، واژە، وێژە، ڤـاچە، واتە، ڤـاچەڤاچ، گفتـە،.... هتـد) بەکار دەهێنرێن. ڕیشـەکەی ئەم وشـەیە بەم جـۆرەیە h(n)h) و هەروەکی لەم وشانەدا: [سەنەیتی = sanaiti]، کەبەواتای (دەئاخەفێ) دێ.

– [ڕون=run].ئەم ڕیشـەیەو قـەدەکەی[ڕڤەن=rvan]، کـە بەواتای (ڕۆح=soul)، (سـەرکـردە)، (ڕابەر)، (نەفس–ع)، (الهام=ع) دێ. لەهەندێ واتاوە، لەگـەڵ وشـەی [مەنیو = manyu]دا یەک دەگرنەوە. لەکوردیی ئەمڕۆدا، (ڕەوان) بەهەمان واتا هەیە.

– [هەچە=hacha] :ئەم وشەیە وەک قەدی (کار) بەواتای (گوێڕایەڵ، شوێنکەوتوو، گۆشگیر،

شۆنکەوتە.....دێ) لەکوردیی ئەمڕۆدا، ئەم وشەیە هەیە، بەم زۆر بەکەمی بەکاردێ، بەتایبەتیی بۆ لێخوڕینی (کەر=هەر=خەر) دێ یان بۆ یەکێک، کەزۆر نەزان وساویلکە بێ وهەمیشە ئامادەی، جێ بەجێ کردنی هەر فەرمانێ کە دێتە بەرەوە بۆی ببێ، بەبێ بیر لێکردنەوە. لە لادێیەکان، بەژنی زۆردار، بەسەر مێردەکەیدا، هەمیشە، فەرەیزی: (وەک کەر هەچەی دەکات) = (پێسە هەری هەچەش مەکەرۆ) بەکار دێ.



– [ئەهیـە=ahyah]: ئەمـە ڕاناوی ئامـاژەی نزیکە، وەک (ئەم=this) حـاڵی حـازر وشـەی (ئەیە) وەک ئـامـرازی ئـامـاژەی نزیـک. لەهەندێ ناوچەی کـوردەواریدا، بەتایبەتیی لە ناوچەکانی لەکستان ولوڕستاندا، بەکاردێ.

– [یام=yâm] ئەم ڕاناوە، وێنەیەکی دیکەی ڕاناوی نەلکاوی کەسیی [یە=ya] و [یا=yâ]یە، کە لەلام وایە بەواتای (کە)ی پەیوەست، پەیوەند، دێ.

– [مەی=mai]ڕاناوی نەلکاوەو لەئەرکی (بەرکار) دایە.

– [ڤیـدڤا=s-vid v ] :وشـەکـە لە دەوری کـردەوەدا کـە (زانین) ە، (part. Pf.). وشـەکـە دووبارەکـردنەوەی ڕیشـەی کـارەکـەی تێدایە، کـە دۆخی (زانین) دەردەخـات. هەرلەم قـەدەوە، وشـەی[ڤەیدە=vaida]بەواتای (فێـربووم) و وشـەی (ڤـیـدەر = va-vidar) بەواتای، (دەزانن) دێ.

– [ڤەڤەچەت = a-t va-va]: دووبارەکردنەوەی، لە هەندێ وشەدا واتای (تەواویی کارەکە) بەدەستەوە دەدات. ئالێرەشدا، ئەوەمان، بۆ دەردەخات کە کارەکە تەواو بووە و کراوە، یان کراوە و تا ئێستـەش کـاتی ئاخافتن، شوێنەواری یان کـاری درێژەی هەیە و ئالێـرەدا (هەروەک کـارەکـەی پێشـەوە، لەوشـەکەی پێش ئەمـەدا) کـارەکـە، دەمی ئەم گوتنەدا دەستی پێ کراوە، یان تەواو بووە، یان لەکردندا هەر بەردەوامە. بەهەرحاڵ ئەم وشەیە، بەواتای (وتی، گوتی، گوفـتی، ئوگوت، ڤاتش، ڤاچش...) دێ لەشێـوەکانی کـوردیی ئەمـڕۆدا، بەتایبـەتیی لە شـێـوەی هەورامـانیـدا، ئەم جـۆرە بەکـار هێنانە بۆمـەبەسـتێ، کـە بەئینگلیـزی پێی دەوترێ (پریزەنت پێـرفـێکت=present perfect) بەزۆری بەر چاو دەکەوێ، بۆ وێنە دەوترێ:

+– یەکـێک لە نان خواردن نەبووبێتـەوە و بۆی هەیە بێژێت (مـوەرای مـووەروو) کە بەشێوەی جافیی دەبێ (خەریکم دەخۆم)، یان یەکێک خەریکی (خوێندنەوە فیربوون) بێ بۆی هەیە بێژێت (موانای موانوو)، کەبەسۆرانیی، دەبێ بە(خەریکم دەخوێنم).

(ئەمەش، جۆرە وێکچوونێکە، لە چۆنیەتی دروستکردنی، ڕستەو فرەیزدا).

– [ئەهورە=Ahura]: ئەهورە، ناوی خـوای خـوایانە، لەلایەن کـوردانەوەو لەلایەن ئاریایەکـانی دیکەشەوە، ئەم خـوای خـوایانە، یەکـتـاپەرسـتی دەردەخات و بە(خـوای ژیروزانا) واتە (ئەهورەمەزدا) – دەناسرێ.

وشـەی (ئەهورە) هەمـیـشـە لەگـەڵ وشـەی [مـەزدا = mazdâ-s]دا وشـەیەکی

ناساکاریان دروست کردووەو بەواتای خوای مەزن، خوای خوایان، خوای زانا، خوای ژیرودانا، خوای راستیی،... هتد دێ.

– [ئیم=îm]: راناوی نەلکاوە، بۆ کەسی یەکەمی تاکە (لەدۆخی بەرکاردا) لەئەرکی (کارا) یان هاوکاری ئەو دایە، یان لە ئەرکی بەر کاردا.

– [ئیسا=îthâ]: ئامرازێکی ئاوەڵکارییە بەواتای (بەوجۆرە) لە کوردییدا و (thus) لەزمانی ئینگلیزیدا. بۆ هاو واتای ئەم وشەیەی سەرەوە، فرەیزی (هەروەها) کە خۆی لە خۆیدا، بۆمان هەیە، لەم جۆرە کارانەدا، ناوی (ئامرازی ئاوەڵکاریی) ناساکاری لێ بنێین.

– [مەنسرە=manthra]: وشەیەکی ناساکارە، لەکاروباری دینییدا، بەواتای (بیر=thought) دێ، یان بەواتای (وشە=بریار=پەیمان) دێ.

لەم بارەیەوە، وشەی دیکەمان بەرچاو دەکەوێ، بەڵام بۆ کێشەی دینیی ئەم وشەیە، سازترین وشەیە. بەشێوەیەکی رۆشنتر وشەی (مەنە =manah) هەر هەمان واتا، بەدەستەوە دەدات، بەڵام وەک ئەوەی سەرەو ناتوانێ بگونجێ، هەروەها، وشەی (سەنە=sanha) ش.

– [ڤە=va–s]: راناوی نەلکاوە، بۆکەسی دوومی کۆیەو بەم جۆرەش [ڤا=v] بەرچاو دەکەوێ و نیمچە دەورێکی هەیە.

– [ڤەرش = varsh]–، یان [فەرز = varz-s]:

ریشەی ئەم وشەیە[ڤرز=vrz]، کەبەواتای (کارکردن) (تەواوکردن) هاتووە، لەقەدی ئەم وشەیە، لە کوردیی ئەمڕۆدا، هەیەو ماوەو بەکاردێ، بۆ وێنە، (وەرزێر) ناوی ئەو کەسەیە، کە (کاری خەلەو خەرمان وباخەوانیی) دەکات. (وەرزاندن)، بۆ ئەو کەسەیە، کەوەرزشی زۆر لەبارەی راهاتنی کارێکەوە دەکات. لەم قەدەوە هەمە جۆر کار دروست دەکرێ وحاڵی حازریش، بەکاردێن، هەروەک (دەوەرزێنێ)، (وەرزاندی)، (وەرزێریی دەکات)، دەمی کاری وەرزێریی بەسەرچوو. لەشێوەی هەورامانیدا دەوترێ: (ڤەرزنام)، واتە: وەرزاندم، (ڤەرزنووش)، واتە: دەیوەرزێنم، (هەریزە=هەلیزەم، ڤەرزنا): واتە: مەشکەم وەرزاند (چاکم کرد).

ئالێرەدا، کاری فۆنۆلۆژیی–بەشی دەنگ گۆرکێ، دێتە بەر مەیدانی پشکنینەوە، کەتا ئەمڕۆیش، لەنێوان هەورامانیی و جافیی و سۆرانیی وبادینانیدا، درێژەی هەیە!



– [یەسا=yaøã] :ئامرازی پرسەو بەواتای (چەند، چند، چندێ) دێ. هەر لەم رووەوەو بۆ بەدەستەوەدانی هەمان واتا، وشەی (کەسە=katha) مان هەیە.

– [ئەیبیە=aibyas]: راناوی کەسیی نەلکاوە، کۆیە، لەدۆخی بەرکار (جارومجرور–ع) دایە.

– [ئەڤای=avãi] :ئامرازی سەر سوڕهێنەرە، وەک بلێیت: ئۆ !!ئا !!ئاخ! یان ئۆف!

– [ئەهەت=ahat]:ئەم وشەیە قەدێکی رانەبوردووە وبۆ داهاتوو بەکار هاتووە، ئەم وشەیە لەریشەی (....) ەوە وەرگیراوە (سۆکۆلۆڤ –ل–١١٦)، هەستی داهاتووی تێدایە.گەڕخواردنی وشەکە، لە دۆخی کەسیی سێیەمی تاک دایە.

– [ئەپەمە=a pama]: لێرەدا، واتە لە ئاڤێستادا، هاوواتای ئەم وشەمان هەیەو ئەویش (پەرەڤییە=paravaya)یە، کەواتای (کۆتایی، دوماهی، دمایی، مەرزیی، پەڕیی) هاتووە، کەلەزمانی ئینگلیزیدا وشەی (لاست=last) دەگرێتەوە.

شایانی باسە، ئەم وشەیە[پەرەڤە= para vah] ناساکارەو بریتییە لە وشەی[پەرە = para] کە واتای (پەڕ، دماهی، کۆتایی، مەرز، سنوور) دەدات وپاشبەندەکەشی، بۆبابەتی دروست کردنی (ناو) ە، کەواتای ئاوەڵکاری جێگاش بەدەستەوەدەدات.

پاش ئەوەی، کەواتای وشە سەرەکیەکانمان، رۆشن کردنەوە، وای بەباش دەزانین، کەواتاگشتییەکەیان، لە چوار چێوەی رستەسازیی کوردیی ئەمڕۆدا، بخەینە بەرچاو:

"نوکە، گوێ بگرن هەردوولاتان: ئەوانەی کە لە جێگای دوورەوە و ئەوانەش کە لە جێگای نزیکەوە، بۆ ئێرە، بۆ فێر بوون هاتوون!..."

ئیدی، لێرەدا لەبارەی دوو رەوانی سەرەتای بوونی زیندەگییەوە دەئاخەفم:

لەو دووانە، پاکترین وپیرۆزترین رەوان، بەرەوانی بەد و پیسی گوت: ئێمە نەپەیڕەوی باوەڕمان، نەرێرەوی ڤەرزاندنمان، نەبیرو بۆ چونمان نەرێڕەوی دینمان، نەگوتەمان و نەکردەوەمان، نەوێژدانمان، تەنانەت رەوانیشمان ناتوانن پێکەوە بسازرێن!

نوکەش، بۆتان دەئاخەفم، کەئەهورومەزدە، لەسەرەتای بوونی زیندەگییەوە، چی پێ ڤەڤاچم:

"ئەوانەی لە نێوان ئێوەدا، کە پەیڕەوی ئەم ئامۆژگاریەن، هەروەک من بیرم بۆی چوو ورۆشنم کردەوە، بەتەواویی فەراهەم نەیەنێن کۆتایی ژیانیان، ئەفسووساویی دەبێ!"

-(ئەوەی کە دەبێ، لێرەدا، بەسەریدا، نەڕۆم ئەوەیە، کە ئەنجامی ئەم لێکدانەوەی (واتا گشتییەکە) من، لەسەر بنچینەی بەراوردکردنی لێکدانەوەی (سۆکۆلۆڤ-ل-١١٦، ئەوەی پورداود- گاتاها، ل-١٥٠) یە)-.



## فەرهەنگۆک

وشە: واتاکەی

**(ئا):** A

(ئا): پریپۆزیشن : â

(ئەبی): پریپۆزیش؛ لە ناو: abi

بەزستان = (abigamai)، لە زستاندا.

(ئەهمی): ahmi

لە ماڵەوە، لەم ماڵەدا.

(ئاپ): âp

ئاڤ، ئاو، ئاوی، ئاب.

(ئەپەرە): apara

ئامرازی پەیوەندی، ئەوجا، لە پاشا، دماوە، لە دواوە، ینجا.

(ئاتەر): âtar

ئاگر، ئاویر، ئایر، ئاهیر، ئاتەش.

(ئازاتە): âzâta

سەربەخۆ، بەرەڵا، ئازاد، بەرباز، پەرواز، بەرڤاس.

(ئەخشنوتە): a- xshnûta

خۆشحاڵ، بەکەیف، بەهەوەز، بەهەوەس.

(ئاری): âri

ئازار، ڕەنج، دەرد.

(ئانگهەن): â - hanghan

دەهەن، دەم، زار، کەپوو.

(ئێریەمەن): airyaman

پێشەوای دینی ئاریان.

(ئاترەڤەن، ئایرڤەن): âthravan

ئاگرەوان، ئاتەشەوان، ئایرەڤان، ئاویرەڤان.

(ئەرسەنە): arthana

ئەنیشک، یەرەژنە.

(ئەدڤەنەم): advanan

ماوە، مەسافە، (مەبەست دووریی و نزیکی ماوەیە).

(ئەوگ): aug

دووان، ئاخافتن (ریشەیە).

(ئەزامی): azâmi

سەرکردە، پێشەوا.

(ئەژی): azi

ئەژدیها، مار، دوشمن، زوحاک.

(ئاخنە): âxna

لەغاو، لەغام، لگاو.

(ئەنتەرە): antara

نێوان، لە ناو.

(ئازیە): âsyah

ئازاترین، تیژڕەوترین.

(ئەیەر): ayar

ڕۆژ، ڕۆ.

(ئەختی): axti

ئازارکێشان، ئازارخواردن.

(ئەسپە): aspa

ئەسپ.

(ئەسپا): aspa

مایین.

(ئەمرتە): a- marta

نەمر، جاویدان.

(ئەستەڤەنت): astavant

تەنی، ئەستۆیی.

(ئەشە): asha

ڕاست، چاک، ڕەوا، برەو، سەرلەبەر، خۆشەویست.

(ئارمەتی): ârmati

فریشتە، پەریی، شانس، بەخت، بەهات.

(ئەشی): ashi

فریشتەی پاداشت.

(ئەهرەمۆک): ahrmog

پەرێی درۆ، پەریزادی درۆ.



(ئەشمۆگ): ashmogh

پەریزادی درۆ، پەرێی درۆ.

(ئەفسمەن): afsman

بڕگەی هۆنراوە، نیمە شیعر، پێوانەی هۆنراوە.

(ئازەینتی): âzainti

زانین، ئاگاداری.

(ئەهو): ahû

سەروەر، گەورە (خوایگان)، خودای خودایان (ئاهورا).

(ئەونەڤێریە): ahunavairya

ئێربەن، ڤاچ.

(ئەپەیەتی): apayaiti

دێنە بەرەوە، دەگات، دێت، یەت، یەن، مێ وەرۆ.

(ئەیەتی): aêiti

دەچێ، دەڕوا.

(ئافەرینام): âfrinâm

سەرفەراز، ئەفەرین.

(ئافرینامی): âfrinâmi

سوپاسی دەکەم، دەستخۆشی لێ دەکەم، ئافەرینی دەکەم.

(ئاتاپەیتی): âtâpaite

گەرمایی، گەرمیی، تاو، تین.

(ئەز): az

ئەز، من.

(ئەیڤە): aiva

یڤڤە، یۆڤە، بۆوە، یەک، ئێک.

(ئەنیە): anya

هیتر، هی دیکە، یۆتەر، یڤەتەر.

(ئەیشام): aishâm

ئەوان، ئادیشا.

(ئەنگۆڤەهیشتە): Anghuvahishta

بەهەشت، خۆشیی، خۆشگوزەرانی.

(ئەمەڤەنت): amavant

خاوەن زۆر، زۆردار، زۆرمەند، هەڵمەتدەر، هێرشبەر، هەمەوەند.

(ئەمە): ama

زۆر، هێز، توانا.

(ئەزیدەهاکە): azi - dahâka

زۆحاک، دوشمن، دوژمن.

(ئەهورەمە): ahurama

کەیخودا، کەیخوا، دەمڕاست، قسەڕەوان، وەکێل.

(ئەڤەڤەرزیکە): a- vavarzika

بێکار، بێوەرزیی کار، بەتاڵ.

(ڤەڤەرزیکە): vavarzika

کاردارە، کار دەکات، ئیش دەکات، شوول دەکاتن، شوول هەنە.

(ئەنگەڤەنە): anghvana

ئاخۆڕ، ئاڤڕ، ئاوڕ.

(ئەرێش): aresh

ڕاست، ڕەوان، ڕەوا، بەربرەو، بەرەودار، سەرلەبەر.

(ئەمسە): amsa

هاوسا، هاسا، دراوسێ، نزیک، بەرامبەر.

(ئازیە، ئازیاھ): âsyah, âsyah

ئازاترین، لێهاتووترین.

(ئەنگرە): angara

ئەهریمەن، شەیتان، درۆ.

(ئەتاپەتی): atâpati

گەرم دەبێ، گەرمایی، تاو دەگرێ، تاو، تین دەگرێ، (تین: وەک کار و وەک ناو).

(ئەکوزێ): aquze

هەشار دەدرێ، هەشار دەخوا، خۆی دەشارێتەوە، دەشارێتەوە.

(ئەورڤەنت): aurvant

ئەڵوەند، تیژڕەو، پاڵەوان، کۆڵنەدەر، هێرشبەر.

(ئەکە): aka

خراپ، شەڕانی، جەنگەران، شەڕفرۆش، بەدکردەوە.

(ئەکەتەرە): akatara

خراپتر، جەنگەرانتر، شەڕانیتر، شەڕفرۆشتر.



(ئەسمەند): asmand

ئاسمان.

(ئەورە): awra

هەرو، ئەور.

(ئەزامی): azâmi

من، ئەز.

(ئازوش): âsush

ئازا، لێهاتوو، بەتوانا، کۆڵنەدەر، نەبەزاو.

(ئەناهیتا): an - âhitâ

پۆڵا، ژەنگ هەڵنەهێن، ژەنگ هەڵنەگر، ژەنگنەگەر.

(ئەچیەھ): acyak, ashyah

چیا، کێو، شاخ، کەش، کۆ، کاو.

(ئاتا، ئاسا): athâ

ئاچا، لەوێ، لە پاشا، بەڵام.

(ئەستە): asta

ئەست، ئیستخوان، پێشە، ئێسقان، سوخوان، ئێسک.

(ئەزدبیس): azdbis

بەپێشەوە، بەئێسکەوە، بەئێسقانەوە، بەئەسقەوە.

(ئەوگدە): augda

وتی، گوتی، ڤاتش، ڤاچش، بڤاچش.

(ئەوختە): auxta

یەخ، سەهۆڵ، بەستن، یەخبەند، سەهۆڵبەندان.

(ئەپام): apâm

ئاوەکان، دواوان.

(گارە): gâra, gâri

شاخ، گارە، کۆ، کەش، چیا، کاو، کێو.

(ئاھ): âh

دانیشتن.

(ئانیە): ânya

وەهابوو، بوو.

(ئەهماکە): ahmâk (a)

ئێمە، هەمە.

(ئەرەیتیکس): a- raitix

مشت قووچان، ڕەزیل و بەخیل.

## B

(بەرە): bara

بار، هەڵگرتن، بارکردن.

(بەڤە): bava

دەستکەن، سوود، سوودکردن، قازانج کردن.

(بەرامی): barâmi

هەڵگرتن، بار، کۆڵ.

(بەیڤەر): baivar

دە هەزار (ژمارە).

(بی – زەنگەر): bi - zengar

دوو زەنگ، دوو لاق، دوو زەنگۆڵ، جووت لنگ.

(بی – دڤە): bi - dva

دوو، دوێ.

(برزەنت): brzant

بەرز (بۆ نێر).

(بەرزەنتیی): brzanti

بەرز (بۆ مێ).

(بوومیی): bumi

خاکیی، بوومیی، نیشتمانیی.

(بەزوو): bazu

بازوو، قۆڵ، باڵ.

(بەگە): bagha

بەگ، گەورە، خوا، بەسوود، سوودبەخش، سوودمەند.

(بەخت): baxt

بەخت، شانس، ناوچاوان، چارە، بەهات.

(بەنگ): bang

بەنگ، مەستی (هەرە بەنگ).

(بەر): bar



بردن.

(بەرەت): barat

دەیبا.

(بەودە): baodha

بۆ، بۆوە، بۆن.

(بەرەنە): barana

بڕندە.

(بوزیە): buzya

بزن، بزە.

(بانوو): bânû

بانوو، خانمی ماڵ، چل چرا.

(بروڤەت): bruvat

ئەبرۆ، برۆ، برۆێ.

(بۆدەتەێ): baudatai

بۆن.

(بووریی): bûri

دەوڵەمەند، بووە، بوودە.

## C & Ç

(چەیچەستە): chaechasta

دەریاچە ئۆرمیە (ئۆرامیە).

(چەیسەت): chaith - at

دەیەوێ فێر بێ، حەزی لەوەیە کە فێر بێ.

(چەیسەتەی): chaitha - tai

دەیەوێ فێر بکات، دەیەوێ دەرسی بدات.

(چیزە): chitha

چزکردن، جز، لابردن، سڕینەوە، پشتگوێ خستن.

(چەرەت): charat

دەیەوێ بیکات، دەیەوێ کارەکە بکات.

(چەش): chash

چەشتەی، چێژان، چەشتن.

(چەشمەن): chashman

چوا، چەشم، چەم، کانی، سەرچاوە، چەشمە.

(چیخرە): chixra

چەکەرە، ژیانەوە، هێز و توانا، هەڵسانەوە، ڕووانەوە، سەوزبوونەوە.

(چینڤەت پەرەتە): chinvatpereta

پردی سەرات، پردی جینڤەت.

(چیسە): chitha

چارە، شانس، ناوچاوان.

(چیستە): chista, chisti

ناوی کەنیشکی زەردەشت، زانیاری، ڕۆشنبیریی، دانایی.

(چیستیڤەند): chistivant

دانشمەند، هۆشمەند.

(چەتورە): chathwar

چوار (ژمارە).

(چرەت، چڤەنەت): chrat, chvant

چەند؟

## D

(دەدا): dadâ

پێدان، پەنەدای.

(دییا): dyâ

فشاری دەدا، دەیگوشێ، دەیگرێ.

(درەوگە): drauga

درۆ.

(دیدرەن): didran

توندی دەکات، هەڵیدەپێکێ، دەیبەستێ.

(دەیسەیە): daysaya

دیتن، بینین، چاوپێکەوتن، دیدارکردن.

(دەرس): dars

تەماشاکردن، سەرپەرەشتی کردن، پەروەردەکردن، چاودێری کردن.

(درەفشە): drafsha

درەفش، بەیداخ، ئاڵا، دروشم.

(دڤیسیەت): davisyat



دوژمەنی، دوژمنایەتی.

(داتەر): dâtara

داهێنەر، دروستکەر.

(دۆگدەر): dugdar

کەنیشک، کناچێ، دوێت، کیژ، دوختەر.

(داسری): dâthri

پێدەر، بەخششەر، (بۆمێ).

(دامەن): dâman

مەڕوماڵات بەخێوکردن.

(دەینا): dainâ

دین (مێیە).

(دیسرە): daithra

دیدەن، چاو، چاوپێکەوتن.

(دەیڤە): daiva

دێو، درۆ، شەیتان.

(دەیەڤە، یەسنە): daiva, yasna

دێوپەرەست.

(دەیو): daihu, dai hu

دێهات.

(داتەر): dâtar

دادەوان، ڕاستڕەو.

(دەخمە): daxma

تەکمە، ئازا، پاڵەوان.

(دوورە): dura

دوور.

(دەڤە): dva

دوو، دوێ، دڤێ.

(دیدی): daydi

دەبەخشێ.

(دوژمەتە): duzmata

پەنداریێ بەد.

(دوژئوختە): duzuxta

گوتاری بەد.

(دوژڤەرشتە): duzvarshta

کرداری بەد.

(دەرگەھ): dargah

درێژ.

(دراگەھ): drâgah

درێژایی.

(دەد): dad

پێ دان، پێ بەخشین.

(دەبیتیە): dabita

دووەم.

(دەڤیشیەت): davisyant

دوژمن.

(دەتتە): dat - ta

دایێ.

(دەدیی): da - di

دەدات.

(دەدەی): dadai

ئەیدەم.

(دەدنتەی): dadntai

ئەیدەن، پێشبەندە (ئاوڵکار).

## F

(فرە): fra

پتر، زۆرتر، فرەتر.

(فرە جەسەیەتی): fra - jasiti

دێتە دەرەوە، بەرچاو دەکەوێ، دەردەکەوێ.

(فرە جەسەنە): fra -jasana

بەرەو خوارەوە.

(ڤشویەنت): fsuyat, fsuyant

ماڵیات، کەڵدەر، مەڕ و بزن، (تگە گرتن، بەران گرتن). بۆ ئەوەی زاووزێ بکەن.



(فشو، پەزو): fssu = pasu

چوارپا، چوارپێ، مەڕ، وڵاخ، مەڕوماڵات، پەز (مێ).

(فرەیەنگە): frathange

سەنگین، قورس، گەورە، بوزورگ.

(فخشەڤن): fxsafn

شەو، شەڤ، شەب.

fra - spart یەدەککراوبۆ، دانراوبۆ، ئامادەبۆ.

## G

(گەییێە): gaitha

هەنی، گێتی، کەون.

(گریڤە): griva

پشتی مل، لووتکەیێ هەمیشە بەفر گرتبێتی، بەرزایی تەموتواڵی دار.

(گامە): gâma

هەنگام، هەنگاو.

(گەوەش): gaush

گا، چوارپێ، ئاژەڵ، چوارپا، گاھ گەل.

(گارە): gâara

شاخ، کێو، گارە، کاو، کەش، کەژ، کۆ، (بۆ نێر).

(گاریی): gâri

لە دۆخی (مێ)دا، شاخ، کێو.

(گەیسیا): gaithyâ

ژیان، ژیوای، گیان.

(گاوش ئۆرڤەن): gâush - urvan

فریشتەی پاسەوانی گا، پارێزگاریکەری ڕەوانی چوارپێ.

(گاتو): gâtu

جا، جێگا، یاگێ، شوێن.

(گەرمە): garma: garama

گەرم.

(غژەر، گەژەر): ghzar

گەوج، نەزان، هەژار.

(گرز): grz

(ریشەیە) گریە، گریان، گرەوە، گرەڤە.

H

(هەم): hahm

پێکەوە، هەماهەنگی، باهەم، گەل، هەرەوەز.

(هەنجەسەنتی): hanjasanti

کۆدەبنەوە.

(هیامە): huyâma

بۆماوەی.

(هاسرەماش): hâthra - mâsh

ماوەی میلێ.

(هۆنەڤ): huna - hunav

هاوارکردن، خوێناورژتن، زریکاندن، رۆکردن.

(هەچ): hach - hak

شوێنکەوتن، بەگوێکردن، فەرمانبردن، سۆخرەگرتن.

(هڤەرشتە): hvarsta

کردارنیک.

(هوشکە): hushka

وشک، هوشکە.

(هەمیەس): ham - myas

تێکەڵبوون، تێکەڵکردن، ئامیختەبوون.

(هەنگەنە): hangana

هەنگ.

(هاڤەنە): hâvana

دەسکاوەن، دەسکەوان، هاوەن.

(هونەرە): honara

هونەر.

(هەندام): handâm

ئەندام، بەژن، بەژنوبالا، هەندام.

(هەیتومەنت): haetumant

ئاوی حەیات.

(هیشتەیتی): histaiti



وەستان، هێلان، هێشتنەوە.

(هوکەریە): Hukirya

ناوی شاخێکی بەرزە لە ناوچەی هەکاری.

(هەپتەکەرشڤەر): hapta - karshvar

حەوت کیشوەر، حەوت هەرێم.

I

(ئی): i

ریشەی کاری (چاوگی) چوونە:

(ئیدە): idha

نوکە، ئێستا، ئیسە.

(ئیدی): idi

فەرمانە، بچۆ، برۆ، هەرە.

(ئیدە): ida

ئێدی، ئەوجا، ئەنجا، لە پاشا، دواتر.

(ئیرە): ira

هێرش.

(ئیشتە): ishta (sura)

زۆر، هێز، توانا.

(ئیژە): iza

خۆشاوی بەهەشتی، شەرابی دینیی، ئاوی هەوم، دۆشاوی هەوم.

(ئێژەدۆش): iza - dus

خۆشاوی شەیتانی، خۆشاوی بەدکاری، خۆشاوی دۆزەخی.

J

(ژیفە): jiva

ژیان.

(ژەسە، جەسە): jasa

هاتن، دەستکەوت، سوود.

(ژەفرە): jafra

قووڵ، ژەرف.

(جیجیشە): jijisha

پێ خۆر، خورشت، شله.

(جەهیکا): jahikâ

ژنی خراپ، ئافرەتی سەکسی.

(ژندیی): jindi

لێ ژەندن، تێ ژەندن، لێدان.

## K

(چەر، کەر): kr, char

کردن.

(کامە): kâma (kâm)

کام، ئامانج، ئاوات.

(کەسیەپە): kasyapa

کیسەڵ.

(کەرەنویات): karanuyât

بابیکا، دەیکات.

(کیەونە): kyaona

ناوی هۆزێکی کاریگەر.

(کەرەت): karat

بەش، کەرت، لەت.

(کەر): kar

کار، ئیش، شوول، هەرمان، فەرمان.

(کارکاسە): kâhrkâsa

داڵە گۆشتخوەرە، سیسەرگە کەچەڵ.

(کەسچیت): kas - chit

چە کەس، کێ؟

(کەتەمە): ka - tama

کام؟

(کشڤیچار): kish - vichâr

کشتەزار، کێڵگە، جارِ.

(کەڤی): kavi

شەهریار، گەورە، سەردار، میر.

(کرنو): krnu



کردن.

(کەنە): kana

دەکەنێ، دەکێڵێ.

(کەسچیت): kas - chit

چەند کەسێ، هەندێ.

(کەتەرە): katara

کامتریان، کامیان، کەمەیان.

(کرنەوتی): krnuti (krnauti)

دەیکات.

(کرنودی): krnudi

کردن، بەجێهێنان.

## M

(مرەڤ): mrav

ئاخفتن، گۆکردن، ماچای.

(مەرغە): margha

مامر، مریشک، کەرگ، مر.

(میژدە): mizda

مزگێنی، مژدە، موژدە، هەواڵی خۆش، هەواڵی دڵخۆشکەر.

(مەرتە): marta

مرۆ، مرۆڤ، بمر، بەشەر، خەڵک.

(مرنت): mrnt

مراندن، کوشتن، خنکاندن، لەناوبردن.

(مەخش): maxs

مێش، مەگەز، مەشی.

(مەیری): mairi, (maori)

مرۆچە، مێرو، مێروولە.

(مەزەنت): maznat

مەزن، گەورە.

(مەترە): matra, matar

دایک، داڵک، دای، ئەدا.

(مەشیە): mashya

پیا، مەرد.

(مەشیا): mashyâ

ژن، ئافرەت.

(میەزدە): myazda

دەمێزێ، شێدەر دەدا.

(میترە): mithra

میهر، گەورە، دەستڕۆیشتوو.

(مەزەت): mazat

مەزن، بوزورگ.

(مەناهـ): manâh

گیان، رۆح، رەوان، پیاوانە.

(مرێیوش): marthyus

مردن، لەناوچوون، بمر.

(مەنیەنتی): manyente

بیرکردنەوە، یادکردنەوە.

(ما): mâ

ئامرازی نەفی.

(مەیسەنەم): maithanam

ماڵ، نیشتمان، دایکزاد.

(متەیە): mitaya

نیشتەجا، نیشتەجێ.

(مەهی): mahi

ئامرازی پەیوەندی.

(ماهـ): mâh

مانگ، مونگ، هەیڤە، بورج.

(مژدەڤەت): mizdavat

مژدەدەر.

(مژدەڤەنت): mizdavant

مژدەدەر.

(مەنیە): manya

عەقڵ، رۆح، ویجدان.



(مەدە): mada

ژەهراویی، سەرخۆش، مەست، مەس.

(مەدە – تەی): mada - tai

سەرخۆش دەبێ، مەست دەبێ، عیشقی خوایی دەیگرێ.

(مەرەغە): maragha

باڵەندە، مەل، پەلەوەر.

## N

(نەسکە): naska

پەرتووک، نەسک.

(نەیت): noit: (nait)

نە، (نەهی).

(نەیمە): naima

نیوە، نیم، نیمە.

(نیڤەیدەیە): ni - vaidaya

چاودێرکردن، چاودێریکردن، سەرپەرەشتیکردن.

(نەریەمەناهـ): narya - manâh

رۆحی پیاوانە.

(نەفیە): nafya

نەژاد، ئەوەزا.

(نر): nr

نێر.

(نرگەر): nr - gar

کەژەوان.

(نامە): naman (nama)

ناو، نام.

(نیاکە): nyaka

نیا.

(نەیریکا): nairikâ

ئافرەتی نیک (داوێن پاک)، پێچەوانەی ئەمە دەبێ بە(جاهیکا)، واتە ئافرەتی خراپ (jahika).

P

pistra :(پیشترە)

پیشە.

pitar, pita :(پیتەر)

باوک، باو.

pâdâ :(پادا)

بەپێ، پیادە.

pâdayântam :(پادەیانتەم)

بەپیادە هاتووە.

pouro :(پەورو)

پەر، مەرز، زۆر، فرە.

peretu :(پەرێتو)

پرد، پل.

pazdu :(پەزدو)

ئەسپێی گەنم.

pati :(پەتی)

گەورە، سەرکار.

pâd, pâdam :(پاد)

پا، پێ.

peretazama :(پەرتەزمە)

زستانی سەخت، زەهریر. ع.

puthra :(پوسرە)

کور، پوور، نەوە.

panca :(پەنچە)

پێنج، پەنج.

pada :(پەدە)

برگە، بەند، سروود، کێشانە.

porchistâ :(پورچیستا)

ناوی کەنیشکی زەردەشت کە بەناوبانگە بەزانیارییەوە.

pistra :(پیشتەرە)

پیشەوەر.



pâdabis :(پادەبیش)

بەپێ، بەپا.

pasu :(پەزو)

پەز، مێ، مەڕ، مەیی، رانەمە، گەل.

pari :(پەری)

گرتن، جمبڕین، کوتکردن، کپ کردن.

paristayât :(پەریستەیات)

دەستبەسەر، ڕاوەستاندن، گرتن.

prsa (pars) :(پەرس)

پرسیار، پەرس.

pancadasa :(پەنجە – دەسە)

پانزە.

puxdha :(پوخدهە)

پەنجەم، پێنجەم.

R

rinaxti :(رینەختی)

بەجێ دەهێڵێ، دەڕوا.

rathaeshtar :(رەتەیشتەر)

گرووپە سوار، کۆمەڵە سوار، سواری جەنگەران.

ratu :(رەتو)

شاگردی دینی، ڕاتوو.

ratuni :(رەتەونی)

راستڕەو، راستەوان.

raoghana :(رەوغنە)

رۆن، مەڵهەم، رەوغنە، پی، چەوریی.

ranjista :(رەنجیشتە)

رەنجدەرترین، بەدەن سووکترین، زووخێزترین، لەش سووکترین.

raoxshan :(رەوخشەن)

رۆشن.

raesha :(رەیشە)

رێش، زامدار، بریندار، زەخمین.

rasman :(ڕەسمەن)

ڕەزمکەر، جەنگەران.

râman :(رامەن)

دەسەمۆکردن، ڕاهێنان، فێرکردن.

razista :(ڕەزیشتە)

ڕاسترین.

raitaix :(ڕەیتیخس)

(سەخی تەبع = ع)، دەستبەڵاو.

rnav :(رنەڤ)

زیادکردن، خستنەسەر.

run: ravân :(ڕەڤان)

ڕەوان، ڕۆح.

ratavan :(رتەڤەن)

راسڕەو.

S

staora :(ستەورە)

ئەستوور.

savâ :(سەڤا)

بەکارهێنان.

syauthna :(سیەوسنە)

ئەرک.

stav :(ستەڤ)

ستایش، نوێژکردن، پاڕانەوە، لالانەوە، گەدایکردن.

srunav :(سرونەڤ)

گوێگرتن.

srava :(سراڤە)

سروە، هەواڵ.

stu :(ستو)

وێست، وستاندن.

spis :(سپش)

ئەسپێ، هەشپش.



spân: svân :(سپان)

سەگ، سپڵەوات، توونە.

sura :(سورە)

زۆر.

sav - ista :(سەڤیشتە)

بەهێزترین.

spanta - mainya :(سپەنتە – مەینیو)

یەکێ لە باشترین یاریدەرانی مەزدای پاک.

spanta - mainyux :(سەرپەنتەمەینوخس)

فریشتەی پاداشت.

sarta: sarata :(سەرەتە)

سارد، سەرد، سەرما، زوقم.

sta :(ستا)

وستان.

sângha :(سانگە)

فێرکردن، پەروەردەکردن، پەروەردە.

saoshyânti :(سەوشیانتی)

سوودبەخش، فەڕدار، پێویست، دەردخۆر.

syâva :(سیاڤە)

ڕەش، سیاو، سیاه.

saena :(سەینە)

سیمرخ.

suxra :(سوخرە)

سوور، سۆر.

spitavarenah :(سپیتڤەرەنە)

سپی پۆش، سپی ڕەنگ، سپی پێست، سپی چەرم.

satam :(سەتەم)

سەد (ژمارە).

skandah :(سکەندە)

شکاندن.

safa :(سەفە)

سمی چوارپێ.

(ستەر): star

ستارە، ئەستێرە.

(سنەوتیس): snothis

باڵ، بازوو.

(سەڤا): savâ

سوودبەخش.

(ستریی): strî

ئافرەت، ژن.

(ستریيام): striyâm

ژنانە.

(سپەسیە): spsya

چاودێری، سوپاس.

(سرەونەتی): srunauti

دەسرەوێ، دەبیستێ.

(سیە): sya

بەرگریی، سیپەکەردەی.

(سەنهە): sanah

گۆکردن.

(شاتە): sata

شاد.

(شیا): shyâ

شادبوون.

## T

(تەنەڤ): tanav

تەنگێشان، تەنانکێشان، توندکردنەوە، چوارمێخە.

(تەنوش): tanush

تەن، بەدەن، بەژنوباڵا.

(توورە): tûra

توورانی.

(تبەیش): tbaes

دوژنیکردن، دوژمنایەتی.



(تکەیشە): tkaesha

ئایین (مەزهەب – ع).

(تەفنو): tafnû (tap)

تا، گەرمی.

(تەنوورە): tanûra

(تەپەیتی): tapayeiti

گەرم دەبێتەوە، تا دەگرێ، تاو دەگرێ.

(تەپ): tap

گەرم، تاو.

(تایەتی): tâyati

گەرمی، تاو گرتن.

(تەپسەت): tap - sat

گەرمبوو، تاوگرتی.

(تری): tri

یەرێ، سێ.

(تیشتریە): tishtrya

تیژڕەو، تیر، تووش، سەرداری ئاو، میری ئاو، گەورەی ئاو.

(تەیەرە): taera

تیرە کاو، ریزە شاخ.

(تەنسچە): tans - cha

تەنانی پیاوان، پیاوان.

(تانسچە): tâns - cha

ئافرەت.

(توتەڤ): tu - tav

نزیکە، دوورنییە، لەوانەیە.

(توتو – یاس): tutu - yas

ناگونجێ، نالوێ، دوورە.

(تەرشنە): tarshna

تینوو، تەشنە، تینوویەتی، تەشنەی.

## U

(ئوس): u: us

بەرەو سەر، بەرەو دوور.

(ئوسجەسەیتی): us - jasiti

بەرەو سەیران،.

(ئوپەکرنتەن): upa - krntan

بەرەو ژێرەوە.

(ئورڤەرا): urvarâ

رووەک، شەتڵ.

(ئوسزەیە): us - zaya

دزێ.

(ئوسڤەس): us - vas

حەز، خواست، ئامانج.

(ئوپەیری): upairi

لە سەرەوە، لە بان.

(ئوتە): utha

چەوریی، چەربیی، پیی.

(ئوپەمە): upama

بەرزترین، سەرترین.

(ئودەرە): udara

دەرەی دەیلەم، جێگای دێو و درۆپەرستان.

(ئودەریە): udarya

کۆهسار، سەختاری، ناوچەی دەیلەمستان (مازندەران).

(ئوزوڤە): uzava

یاریکەر.

## V

(ڤەرزیە): varzya

وەرزاندن، ڤەرزاندن، فەرزنای، ڕاهێنان، کارکردن، کارکەردەی، کارکرن.

(ڤەرز): varz

ڤەرزیە، ڤەرزاندن، ڕاهێنان، کارکردن، کارکەردەی، کارکرن.

(ڤەرزیە): varzya

وەرزی کارکردن، کاتی ڤەرزان، دەمی ڤەرزاندن، دەم و وەرزانی، ڤەرز و ڤەرزنای، بۆ وێنە (ڤەرزی دروێنە).



(ڤەرزەیەنەت): varzeyant

وەرزاو، ڤەرزیا، کار کردە.

(ڤاستریە): vâstrya

کیشاوەرز، کشتکەر، کشتوکاڵکەر، باخەوان، ڤەرزیەر.

(ڤەنتڤا): vanthvâ

گەلە، ڕان.

(ڤابەرەمنەم): vâbaramnam

بەسواری، هەڵگیراو.

(ڤیجەسە): vi - jasa

دەردەکەوێ، دێتە دەر.

(ڤەڤەچاتە): vavâchâta

ئەگەر بێژی، ئەگەر بڤاچۆ، ئەگەر بڵێت، ئەر بڤاچۆنە.

(ڤەفرە): vafra

بەفر، وەرو، ڤەرڤە، ڤەروە، وەفر، بەرف.

(ڤەن): van

تۆپز، سەرەمیکوت، مێشکوژ، مار و مێروکوژ، کوشەندە، مرینەر.

(ڤیدوش): vidush

دەبینێ، دەزانێ، چاو لەسەر.

(ڤیدڤاس): vidvâs

بینین، سەرپەرەشتی کردن، چاودێری کردن.

(ڤەهیا): vahyâh

چاکترین، خاسترین، بێهترین.

(ڤەدەر): vadar

باڵ، قۆڵ، بازوو، دەس.

(ڤەهو): vahu

باش، چاک، بەه.

(ڤەهڤی): vahvi

دڵسۆز، بەرەحم.

(ڤانسڤا): vanthvâ, vânthvân

شوان.

(ڤەیریە): vairya

ئارەزوو، خواست، داوا.

vahish :(ڤەهیش)

بەهەشت، خۆشی، کامەرانی.

vachastashti :(ڤاچەستەشتی)

بەند، شعر، هۆنراوە، هەڵبەست.

vachangh :(ڤەچەنغ)

واچە، ڤاژە، ڤاچە، وتە، گۆتە، بێژە، واژە.

vak - s :(ڤاک)

دەنگ، سەدا، ئاواز، وشە، گفت (قەول -ع).

vayu :(ڤایو)

خوالەی با، سەرکاری با، فریشتەی با، میری با.

vât - vâyu :(ڤاتڤایو)

پەروەردگار.

vâsô :(ڤازۆ)

وازۆ، خوازێ، داوا دەکات.

vaida :(ڤەیدە)

فێربوو.

vis - pati :(ڤیسپەتی)

گەورەی ماڵ.

vânt :(ڤانت)

سوود، قازانج.

varz :(ڤەرەز)

ڕۆشن، پرشنگ، درەخشان، پرشنگدار.

varstva :(ڤەرشتڤە)

وەرزێربی.

vira :(ڤیرە)

پیاو، مەرد.

virî :(ڤیریی)

ژن، ئافرەت، کیژ.

vavacha :(ڤەڤەچە)

گوتی، وتی، ڤاتش.



vanghu :(ڤەنغهو)

مەردانە، پیاوانە.

vaxsya :(ڤەخسیە)

یەژم، ماچم، دەڵێم، یێژم، دەبێژم.

vasami :(ڤەسەمی)

دەخوازم، موزام، حەزم لێیەتی، خوازیێنی دەکەم، موازوش.

varzyeti :(ڤەرزیەتی)

دەوەرزێ، رادێت، فێر دەبێ، وەرزش دەکات.

vispa (vispai) :(ڤیسپە)

کۆمەڵ، خەڵک، هۆز.

vispanâm :(ڤیسپەنام)

لە هەمووان.

vrnu :(ڤڕنو)

هەڵبژاردن، دسچن.

vrnav :(ڤڕناڤ)

دەسچنکردن، هۆرچینەی.

## X

xsha :(خشە)

حوکم کردن، دەستبەسەرداگرتن، فەرمانڕەوا، شاه.

xshnûta :(خوشنوتە)

خۆشنوود، خۆشحاڵ.

xvatu :(خڤەتو)

جەنگەران، فەرمان بەسەردادان.

xvafna :(خڤەفنە)

خەو، خەون.

xrafstra :(خرەفسترە)

مەگەز و مێشی زیانبەخش.

xrafstrghna :(خرەفسترغنە)

مێشکوش، مارکوش، دووپشککوژ.

xshathrî :(خشەیری)

ئافرەتی فەرمانڕەوا.

(خڤەر): xvar

بخۆر، گۆشتخۆر.

(خڤەیتو): xvaetu

خویش، خزم.

(خەرە): xara

کەر، هەر، خەر.

(خڤەداتە): xvadhâta

خودادا، خوادا.

(خرەوسە): xrausa

خرۆشان.

(خڤەنگەر): xvnghar

خوشک، خاهەر.

(خشە): xsha

شاه.

(خرەتومەند): xratumant

پیاوانە.

(خشەپە): xspa

شەو، شەب.

(خورە): xrura

خرور، خوێنین.

## Y

(یەمە): yam (yama)

جەمشید (ناوی پێشدادیە).

(یەزەت): yazat

ئێزەد، یەزدان.

(یەزتە): yaz - ta

پەرەستن، دەپەرستێ.

(یەشتە): yashta

پەرەستن، دەپەرستێ.

(یەسنە): yasna

ناوی بەشێکە لە بەشەکانی ئاڤێستا، دوعا، ستایش، وێرد، جەژن، قوربانی، نوێژ.



(یاتو): yatu

جادو، فێڵباز، درۆزن.

(یەڤە): yava

جۆ، یەڤە، یەوە.

(یەوزدە): yaozda

دروستکردن، پاککردن، سافکردن (مەبەستی لە رۆح).

(یەمیەجەترە): yahmya - Jatara

ناوچەی بنێشت، کژی قەزوان، ناوچەی کەتیرە.

(یەزەمەیدە): yazamaide

دەیپەرەستم، مەپەرەستووش.

(یەسە): yatha

چۆن، چەنی، چۆن چۆنی؟

(یەدا): yadâ

ئێدی، ئەگەر، ئە، جا، کە.

(یەڤەت): yavat

کاتێ، لەگەڵ ئەوەشدا.

(یەینتی): yeinti

دەروون.

(یەنتەیتی): yantaite

دەچێ، دەڕوا.

## Z

(زەم): zam

زەمین، زەویی.

(زیم): zim

زستان، زمسان، زمستان، زوستان.

(زەستە): zasta

دەست.

(زەن): zan

لە دایکبوون، زایین، دەزێ، لە دایک دەبێ.

(زەتە): zata

نەوە، زادە.

(زنو): znu

زانوو، ئەژنۆ.

(زەوزەمی): zau - zau - mi

گاز دەکەم، بانگ دەکەم، چڕوو.

(زیا): zyâ

زیاندەر.

(زیریتە): zairita

زەرد، تەلا، پارە، زەڕ.

(زناتەر): znâtar

شناسیا، ناسراو، ئەشناس، ئاشنا.

(زەن): zan

زانین، زانیاریی.

(زەڤەیتی): zavaiti

گاز دەکات، بانگ دەکات.

(زەف): zav

چڕین، بانگ کردن، گاز کردن.

(زەین): zaen

زین –ی ولاخ.

(زەریمە): zrema

بەهار.

(زەریمەیە): zaremeya

وەرزی بەهار، بەهاری.

(زەرنومەیتی): zarenumaiti

دەوڵەمەند، زەڕدا، زەڕمەند، تەلادار.

(زەڕەوشترە): zarathustra

زەردەشت.

(زەرەمەیە): zaramaya

کەرێ (زبدە –ع).

(زەردا): zrdâ

دەم، زار.

(زەنتوش): zantus



هۆز.

(زیزناسە): zi - zna - sa

حەزی لە زانینە.

(زرد): zrd

زێڵ، دڵ.

(زەڤە): zava

تف لێکردن، نەعلەت لێکردن.

ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوە وەرگیراوە:


١- ایران از اغاز تا اسلام - گیرشمن، ترجمه محمد معین - تهران ١٣٥٤.
٢- فرهنگ پهلوی - دکتر فرەوشی - تهران.
٣- گاتاها، پور داود - تهران ١٣٥٤.
٤- ترجمه فروردین یشت اوستا، عمادالدین دوڵتشاهی - ئەمەریکا.
٥- ویسپرد - پور داود، بهرام فرەوشی. تهران ١٣٤٣.
٦- زمانی ئاڤێستا - سۆکولۆف - وەرگێڕانی: هەورامانی.
٧- مژدەها ڕۆژ - (و - انورمایی) شێخ حەسەنی داسنەیی - ٧٤٢هـ-١٢٤٦م.
٨- زرتشت و مزدیسناو حکومت - جلال الدین اشتیانی -١٣٧٤.
٩- دیوانی جزیری - هەژار - تهران ١٣٦١.
١٠- تاریخ اتورپاتکان - پروفسور اقرار علی اف - تهران ١٣٨٧.
١١- دیوانی رەنجوریی -م. قەرەداغی. بەغداد - ١٩٨٣ز.
١٢- مێژووی هەورامان - هەورامانی ١٣٨٠ تهران.
١٣- رموزهای یارسان - سید قاسم افزلی ٢- کرمانشان.
١٤- دەفتەری دیوانە گەورە - وتارەکانی شێخ سەهاک (دەستنووسی خۆمە).
١٥- دەفتەری نەورۆز (دەستنووسێ لای خۆمە).
١٦- گوڵزاری هەورامان - هەورامانی - دەستنووسە و ئامادەی چاپە.
١٧- (روضة الصفا) میرزا ئۆلقادری پاوەیی - دەستنووسە و ئامادەی چاپە.
١٨- دیوانی ئەحمەدی ناڵبەند - چاپی - خەبات - دهۆک - ١٩٩٨.
١٩- سەرچاوەی ئەوروپایی کە ناویان لە ناوەرۆکدا هاتووە تەنانەت بۆ ئەگەر سوودی وشەیەکیش وەرگیرا بێ.


سەرچاوە بێگانەکان:

Alist of references:


1- K. geldner, awestaliteratur, grlph, bd - 11, Strassburg 1896 - 1904.
2- H. Reichel, awestisrhes elementarbuch, heidelberg, 1909.
3- H. Reichel, iranisch, grundriss der indogermanischen sprachen und altertumskunde, 11, db - 4, 2. hlfte, s. 1. 84, berlin - leipzig, 1927.
4- Gmorgenstierne, orthography amd sound - system of the aresta, NTS, x 11, 1942, p.p. 30 - 82.





5- F. Wolff, Awesta, die heiligen Buch der Persen, untersetzt auf der Grundlage, von Ch. Barfholomaeis alt- iranischen Worter buch, Strassburg 1910.
6- M. Smith, Studies in the Syntax of the Gathas of Zarathu - stra together with test, Translation and Notesm philadelphia, 1929.
7- Bode, songs of Zarathustra, the Gatha, translted, from the avesta, Londen, 1953.
8- W. Hinz, Zarathustra, Stuttgart, 1961.
9- H. Humbach, Die Gathas des Zarathustra, Bd - I, II; Heidelberg 1959.
10- The Avesta Lanbuage, S, N. Sokolov. Moscow 1967.


ڤاچواتێ (وشەیەک):

پاسە شایستەن، یان ڕەواتەر پاسنەن، کە مرۆ یا بەتایبەتیی، ئەگەر مرۆیێ، ڕەوشەنویر بۆ، هەمیشە دەستێ بەسینەوە گێرۆ، پەی ئادۆسا، ئائەشناسیا، پەی ئا قەوم و خوێش و کەسوکاریە کە دەس و دڵسۆزیی و کاری یاردەکاریی، جە دەم و وەختەنە، درێژ مەکەرانێ، گوایا پێسە پەنە - زانای و پێسە ئەرک و سەرشانەی! پەوچی منیچ ئەچێگەنە مشیۆ بواچوو: سوپاسی فرە و بێ پایان پێشکەش ورویا - خانمێ و کاک ڕەحمان پیریی مەکەروو، چونکە بێ پەروا ماوێوە فرە جە وەخت گرانبەها و پشوو دایۆ وێشا، راو پیت - ئەرەوستەی ئی بەرهەمیمەنە (بەراوردی نێوان زمانی کوردیی و ئاڤێستا) بەخەرج دا و منیچ هەرچی سەرە ماوەرووبەروو، هیچ چێوێ چانەمە نییا، کە تاوۆ ئی قەرزیە بوجارۆوە (بویارۆوە) پەوچی داواکارنا، کە دۆست و دەستەبرا و قەوم و کەسوکاریی ئەپێسنە وێنەشا، هەر فرە و فرەتەر بۆ و هەمیشە سەرفەرازێ باو دووریێ جە ناوەشی و تەنگانەی با.

M. A. Hawramany
Reutlingen, Deutschland
17.06.03

# گوڵزاری هەورامان

## ئەدەبیات

### بەشی یەکەم

ڕێڕەوی دینی لەناو هەورامییەکان و جافەکاندا
(ڕەوەزەتوسسەفا)
- ڕێڕەوی دینی لەناو کوردەکانی کاکەیی ناوچەکانی هەوراماندا (ئیقرار).
(میرزا ئۆلقادری پاوەیی و خان ئەڵماس)

## گوڵزاری هەورامان

پێش ساڵەکانی نەوەد، یان بەدرێژایی ساڵەکانی هەشتا، من خۆم ئامادە کردبوو، کە بەرەو ئێران، بۆ دیتنی هەورامانی ئێران بڕۆم، بەڵام، لەبەر بەرپابوونی ناکۆکی نێوان ڕژێمی عراق و ئێران، نەمتوانی فیزە بەدەست بهێنم و منیش، هەر بەو خەیاڵ پڵاوەوە خەوم دەدیی و تاوەکو سەرەتای نەوەتەکان و هاتنە دیی خەوەکەم، کە بەشێوەیەکی زۆرەملیی، بەرەو ئێران، پاڵ پێوەنرام.

ئەگەر بەدەستی خۆم بووایێ، لەم کاتە زۆرەملیمە دا، بەرەو ئێران نەدەڕۆیشتم، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە ئەوە لە بەرچاو بوو، کە بەهەورامانی ئەوێدا، لەوانەیە بتوانم بگەڕێم، ناو بەناو ڕۆشناییەکی خۆشیی زووخاوی دەروونمی پاڵفتە دەکرد و گێجاوڵەی خۆشیی دەجوویە، ژووری تاریکی دڵمەوە و زۆر نەبێ کەم ڕۆشنی دەکردەوە.

بەڵێ، هەرچی چۆنێ بێ. پاش چەند ڕۆژێ گەیشتمە پاوە (ئەم بەسەرهاتەم لە مێژووی هەورامانـدا، بەدرێژیی باس کراوە) پاش چەند ڕۆژێک و شارەزابوونی دڵ و دەروونی خزمانی ئەوێ، گەیشتمە ئەو باوەڕەی، کە ئەگەر من لەو لێقەومانەی خۆم کەمتر بیر بکەمەوە، گۆڕەپانی پشکنین و تۆژینەوە و کۆکردنەوە بگرمە بەر بەتایبەتی، بۆ من، ئا لەوێدا دەرگای گەڕان وازە و زۆر نەبێ کەم زۆرم بەسەر هەندێ لایەنی ڕۆشنبیریی کەلەپوورییدا دەشکێ و بۆیە دەبێ ئەو هەلە لە دەستم دەرنەچێ و تەواوی توانایی خۆم لەو ڕووەوە خەرج بکەم.

لە ڕوانگەی کۆکردنەوەوە، من بەختێکی ڕۆشنم هەبوو، بەوەی کە ئەو گەڕانەی من بەهەورامانـدا بەتایبەتی و بەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەگشتیی، بەرهەمێکی زۆری بەخۆیەوە دیی و دەبێ ئەوەش بوترێ و ناشچێتە دڵمەوە، کە یەکێک بووبێ لەو ڕووەوە، درێخی لە من کردبێ، یان شتێکی لە من هەشار دابێ.

بەهەرحاڵ، با درێژەی نەدەینێ، لەم گۆڕەپانەدا، لە جۆری ڕەنگامەکانیدا، ئەتوانم بێژم، ئەگەر هەر تەنیا گوڵبژێرکردن بگرێتەوە، ئەوەندە بەدەستەوە هەیە، کە لە قاڵبی ڤۆلیۆمی گەورەدا، چەندانێ بخرێتە بەردەم خوێنەر، ئەگەر دەسەڵاتی پارەوپوول (دارایی)، بەسەر ئەوەدا بشکێ بگەیەنرێنە چاپ. ئا ئەمەی ئێرە، هەروەک، وتمان گوڵبژێرێکە، لە هەر گوڵزارێکدا و کە بەپێی ڕوانگەی ناسینی ناوەڕۆکەکەی، ناومان لێ ناوە و لەوانەشە، هەریەکە لەم گوڵزارانە، پتر لە مەبەستێکی ژیانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکەی،



بگەیەنێ و ئەو بۆچوونانەش دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەری ئەمڕۆ و دوارۆژ.

ئەم گوڵاڵانەی، کە لەم باخچە دەست هەڵبژێراوەدا، بەرچاو دەکەون، هەندێکی زۆر کەمن و بەتەمـای ئەوەم، یان ئاواتەخوازم، کە بەچاپ بگەیەنرێن و چونکە ئەم بەرهەمە کەلەپوورییەی، کە هەیە، جگە لەوەی دەوڵەمەندیی ڕۆشنبیریی کوردیی پەرەتر پێ دەدات، کەرەسەیەکی فراوان و ڕەسەن، دەخاتە مەیدانی زماناسییەوە. ڕێگا ئاسانتر دەکات بۆ بەتەواویی ناسینی زمانی کوردیی.

من بۆیە نامەوێ، پتر لێکدانەوە، بەتێکستەکان بدەم، بەمەبەستی ئەوە، کە خوێنەری کورد دەبێ، بەشێوەکانی زمانی کوردیی شارەزایی پەیدا بکات و تاکو ڕچەڵەکی مێژوویی هەنگاوەکانی زمانی کوردیی بتر بۆ ڕۆشن بێتەوە.

هەورامانی
٢٠٠٢/٨/٢٣
سلێمانی

# میرزا ئۆلقادری پاوەیی

## پێشەکی:

ئەمە، بۆ جاری دووەمە، کە دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی، چاپ دەکرێ و جاری یەکەمیان، لە لایەن، محەمەدئەمین هەورامانییەوە بووە، کاتێ، کە لە بەغدادا بووە و ئەمەش، یەکەمجار بووە، کە بەرهەمی میرزا ئۆلقادری پاوەیی، دەکەوێتە، بەردەستی خوێنەوارانی کوردیی عێراقەوە و هی ئێرانیشەوە، ئەگەرچی، لەوەو پێشتر، ناو بەناو، بەشێوەیەکی پچرپچڕ ڕۆژنامەی کوردستان، کە لە تاراندا، دەردەچوو، لە لایەن د. سدیق موفتی زادەوە، بڵاو دەکرایەوە.

ئەم بەرهەمە، زۆربەی زۆری بەرهەمە هۆنراوەیییەکان و هەڵبەستەکانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی تیادا، کۆبووبوویەوە، جگە لە هەندێ بەرهەمی بچکۆلەی، کە وەک پارچە هۆنراوەی بچکۆلە نەبێ! بەرهەمی، کوللە و ئاینەمەل و سەما و زەمینیشی تیادا بوو، کە بەڕێز عیزەدین، لە بەرهەمی فەقێ قادری هەمەوەندی، کە لە لایەن، مامۆستا مەلا کەریمەوە، لە عێراقدا، لە چاپ درابوو، بەهی یەکێکی دیکەی (فەقێ ڕەشید ناوێ) لە قەڵەم داوە!

بەرهەمی (ڕەوزەتولسەفا)شی، هەر بەناو هەبوو، بەڵام ڕەنگی بەرچاو نەدەکەوت!!

بۆ جاری دووەم، لە لایەن دەستەی ئەنجوومەنی پاوەوە، دیوانی میرزا ئۆلقادری، لە چاپ درا و ئەم جارەشی، جگە لە هەندێ پارچە هۆنراوەی کورت نەبێ، چی دیکەی بۆ نەخرایە سەر ئەوەی یەکەم، کە لە عێراقدا، لە چاپ درا!

پتر، لەوەش، کە سەرەڕای ئەوە، ناوی چاپی یەکەمی بەرهەمی بەغدای نەبرابوو، زۆربەی زۆری لێکۆڵینەوەکەی، کە لەوەی یەکەمەوە، بەبێ دەستکاری کردن، بۆ ناوی چاپەکەی خۆیان، گوێزرابوویەوە!

ئەگەرچی، هەندێ پارچە شیعری، زۆر بەهاداری هەن و دەستی دەستەی ئەنجومەنی ئەدیبانی پاوە، کەوتووە، بەڵام هەر لەبەر ئەوەی بۆنی دژوێن فرۆشییان، پێوەیە، بڵاویان نەکردنەوە!



### ڕەوزەتولسەفا:

بەم ناوونیشانەوە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، نزیکەی چوار هەزار و نیوێ دێڕە هەڵبەستی، ترنجاندووەتە یەکتریی و بەچەند بەشێکەوە، گوایا، بۆ ئاسانی و دۆزینەوە و بەسەرکردنەوەی باسە جۆربەجۆرەکانی ناویی، دابەش کردووە و ئەوەش، کە دەبێ بوترێ، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، ئەم بەرهەمەی، لە (ڕەوزەتولئەحباب)ەوە – (هەروەک خۆی بۆ چەند جارێ، ناوی دەهێنێ و پاتی دەکاتەوە) وەریگێڕاوە، لەبەر ئەوە، هەندێ لە هۆنراوەکانی، یاخود هەندێ لە دێڕەکانی، لاوازییان، پێوە دیارییە، بەتایبەتی، لە وەزن (کێشە) و قافیە (سەروا)دا. بەهەرحاڵ، بەرهەمەکە زۆر شایەنی ئەوەیە، کە بکەوێتە، بەرچاو و وەک کەلەپوورێک و سامانێکی ئەدەبی کوردیی دینی و بپارێزرێ!

ڕەوزەتولسەفا، پێکهاتووە، لە چەند بەشێکی سەرەکیی و وا ئێمەیش هەندێ لەو بەشانە، دەخەینە ڕوو. بەو مەبەستەی، کە تێگەیشتنی ئاسانتر بێ!

– بەشی پێشەکیی:

ئەم بەشەی، دەستپێکردنە و دەیەوێ، ڕێگا بۆ دەستپێکردنی بەرهەمەکەی، پاک بکاتەوە و ئامادەی بکات.

ئەم بەشەی، بەناوی خواوە دەستپێکردووە و بەوەش سەرەتاکەی داداوە، کە خوای گەورە و مەزن، خاوەنی هەموو هەن ونییەیەکە و خاوەنی تەوانایە و هەرچی، شتێ، ڕووەکێ، گیانداری، هەر لە مرۆڤەوە، تاوەکو بچووکترینیان لە ناو دوێ تۆێی دنیادا، هەیە، ئەو دروستی کردووە و خاوەنی دنیا و دین و بەهەشت و جەهەننەمە و خاوەنی سەما و زەمینە و نەمرە و لە کەس نەبووە و کەسیش لێ نەبووە و لێی نابێ و خۆشەویستترین کەسی لە دنیادا، پێغەمبەرە! لەم ڕووەوە و لەم دەرفەتەدا، دەبێ ئەوە بوترێ، کە هۆنراوە دژمانەکانی، لە ڕووی هونەرییەوە، لەوانی دیکەی بەهێزترن، ئەگەرهاتوو لەم ڕیزەدا، بەشە دڵدارییەکانیمان، سەرژمێر نەکردن!

پێش ئەوەی، کە ئەم دەرفەتە بەجێ بهێڵین، دەبێ بڵێین، کە هۆنراوە دژوێنەکانی، لە پلەیەکی بەرز دان و دوا بەدوای ئەوانەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، جێگای خۆیان دەکەنەوە!

ئێمە، کە چووینە پاوە، دیسان، سەرجەمی بەرهەمەکانی، میرزا ئۆلقادری پاوەییمان کۆکردنەوە و لە پاش بەراووردکردنیان، لەگەڵ چاپی یەکەم و دووەمی دیوانی میرزا ئۆلقادردا، بۆمان دەرکەوت، کە بەرهەمەکانی میرزا ئۆلقادر، پێویستییان، بەوە هەیە، کە

سەرلەنوێ، لە چاپ بدرێنەوە و ئەمەش، ئەرکی سەرشانی ئەنجومەنی یەکیەتی نووسەرانی پاوەیە.

من، کە، (رەوزەتولسەفا)ی میرزا ئۆلقادرم، خوێندەوە، تەماشام کرد، کە کارێکی سەردەمی پیریی میرزا ئۆلقادری پاوەییە و جۆرێکە لە گەڕانەوە، شتێکی بەسوودیشە، بۆ سۆفیەکان و دەروێشەکان، بەتایبەتی، ئەو دەستە و کۆمەڵەی، کە هەمیشە و لە هەموو کەسێکی دیکە، خۆیان بەستووە، بەشێخ و سەرکردەی دینییەوە و لە دەریای پان و بەرینی خەون و خەیاڵ و بینینی جۆراوجۆر و ڕەنگامەدا، (خۆیان)، مەلەوانی دەکەن و ئاگاداری هیچ جۆرە دەستوورێکی ڕاستەقینەی ئیسلامی نین، کە ئەویش، قورئانی پیرۆزە!

شایانی باسە، ئەم بەرهەمەی، کە بەناوی (رەوزەتولسەفا)وەیە، پتر لە چوار هەزار نیوێ، دێڕە هەڵبەستە و ئەگەرچی زۆربەی زۆری وشەکانی عارەبین و ئەو عارەبیانەی، کە لە ناو پیاو دینییەکاندا، باو و برەویان هەیە، کەفەسەرە، بەوشەی جۆراوجۆری کوردییەوە، کە لە تواناییاندا، فەرهەنگی کوردیی دەوڵەمەند بکەن!

م. هەورامانی
کوردستان (سنە)
خانەقای، حیسامییە
١٩٩٣/٤/١



## میرزا ئۆلقادری پاوەیی:

هەورامانی

### پێشەکی:

میرزا ئۆلقادری پاوەیی، یەکێکە لەو شاعیرانە ناوچەی پاوە، کە شیعرەکانی وەک وێردی سەرزمان، بەسەر زمانانی زۆری خەڵکی پاوە و ناوچەکانی جوانڕۆوە، دەوترێنەوە و هەندێ جاریش، بەوێنە، یاخود وەک پاڵپشتێ بۆ ڕاستیی و جوانی و پاراویی، ناو بەناو دەخرێنە، بازاڕی دەمەتەقێی ڕەوانی و زمان پاراوییەوە.

سەیر، ئەوەیە، کە ئەو کەسانەی، سا، زۆر نەبێ کەم، شیعری میرزا ئۆلقادری پاوەییەیان، لەبەر کردووە و بەوێنەی جوانی و شیرینی و ڕەوانی و ڕازاوەیی و دەوڵەمەندیی، دەیخەمە ڕوو، بە(مەرحووم میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەفەرمی)، دەستی پێ دەکەن! بەهەرحاڵ، لە شاری پاوە و ناوچەکانی دەوروبەریی و ناوچەکانی جوانڕۆدا، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، پاش مەولەوی تاوگۆزیی، لە مەیدانی شیعردا، جێگایەکی بەرێزی داگیر کردووە! لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەیان لێ دەگیرێ لەوەیدا، کە تا ئەمڕۆ، نەیانتوانیوە، شەقامێ، یان مزگەوتێ، یان مەیدانێ، یان قوتابخانەیەک، لە پاوەدا، بەناوی میرزا ئۆلقادری پاوەییەوە، ناو بنێن!

بەهەرحاڵ، میرزا ئۆلقادر، کوڕی میرزا محەمەدە و ئەویش کوڕی کوێخا جەعفەرە و ئەویش، کوڕی میرزا ڕەسووڵە و ئەویش کوڕی میرزا تایرە و ئەویش کوڕی میرزا حەبیبوڵڵایە و ئەویش کوڕی میرزا فەتحوڵڵایە و ئەویش کوڕی میرزا ئەحمەدە و کە بە(کابەڵەد) ناسراو بووە!

لە پاوەدا، خاوەنی باخ و باخات و زەویوزار بوون و جێگای ئەو باخ و باخاتەیان، حاڵی حازر پێی دەووترێ (دەدەی زەید) کە ئێستا گەڕەکێکە، لە شاری پاوە.

میرزا ئۆلقادر، کوڕی نەبووە و تەنها کچێکی هەبووە، کە ناوی (خاوەر) بووە.

میرزا ئۆلقادری پاوەیی، ئەگەر باب و باپیرانی دەوڵەمەند بووبن، بەڵام خۆی زۆر دەستکورت بووە و بەڕادەیەک، زۆربەی کاتی لە دیواخانەکانی بەگ و شێخەکاندا، بەسەر بردووە! ئەمەش، بووە، بەهۆی ئەوەوە، کە پارچە هەڵبەستی بۆنە (دەربار)ی هەبێ و بێ گومان، ئەمەش، ئەگەرچی بەهۆیەوە، توانیوبەتی، نەختێ لە ئێش و ئازاری ئەرکی ژیانی

کەم بکاتەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، ناو بەناو پێزی شیعرەکانی بەرەو کەمیی چوون، یان کەم گریک بوون چوون!

ئا ، لێرەدا، پێویستە ئەوە بوترێ، کە شیوەنە هەڵبەستەکەی، کە بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ عومەری بیارە (شێخی زیائەدین)وە نووسیویەتی و شیوەنەکەی، کە بۆ کۆچی دوایی وەکیلی جوانڕۆ کردوویەتی، هونەری هەڵبەستییان، وەک هونەری هۆنراوەیی ئەوانی دیکە نییە!، یان، ناگەنە (پلە و ڕادە)ی، ئەوان! پیاچوونەوەیەک، بەبەرهەمەکانییا ، وەهامان، بۆ دەردەخەن، کە بریتین لە چەند باسێک و چەند مەبەستێک و بەکورتیش، بۆمان هەیە ، بەم جۆرەی خوارەوە، ناویان لێ بنێین:

- بەشێکیان پەیوەندییان، بەجوانیی سروشتی پاوەوە و ناوچەکانی هەورامانەوە و هەروەها ، جوانی و شیرینی و ڕەنگینی و ئازایی و لێهاتوویی ئافرەتی هەورامانەوەیە؛ هەڵبەتە، ئەم بەشەش، بەشی جوانی و خامی و هەرزەیی خۆیشی تیایدا، لەگەڵ هەڵسوکەوتی دڵدارییدا، ڕەنگی داوەتەوە!.
- بەشێکی دیکەیان، بریتییە، لە دژوێن (جنێو) فرۆشیی، کە هێرشێکی زۆری بردووەتە، سەر هەندێ هۆز و هەڵسوکەوتیان و هەروەها ، سەر شەخسێ کە بەناوی (سەعید ئاغە)ەوەیە و پەتپەتییەکی زۆری، بەدژوێن، پێ کردووە و لە دژوێنەکانیشدا، لە دەوری دەمپیسیدا، بەشی جوێن فرۆشی دیکەی زۆر کەم داوە!.
- بەشێکی دیکەشیان، بریتییە، لە هەڵبەستی بۆنە (دەربار)ی، کە پتر، بۆ مەبەستی پارە، پێکەوەی ناون و دەیەوێ، هەرچی چۆنێ ببێ بەراتێکی پێ وەربگرێ!.
- بەشێکی دیکەی دەبڕێنە قالبێکی دینییەوە، بەڵام نەک، وەک ئەوانەی مەولەوی، بەڵکو، بەماندووبوونێکی زۆرەوە، لەگەڵ دەستکەوتی بایەخێکی کەمدا و کەمتر لەوانەی مەولەوی!.
- بەشێکیشی - باری سیاسی لە ناوەڕۆکەوە، گرتووە، ئەگەرچی وەک گەمە و گەف خۆیان بەدەستەوە، دەدەن!.

بەشێوەیەکی، ئاشکراتر، ئەگەرچی میرزا ئۆلقادری پاوەیی، لە پلە و پایەدا، لە لایەن خەڵکی پاوە و هەورامانی لهۆنی ئێرانەوە و خەڵکی ناوچەکانی جوانڕۆوە، خستوویانەتە، پاش پلە و پایەی مەولەوی، بەڵام بەپێی بۆچوونی من، زۆرتر لە دواوەیە و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە من دەمەوێ، لە نرخی هۆنراوە و هەڵبەستە بۆنەییەکانی میرزا ئۆلقادری



پاوەیی کەم بکەمەوە، چونکە هیچ کەسێ، ناتوانێ، لە پلە و پایەی هیچ هونەرمەندێ، نە زیاد بکات و نە کەمی بکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر وێنە و نموونەی کارە هونەرمەندییەکە لە مەیداندا، هەبێ!

بەهەرحاڵ، میرزا ئۆلقادر، لە ناوچەکانی خۆیدا، پلە و پایەیەکی نرخداری هەیە و ناوجەرگەی دڵی، ئەو خەڵکەی گرتووە! تا ، ئەمڕۆ، دووجار دیوانەکەی میرزا ئۆلقادری پاوەیی لە چاپ دراوە و جاری یەکەمیان لە لایەن (محەمەدئەمین هەورامانی)یەوە، لە عێراقدا، بووە و جاری دووەمیشیان، لە لایەن ئەنجومەنی ئەدیبانی شاری (پاوە)وە بووە!

چاپکردنی چاپی دووەم، یان، ڕاستتر، بابڵێین چاپ بوونی دیوانەکەی بۆ جاری دووەم، کە لە لایەن، هەروەک وتمان، ئەنجومەنی ئەدیبانی پاوەوە بووە، هەندێ پارچە شیعری بۆ زیاد کراوە، کە لەوەی یەکەمدا، دەست ناکەون و بەڵام، هەڵەیەکی ئەدەبیی زۆر گەورە، لەمەدا، کراوە و ئەویش، ئەوە بووە، کە دەبووایە ناوی ئەوەی پێشوو ببرابایە، کە وەک سەرچاوەیەک، ئەگەر هاتوو زانیمان، ئەو چاپکراوەی یەکەمیان لە بەردەستدا بووە و زۆربەی زۆری بیرەکان و لێکدراوەکان و بۆچوونەکانیشیان، بەبێ دەستکاریی کردن، لەوەی یەکەمەوە، وەرگرتووە! بەهەرحاڵ، ئەمە و ئەم جۆرە گلەیی کردنە، ئا لێرەدا، بەسە و مرۆڤیش بۆی هەیە، بچێتەوە، بەهەردووکیاندا، بەتایبەتی ڕووی لێکدانەوەکان و بیانخاتە، تای تەرازووی بەراوورد و سەنگ و کێشانەوە! لە لایەکی دیکەشەوە، دەبێ ئەوە بڵێین، کە ئەنجومەنی ئەدیبانی شاری پاوە، شایەنی ڕێزن و لە لایەن، منەوە، دەستیان بۆ بەسنگەوە گیراوە، چونکە توانیویانە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، بۆ جاری دووەم زیندوو بکەنەوە و پتر لەوەش، پیرۆزبایی، لەو کوردییەیان، دەبێ بکرێ، ئەگەر هاتوو زانیمان، کە ئەوان، لەوێدا، پەیڕەوییەکی تەواوی کوردیی ئەدەبییان، کردووە!

میرزا ئۆلقادری پاوەیی، هەروەک وتمان، دەبێ بەچەند پلەیەکی ژیاندا چووبێ و چوویشە و ئەوانیش؛ دەوری گەنجییەتی و ئەوجا ، دەوری دڵداریی و پاشان، دەوری دەردیسەریی ژیان و ژیانی خێزان و دیواخان و دیواخانکردن و ڕووکردنە بەرات و ئەوجا ، دەوری پیریەتی و بیرکردنەوە و بەرەو پاڕانەوە چوون!

بەرهەمەکانی، بەتایبەتی، هەندێ پارچەی هۆنراوەی هەن، کە کەوتوونەتە دوای هەوای خەیاڵ و جموجووڵی هەستی دەروونی، کە وەک (جامەدۆزان)یی، بۆ وێنە، ئاخ و زۆخ و دووکەڵ و دوو و دەروونی میرزا ئۆلقادر، لە بارەی بێ وەفایی دڵدارەوە، بۆ دەخاتە ڕوو، خۆ، پارچە هۆنراوەی (شەماڵ)ەکەیشی؛ ڕازاوەیی، ناوچەکانی هەورامانی کوردستانمان،

بەرەنگینی بۆ وێنە دەگرێ و وەک تابلۆی ڕەنگامە، دەیانخاتە بەر پەردەی ڤیدیۆ تێپی مێشک؛ بەسەر پاکی ڕەنگەکانی و دیمەنەکانییەوە! بەڵام، پارچە هەڵبەستی (کوللە و ئاینەمەل)، ئەگەرچی بەڕواڵەت، لە قاوغی (گاڵتە و گەف)دایە، بەڵام لە ڕاستیدا، جۆرە ڕەخنەیەکە، یاخود، جۆرە داواکردنێکە، بۆ بەربەستکردنی، ئەو جۆرە هێرشانەیە، کە بەو بۆنەیەوە، هەورامان، پێ شێل کراوە! واتە، خۆی لە خۆیدا، جۆرێکە لە (سیمبۆلیزم)، یاخود دەست کێشانە، بۆ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە ڕامیارییانە، کە زۆر نارەوان و لە هەردوو لاوە، جگە لە پێ شێل کردنی هەورامان و زیانبەخشین بەخەڵکەکەی، چی دیکە، لە ئارادا نییە و نەبووە و ناشبێ!

بەشی، پیادا، هەڵدان، یاخود شیوەن کردنی شێخی زیائەدین و (ئاسمان و زەمین) و (ڕەوزەتولسەفا)یشی، پیشاندانی تەمەنی پیرییە و، جۆرە بەرەو پەشیمان بوونەوەیەکە، لە کار و کردەوەی پێشووی، کە ڕووی ناوە و بەو مەبەستەی، کە چارەسەری نییە، جگە لەوەی کە دەبێ ڕێگای دین، بەو جۆرەی خۆی کە بۆی چووە، بۆی بچێ و بیگرێتە بەر!!

خۆ، بەشی، دژوێن فرۆشتنەکەی، کە ڕواڵەتی هونەرییان، زۆر پێوە دیارییە و بەجۆرێ، کە خەریکە نزیک بەشێخ ڕەزای تاڵەبانی بکاتەوە، بەتایبەتی لە جۆری ڕەنگ ڕشتنی تابلۆی جنێوەکانیدا و بێ گومانیش، ئەمەش دەوری هەرزەکارییە، یان، دەوری زۆرتینی تەنی، یاخود هونەریی بووە و بێ چەند و چوونی، زۆر لە پێشی پەشیمان بوونەوەی و گەڕانەوەی، کەوتووە!!

هەورامانی یەکی نەورۆز

پاوە



## هەندێ بەرهەمی بڵاو نەکراوەی میرزا ئۆلقادری پاوەیی:

لەو دووجارە چاپبوونەی دیوانەکەیدا، جارێکیان لە عێراقدا و ئەوی دووەمیشیان لە ئێراندا، نەتوانرا، سەرپاک و سەرجەمی بەرهەمە هۆنراوە و هەڵبەستەکانی، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، بگرنە دوێ توێی خۆیان و بێ گومان، بۆ ئەوەش، هۆی زۆر و تەنگوچەڵەمە و کێشەی زۆر بەر ڕێی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و چاپکردنیان گرتووە.

لەوانەیە، هەندێ، لەو هۆیە گرینگانەش، ئەوە بووبن، کە لەو کاتی یەکەمەدا، هەر ئەوەندە، بەردەست کەوتە بوو بێ و بەڵام لە چاپکردنی دووەمدا، لەبەر زۆریی بەرهەمەکەی و زۆر نەشکان، بەسەر ساغکردنەوەیاندا و گرانی لە چاپدانی بەرهەمەکە بەسەرجەمیی و لەوانەشە، هەندێ شتیش هەبن، کە شایەنی (بەپێی بۆچوونی خاوەنی بەچاپ گەیەنەری دووەم)، بڵاوکردنەوە نەبن!

بەهەرحاڵ، ئەو بەرهەمانەی میرزا ئۆلقادری پاوەیی، کە تا ئەمڕۆ و لەو دووجار لە چاپدانەی دیوانەکەیدا، چاپ نەکراون و بڵاو نەبوونەتەوە، شایەنی ڕێز لێ گرتن، چە لە ڕووی، هونەرەوە و چە لە ڕووی ڕواڵەت و ناوەڕۆکەوە! چونکە، بەڕاستی ئەم جۆرە هەڵبەستانەی میرزا ئۆلقادر زۆرتر لە (دیو و دیمی) میرزا ئۆلقادری پاوەیی-ن، کە لەوانی دیکەیدا، بەرچاو نەکەوتن! بۆمان هەیە، کە ئەو بەرهەمانەی، کە تا ئێستە بڵاو نەکراونەتەوە و لە بەردەست دان، بەم جۆرەی خوارەوە، ناویان لێ بنێین:

### ١- بەشی نامەنووسین:

ئا لەم، جۆرانەدا، هەندێ نامە بۆ میرزا ئۆلقادری پاوەیی، لە لایەن شاعیرانی ئەو سەردەمەی خۆیەوە، بۆ نووسراوە و ئەمیش، هەروەک شێوەی ئەوان، بەهۆی نامەی شیعرییەوە، وەرامی داونەتەوە.

ئەو نامەیەی، کە زۆر شایانی باس بێ و بایەخی ناوهێنانی هەبێ و بەتەواوی لە دڵ و دەروونییەوە، هەڵقوڵا بێ، ئەوەیە، کە بۆ خاتو مینای خێزانی ناردووەتەوە، پاش ئەوەی، کە خێزانەکەی (خاتو مینا) بەهۆی نامەیەکەوە، کە بۆی ناردووە و (ئا لەو کاتەدا، لە دێی «گەرمەخانی» لە روانسەردا، لە لای سەردار ڕەشید و عەبباس خانی ئەردەلانیدا بووە) و وەها دەردەکەوێ، کە لەوێ، زۆر ماوەتەوە و خاتو مینای خێزانیشی بێتاقەتی بووە و بۆیە، بەنامەیەک هەواڵی پرسیوە و ئەمیش بەم گفتوگۆیە شیرین و پاراوە، وەرامێکی ڕەنگینی، بەوێنەی (نامەی هۆنراوە) بۆ دەنێرێ!

نامەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

«عەلەیکەالسلام، فریشتەی ئەنوەر
ڕەشتەی لیقای سەنع، حەیی تەوانگەر
وەش ئامای وەخەیر، هەر بەر گوزیدەم
ساقەدەم باوەر، وە بانی دیدەم
ئێران، تا توران، دنیا ، سەرانسەر
پایەندازت بۆ سەولّی نازپەروەر
ئەستەموولّ، پێشکەش نیم نیگای دیدەت
ئەسفەهان ئەبرۆی قەلّەم کەشیدەت
مووسلّ وە سەودای موژەی خەمیدەت
بەسرە، وە بینی دلّ پەسەندیدەت
حەلەب وە حەلقەی حەیی تار گێسووت
قەفقاز، وەقەد بەند، بایکتەر جە مووت
پاریس وە پرشەی پیشانی پاکت
خاوەر وە فیدای حوسنی رووناکت
شەرم وە شەرت و شۆن وەفای شەریفت
بەندی ئەو بەرزیی، بالّای زەریفت
کشمیر وە گۆنای گولّ غونچەی ڕەندت
کابل وە کالّای، ئالّای پەسەندت
شیراز، وە شوعلەی شەوقی شەمامەت
جام وە بۆی بخوور، عەبیری خامەت
کوردستان، وە گەرد تۆزی پالّاکەت
کرماشان سەر گەرد بالّای ئالّاکەت
زەڕ نە زەڕ ئەفشان تەشریف ئاوەردەت
تاران، وە تاری، قار و تۆر کردەت
قەندەهار، وە قەندی غونچەی دهقانت
یەمەن، وە یەک حەرف، لەعلی یەمانت



خەتا وە خەندەی قەبلی سالّانت
خوتەن وە توحفەی وردە خالّانت
فەرهاد وە رەنجی زەریفی بافت
کرمان، وە گەرووی سوراحی سافت
هەفت ئەقلیم تەمام، نەونەمامی نۆ
نەدارۆن، قیمەت، رەبای، بالّای تۆ
مودەی عومری وێم، هامسەران یاران
هەر ئارۆ، وە شاد، دنیام، و یاران
جە ماوەی قیبلەم سەلّامش کەردەن
زیندەگیم جە حالّ، مەردەنی و یەردەن
قادر وێنەی تەیری بێ وەرامەوە
تا مەحشەر بەندەن بەو سەلّامەوە!

وەها دەگێڕنەوە، کە (جیهان ئارا خانم) دەیەوێ، سەری چەم و دۆلّی پاوە بدات و میرزا ئۆلقادری پاوەییشی، بەو بۆنەیەوە، پارچە هۆنراوەیەکی ڕێک و ڕەنگین دادەڕێژێ و ئا لەوێدا، یاریی بەوشەی جوان و جۆراوجۆر واتای کردووە و هونەرێکی جوان و هونەرمەندانەی هۆنەریی، ئا لەوێدا، پیشان، داوە. ئەمەش، لەوە دەکات، کە جیهان ئارا خانم، نامەی بۆ میرزای پاوەیی نووسیبێ بۆیە، ئەمیش، بەم جۆرە، باسی ئەو هاتنەی ئەوی بەو جۆرە کردووە، کە کردوویەتی:

قیبلەم **چەم** سەردەن، قیبلەم **چەم** سەردەن
چەمت، **چمان** مەیل، سەر **چەم** کەردەن
ئارۆ، زەلانەن، هەوای **چەم** سەردەن
چنارانی **چەم**، وەهەم **چەم** وەردەن
بۆ، شۆ، وە سەیر، وێت مەدەر ئازار
**چەمەن** بێ سەیرەن، تا **چەم**، کەرۆ کار
ئەر **مەیلت** چەم بۆ، نەونەمامی، نۆ
**چەم** خۆ، قات نییەن، پەی سەیرانگی تۆ
بالّەخانەی **چەم**، **چەمە** ڕاگەی وێت
کولل بان، وە خاکی تۆزی پاکەی وێت

ڕاسەن نە هەرجا، شەماڵەی شەم بۆ
سەیری **چەم** وەشەن، **ئەرچەم** نە**چەم** بۆ!
خەیلیێوەن یاساخ نە داو و باشەن
هەر پەی **چەشم** ئەنداز، سەیری تۆ خاسەن
سا وە بان **چەم**، تۆ، تەشریف باوەر
سەیری چەم و سەیل، شەتاوی من کەر
**بێ چەمبای** وە **چەم**، نیگاداریش کەر
پەی سەیری سالاّن، ئاویارش کەر
ئەوەند ئاوەشۆر، ئەسری **چەم** واران
سۆز کەردەن، ئالاّن، بە وێنەی داران
قادر، جهان **چەم**، کەرد وە نەزری ڕێت
تا وێران نەبۆ، بەی سەیرانگی وێت!

دیارە، خوێنەر، پاش خوێندنەوەی، پارچە هۆنراوەکە، بۆی ڕۆشنە، کە وشەی (چەم)، نزیکەی بیست جارێ بەکار هێنراوە و پتر لەم وشەیەش، هەر لە ریشەی ئەو، وشەکانی (چەشم) و (چمان) و (چەمەن)یشی بەکار هاوردووە!

لێرەدا، زانایی و هۆنەریی لە بەکارهێنانی وشەی (چەم)دایە، کە بەچەند جۆرێ واتا، بەکاری هێناوە و بەکارهێنانەکەشیی، ئەگەرچی بەچاو، وەها دەردەکەوێ، کە زۆر ئاسان بێ، بەلاّم لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە وردەکاریانە و ئەو جۆرە یاریکردنە بەوشە و ڕاهێنانی جۆراوجۆری، لە واتادا، لای زۆربەی کەسانی هونەرمەند، ئاسان نییە!

چەم؛ بەواتای (چاو) و (دۆڵ) و (سەوزایی) و (چەمانەوە) و سەرچاوەی (ئاو) (چاوڕووانی) و (بێ چاوینە) و (باخ و باخات)، بەکاری هێناوە، ئەگەر هاتوو توانیمان، بەچاوێکی زماناسییەوە، سەیری (زاراوەکانی چەم)مان کرد و دامان لە سەنگی مەحەکی لێکۆڵینەوەوە!

هەندێ پارچە شیعری بلاّو نەکراوەی، چە لە بارەی جوانی سروشتەوە، چە لە بارەی ئالّوگۆڕ کردنی نامەوە هەن و بەلاّم، ئێرە دەرفەتی ئەوە نییە، کە باسی هەموویان بکرێ، بۆیە، بەوێنەیەکی کەم و نموونەیەکی خەست رازیی دەبین و ئەوی دیکەشیان، بۆ کاتی خۆی و بۆ دڵسۆزی خۆی، بەجێ دەهێڵین!



## ٢- بەشی دژمان (دژوێن) فرۆشیی:

میرزا ئۆلقادری پاوەیی، لە دژمان فرۆشییدا، دەستێکی بالاّ و زبانێکی تیژ و دەمێکی هەراشی هەبووە. بۆمان هەیە، بڵێین، کە لە جنێو فرۆشتندا، لە پاش (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) مەیدانی داگیر کردووە.

حاڵی حازر، دوو پارچە هەڵبەستی میرزا ئۆلقادری پاوەیی، لە بەردەستمان دایە کە، باشترین وێنەی هونەری جنێو فرۆشتن.

ئێمە، لەم ڕووەوە، نامانەوێ، لەمە زیاتر بڵێین، چونکە وەهای بەباش دەزانین، کە پارچەیەک، لەو پارچانە بخەینە، بەردەست خوێنەری بەڕێز و خوێنەریش، خۆی، وەک حاکمێکی هونەرمەند، حوکمی خۆی بەسەریدا، بدات!

وەها دەگێڕنەوە، کە شەخسێکی جاف، بەناوی (سەعید ئاغە)وە دەبێ و لە دیوانی مەحموود پاشای جافدا، لە هەڵەبجە، دژوێن، بەخەڵکی پاوە و بەمیرزا ئۆلقادری پاوەیی دەدات، لە کاتێکدا، کە میرزا ئۆلقادری پاوەیی خۆیشی لەو مەجلیسەدا، ئامادە بووبێ و میرزا ئۆلقادریش، بەمەبەستی تۆڵە لێ سەندنەوە، پارچە هۆنراوەیەکی جنێو، ڕووبەڕووی ئەو سەعید ئاغەیە، دەکاتەوە.

هەندێکیش، وەهای دەگێڕنەوە، کە میرزا ئۆلقادر، خۆی لەو مەجلیسی مەحموود پاشای هەڵەبجەدا بووە و سەعید ئاغە لەوێ نەبووە و گوایا، هەندێ لەوانە، بەمەبەستی هوروژاندنی میرزا ئۆلقادر، بەرەو دژمان فرۆشیی لە چوارچێوەی هەڵبەست دا، وەهای بەمیرزا ئۆلقادر ڕادەگەیەنن، کە، سەعید ئاغە ناوێک چەند ڕۆژێ لەوەوبەرتر، دژمانی بەپاوەیی و بەمیرزا ئۆلقادری پاوەیی داوە و زەمێکی زۆری کردوون!

هەندێکی دیکەش، سەرگوزەشتەکە، بەپێچەوانەوە، دەگێڕنەوە. بەهەرحاڵ، هەرچی چۆنێ بووبێ، میرزا ئۆلقادر، ئەم پارچە هەڵبەستەی، پڕو کەفەسەر بەدژوێن، بۆ تۆڵەسەندن لە سەعید ئاغە داڕشتووە و بەم جۆرەش، دەستی پێ کردووە.

(هەی سەعید ئاغە، هیچ خاست نەکرد
ئەمشەو وەناهەق، ناوی منت برد
ئەرێ، هەی کەری قەڕازە قەوی
کەری کلک درێژ، قەپۆز لە زەوی

ئەر تۆ قنگت ئالۆشی نییە!
لە زەمکردنی، پاوەییت چییە!
گویَ شۆڕی ئەحمەق، سەر قەوی سم گرد
دەنگ گەورەی نەفام، ئەمە تۆ چیت کرد!)

بەم جۆرە میرزا، لەسەری دەڕوا و دژوێنی، ناقۆلا و ڕەقق و ئاگر تیَ بەردەر، بەسەعید ئاغە، دەدات و تا دەگاتە ئەوەی، کە دەلێ:

(پاوە گشت تەمام، عولەمای فازڵ
گشت کانی کەماڵ، عەزیز و عاقڵ
مەلا و سۆفی، خەلیفە و دەروێش
گشت ئەهلی تاعەت گشت ریازەتکێش
نە مزگەوت تەواو ئەهلی تاعەتە
پێنج فەرزە دایم، هەر جەماعەتە
مەشهووری عامەن، ئەهالی پاوە
کەریان، وە مەلای لادیَ حەساوە)

بەو جۆرە، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، دەست دەکات، بەتاریفدانی پاوەیی و خەڵکی پاوە و زیرەکیی و لیێهاتنیان و بەزمانە پاراوەکەی خۆی تا دەتوانیَ، بەشان و باڵی باشە و چاکەیاندا دیَ و ئەوجا، دەگەڕێتەوە، بۆ لای سەعید ئاغە و وەهای پیَ ڕادەگەیەنیَ، کە ئێستە نۆرە نۆرەی ئەوە و نۆرە گورزیەتی و گوایا، ئەم تا ئێستە، هێشتا نۆرەی نەبووە و هیچی نەوتووە و بەهەرحاڵ دەلێ:

(سا خۆت بگرە بۆم، شاباڵی منە
نۆبە زەربەی سەخت، گۆپاڵی منە!)

لەمە بەولاوە، جنێوی وەهای دەداتیَ، کە ئەگەر بیانخەیتە سەر بەردی ڕەقق و تەقق (تەوەن)، شەققار شەققار دەبیَ و لەوانەشە، ئەم پەڕە کاغەزەی ئێرە بەرگەیان نەگریَ و بۆیە داوای لێبووردن، لەم ڕووەوە، دەکەین! بەهەرحاڵ، میرزا ئۆلقادری پاوەیی بەم جۆرە کۆتایی بەدژمانەکانی دەهێنیَ و دەلێ:

(یاران یە بەختی تالیعی پاوەن
سا یەقین نەحسیش، بەلای خوداوەن



غەیرە بەزەییش، نامان بە حاڵش
سەد لەعنەت وە شووم بەخت و ئیقبالْش)

میرزا ئۆلقادری پاوەیی پارچە هۆنراوەیەکی دیکەی کە لە چوارچێوەی دژمانفرۆشیی دایە، حالّی حازر، بەلامانەوە، هەیە و بیَ گومان، ئەم دژوێنانەی ئەم پارچەیەی، زۆر دڵ ئێشێن و بۆیە، نامانەویَ، هیچ وەرگرتەیەکی لیَ بڵاو بکەینەوە. بەڵام ئەوە هەیە، بوتریَ، کە ئەم پارچەیە، زۆرتر، لە قالّبی بیر و هۆشی خۆیایەتی، کە بەتەواوەتی، تەرخانی بۆ ئەو جۆرە کارە کردووە و بۆیە کەفەسەرە بەلایەنی هونەریی و لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە، لەم ڕووەوە، هەرچی شتیَ بلێین، لەوانەیە، بەگویَ خوێنەردا، نەچیَ، چونکە بڵاوکردنەوەی پارچەکە، لەوەدا نییە، کە بۆ ئێرە بشیَ و تەنها، ئەوە هەیە، کە بلێین، پارچەکە، بەم ناوونیشانەوەیە (میرزام جە لای لەک......).

ئەوەی، کە دەبیَ بوتریَ، ئەوەیە، کە ئێمە ئامادەگیمان هەیە، بۆ ئەوەی کە هەرکەسیَ، لە خوێنەرانی خۆشەویست، ئەگەر ئەم پارچە شیعرەی میرزایان ویست، ئاگادارمان بکەن و ئەدرەسی تەواوی خۆیانمان بۆ بنێرن و تاوەکو ئێمەیش، نوسخەیەک، لەو پارچە شیعرەی بۆ بنێرین!

## ٣- بەرهەمیی پیریی میرزا ئۆلقادر و گەڕانەوەی!:

وەک باو و نەریتی ناو خەڵکی ناوچەکانی هەورامان، و بشگرە، سەرپاکی ناوچەکانی دیکەی کوردەواریی، کە ئەو خەڵکە، تا وەکو گەنج و لاوە و گوڕی تیایە، بەپێی خواشتەرخوازی خۆی، چی دەویَ و چی بۆ ڕێک دەکەویَ و چی بۆ دەلویَ، بەبیَ ترس و لەرز و بیرکردنەوە، دەیکات و ئەوجا، کاتیَ کە کەڵکی پێوە نەما و، زۆخی تیادا نەما و، سەری لە گوێی قەبردا، لەرزیی، یان بەرەو لەرزین چوو، ئەو کاتە، گوایا، وەک خۆیان دەلێن، دەگەڕێتەوە و ڕوو دەکاتە، ڕواڵەتەکانی دین و خواپەرستیی و تەنیا بەو کردەوەیەی خۆیەوە، ڕازیی نابیَ و بەڵکو سەریش دەکاتە، سەر لاوەکان و تازەپێشگەیشتووەکان و سەرزەنشتێکی توندوتیژیان دەکات، گوایا، ئەو شتانەی، ئەو هەڵسوکەوتەی، کە لە کاتی جوانیدا، ڕەوا بووە بۆی و بەبیَ گویَ دانە، هیچ ئامۆژگارییەک کردوونی، نابیَ لە لایەن ئەمانەوە بکرێن و بیَ گومان، ئامۆژگاری هەڕەشەگۆنەی وەهای دوور لە کردەوەی ڕاستەقینە، بەگوێی کەسدا ناچی!

میرزا ئۆلقادری پاوەییش، هەروەک، لە بەرهەم شیعرەکانیدا، وەها دەردەکەویَ، تا گەنج

بووە، دەوری عاشقیەتی بینیوە و لەم ڕووەشەوە، ناوی ئافرەت لەملا و لەولای پارچە شیعرەکانییەوە، بەزەققی هەن و (شەماڵ)یش، وێنەیەکە لەو، بۆ ڕۆیشتنانە.

خۆ، هەروەک بۆمان ڕوون بوویەوە، لە پیاداهەڵدان بەشان و باڵای جوانی ئافرەتدا و ئەوجا، ڕوونانی بەرەو جنێو فرۆشیی و ئەوجا، گەڕانەوەی بەرەو ژێر چەتری دین و خواپەرستی و بەشان و باڵی شێخ هەڵداندا، وێنەیەکی جۆراوجۆری سەرگوزەشتەی ژیانیتی!

بەهەرحاڵ، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، وا، ڕووی بەرەو دین، کردووە و شناسنامەشی لەو ڕووەوە، (سەما و زەمین)ە و تیایدا، چونکە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێ، لەسەر زەمینە و هەر لەبەر ئەوەی کە خوای گەورە، دنیای بەبۆنەی خۆشەویستی ئەوەوە دروست کردووە؛ ئا لەو ڕوانگەیەوە، (زەمین)ی بەسەر (سەما)دا، زاڵ کردووە.

ئەوجا، دێ بەشان و باڵی خواپەرستی شێخەکاندا و گوایا، دەیەوێ، دەستیان پێوە بگرێ و تا بەهۆیانەوە، بتوانێ لە خوای گەورە نزیک ببێتەوە! هەر لەم گۆڕەپانەدا، میرزا ئۆلقادری پاوەیی، شیوەننامەی شیعری بۆ کۆچی دوایی یەکێ لەو شێخانەی هەورامان دەنووسێ و شاکاریشی، هەر لەم گۆڕەپانی خواپەرستی و دینپەروەرییەدا، سەرگوزەشتەی، دروستبوونی دنیایە و ئەوجا، لە دایکبوونی پێغەمەرە، دروودی خوای لەسەر بێ و ماوەی ژیانی و تاوەکو دەبێتە پێغەمەر و نامەی خوایی بۆ دێتە خوارەوە و تاکە کۆچ بۆ مەدینە دەکات و ئا لەوێدا بنچینەی ئیسلام دادەنێ و دایدەمەزرێنێ!! بەڕاستی، ئەم سەرگوزەشتە مێژووییە شیعرەی، کە خۆی لە خۆیدا، لە عارەبییەوە کراوە بەکوردیی شێوەی هەورامان و ئەو سەرچاوەیەش، بەناوی (روضة الأحباب)وەیە، لە چوارچێوەیەکی هونەریی ڕێکوپێک و پاراودا، توانیویەتی لایەنێکی کتێبخانەی کوردیی دینی، پڕ بکاتەوە. ئەم بەرهەمە، دابەش کراوە، بەچەند بەشێکەوە و ژمارەی دێڕە شیعرەکانی یەکجار زۆرن و ئەوەی، کە من بەلامەوە کۆ بوویێتەوە، خراوەتە، سەر ڕێنووسی نوێی کوردیی و نزیکەی چوار سەد و پەنجا لاپەڕەیەکی گرتووەتەوە، بەبێ ئەوەی، هیچ جۆرێ پەراوێزێ، یاخود لێکۆڵینەوەیێ، یاخود لێکدانەوەیەکی بخرێتە سەر، واتە؛ بەلای کەمییەوە، هەر لاپەڕەیەک، بیست و دوو نیوە دێرە شیعری تیادایە و بەو جۆرە و بەو پێیە، دەبێ بڵێین، کە نزیکەی چوار هەزار و شەش سەد و پەنجا دێڕە شیعرێکە.

ئەم بەرهەمەی میرزا ئۆلقادری پاوەییە، بەقەدەر زۆری دێڕە شیعرەکانی، لە ناوەڕۆکدا



بەنرخ و بەهادارە و شایەنی، ئەوەیە، کە هەموو کەسێکی موسوڵمان ئاگاداری بێ و بەهەرحاڵ، ئەم بەرهەمە بەناوی (ڕەوزەتولسەفا)وەیە! من، بۆ ئەم بەرهەمە، زۆر ڕەنجم کێشاوە و چەند نوسخەیەکی دەسخەتم دەست کەوتووە، ئەوجا، هاتووم، هەریەکە لەوانەم خستووەتە، ژێر تەرازووی بەراووردەوە، ئەنجامەکەشی ئەوەیە، کە حاڵی حازر لە بەردەست و بیر و قەڵەمی لێکۆڵینەوەم دایە و پتر لەوەش، لە ڕێگەدایە، کە فەرهەنگۆکێکی باشی بۆ بکەم و ئەوجا، بیخەمە، بەردەمی خوێنەرانی بەڕێزەوە. ئەوجا، بەم بۆنەیەوە، ڕووی داوامان، لەو کەسانە دەکەین، کە خاوەنی پووڵن و حەزیان، لەوەیە، کە خەڵکی کورد، بەجۆرە ڕێڕەویی دینی وەهاوە، چەکدار ببێ و ئەویش، هەناسەیەکی ئیسراحەت و پشووی خەیری پیادا بێتەوە، کە بەهۆی پووڵەکەیەوە بۆی ڕەخسێنراوە!! بەشێوەیەکی ڕۆشنتر، کە ئەم جۆرە کارانە، کردنەوەیەکی مزگەوتی فەرهەنگی دینییە، کە هەرگیز، نە لەناودەچێ و نە دەڕووخێ و نە کۆن دەبێ و نە دەوری بەسەر دەچێ! ئەوجا، ئەوە ئێمە حازرین و ئەوە مەیدانیش، بۆ ئەو خاوەن پووڵانە، کە دینیان خۆش دەوێ!!

پێش ئەوەی کۆتایی بەم وشەیە، بهێنم، دەبێ وەفادار بم، بۆ ئەو کەسانەی کە لەم ڕووەوە، یاریدەیان داوم، کە وەک؛ نوسخەی دەسخەت بووبێ، یاخود، وەک یاریدەدانی فۆتۆکۆپی بووبێ، یاخود، یاریدەدان، بەقاقەز و جەوهەر ناردن بووبێ، سوپاسێکی بێ پایانی خۆم پێشکەش بەم کەسە بەڕێزانە بکەم و ئەوانیش، بەڕێزان مامۆستا، مەلا حەمە زایر و مامۆستا محەمەدی ئەنسارییی و مامۆستای عابیدی موتڵەک و بەڕێز بارامی وەڵەدبەگی و ئاغای خالیدیی کاک محەمەد ڕەشیدی ئەمینی.

# گوڵزاری هەورامان

محەمەدئەمین هەورامانی

بەناوونیشانی، گولڵزاری هەورامانەوە؛ بەپێی ڕێڕەوی ئەدەب و ڕۆشنبیریی و وەچەکانی، کە ئاوێنەی ڕاستەقینەی بێ گەردی، ئەو میللەتەن، کە ئەگەر خوانەخاستە، ئەو نەبووایێ، نەبەرد و کۆڵنەدەر و نەبەزاو نەبووایەن، هەرگیز لە دایک نەدەبوون یاخود، هەرگیز ئەو ئەدەبە و وەچەکانی، کە سەرپاکی لقەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی دەگرنەوە، نەدەهاتنە ناوەوە!! گوایا، بەنیازی زۆرتر زانین، لە بارەی کورد و هۆزەکانی و شێوەزاری زمانە کوردییەکەیان؛ لە بارەی چۆنیەتی گفتوگۆکردنیان و هەڵسوکەوتیان و جۆری ڕەنگدانەوەی باو و برەوی کۆمەڵایەتی و ئابووریی و ڕامیاریی و دینی و ڕۆشنبیریی دیکەیان، لە سەرانسەری دەم و زەمان و چەرخی تۆمارکردنی، جۆرە لقەکانی ئەو ئەدەب و ڕۆشنبیرییە و، بەمەبەستی بەراووردکردنیان سەنگ و کێشانە کردنیان، یاخود، لە سەنگی مەحەک دانیان، لە ڕووی، ژمارە و چەند و چۆنی پلە و هەنگاوەکانیان، لە ڕێبازی پێشکەوتندا، لە دەمێکدا، لە چەرخێکدا، یاخود سیس بوونی، لە دەم و چەرخێکی دیکەدا، بەدرێژایی تەمەنی درێژ و دوور و پڕ لە مەترسیی و تەنگوچەڵەمە و کەفەسەر. بەتەنگوچەڵەمە و کێشمەکێشی ژیانی دینی و دنیایی، لە پێناوی بەرگەگرتنی مانەوە و ژیان، لە پێناوی خودناسین و خود بزر نەکردندا و، هەنگاونانیش، بەرەو سەر دەرهێنان و سەر بەرزکردنەوەدا، هانامان بردە، یاخود پەنامان بردە، بەر سامانی ئەدەبی بەجێماوی نیوەچڵی لەناوچوو و نیوە ڕزاو و پواو و ونبووی ناوچەکانی هەورامان، بەو نیازەی ڕۆژێ، لە ڕۆژان، خاوەنی سەروەت و سامانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بەربڵاو و بەر فراوان و ڕازاوە بوون و ئەگەرچی زۆربەی زۆریشی، لە لایەن خەڵکی بێگانەوە چەپاو و تاڵان کراوە و براوە و لە ناوچەکاندا، نەماوە، بەڵام زۆر نەبێ، کەم (لە هەموو ناوچەیەکی دیکەی کوردستاندا، بەرفراوانتر، لە هەموو ڕوویەکەوە تەسەلەتر) دەست دەکەوێ و بەهۆیەوە، یاخود بەهۆیانەوە، زۆربە خاڵە ناڕۆشنەکانی ئەدەبی ڕۆشن دەکەنەوە!

بەشێوەیەکی، ڕۆشنتر، سامانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی، ناوچەکانی هەورامان، بەهۆی تەمەنی درێژیانەوە، بەهۆی جۆراوجۆری لقەکانیانەوە، بەهۆی بەرفراوانی و بەرپانیانیانەوە، خۆیان لە خۆیاندا، توانای، ئەوەیان، هەیە، کە لایەنی زۆر و هەمەجۆر ڕۆشن بکەنەوە و کێشەی زمانناسی و ڕۆشنبیریی شارراوە، خاو بکەنەوە، چونکە،



هەروەک، لای هەموو لایێ، ئاشکرایە، بەڵگەی ئەدەبی، بەهەموو جۆرەکانی و لقەکانیەوە، لە بەڵگە ڕەوا و بڕوا پێ کراوەکان، سەرژێر دەکرێن! واتە، ئەم پشکنینە، لە لایەکەوە، بەرهەمە ئەدەبییە، لەناو نەچووەکان، دەخاتە، ناو بەرگێکی دیاریی و ون نەبووەوە، لە لای دووەمیشەوە، زەمینەیەکی بەرفراوان و پانوپۆڕ و دەوڵەمەند، دەخاتە، یاخود دەسازێنێ، بۆ پشکێنەرانی داهاتوو و دوارۆژی کورد و کەسانی دیکەی ناکورد، کە حەزیان، لەو جۆرە زانیارییانەیە، کە ئەمانە، خۆیان لە خۆیاندا، جۆرە بەدرۆ خستنەوەیەکە، بۆ ئەوانەی، کە وایان لە قەڵەم داوە، کە کورد زمان و ئەدەبی، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، نەبووە و نییە!!

لە لای سێیەمیشەوە، ئەم جۆرە پشکنینانە، وەک (شناسنامە)یەک، خۆیان پیشانی خەڵکی ناکورد، دۆستان و دوژمنان ئەدەن و پێیان دەسەلمێنن، کە کورد، ئەگەرچی ماوەیەکی دوورودرێژە، لە ژێر چەپۆکی باوەژنی زۆردایە، بەڵام، هەر بەرگەی گرتووە و کۆڵی نەداوە و کەسایەتی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی خۆی؛ کەسایەتی تایبەتییەتی زمانی کوردیی، لە دەس نەداوە و هەوڵیشی داوە و هەوڵەکانیشی بەریان گرتووە و بەری هەوڵەکانی و بەرگەگرتنەکانی و تێکۆشانەکانی، ئەو سامانە فراوانەیە، کە مستێکی زۆر بچکۆلەیە، لە خەروارێک!

بەهەرحاڵ، بەرهەمی (گولڵزاری هەورامان)، بەرهەمێکی پانوپۆڕ و بەرفراوانە، سەرپاکی لقەکانی ڕۆشنبیریی و ئەدەب، دەگرێتەوە و بۆیە، دەبێ ئەوە بڵێین، کە بەرهەمی ناوبراو، ماوەیەکی زۆری پێ دەوێ، چە لە ڕووی کاتەوە، چە لە ڕووی باری ئابوورییەوە، تاوەکو دەگاتە، یاخود دەکەوێتە بەردەم خوێنەران!

بەرهەمی (گولڵزاری هەورامان)، هەروەک، وتمان، سامانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی پانوپۆڕ و بەرفراوانە و، سەرپاکی لایەنەکانی، هونەری ئەدەبی و ڕۆشنبیرییان گرتووەتەوە!

بەڵێ، هەموو لایەنێکی گرتووەتەوە، بەڵام لە قاڵب و چوارچێوەی هۆنراوەدا، چیرۆکە هۆنراوە، سەرگوزەشتەی ژیان، بەسەرهات و هات و نەهات و بوومەلەرزە و کاول بوون و گرانی و شەڕ و ئەنجامەکانی و سەرما و سڵۆوە و بەفر و سەهۆڵبەندان و کۆچکردن و جەردەی ڕێگاوبان و زوڵم و زۆری بەگ و بەگزادە و فەرمانڕەوایانی سەردەم و جوانی سروشت و دڵداری و خواپەرستی و شێخگەریەتی و سۆفیگەریەتی و دەروێشگەرییەتی و خوێندەواریی و جۆری خوێندەواریی و ڕاووشکار و پیادا هەڵدان و جۆری دیکەی

هەمەڕەنگ، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، وەرگێڕدراو، لە چوارچێوەی شیعر و هۆنراوەدا، گوایا، وەک لاسایی کردنەوە، یاخود، نازین، بەتوانا و لێ هاتندا، شاهنامەی فردەوسی، وەک وەرگێڕران و وەک، وەرگرتنی بیر و داڕشتنەوەی سەرلەنوێ، لە چوارچێوەیەکی زمانی کوردییدا، بەچەند جۆرێ، لە لایەن چەند کەسێکەوە، کەوتووەتە بەردەست و هەرهەمان دەستوور، بەرهەمەکانی گەنجەویی، یان، هی وەک ئەو و وەک ئەفرانی دیکە، کە زۆر ناودارن و ناسراون، بەتایبەتی، لە ناو جەماوەری ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کورددا، وەک وەرگێڕران و، وەک داڕشتنی نوێی کوردایەتی، بەزۆری هەن و دەست دەکەون!

ئێمە و هەر کوردێکی دڵسۆز، لەسەری ئەرکە، کە شانازی بەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبییە، دەوڵەمەندە، جۆر بەجۆرە بەپێزانەوە، بکات، چونکە پەنابردنە، بەر ئەدەبی بێگانە، بەنیازی فێربوون و سوود لێ وەرگرتن و ئەوجا لاسایی کردنەوەی، وەک داڕشتنی نوێی وەک ئەو، یاخود هەوڵدان، بۆ وەرگێڕانی، هەنگاوێکی بەرزی پێشکەوتنە، دڵسۆزییەکی بەهاداره، هەنگاوێکی بەهێز و بەنرخە؛ (گۆڕەپانی پێشکەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیرییدا! بەهۆی، بەرفراوانی و پانوپۆڕی و ڕەنگینی، ئەم بەرهەمانەوە، بەتایبەتی، پاش وردبوونەوە، لە دەمی مێژووی تۆمارکردنیان و جۆری باسەکانیان و جۆری شێوە زمانەکەیان، گەیشتینە ئەوەی، کە بڵێین؛ یەکەم، پتر لە دوو سەد ساڵێ لەم ڕۆوە بەرتر، هەروەک، بەرهەمە جۆر بەجۆر و ڕەنگینەکانی، بەردەستمان، وەهامان، بەدەستەوە، دەدەن، کە زمانی ئەدەب و لقەکانی، بەشێوەزاری شێوەی هەورامانی (هەورامی) بووە و ئەم شێوە زارەش، زمانی دایکزادی، گەلە ئاریان واچەکانە، کە لە هەندێ لاوە و لە هەندێ ناوچەدا، پێی دەوترێ، شێوە زمانی (ماچۆ). دووەم، ئەم شێوە زارە، کە بەشێوە زمانی (ماچۆ)، یاخود (هەورامی) ناو دەبرێ، زمانی ئەدەبی و دینی زۆربەی زۆری ناوچەکانی کوردستان بووە، ئەگەر زمانی سەرپاکی ناوچەکانی کوردستان نەبووبێ!!

سێیەم، ئاڵوگۆڕی ئەم شێوەیە، زۆر سست بووە، چونکە هەروەک دەردەکەوێ، زمانی ئەدەبی کورد لە سەرەتای هاتنی ئیسلامی پیرۆزدا، لەگەڵ، هی پێنج سەد ساڵێ، پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام و لەگەڵ هی ئەمڕۆدا، سێ هەنگاوی گۆڕانکاریی، بەسەردا هاتووە، ئەگەر هاتوو، هەندێ لایەنی گرنگی زمانناسیمان، لێک دانەوە! بۆ ئەم وتانە و ئەم مەبەستانەش، لە پانوپۆڕی کوردستانی ئێران و کوردستانی عراقدا، بەڵگەی زۆر ڕۆشن، لە بەردەستدان و لە کاتی خۆیدا، دەخرێنە، بەردەست خوێنەری بەڕێز!! بەو جۆرە، بۆمان



هەیە، کە خوێنەر و پشکێنەری بەڕێز، ئاگادار بکەین، بەوەی، کە دەبێ هۆی چی بێ، کە شێوە زمانی ناوچەی هەورامان، یاخود شێوە زمانی (واچەواچ = ماچۆ = ئێریان واچ) هەر لە دەمی دێرینەوە، تاوەکو ئەمڕۆ زمانی دینی و ئەدەبی ناوچەکانی کوردستانە و شێوەکانی دیکەی زمانی کوردیش لە هیچ کون و قوژبنێکی ڕۆشنبیریی ئەدەبی و دینیدا، شوێنەواریان، نییە!!!

دیارە، ڕووبەڕووبوونەوەی، جۆرە پرسیاری وەهای سەر سوڕهێنەر، تەنها بۆ پشکنینێکی بێ لایەن و ڕاسترەوە بوو. بەمەبەستی، ڕۆشنکردنەوەی هەندێ لایەنی، ناڕۆشن، کە هەندێ ڕۆژهەڵاتناس، تۆوی گومانیان، لە زۆر لای ڕووی زمانناسیی کوردییەوە، وەشاندووە (چاندووە) و ئەوەش، بووە بەهۆی ئەوەی، کە هەندێ زماننەناسی کورد بەهۆی لاسایی کردنەوەوەی ئەوانەوە، ڕێگای ڕاست، لەو ڕووەوە، بزر بکەن و خەڵکی دیکەش، ناو بەناو بەرێڕەویاندا، بڕوا و کە ئەو جۆرە ڕێ ون کردنەش، خۆی لە خۆیدا، جۆرە هۆیەکە، کە دەبێتە، لاوازکردنی بیری یەکگرتنی نێو کوردەواریی! بێ گومان، لەمەش، جگە لە دوژمن، کەسی دیکە سوودی، لێ وەرناگرێ!!

ئەم بەرهەمانەی، کە لە دوورەوە، بەدەوروپشتییاندا، ڕوانیمان، بەهۆی چەند کەسێکی دڵسۆزەوە، کەوتوونەتە دەسمان و ئێمەیش، لەم ڕووەوە و ئا لێرەدا و لە چەند جێگایەکی دیکەی تایبەتیدا، ناویان دەهێنین و سوپاسێکی، بێ پایانیشیان پێشکەش دەکەین!

شایانی باسە، وەرگێڕەڕەکان و داڕێژەرەکانی، ئەو بەرهەمانە، کە دەمی قەڵەممان بۆ واز کردنەوە، بەزۆری، ناوی خۆیان، نەداوە، یاخود ناویان، نازانرێ و ئەو هۆیەش، تا ئێستە، زۆر کەم لێی دەزانرێ و ئەوانەش، کە دەمی زانینی، لێوە، ئەدەن، وەهای لە قەڵەم، دەدەن، کە گوایا، بۆیە، وەهایە، چونکە بەو جۆرە، خەیریان، زۆرتر دەگات، بەتایبەتی، زۆربەی زۆری، ئەو چیرۆکە هۆنراوانە، بەشەوان، لە مالاّن و لە دیواخانان و لە مزگەوتاندا، خوێنراونەتەوە و بەو جۆرە، خەڵک، زۆربەی شەویان، بەگوێ گرتن، لەو ڕازانە، بەسەر بردووە!

ئەتوانین، ئەم جۆرە هونەرمەندانە، ناو بنێین، (سەربازی نەناسراو) کە لە گۆڕەپانی ئەدەبدا، کاریان کردووە و، ناوی خۆیان، نەهێناوە، یان وایان بەباش زانیوە، کە ناوی خۆیان نەهێنن! بەهەرحاڵ، ئێمە، لێرەدا، هەوڵی ئەوە ئەدەین، کە هەندێ بەرهەمی هەمەجۆر و ڕەنگینی نەزانراو و نەبینراو بخەینە، بەردەم –ی خوێنەرانی بەڕێز و ئەگەریش ماوە، ماوەی دا، سەرپاکیان (ئەوانەیان، کە ناویان، هەیە و دەرکەوتووە و بەرهەمیان

هەمەڕەنگ؛ پاڕانەوە لە خوا، پاڕانەوە، لە پێغەمەر، پاڕانەوە، لە مەشایخ و لە پیر و...هتد.

پێنجەم، بەشی سروشتی، جوانی سروشت، دڵداریی، سەرشێتی سروشت، شیوەن و چەمەریی! بەهەرحاڵ، لە لێکۆڵینەوە و پشکنین و توێژهەڵدانەوەی، ئەم جۆرە بەرهەمانەدا و بەراووردکردنیان، لەگەڵ، بەرهەمی هاوجۆر و هاوسەر و هاوتام و بۆی هاووێنە و هاونموونەیان، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم بەرهەمانەی، ناو کوردەواریی ناوچەکانی هەورامان، هەر لە سەرەتای سەر دەرهێنانی ئیسلامەوە، تا ئەمڕۆ لە هیچ ڕوویەکەوە، لەوانەی دراوسێ و خزمانی نزیک و دوور و هی بێگانە کەمتر نییە و کەمتر نین!

لە زۆر ڕووەوە، وێنەی ناو ئەم بەرهەمانە، گەیشتوونەتە، پایەی داهێنان، جگە لەوەی، کە لە هەندێ لایەنی دیکەوە، چەند ڕووکەشییەکی بەرهەمەکان بەجۆرێ کراوە، کە لەو بەرهەمە، کە بیرەکەی لێوە، وەرگیراوە، ناکەن! بەشێوەیەکی ڕوونتر، لە هەندێ ڕووکەشیدا، خراونەتە، قاڵبی کوردەوارییەوە! ئەم بەرهەمانە، مێژوون، بەسەرهاتن، دینن، دنیان، سەرپاکی ڕواڵەتەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی کوردەوارین و بەخۆشی و ناخۆشیی و ژان و ژینەوە! ئێمە، لێرەدا، ماوەی ئەوەمان، نییە، کە هەریەکە لەوانە، لێرەدا، شیی بکەینەوە، یان، بیاندەینە، بەر سەنگی مەحەکی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە، بەڵام، بەشێوەیەکی ساکار و سەرپێیی، دەڵێین، کە تەنها خوێندنەوەیەکی سەرپێیی، ئەمانە، دەمانباتە، سەر ئەوەی، کە بڵێین:

- سەرپاکی بەسەرهاتەکانی کورد، بەهات و نەهاتییەوە، تیایاندا، ڕەنگیان داوەتەوە و ئەمەش، خۆی لە خۆیدا، جێگای شانازییە.
- هەندێ جار، پیاداهەڵدانێکی زۆر و بێ جێگا بەرچاو دەکەوێ و ئەمەش باوی ئەو سەردەمانە بووە!
- ژن، یاخود پیرەژن، لە زۆربەیاندا، شەڕاوییە و لە هەندێ لاشدا، حەزی لە کاری خەیرە.
- پیاوی پیر، هەمیشە، تەگبیر و ڕاوێژی باش دەکات و حەزی، لە قازانج و سوودی خەڵکە.
- دێو، هەورەتریشقە، بایەقوش، داڵ، نیشانەی نەگبەتی و ناڕەحەتین.
- پارێزگاری کردنی زمانە و کەفەسەرە، بەکەرەسە زمانی کۆن و نوێوە، بەتایبەتی، هی ئەو سەردەمانە.
- زۆربەی خاوەنی ئەم بەرهەمانە، ناوی خۆیان، نەهێناوە و بۆیە، ئەمانەیش، دەبێ



بە(سەربازی نەناسراو)ی ئەدەب و ڕۆشنبیریی لە قەڵەم بدرێن!

- زمانی ناو ئەم بەرهەمانە، زمانی دینی و هی ئەدەبی و زمانی ڕۆشنبیریی سەرانسەری خەڵکی کوردستانی ئێران و هی عێراق بووە و بۆ ماوەیەکی زۆر دووروودرێژیش و تاوەکو سەردەمی دامەزراندنی حکوومەتی بابان، هەر لە پەرەسەندندا بووە، ئەوجا، لەوێ بەم لاوە، ڕووی بەرەو کزیی و کورتی هێناوە و لەوانەشە، ماوەیەکی دیکە، وەک شێوە زارێکی زیندوو، شوێنی نەمێنێ!!

ئێمە، هەروەک نەختێ لەمەوبەرتر، وتمان، ئێرە جێگای ئەوە نییە و ماوەی ئەوەمان، نییە، کە بەجۆرێک، یان بەچاوێکی لێکۆڵەرەوەی وردبین، تەماشای، هەریەکێ، لەو بەرهەمانە، بکەین، بەڵام ئومێدەوارین، کە لە جێگایەکی دیکەوە، کە جێگای لێکۆڵینەوە و پشکنینی تایبەتی خۆیانە، بتوانین، بەچاوێکی وردبینیەوە، هەریەکێ لەو بەرهەمانە، بدەینە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان!

میرزا ئۆلقادری پاوەیی.

## ڕەوزەتوسەفا

بەنامی بێ چوون؛ فەردی ذولجەلال
جیهان ئافەرین؛ ڕۆژ و ماه و ساڵ
یا حەیێ بێ چوون؛ پادشای ئەکبەر
قەدیم و قادر؛ حەیی تەواناگەر
کەریم و کارساز؛ کەرەم فراوان
ڕەحیم و ڕەحمان؛ تەمام عالەمیان
بێ ڕەنگ، بێ بەدەل، بێ شەریک بێ کەس
زاتی بێ زەواڵ، فەردی فەریاد ڕەس
حەللی موشکیلات، ئاشفتە کاران
ئاگا، جە عوسیان، گشت گوناهباران
دارای جیهان دار، دە هندەی بێ باک
ئافەریدەی جینس، ئادەمی، جە خاک
نگەهداری خەڵق، نەو تاق –ی گەردوون
ئوستادی ئەزەل، کار کون، فەیەکوون

ده هندەی بێ باک، دانای بێ نیاز
میعماری دەوران، دنیای رۆشن ساز
تەنیای لامەکان، فەردی بێ نەزیر
بێ دیدەی بێ گۆش، سەمیع و بەسیر
گۆیای بێ زیان، ڕەهنمای خەلیل
قورئان و زەبوور، تەورات و ئینجیل
بێ هەمتای ئەعزەم واحیدی ئەحەد
تاق -ی لەم یەلید، هەم وەلەم یوولەد
شەهەنشای عادل، ڕەئووفی بێ عەیب
رەززاقی ڕازق، جە کارخانەی غەیب
واجیبەلوجوود، دانای، لا یەنام
ڕۆشن ئەفزای سوبح، تاریک نمای شام
مەتلووبانی بەخش، ڕوتبەی، شاهی وەر
ئاخر، هەم شاهان، وەخاک موحتاج کەر
خودای بلندیی، پەستیی، هەر تۆنی
جە هەستیی ونیستی، هەستیی هەر تۆنی
قەدیم و قەییوم سانیع هەر تۆنی
کەریم و موعتی، بێ مانیع تۆنی!
ڕۆشنایی بەخشی، ڕەوان هەر تۆنی
فەوقی سەوت و مەوت، ئەحیا هەر تۆنی
ئیجادی دنیا، مافیها، تۆنی
بەحری کەشفییات، کەرامات تۆنی
ئاگات، جە ئەسرار خەفییات تۆنی
قووەی زۆر و زات، جیسمانی تۆنی
حەرەکەی جونبش، رۆحانی تۆنی
تاریک زولمانی، دەیجووری، تۆنی
نزیکتر وەڕەگ، گەردەن، هەر تۆنی
فەریاد ڕەسی گرد، مەخلووق هەر تۆنی



غەرەز هیچ نییەن، هەرچی هەن، تۆنی
نە هەرجا، حازر، نمەز، چە کۆنی
یا حەقق وەکەرەم، بدەر تەوفیقم
تەوفیقت، جە سەر، ببۆ، ڕەفیقم
پەرداخ دەرەجەی عام، ئایینەی زەینم
ڕۆشن کەر، شوعلە، بینایی عەینم!
تێغی قەڵەمم سۆهان دەی جە نۆ
بڕشت بۆ گوستاخ، کێشای فەزڵی تۆ
با باوچوون مەدح، شای بوراق سوار
ئەحمەد و مەحموود، موستەفای موختار
خەتمولمورسەلین، حەبیبی داوەر
شەفیعی دیوان، زەلزەلەی مەحشەر
هەر جە شەو مەولوود پاکی شەریفش
ئاما وە دنیا، جیسمی لەتیفش!
موعجیزە تیفلیش، ئەو چل ساڵە
یەکیەک، بەیان کەم، چون بن قەباڵە
گردی ئەهلی بەیت، شای خەیرەلئەنام
خولەفا و ئەسحاب، زومرەی خاس و عام
مەعرەکەی جیدال، هەرچی بۆ نە ڕووم
غەزای قەتڵ و عام، کافر و بەد شووم
شێخی ئەسحاب، شای خەیرولبەشەر
یاونا، تەمام، چون دوڕی گەوهەر
کتابچەی شیرین، چون توحفەی شاران
ڕەواج بۆ، دایم، جە لای دینداران
هەرکەس بوانۆ، وە ئیخلاسی پاک
شەفاعەت خواش بۆ، شای تاج -ی لەولاک
واجیبەن، سەنای، سالارانی دین
رازیی بۆ لێشان، خودا و ئەجمەعین.

## فصل دربیان وصف ابتدای اول ذیروح که خلقت است[١]

ســـــاچون ڕۆی ئەزەڵ بینای بێ ئەندێش
زاتی بێ زەواڵ، قــــەدیم، وێش بێ وێش
نە خـــاک، نە زەمین، نە ئاســـمـــان بێ
نە مـــــەلائیکە، نە ئینس و جـــان بێ
نە لەوح، نە قــەڵەم، نە جــیــبــریل بێ
نە بەهەشت دۆزەخ، نە ســەلسـەبیل بێ
نە نار، نە دۆزەخ، نە خـــەیر و شـــەڕ بێ
نە ئاو نە ئاوان، نە بەحـــــر و بەڕ بێ
بغەیر، نە مەعبوود فەردی تەنیای تاک
زی بەشـــەر نەبێ، غـــەیر جە زاتی پاک
نە بەرف(بەفر؟)، نە باران، نە ڕۆژ و شەوبێ
نە ڕۆح، نە ئەجەل، نە خـەوف و خـەو بێ
حـەقق جە نووری وێش، نە تۆی، پەردەوە
نووری حـــەزرەتش، جـــیـــا، کـــەردەوە
زاتی بێ زەواڵ، وێش کــــەرد بە یارش
ســــەڵەوات، دا بەرووی دین و دیدارش
جەو دمـا، بێ باک، تاکی تەنیای فـەرد
قـــەڵەم و قـــودرەت، ئافـــەریدە کـــەرد
فـەرمـا: بنویسـە، قـەڵەم عـەرزش کـەرد
من چێش بنووسـوم، تاکی و تەنیـای فـەرد
ئـەوەڵ، لائیــــــلاهــە، ئیـلـەڵـڵا هـەن
دووەم مـــحـــەمـــەد رەســـوولەڵڵا هەن
بەعـــد ســـازنای ئەفـــلاکی ئەزرەق
یەکیەک، موسەتتەح، تەبەق، عەن، تەبەق

١- خۆی، سەرباسەکانی، یاخود ناوونیشانی باسەکانی، بەزبانی فارسی، نووسیوە و ئێمەیش،
هەروەک، خۆی هێشتنمانەوە!! (م. هەورامانی)



لەیل و نەهار و دەقـــیق و ســـاعـــەت
فــەسڵ و مــاه و ســاڵ، حــیــبــر و داوەت
خــورشــیــد و قــەمــەر، چەنی ســتــاران
رەعـــــــد و بەرق و باد، هۆرچنی باران
وە یەک ئیــشـــــارە، بینای بێ ئەندێش
ســازنا، جــە نوور، مــحــەمــەدی وێش
تەمـام کـەرد، تەرتیب هەر هەفت ئاسـمـان
عـەرش و کورسی و فـەوق، لەوحی لامـەکـان
کــەریمی کــارســاز، بێ مــیــسـل و نەزیر
پادشـــای عـــادل، تەنیـــای بێ وەزیر
ئەوەڵ جــــوبرەئیل، دووەم مــــیـکـائیـل
سـیـەم ئیـسـرافـیل، چوارەم، عـزرائیل
هەر چوار موقـەڕەب، ئیجاد کـەرد جە نوور
پەی خـــزمـــەتکاریی، دایم جــە حـــوزوور
ڕوحـــەلئــەمین کــەرد، وە پەیکی ڕاهان
پەی ئامـــاو لوای، لای ئەنبـــیـــا هان
مـــــیـکـائیـل ڕزق، ئوممەت، دا بەدەست
ڕۆزی مـەخلووقـات، تەمـام خـاس گـشت
دا وە ئیـسـرافـیل، لوولەی نەفـخی سـوور
ڕۆی دنیـــــا ئاخـــــر، ئەو بدو زەروور
نـامی عـــــــزرائیـل، بەر ئاوەر وە بـەر
کــەردش، وە قـــابز، ئەڕوای ذی بەشـــەر
وە حـوکـمی فـەرمـان، پادشـای غـەفـوور
باقی، ڕۆحـــانی، پەیدا بیی، جــە نوور
مـــوڵکی لامـــەکـــان، ناهووت و مـــاهووت
پەڕ بیی، جە مـوڵـک، گرووی مـەلەکووت.

## فصل دربيان اوصاف بهشت و دوزخ و جگونگی را گويد[٢]

کـەریمی کـارسـاز، بێ مـیـسل و نەزیر
پادشـای عـادل تەنیـای، بێ وەزیر
جـە شـەش دانگ نووری، مـوسـتـەفـای
یەک دانگ جـیـا کـەرد، دانای دادگـەر
کەردش، وە بەهەشت، وە قەسر و قوسوور
وە ڕیزوانی پاک، غـولـمنان و حـوور
گـیـاش زەعـفـەران، خـاکش شـەکـەرەن
سـەنگش مـرواریی، دانەی گـەوهەرەن
گـولەن، گـولـزارەن، ڕۆحـەن، ریحـانەن
لەعلەن، یاقـووتەن، دوڕ و مـەرجـانەن
نەخـلـەن ڕوممانەن، مـیـوە سـەد ڕەنگەن
زەیتـوون و توفـفـاح، تازە قـەشـەنگەن
نوقـلـەن، نەباتەن، شـەکـەرەن شـیـرین[٣]
عـوودەن، کافـوورەن، عـەترەن، عـەنبـەرین
فـەسـلـش، دایم، وەقت، نەو وەهارانەن
سـۆزە هەواش، فـەرش، بەزمی یارانەن
شـەرابەن، تەهوور، بادە، مـوفـفـەسـەل
شـیـرە و شـەربەت، پالـوودەی، عـەسـەل

٢- ئێمە، دوو نوسخەی، دەسخەتمان، لایە و ئەوانیش، نوسخەی (ج) و هی (خ)ێن. نوسخەی (خ)مان، کردووە، بەبنەڕەت و نوسخەی (خ)یش، بۆ یاریدەدانی بەراووردکردن و گەیشتن بەئەنجامی ڕاستی و دروستـیی. شایانی، باسە، لە نوسـخـەی (خ)دا، فـرەیزی (... را گـويد)ی ئەم فـەسلـە، (اورا)یە هەروەها، لە هەمان نوسخەدا، لەم فەسلەدا، بەم دێڕە دەستی پێ کردووە، کەچی، نوسخەی (م) ئەمەی تیادا، نییە و دێڕەکەش ئەمەیە:
(هەر جە ڕۆی، ئەزەڵ، تا ڕو بی، عەرەسات
بەر سـەفا، سـەفا، مـحـەمـەد، سـەڵەوات) (ل -٤)

٣- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(نوقـلـەن، نەباتەن، شـەکـەرەن شـیـرەن
عـوودەن، کـافـوورەن، عـەترەن، عـەبیـرەن) (ل -٥)



حەوزش، کەوسەرەن، جۆگەش سەلسەبیل
باغش، جـەننەتەن، ئوسـتـاد جـوبرەئیل
قەسرش، خشتی زەڕ، خشتی جە سیمەن
بادە، عـەتری عـوود، باغـچەی نەعـیـمەن
لیـبـاسش فـاخـر، دیبـای قـەشـەنگەن
حـوللەی ئەلوانات، سـەد هەزار ڕەنگەن
گـیـاش، لەزیزەن، تەعـمش وەش تامـەن
زرووفی جـەواهیـر، ئاینەی جـامـەن
حـەقق لەزایزات، ئامـادە کـەردەن
وە لەحـمی تەیر، سـۆگـەندش واردەن
پەی ئەهلی بەهەشت، پاکی بێ تاوان
تەشتەهیننەفس، حەقق، وێش فەرماوان
نەفس، پەی هەر ئەشیا، ئیشتەها مەکەرد
فـەوریی خـزمـەتکار، پەرێش مـاوەرد
ئـارەزووی هـەرچـی، بـاوەرۆ، نـە دڵ
وە پای وێش، مـەیۆ، پەی ئەو، وە مـەنزڵ[٤]
مـوختـەسـەر، هەرکەس، خودا پێ دادەن
ئیـمـانش کـامڵ، کـارش، ئامـادەن[٥]
بێ شک، جـەننەلمەئوا، جـاش، مـە بۆ
دایم، پای تەجـیـر، تەکـیـەگـاش، مـە بۆ[٦]،[٧]

٤ – لە نوسخەی (خ)دا، (پەرێش وە مەنزڵ)ە.
٥- لە نوسخەی (خ)دا، (کارش ئازادەن)ە.
(٦- لە نوسخەی (خ)دا، (پای شەجەر تەکیەگاش مە بۆ)یە.
٧- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم دێڕەی خوارەوە، لەم فەسلەدا هەیە، بەڵام، لە نوسخەی (م)دا، نییە!
(یا، ڕەبب، بە حـاجـەت، رەسوولی سـەروەر
بیـەخـشی گـونای، ئۆمـەتتـان، یەکـسـەر) (ل -٦)

### فصل دربيان اوصاف دوزخ ويل صراط و جگونگی را گويد[8]

پادشای قەهار، دارای بێ ئەندێش[9]
دۆزەخ دروست کەرد، جە قودرەتی وێش
هەفت تەبەق زەمین، بەدوو کول، ڕەش کەرد
یەک جە بانی یەک، گشت، پەڕ ناتەش کەرد
هەزار ساڵ، تەمام، دەمناشان، وە دەم
تاکە قرمز بیی، بێ زیاد و کەم
دیسان هەزار ساڵ، دەمناشان، زەروور
تا گێلا ڕەنگش، سفید، چوون کافوور
پەی پەی دەمناشان، ئەیزەن، هەزار ساڵ
تاکە سیا بیی، چون سیا زوخاڵ
ناری جەهەننەم، ئیستە، سیاهێن
فیلافش، نییەن، حەقق، وێش گەواهێن
یەک پردێ، سەختێ، سرانش، نامەن
ئەر پەرسی چێشەن، تەرحی، ئەو کامەن
زبان، جە خۆفش، دایم، هەر لاڵەن
توولی درازیش، سێ هەزار ساڵەن!
هەزارش نەشیب، هەزار درازەن
پەی ئەهلی عاسی، چەفت و ناسازەن![10]
نە ڕای دەلیلەن، نە یاگەی ئەرجوو
بڕندتەر جە تیغ، باریکتەر جە موو

٨- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم، (سەرباسە)، بەم جۆرەیە:
(فصل دربيان دوزخ و اهل دوزخيان و جگونگی او گويد).
٩- لە نوسخەی (خ)دا، پێش ئەم دێڕەوە، ئەم دێڕەی خوارەوە هاتووە:
(هەر جە، ئەو ساعەت، تا، ڕۆی، عەدەسات،
بەر، فەخری عالەم، محەمەد، سەڵەوات) (ل -٦)
١٠- لە نوسخەی (خ)دا، نووسراوە (خەیلێ ناسازەن).



یانێ جە ئەزەل، هەرسێ تەل بێن
جە مووی سەر و ڕیش، سینە نما شێن
مونتەزەر مدران پەی گونا باران
پەی ئەهلی موشرک، گرووی بەدکاران
هەرکەسێ حەزرەت، ڕەهنمای ڕاش بۆ
جە ڕووی قیامەت، شەفاعەت خواش بۆ
ئیمان کامڵ بۆ، جە یەومولعەدەم
بڵێسەی دۆزەخ، نمەینۆ وە چەم!
هەرکەس ناوەرۆ شادەت، وە باڵش
جە دنیا و عوقبا، وێرانەن ماڵش
هانە جای زەحمەت، خۆف و خەتەردا
کێشیان وەبان، ناری سەقەردا
جارێ با دۆزەخ، خاری خەجەل بۆ
مالک پەی کاری خەیرش ماتڵ بۆ
قودرەت، هەر قودرەت، بێ هەمتای وێشەن
تاکە بزانین، ئیرادش، چێشەن!!
جای قال و بەلا، ئەعلا مەقامەن
هەرکەس، نەزانان، بزانۆ کامەن![11]

### فصل دربيان سئوال حضرت برب عزت از ارواح و جواب سئوال الست بربکم[12]

دارای جیهان دار، سەتتاری مەعبوود
خالیقی مەخلووق، واجیبە لوجوود
مەیل کەرد، بسازۆ، دنیای پەڕ مەلاڵ
ئەوەڵ، چوون، عەرووس، ئاخر، پیرە زاڵ

١١- لە نوسخەی (خ)دا، (هەرکەس نەزانان)ە.
١٢- لە نوسخەی (خ)دا، ناوونیشانی سەرباسەکە، ئەمەی، بۆ زیاد کراوە، یاخود ئەمەی هەیە (... و چگونکی را).

نە چەرخی چووارەم، واقیعەن، یەک دەشت
تەمامی موفرح، جە قاپی بەهەشت
وە قەولی ڕاوی، یەک پارچە لاڵەن
ڕاگە، درازیش، سێ هەزار، ساڵەن
ڕۆحی، مەخلووقات، ئینس و جان، یەکسەر
وە ئەمری بێ چوون، دەهندەی داوەر
ئەرواحی جانی، ئەولادی ئادەم
جە ئەوەڵ، قەدەم، تا، یەومولعەدەم
نەوجا، نە حوزوور، جەماجم، جەم وەرد
وە یەدی قودرەت، تەمام، زیندە کەرد
وێنەی مورچەی زەعیفی، بێ زۆر[١٣]
جوولێان، کەم کەم، نمانان، جۆر جۆر
حەقق پەرسا، لێشان، جە ڕووی ئیلتیفات
چەو دەم (الست و بربکم)، وات:
یانێ، ئایا، من مەعبوودی ئێوەم
هەرچەند، بێ جیسم و بێ شەبهو شێوەم
جوملە ئەرواح، بی دوو فیرقە جەو دەم
بەعزێ، وات؛ بەلا، بەعزێ وات؛ نەعەم
مەوقیف کەرد، مەتلەب، یانێ های ئەلەخ
بەلا، پەی بەهەشت، نەعەم، پەی دۆزەخ[١٤]
هەر ئەو ڕۆ واحید، تاکی تەنیای فەرد
موئمن و کافر، یەکسەر، جیا کەرد

١٣- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم دێڕە، بەم جۆرە، هاتووە:
(وێنەی مووریچە، زەعیف -ی، بێ نوور)
١٤- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
بەلا، پەی بەهەشت، نەعیم، پەی دۆزەخ!



دەرسات، دوو مەنزڵ، شەهنشای فەتاح[١٥]
قەرار دا، جە غەیب، پەی جەمعی، ئەڕواح
یەکێ، عوللیین، قەریب، وە ریزوان[١٦]
یەکێ، سنجین، بە دۆزەخ، عەیان
دوو فرقە، ئەڕواح؛ شاد و پەرێشان
تا شین، وە ماوای، مەنزڵگەی وێشان
نەوجاگە ساکن، تا چەند هەزار ساڵ
تاکە بزانین، زاتی، بێ زەواڵ
تەقدیرش، چێشەن، مەیلش، کام نەردەن
ئیرادەی سازنای، کام سنعەت، کەردەن

## فصل دربیان ایجاد دنیا و جگونگی را گوید[١٧]

ئۆستادی، سانیع، کوللی، مەسنووعات[١٨]
ئیجاد، کونەندە، جوملەی، مەوجوودات
میعماری تەڕدەس، ڕەنگ عەجیبی باف
بێ مەزد و میننەت، بێ فەعلە و ئەسباب
بێ ستوون، بێ قال، بێ خورد بێ خواب
بێ خاب و بێ ئاب، بێ سەنگ و بێ خشت

١٥- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(دەرسات، دوو مەنزڵ، پادشای فەتاح
قەراری دعا، جە خەیب، پەی جەمعی ئەرواح)
١٦- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(یەکێ عەللییس قەریب جە رەزموان
یەکێ سجیین، وە دۆزەخ عەیان)
١٧- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم ناوونیشانە، بەم جۆرە، هاتووە:
(فصل دربیان پر درختی زمین و آسمانرا و جگونگی گویند)
١٨- پێش ئەم دێڕە، لە نوسخەی (خ)دا، ئەم دێڕەش هاتووە:
(هەر جە ڕۆی ئەزەل، تا ڕۆی عەرەسات
بەر سەفا، سەفای محەمەد، سەڵەوات)

بینای موقتەدیر، مەوجوودسازی گشت
جە سوبحی سادق، یەکشەنبەی، ئەوەڵ
قودرەت، بەرد وەکار، دنیای پەر خەلەل
جەهەننەم، جە بان، دنیادا، قەرار
زوڵماتی جەبان، دۆزەخ، کەرد ئیزهار[19]
بادی عەجایب، جە بانی زوڵمات
ونارا، تا رووی هەیهات و هەیهات
دیسان، هەم بەحرێ، جەودەم کەرد ئیجاد
موعەووەق، مدران، جە بانی ئەو باد
چل هەزار ساڵ، ڕای قەعرش دوورەن
بە قەولی ڕاوی، وەیتەور، مەشهوورەن
ماهی بوزرگی، عەزیمی، ئەزرەق
سروشت کەرد واحید، سونعەت سازی حەقق
چەو بەحری بێ پەی، مدران، بێ لەنگەر[20]
مەبو نەلەخشۆ، تا، وە ڕووی، مەحشەر
جە پشتی **ماهیی**، سازا، یەک بەقەر
هەشتاد هەزار عەین، چهل هەزار سەر
مابەینی ئی سەر، تاکە، وە ئەوسەر
پەنسەد ساڵ، ڕاهەن، بەڵکە زیادتەر
هەر سەرێ، میقدار، سێ سەد شاخ دارۆ
هەر شاخی تەسبیح، زیکرێ، مەویارۆ!
ئۆستادی نەققاش، لاجیوەرد کاریی
جە کەفی جەوهەر، دانەی، مرواریی

---

١٩- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم دێڕە، بەم جۆرەیە:
(زوڵماتی چۆبان، دۆزەخ، کەرد ئیزهار)
٢٠- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە، هاتووە:
(جەو بەحری بێ پەی مدرا وە لەنگەر)



سازان، وەیتەورە، لوتفی ئیلاهیی
نیاش نە موهرە، پەشت **گاوی ماهیی**
مەعلوومەن، راوی روایەت، ڕاسەن
چونکە فەرموودەی، ئیبن عەبباسەن!
بەڵام، چون بەقەر، سەبک بی بارش
نمەبی، دایم، دنیا، قەرارش!![21]
ئارامش نمەبێ، جە وەقت و بێ وەقت
دایم، مەلەرزان، چون زەلزەلەی سەخت
دیسان، هەم، جە نۆ، بینای بانی سەر
خەلقەت کەرد، کاوان، کەش و کۆ و کەمەر
هەردان، شاخان، زەردان، ئیلاّخان
بەرزان، کۆساران، زاغان سەخناخان[22]
کانکۆی کەرەم، (رَبِّ العالَمِیْن)
یەکیەک، قەرار دا، نە بانی زەمین[23]
بەڵ لادێ، زەمین، بگێرو ئارام
هەنی ساکن، بۆ، تا قامەلقیام
سەنگی هەردو خاک، گشت مەلاقی، بی
حەدەکەی زەمین، باز، هەر، باقی، بی
دیسان، هەم بێ باک، دانای سنعەت باف
مەوجوود،کەرد،دەردەم،هەر هەفت قوللەی قاف
هەر هەفت قوللەی قاف، دەوری دنیای دوون
قافش قەرار دا، وە بێ، چەند و چوون

---

٢١- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(لادێ نمەبێ، دنیا قەرارش)
٢٢- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(بەرزان، کۆساران، زاخان سەخناخان)
٢٣- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە، هاتووە:
(قەرار دا نەبەین، سەماوە زەمین)

جەو زەلزەلەی سەخت، جای چۆڵناک دا
کوان، وێنەی مێخ، کۆیا خاک دا[٢٤]
زەمین سەنگین بی، هەتاکە تاوا
تا، سەنگین، نە پشت، گاوماهیی یاوا
غەوز، وە کۆی قاف، کوان، گشتەوە
هەر تاکە، جەنبش، دنیا، نیشتەوە!
بەڵام دنیای، خۆشڕەنگی، دوڵبەر
خاڵی، جە شێوە، سەدای، زیلبەشەر
موڵکی بێ ساحیب، یۆرتی چۆڵ و هۆڵ
نە شنۆی، شەماڵ، نە شانای، شاقووڵ
نە شار، نە قەریە، نە ئاوەدانی
نە دار، نە ئاتەش، نە ئاو نە کانی
تەنیای بێ شەریک، لوتفش یاری کەرد
پەی ئابادانی، ئاوش، جاریی کەرد!
ئەشجارات، یەکسەر، نەباتات، یەکسەر
بەر ئاما، جە خاک، بە ئەمری داوەر
بە حوکمی فەرمان، قەدیم -ی ئەقدەس
ئاما، ئاتەشەن، وەیەک، نیم نەفەس
جە کوورەی، دۆزەخ، کەفت، وە سەربیسات
باقین، تا ڕووی، عەرسەی عەرەسات
پەی ئێد، تا کەمتەر، ببۆش، سۆزی تاو
هەفت جار، شوشنشان، ئەونار، هەم بە ئاو
گشت هەم، جە قودرەت، پادشای بێچوون
وەیتەور، داریا، وە ڕووی، دەهری دوون
تیوور و وحووش، مورغ و موور و مار
غەیر، جە ئادەمی، سازنا، وەیەک جار

٢٤- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(کوان، وێنەی مێخ، کۆیا وە خاک دا)



نە چۆڵ و ئاوان، قەرار دا، جاشان
مەعاش و رۆزی، زەید و ماواشان
غەرەز، وە شەش ڕۆ، یاوا، وا، تەمام
حەقق، وێش، فەرماوان، سیتەتە، ئەیام

## فصل دربیان خلقت جان و ذریت اورا گوید

هەر جە رۆی ئەزەل، تا رۆی عەرەسات
بەر سەفا، سەفای محەمەد سەڵەوات
جەو دما، جە نۆ جیهانداری فەرد
جانش، جە کوورەی ئاتەش، خەلقەت کەرد
هەم جفتێ، جە نار، کەرد، وە دەمسازش
مایل بی، وە عەیش، ناز و نیازش!
باری حەملش بێ، شش ماهش ویەرد
وەزعی حەملش بێ، فرزەندێ، ئاوەرد
باز هەم وەمەیلان، شاهەنشای جیهان
فەوزی فامشان، نیا، ئین جان
گشت جامەی، مەعاش، زیندەگی پۆشان
گشت، جورعەی دەولەت، دنیا و دین پۆشان
وە ئەمری قادر، حەییی سوبحانی
زیاد بیی، ئەولاد، جانی بەجانی
چهار روبعەی مەسکوون، دنیا سەرانسەر
بیی بە موڵکشان، بە ئەمری داوەر
دەیم پاریاب، با پەڕێ سالآن
جە شەرق، تا وە غەرب دنیا کشت کالان
تاکە خوداوەند، حەیی، لایەنام
یەک شەریعەتی، ئائینی ئیسلام
ئیرسال کەرد پێشان، پەی ئادابی دین
سیدق و ئیخلاس و ئیتاعە و تەمکین

ئەو، شەریعەت، ڕاهنمان بۆ
جە ڕوی قیامەت، شەفاعەت خواهان بۆ
ئەمانەت، واتەن، سیدق کەردشان
تاکە دوو سەد ساڵ، وە ڕاهـ بەردشان
چەو دما، تایفەی جانی ئیبن جانی
دیسان، دەس کەردەن، وە ناحەزانی
بادێ، چون سەبوون، کورەی ئاتەش بێز
دەلک، دانە ڕۆح، جان ئیبن جان ڕێز
داش، وە دنیادا، وەیەک نیم نەفەس
تایفەی جانی گرد کەرد، وە قەفەس
یا حەقق جە دەرگات، بێکەس نەبۆ بەخ
ئەوچین بێ وەرچین، بنچینەی دۆزەخ
دیسان، چنێ تەر، پەدەر توون بە توون
تیفلانی مەعسووم، دامنەی سبحوون
هەم گروو بەستەن، کەردشان، توغیان
جە مەعسوومی ویر، ڕوو وەلای عوسیان(٢٥)
هەر چەند خوداوەند، تاکی تەنیای فەرد
ئیزهاری عوسیان، ئەهلی دۆزەخ کەرد
ئەوان، خۆ فیشتەر هەر گومڕا، مەبین
وە فیعلی قەبیح، ئاشنا، مەبین!!
تاکە، خوداوەند غەزەب گرد لێشان
عەزابی ئەلیم، نمانا، پێشان
غەرەز، چینێ تەر، تایفەی بێ عار
چون مۆر و مەلەخ، ئامان، وە ڕووی کار
خودا، تاعوون کەرد، پەرێشان، نازڵ
مەلبووس بین، وە دەست ئەسفەل بین واسڵ

٢٥- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(جە مەعسوومی دیردا و وەلای عوسیان)



هەم چینێ مشتێ، وە دەوانی دەو
چینێ تەر ماما، مەنیشت نەجای ئەو
خولاسە، چین چین، شکیا، ئارەزووش
تا، یاوا، ئەوچین، عەهدی تاری مووش
تارەمووش، ئەرشەد، ئەولادی جان بێ
حوکمش، وێنەی، ئاو، جاریی ڕەوان بێ
یەک فرزەندێ، داشت، خەیلێ مناڵ بێ
تەمام، نوکتەوان، ساحیب کەماڵ بێ
جە ئەسڵی مەعنا، ئیبلیس، نامش بێ
عاقڵان تەمام، حەڵقە، دامش بێ
فیتنە و خوڕەد مەند، خەیلێ شەروور بێ
قولچماخ، دایم، وێش، جە شەڕ دوور بێ
نە عیلم، نە کەشف، نە کەرامات بێ
عالمان، یەکسەر، جە علمش مات بێ
جاری با ئیبلیس، فارغ بۆ پەی وێش
بێچارەی فەقیر، جە کار مەیۆ لێش
ساچون، تارەمووش، چەنی بن جانی
گشت، کەمەر بەستەن، وەنافر مانی!
پادشای شاهان، قەدیمی قایم
کەریمی عەزیم، حەکیمی دایم
قەتڵ و عامی گشت، بن جانی فەرز کەرد
سەد هەزار، مەلەک، ڕەوانەی ئەرز کەرد
وەیەک نیم نەفەس، ئەهلی ڕەوحانی
بڕیشان، ئاسار، توخمی بن جانی!
تارەمووش، جەتاو تاوی زەمهەدیر(٢٦)
تاریان، پەی توون، دووخانەی سەعیر

٢٦- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(تارە مووش، جە تاو ناری زەمهەریر
تاریان، وە توون، دوخانەی سەعیر)

بەعزێ، بن جانی، ئیمانشان، ئاوەرد
جە مەلایکان، وێشان، پەنهان کەرد [٢٧]
جە واتای ئیسەی، جوننی، ئەوانەن
نیمێ کافرەن، نیم، موسوڵمانەن
حەقق فەرما، ئیبلیس، علمش زیادەن [٢٨]
عەقڵی بن جانی گشت، بە ئەو دادەن
دنیا، هەم، جە نۆ، حاڵی کەردشان
ئیبلیس وە ئەسیر، بە زۆر بەردشان
وە ئەمری فەرمان، دانای بیهتەرین [٢٩]
بەردشان، وەبان، چەرخی، چوارەمین
یەک سەومەعەی خاس،وێنەی قورسی خۆوەر
پاکیزە، بێ عەیب، پوختە، مونەووەر
قەراردان، پەرێش، پەی مەکتەب خوانی
بی بە مەدرەسە، زومرەی، رۆحانی
نامشان نیا، مەلیکولکیبار
یەعنی موقەڕەب، قاپی شای غەففار [٣٠]
تا وەزعییەت، فەراهەم ئاوەرد [٣١]
خەیلێ تەکەببور، پەی وێش حاسڵ کەرد

٢٧- ئەم دێڕە، لەوەی (خ)دا، نییە و لەوە دەکات، کە پەڕیبێ!
٢٨- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(حەقق فەرما ئیبلیس، عەمەلش زیادەن)
٢٩- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(وە ئەمری دانای شاهی بهتەرین)
٣٠- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە، هاتووە:
(یەعنی موقەڕەب، پادشای، جەببار)
٣١- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(تاکە موهرەتش تەمام سەر بەرۆ
خەیلێ تەکەببور، پەی وێش خاس کەرۆ)



بەلا، نەزاناش، بینای بێ ئەندێش
تەوقێ، جە لەعنەت، سازیان، پەرێش [٣٢]
جە لەوحەلمەحفوز، پەرێش، کەرد تەقدیر
تەقدیری ئەزەل، نەدارۆ، تەدبیر
ئەبەدیی، دۆزەخ، دایم، جاش مەبۆ
ناری زەمهەریر، ئارامگاش، مەبۆ!
هەردەم، مەواتەن، بە موقەڕبان
تەوقێ، جە لەعنەت، کریان، ئاوێزان
یەکێ موقەڕەب، بارەگای عیزەت
گرفتار، مەبۆ، بە تەوقی لەعنەت!
بادا، نەزانۆ، تا چێش مەیۆ پێش
تا، ئەو رۆ، هەرچی، روو مەدۆ، لێش!
با هەر مەشغووڵ بۆ، تا چند هەزار ساڵ
شادیی دەماغش، با نەبۆ بەتاڵ
باز هەم، جە تەقدیر، گەردوونای گەردوون
ئەمشەو تا سەحەر، چوون، مەبۆ، چوون!

٣٢- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم نیوە دێڕە، بەم جۆرەیە:
(تەوقێ جە لەعنەت، سازنا، پەرێش)

## فصل دربیان خلقت آدم علیه السلام و جگونگی را گوید[٣٣]

هەر جە ڕۆی ئەزەڵ، تا ڕۆی عەرەسات
بەر سەفا ، سەفا ، موستەفا ، سەڵوات[٣٤]
کارسازی کاران، دەهندەی بێ باک
مەیل کەرد بسازۆ، ئادەمی، جە خاک
ببۆ بە بابای ئەنبیاهان، گشت
وە باقی مەخلووق، فرقەی زیبا و زشت
فەرما ، میکائیل، تۆ وێت ڕاهیی بەر
شوو وە سەر زەمین، مشتێ خاک باوەر
میکائیل لوا ، زەمین وە زەمان
واتش: خالقت، حاکش فەرماوان
چۆ، پەی مشتێ خاک وەنەت، مەوازۆ[٣٥]
بەو خاکە، جەستەی، ئادەم مەسازۆ!
زەمین دا جواب: وات خاکم نییەن
ئاخەرین، جانم، وەیتەورە، دییەن!
دیت، وە مەعسییەت، چێش ئاما پێشان
خوداوەند غەزەب، سەد جار گردیشان
نوتفەی ئادەمیچ وە نافەرمانی
موقەسیر، مەبان، چون قەومی جانی
منیچ چەنیشان، وەچاری ناچار
مەبۆ بسۆز و وە شەرارەی نار

---

٣٣- ئەم ناوونیشانە، لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(فصل دربیان خلقت حضرت آدم علیه السلام و جگونگی اورا)
٣٤- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم دێڕە، بەم جۆرەیە:
(بەر سەفا ، سەفای، محەمەد سەڵەوات)
٣٥- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
چەو بۆن، مشتێ خاک سنعەت، مەوازۆن
بەو خاکە، جەستەی، ئادەم، مەسازۆن!



سەرفی نەزەر کەر، تو جەی سەفا و سەیر
تۆزی خاک نییەن، وەش ئامای وە خەیر
میکائیل لوا ، وەیەک نیم نەفەس
تاشیی وە حوزوور، بارەگای ئەقدەس
عەرزە سەر زەمین واتەن مەرفی رەقق
عەرز کەرد بە جەناب، مەوجوودی موتلّەق
ئیسرافیل، وە حوکم، (رَبَّ العالَمِیْنْ)
ئەو، هەم، ڕوو نییا ، وە ڕووی سەر زەمین
وات: حوببولفەرمان، ئەمری کارسازەن
وە قەدەر ئیمکان، خاکم نیازەن!
زەمین جواب دا ، وات: خاکم نییەن
جە مەخلووقی، بەد، عەزابم، دییەن!
باز هەم ئیسرافیل چەنی جبرائیل
پەیشان خاک نەبیی، تاشین لای جەلیل
ئەوان، هەم ئەحواڵ، واتەی سەرزەمین
عەرز کەردەن، جە لای (رب العالمین)
فەرما ، عیزرائیل، فەردی تەنیای تاک
وە تەعجیل، کیاست، وە زەمین، پەی خاک
قابز، وات: زەمین، مەنزوورت چێشەن
زەمین و زەمان، حەقق سونعی وێشەن
ئەگەر مەیلش بۆ، گەردوونای گەردوون
مەکەرۆت، وە ئاو، بەبێ چەند و چوون!
زەمین وات: قابز حیکایەت دوورەن
ئامەنتو بیلا ، خودام، غەیوورەن!
جە ڕووی دنیاوە، بەعزێ خاک ئاوەرد
سەبز و سفید و سیا و سرخ و زەرد
بەردش، وە حوزوور، بینایی چاوان
شای کەسیر ئەڵتەف، کەرەم فراوان

به قەولی ناقل، راوی با وقاب[٣٦]
وەیتەور، فەرماوان، رەوزەتولئەحباب
جە خاک، ئادەم ئەسڵ بنیادش[٣٧]
خودا، جوبرائیل، کەرد، وە ئوستادش
فەرما، سەعی کەر، وە ئارەزووی دڵ
وە ئاوی زەڵاڵ، بسازەش، وە گڵ
جوبرەئیل، خێزا، وە حوکمی داوەر
سلامش، بکەرد، وە ئەبولبەشەر
سازناش، وە گڵ، وە ئاب، وە زەڵاڵ
پوختش کەرد، چوون، سیم، تاویدەی دوقاڵ
لوولش کەرد، وێنەی، لوولە مسقاڵێ
کەردش، وقاڵب، سەروین خاڵێ!
مەحفەل، دا وەنم، (ماء الورد)ەوە
بادی عەتر ئامێز، وشکش کەردەوە[٣٨]
هەنی نەو جاگە، تاکە پەنسەد ساڵ
هەر نەوجاگە، مەند، چوون، کووپەی بەتاڵ
عەزازیل، هەر وەقت، چەمش مەکەوت پێش[٣٩]
وە خەندە، ماما، ناخوون، مەدا لێش

---

٣٦- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(بەقەولی ناقل، راوی با ویقار
وەیتەور فەرماوان، رەوزەتولئەخبار)
٣٧- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرە هاتووە:
(جە خاکەن ئادەم، ئەسڵی بنیادش
خودا، جوبرائیل، کەرد وە ئۆستادش)
٣٨- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(پاک عەتر، ئامێز وشکش کەردەوە)
٣٩- لە نوسخەی (خ)دا، بەم جۆرەیە:
(عەزائیل وەقتێ چەشمش مەکەف، پێش)



مەوات؛ ئەی قاڵب گڵینەی گڵ کێش
فەردا، مەبۆ چێش، مەوجوود بۆ لێش
خولاسەی کەلام، وەعدش، شیی وەسەر
یاوا وە مەوقیع، وەعدەی دادگەر
رۆح کەرد، وە قاڵب، جەنابی ئادەم
ئاما، وە هەستی، بەر شیی، جە عەدەم
خوداوەند وە لوتف، لا موتەناهی وێش
وە یەدی، قودرەت، بێ هەمتای وێش
عەقڵ و نەفس و دڵ، شیی وە دەروونش
گۆشت و پۆست پێوەن، چەنی ناخوونش
سەر و دەست و پا، ئەعزا، گشت تەمام
ئاخیز، کەرد، ئادەم، (علیه السلام)
بەدەڵ باوەڕش، وە زاتی حەقق کەرد
بە تای بێ هەمتا، ئیمانش، ئاوەرد!
ئیبلیس چەو دمدا، خەیلی بوزورگ بی
هەرچەند مەزاجش، مەزاجی گورک بی[٤٠]
[٤١]
..............................................................
چون قەولی سەحیح، لوعەبی ئەخیارەن[٤٢]
مەعنای عەزازیل، تسبیح دیارەن[٤٣]

---

٤٠- نوسخەی (خ) لێرەدا، کۆتایی، بەم فەسڵە (وەک خۆی وەها نووسیوە) دەهێنێ و دەست بەفەسڵێکی نوێ دەکات، کە بەم ناوونیشانەوەیە:
(فصل دربیان منع نموون حضرت آدم از خوراک گندم و چگونگی اورا) ناوی فەسڵی لە بیر چوو!
٤١- لێرەدا، نوسخەی (ع)، ناوونیشانی؛ فەسڵەکەی لە بیر چووە.
٤٢- لە نوسخەی (خ)دا، ئەم دێڕە شیعرە، پاش ناوونیشانی فەسڵەکە هاتووە، ئەوجا، ئەو دێڕەی ئێرە، بەهەرحاڵ ئەمەیە دێڕەکە:
(هەر جە ڕۆی ئەزەل، تا ڕۆی عەرەسات
بەر سەفا سەفای محەمەد سەڵەوات)
(٤٣)- ئەم دێڕە، بەم جۆرە، هاتووە:
(چون قەولی سەحیح (لعبه الاخیارن)
مەعنای عەزرائیل، سەبح دیارەن)

هەفتاد هەزار ساڵ، خودا، چون یەک شەو
خەزانەی بەهەشت، گشت بەخشا بە ئەو
عەزازیل، یەعنی ساحیب عیزەت بێ
جە بارەگای حەقق، پەڕ مەکرومەت بێ
هەم هەشت هەزار ساڵ گەورە پاکان بێ
ئوستادی تەدریس، مەلایکان بێ
هەزار ساڵ، تەواف دوری عەرشش کەرد
هەزار ساڵ، تەعلیم، ئەهلی فەرشش کەرد
پەنجا هەزار ساڵ، هەم جە کێوان بێ
گەورە رۆحانی، کەڕ و بەیان بێ
ئیسمی ئەعزەمش، دایم، نە دڵ بێ
نیازش یەکیەک، تەمام، حاسڵ بێ
تا، ئەو ڕۆ، قەییوم، قەدیمی مەعبوود
ئادەم، جە عەدەم، ئاوەرد، بە وجوود
ئەمجار ئەمەش کەرد، پادشای بێ عەیب
وە موقەڕەبان، مەحرەمانی غەیب
گردین، وە یەک جار، گشت وە یەک قەدەم
سوجدە بەردشان، یەکسەر، وە ئادەم
گرو بی تەمام، وە شادمانی
حاملانی عەرش، گروی رۆحانی
حەقق فەرما، ئیبلیس دەهندەی داوەر
تۆ هەم سوجدە بەر، وە ئەبولبەشەر
شەیتان کیبرش کەرد، جە گومڕاهی وێش
نەلەخشا، نەجا، نەکەردش ئەندێش
واتش: من جە نار، ئەو جە خاک بییەن
سوجدەی من، وە ئەو موناسیب نییەن!
تەکەبور شێونا، بازاڕی شەوقش
بی بە تەکەببور، سەرمایەی تەوقش



ئاخر دانائیش، بی، بە نادانی
مەحرووم بی، جە فەزڵ، زاتی سوبحانی
بیی بە لەعنی تەوقە، شیی وە گەردەنش
